2020
VOL:01
NO: 1-2

KØBENHAVN

MAGASINET OM KULTUR, KUNST OG SAMFUND

گۆڤاری

کۆپنهاون

ژمارە یەک و دوو
بەهار و هاوینی دوو هەزار و بیست زایینی و
دوو هەزار و حەوسەد و بیستی کوردی

وەرزە گۆڤارێکی فەرهەنگی هونەری کۆمەڵایەتیە

گۆڤار

وەرزە گۆڤارێکی فەرهەنگی هونەری کۆمەلایەتیە

KØBENHAVN

CULTURAL, ARTISTIC, SOCIAL MAGAZINE MAGASINET OM KULTUR, KUNST OG SAMFUND

خاوەن کار

ئەنیستیتیووتی کوردی کۆپنهاون

بەرپرس

ئازاد کەمالیفەر . ئەرسەلان چەلەبی

شۆرای نوسەران

ئەرسەلان چەلەبی . ئازاد کەمالیفەر . ژیار جەهانفەرد

بەرپرسی هونەری وگرافیک

رەئوف ئاغائی – ساسان

چاپ وبلاوکردنەوە

ناوەندی وەشانخانەی کورد لەکۆپنهاون

OWNER
The Kurdish Institute of Copenhagen

MANAGING EDITORS
Azad Kamalifar . Arsalan Chalabi

WRITERS COUNCIL
Azad Kamalifar . Arsalan Chalabi . Jiyar Jahan Fard

ART DIRECTOR & GRAPHIC
Raouf Aghaei - Sasan

PUBLISHER
Kurd Publishing Center of Copenhagen

2020 Vol: 0 1 No: 1+2

ژمارەیەک ودوو

بەهاروهاوینی دووهەزاروبیستی زایینی ودووهەزاروحەوسەدوبیستی کوردی

ناوەرۆک

وتار

خەیاڵی هەژار ٠٢
شێرکۆبێکەس و پیگەی بۆ بە جیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کورد ١٠
وتەزایک لەسەر ڕەسمیەت و لاوەکی بون زوان «کەلهوری» ١٨
خـوێندنە وەی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە لە نووسینی عەتا نەهایی ٢٤
فارســـــی، زوان شیرین یا ویانکیگ ئە را ژینوساید کردن زوانەیل تر؟ ٣٨
فایلی تایبەت بە حەمەفەریق حەسەن ٥٤

شیعر

ئاگاداریەک بۆئەوانەی شیعری من دەخوێننەوە ١٠١
گورگێک لە ژوورەکەمە ١٠٢
ئێس ئو ئێس ١٠٣
سێ برادەر ١٠٤
سە شعر از الهە قاسم زادە ١٠٥
شهر خاموش ١٠٦
من و خودم ١٠٧
او ١٠٨

چیرۆک

نەبوونێک کە هەرجارە و سارو دەیری دەکاتەوە ١١٠
یاداشتە کانی چیرۆکنووسێکی خەڵەفاو ١١١

وەرگێران

سۆناتای تریفەی مانگ ١٢٣
سلفی ١٢٤
فرزندان نور ١٢٥
بەختەوەری جیهان دەپیۆێت ١٢٧
مردن بێفایدەیە ١٢٨
البتە کە باید بمیریم ١٢٩
بەرەو تو ١٣١
بەیانییە شیعر . شعر صبحگاهی ١٣٣
ئیواری شیعر . شعر شبانە ١٣٣
حەلەزوون . حلزون ١٣٥
ڕووناکی . روشنایی ١٣٥
درخشندە سیاه ١٣٧
لگد زدن ١٣٧
چوارینە دڕامای زەماوەند . بەشی یەکەم ١٣٩
سیسارک ١٤١
دارەکان ١٤١

هونەر

وێنەسازی ١٣٤
کارتۆن ١٥٥

وێنە

بێهرووز ئەسراری ١٥٢
کەوسەر کەوسەرنیا ١٤٤
ژینا نەقشبەندی ١٢٨

شانۆنامە

بەوقت پازولینی ١٧٢

وتووێژ

مصاحبە انستیوت کورد کپنهاگ با کوروش همەخانی ١٨٦

لیکۆڵینەوە

ئەوەڵ یار و ئاخریار ١٩٨
درەختی ئاسووریگ ٢٠٤

سەروتار

کــولتوور

ناوەڕاستـــــی هـــــەستیاری جـەغزی
کۆمەڵگاکانە و پردی پەیوەندی و هاوڕێیەتی هەموو
نەتەوەکانە. گۆڤاری کۆپنهاون هەموو هەوڵەکانی لە پێناو
چێ کردنی ئەو پردە دایە، هیوادارین ئەو گۆڤارە و هەوڵەکانی تری
ئەنیستیتووتی کورد ببێتە ناشوێنێکی دیار بۆ کۆبوونەوە و لێکنزیکبوونەوەی
کولتوورە جۆراوجۆرەکان لە پانتایی زمان و ئەدەب وهونەر. هەموو دەم کولتوور
و چاند خاڵی بەهێز و جێی شانازی گەلی کورد بووەە، بەردەوام وەکوو ملوانکەیەکی
درەوشاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕەنگ و بۆن و بەرامە و تامی تایبەت بە خۆی هەبووە. مشووری
ئێمە لە ناو کۆی کەمترخەمییەکانی دیاسپۆڕای کورد بێ هەڵە و کەم و کوڕی نییە. بەڵام هەموو
هەوڵی خۆمان وەگەڕ خستووە هەتا ئەو گۆڤارە بە باشی تەیار بێ، هەروەها بە بەشی خۆی ببێتە
مەکۆ و جێپشووی هۆگرانی هونەر و کولتوور و هەروەها جێژوانی دوو کولتووری کوردی و دانمارکی.
گۆڤاری کۆپنهاون لە هەر ژمارەیەکدا بەرهەمی هەموو نووسەران و شاعیران لە هەر تەمەنێک بە بێ
جیاوازی تەمەن و ئاستی کاریان بڵاو دەکاتەوە. کەڵکەڵەی گرینگ و هەوڵەکانی ئەنیستیتوو بەشی زۆری
بۆ ڕەخساندنی هەل و دەرفەت بۆ گەنجانە لە ناو هەموو ژانرەکانی هونەر و ئەدەب. ئەنیستیتووتی کوردی
کۆپنهاون ساڵی چوار جار ئەو گۆڤارە بڵاو دەکاتەوە، هەر جارەی لەنگەر لە سەر بەرهەمی نووسەرێکی
کورد دەگرێت، چ گەنج و چ بەتەمەن، بە بێ جیاوازی، لە فایلی تایبەت دا کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی
بڵاو دەکاتەوە و هەوڵ دەدا خوێندنەوەیەکی باش و بەکەڵک بۆ بەرهەم و کارەکانی بخاتە ئەستۆی
ئەو کەسانەی خاوەنڕا و شارەزای بوارە جیاجیاکانی ئەدەبن. لە ژمارەی یەکەمدا فایلی تایبەت بە
نووسەری کوردی تاراوگەنشین "حەمە فەریق حەسەن" لەگەڵە وێڕای فایلێک لە وەرگێڕانی شاعیرانی
دانمارکی لە هەموو تەمەن و چین و توێژێکی ئەدەبی، شیعرەکانیان لە دانمارکییەوە کراون بە
کوردی و فارسی و پێشکەش بەهۆگرانی شیعر دەکرێت. وەک لە یەکەم بەیاننامەی گۆڤارەکەمان
بە ڕوونی ئاماژەی پێکرابوو، ئەو گۆڤارە ئاواڵەیە بۆ هەر هەموو ژانرێکی هونەری، بابەت
و توێژینەوە و هەرچی لە ناو جەغزی کولتوور و هونەردا جێ دەگرێت. هەر بۆیە
ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەمان بە دوو فایلی تریش لە هونەرمەندانی فۆتۆگراف و
کارتۆنیست تام و بۆنێکی تری بەخۆوە گرتووە. لە کۆتاییدا سپاسی تایبەت
بۆ هەموو بەشداربووانی گۆڤاری کۆپنهاون کە بوونە هاوڕێ و هاودەم،
هیوادارین ئەو هاوڕییەتییە بەردەوام بێت و لق و پۆی زۆرتر
لێ بێتەوە و هەموومان بە بەشی خۆمان ببینە
ئەستۆنەکانی کلتوور و چاند و زمانمان.

بەرپرسانی ئەنیستیتووتی کورد کۆپنهاون
٢٠٢٠

وتار

- خەیاڵی هەژار
- شێرکۆ بێکەس و پێگەی بۆ بە جیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کورد
- وتەزایک لەسەر رەسمیەت و لاوەکی بون زوان "کەلهوری"
- خوێندنەوەی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە لە نووسینی عەتا نەهایی
- فارسـی، زوان شیرین یا ویانکێگ ئەڕا ژینوساید کردن زوانەیل تر؟

خەیاڵی هەژار

شێرزاد حەسەن

خۆشەویستیمان بۆ ئەدەب بە تەنها چێژوەرگرتن و کات بەسەربردن نییە، خولیایەک نییە لە تەمبەڵییەوە هاتبێت، ئەو کاتانەی کتێبێک بە دەستەوە دەگرین بەو نیازەی بە دەم باوێشکدانەوە سەرگەرمی خوێندنەوەی بین تا خەو دەمانباتەوە . ڕاستە کردەی داهێنان گەمەی خەیاڵێکی زێدە جوان و بەربڵاوە کە دواجار بە خۆشی و چێژ وەرگرتن مەحاڵە، مەراقی قووڵە و خولیایەکی شێتانەمان هەبێت بۆ خوێندنەوە، لە سۆنگەی ئەو خۆشی و لەزەتەوە، کە هەندێک ناوی دەنێین (دەردی خوێندنەوە) وەلی دەردێکی جوانە و عاشقی ئەدەب هەرگیز حەزناکات لەو دەردە ڕاستبێتەوە .

بەرەیەکی دیکە هەن کە بڕوایان وایە، مادامێکی ئەدەب بە هەموو ژانرە جیاوازەکانەوە: ڕۆمان، چیرۆک، شیعر و شانۆگەری و هتد، کردە و بەرهەمی خەیاڵێکی پەتییە، جۆرێکە لە سەرگەرمکردنێکی بەتالتر و کات بە فیڕۆدان، بە تایبەتی لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە کولتووری خوێندنەوە تێیدا هەژارە، دیارە ئێمەی کورد یەکێکین لەو خەڵکە بەدبەختەی کە دڕدۆنگین لەگەل خوێندنەوە، بۆ ئەوەش دەیان هۆکار هەن، هەر لەنەبوونی کولتووری خوێندنەوە دەنێو خێزان و قوتابخانەکاندا و کوشتنی هەر خەیاڵ و حەز و خولیایەک لە ئێمەدا .

هەر لە منداڵییەوە... هەر لە زووێکەوە مەراق و پرسیار و گومانەکان دەکوژرێن، دواجار مادامەکێ ئەدەب گەڕان و حەز و خولیایەکە لە ناو دونیای خەیاڵدا، خودی خەیاڵ دەستمان دەگرێت و بە نێو نهێنی ڕاز و نیاز و خەونە حەرامەکاندا پیاسەمان پێدەکات، مەترسی خەیاڵ لەم سەربەستییە دایە کە کەس ناتوانێت لە ناوەوە و دەنێو ڕۆحتدا و لە تۆدا زەوتی بکات، خودی خوێندنەوە دەنێو کولتووری ئێمەدا کەوتۆتە ناو بازنەکانی حەرام و حەڵاڵەوە .

لەوەدا ئاین و کولتوور و پێکەوە جێ نەخشی خراپی خۆیان داناوە چونکە جگە لە کتێبەکانی ئاسمان و کتێبە پیرۆزەکان و کتێبە پاکەکان کە پیاوە پاکەکان نووسیویانە، مەترسی دیکە ئەوەیە کە کتێبەکانی دیکە پڕ بن لە بیروباوەڕ و خەیاڵی شەیتانی. لە ناو ئێمەدا بۆ قۆناغێکی درێژ و هەر لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەکەدا مەکتەبەکان جێ ڕاوگەی شەیتان بوون .

خودی خوێندنەوە بۆ خۆی مەرجی تەنیایی و دوور کەوتنەوە لەسەر عاشقی کتێبان دادەنێت، دواجار خەڵوەتی گەرەکە و هەموو خەڵوەتێکیش بۆ زیکری خودا نەبێت ئاکامەکەی نەزانراوە و مەترسیدارە .

بیهێنە بەرچاوت کەسێک تەنیایە و دەخوێنێتەوە کەمێک دوور و گریمان لە ژوورێکی دیکەدا خۆی جیا کردۆتەوە دوور لە دایک و باوک و خوشک و براکانی، لە ناکاو پێدەکەنێت و قاقا لێدەدات، یان لەوانەیە هۆن هۆن بگری، هەڵبەت ئەم دیمەنە جێگەی ترس و سەرسامی و هێدمەگرتنە، گەر ئەوانیدیکە لە ئەفسوون و سیحری خوێندنەوەی کتێبەکان تێنەگەن، من بۆ خۆم تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی وا فێر کرابووم کە جگە لە کتێبی مەکتەب خوێندنەوەی کتێبەکانی دیکە حەرامن و تا قۆناغی زانکۆ بە دزییەوە شیعر و چیرۆک و ڕۆمانم دەخوێندەوە، ڕاستە کە دایک و باوکم نەخوێندەوار بوون، وەلێ کتێبەکانی مەکتەبیان دەناسییەوە، دیارە مامۆستاکان لەو سەردەمەدا سەلیقەی ئەوەیان نەبوو کە بە کتێبی دیکە ئاشنامان بکەن. مەترسی خوێندنەوەی فیکر و ئەدەب چەندە بۆ کوڕان سەیر و ئەستەمە؛ هەزار ئەوەندە بۆ کچان لە حەرامە هەر گەورەکان حیساب دەکرێت .

گەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لێی وردبینەوە زۆربەی خەڵکی ئێمە بە گومان و ترسەوە سەیری کەسێک دەکەن کە بە تەنیا و دوور لەوانی دیکە سەرگەرمی خوێندنەوە بێت، چونکە هەموو خۆ جیاکردنەوەیەک لەوانیدیکە مایەی دوودڵی و نیگەرانی و ترسی ئەوانی دیکەیە، ئەوانیدیکە دەپرسن و دەترسن کە ئەو کەسە بە تەنیا و بە خامۆشی لە ژێرەوە بە دزیی ئێمەوە فێری چی دەبێت، هەمیشە لە نێو ئێمەدا کەسێکی تەنیا کە سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕ کردبێتەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت و زۆر جار ئەوانیدیکە غەمگین دەکات .

هەندێک جاریش خەڵکانێک تووڕە تا ئەندازەی شەڕانگێزی و پلار هاوێشتن و شەڕ فرۆشتن عاشقە کتێبیان هەراسان کردووە، بە هەمان ئەندازەی رقبوونەوە لە دوو عاشقی سەر کورسی ناو باخچەیەک؛ خەڵکی لە عاشقی کتێب داخدار بوون کە بە تەنها لە پەنایەکدا ڕوونیشتووە و بێئاگا لە دەورووبەر سەرگەرمی گەمەی خەیال و فانتازیایە. هەردەم ئەو کەسە دەبێتەوە جێگەی سەرنج و مەراقی ئەوانی دیکە.

کەس نییە جارێک لە جاران خوێندنەوەی کتێبێکیان لێ تێک نەدابێت، چ بە تاک و چ بە کۆ پرسیاری ئەوان لە دڵدا ئەوەیە: ئاخۆ ئەم خەریکی چ لەزەتێکە کە ئاواهی هۆش و گۆشی بردووە؟ یان ئەوە کێیە کە بتوانێت بە تەنیا و دوور لە ئێمە بوەستێت؟ یان ئەو چ ڕاز و نهێنی و ئەفسوونێک لە نێو ئەو کتێبەدا داگیری کردووە؟ ئەو چی فێر دەبێت و چی تازە دەزانێت کە ئێمە دەرکی ناکەین .

با پرسیارەکە سادە بکەینەوە: ئەو بۆ دەتوانێت تەنیا بێت و ئێمە ناتوانین؟ لەو پرسیارانە ترسناکتر پرسیاری پیاو و ژنە ڕەوشت پارێزەکانە، ڕەوشت بە مانای هەرە کۆن و تەقلیدیەکەی: ئاخۆ ئەو بیژمۆت و شەیتانە (یان) کرمی ناو کتێبان خەریکی چ خەیاڵ و گەمەیەکی شەیتانییە، ئەگەر وا بڕوات کارەسات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ گومانکردن لە شێتبوونی کەسێک کە شەیدای خوێندنەوەیە لە ناو ئێمەدا زۆر باو بووە .

چەندە ئەدەب و خەیاڵ دووانەی (جمکی) ناو هەمان منداڵدانن، ئەوەندە پتر خولیا و خووی خوێندنەوە لە دیدی ئەوانی دیکەدا مەترسیدارتر دەبێت، لە دونیایەکدا کە هەموو خەیاڵکردنەوەیەک دەمانگەیەنێتەوە سەر هەرێمە قەدەغەکراوەکان و ماڵی شەیتان .

لە ناو هەر خەڵک و خاکێکدا تەنها یەک کتێب پیرۆز و پاک و ئاسمانی بێت، خاوەن حەقیقەتی ڕەها و حیکایەتە نەمرەکان و کۆنووسی هەر هەموو جوانی و سەرچاوەی ئەخلاق بێت، ئەگەری ئەوە یەکجار زۆرە کە هەر هەموو کتێبەکانی دیکە سادە و پەراوێز و زادەی بیر و باوەڕێکی شەیتانی بن، بێ هۆ نییە مێژووی مرۆڤایەتی لە پاڵ کوشتنی مرۆڤدا بە ملیۆنەها، بە قەد ئەوە سەرگەرمی کوشتنی کتێب بووە .

دواجار کوشتنی هەر کتێبێک هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزی و هەم بەرجەستەیی هەیە بۆ کوشتنی نووسەرەکە و سەدەها خوێنەری عاشق، سووتاندنی کتێب و هەڵدانیان بۆ ناو چەم و ڕووبارەکان دەرئەنجامی مەترسییەکی گەورەیە لە ئازادیی خەیاڵ و داهێنان، خەیاڵێک کە لە منداڵییەوە لە سەد لاوە لە لایەن باوک و مامۆستا و مەلا و پیاوە زۆر ترسەنۆکەکانەوە دەکوژرێت....

کێ لە ئێمە بە منداڵی لە یادی چووە، چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب و چ لە مزگەوت کە خامۆشانە دەسرەوتین، خەیاڵ دەیبردینەوە، سەدەها جار بەسەرماندا هاواریان کردبێت : ((هەتیو .. (یان) کچەتیو خەیاڵت نەڕوا ؟ «هێی .. گەلحۆ .. وەرەوە .. بۆ کوێ چوویت؟ »))
«حەپە مێشخۆر .. سەرت بەسەر کتێبەکەدا داگرە چیت دیوە لە ئاسمان؟ »
ماڵەکان و مەکتەبەکان و مزگەوتەکان و دەیەها خانەی پەروەردە و کۆمەڵایەتی دیکە، لە لای ئێمە، کارگەی کوشتنی خەیاڵن .
قوتابخانە کوردییەکان کە مەرجە جێگەی تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی داهێنان و ئەندێشە بن، کارگەی بەرهەمهێنانی پرسیار و گومان بن؛ بوونەتە قەسابخانەکانی ڕۆحی داهێنان و خەیاڵ و مەڵبەندی تاک حەقیقەت و یەقین فرۆشی، تا هەنووکە بوونەتە کێڵگەی پان و بەرینی داهۆڵەکان و قەفەزی ئاسنینی تووتیەکان .

گەر وا نەبێت چ مانا و جوانییەکی تێدایە و بەهرەمان بۆ چییە ئەو کاتانەی قوتابیانی ئێمە هەر لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە قۆناغی باڵاتر لە خوێندندا هەر هەموویان هەمان دارشتن (ئینشا) لەسەر یەکدی کۆپی دەکەنەوە؟!

لێرە و هەنووکە نەک هەر قوتابییەکان بەتەنها؛ بەڵکو ژمارە هەرە زۆرەکەی مامۆستایان و پارێزەران و فەرمانبەران و ئەندازیاران و سیاسەتبازان و پزیشکەکان کۆپی کراوی یەکدین و هەڵگری هەمان وێنە و ناسنامەی ڕۆحی و فیکرین ، خودی مرۆڤەکان تا ئەندازەیەکی زۆر کۆپی کراوی یەکدین، چونکە بەرهەمی هەمان کارگەن کە کار لەسەر کوشتنی ڕۆح و خەیاڵ دەکات و هەرچی سەرچاوەکانی داهێنان هەیە وشکی دەکات .

بێ هۆ نییە «گۆران» وتوویەتی:

ڕەنگە وا دەرکەوێت کە شاعیر سکاڵا لە بەختی خۆی دەکات کە زمان و هەر هەموو ڕەگەزەکانی شیعر و داهێنان و ڕەوانبێژی کە پەیوەستن بە زمانەوە فریای ناکەون لەوەی کە هەڵبەستەکەی تەواو بکات، بەڵام خودی ئەو هاوارە پابەستە بەوەی کە هێشتا خەیاڵ لەوە هەژارترە زمانێک بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین، گوناه گوناهی خەیاڵە نەک زمان، گەرچی هەر هەموومان دەزانین «گۆران» بۆ خۆی چەندە دەوڵەمەندە بە خەیاڵە.

دواجار چەندە خەیاڵ پڕ و ئازاد و بەرزەفڕ و نەترس بێت، ئەوەندە پتر زمان دەوڵەمەندتر دەبێت و پتر و پتر دەکشێت تا هەر هەموو سەرزەمین داگیر بکات .

ناکرێت ئەوەش لە یاد بکەین کە زمانێک نییە لە زمانێکی دیکە هەژارتر بێت ، خودی (چۆمسکی) بڕوای وایە کە ئەگەر زمانێک لە دوورگەیەکدا گیری خواردبێت و چەند هەزار کەسێک قسەی پێبکەن، مەرج نییە لە زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی هەژارتر بێت، چونکە دواجار زمان زادەی پێویستییەکی مرۆییە، مادامەکێ مرۆڤ لەسەر پێویستییەکانی دادگایی ناکرێت، کەواتە ڕەوا نییە لەسەر کەم و زۆری ژمارەی وشەکان لەو زمان یان ئەو زماندا دادگایی بکرێ .

هەر کەسێک ئاگای لە ئەدەبیاتی هیندییە سوورەکان بێت، دانیشتووانی ڕەسەن و کۆنی ئەمریکا، تێدەگات ئەو ڕوانینە بۆ هەژاری و دەوڵەمەندی زمان پتر لە ئەفسانە دەچێت، خەیاڵی دەوڵەمەند و خەیاڵی هەژار ڕاستترە لەوەی بوترێت زمانی دەوڵەمەند و زمانێکی هەژار.

بە گەڕانەوە بۆ میراتی فەلسەفەی یۆنانی و بە وەستان لای «ئەفلاتۆن» کە بەوە ناسراوە گومانی لە فانتازیا و خەیاڵگە و خەیاڵکردنەوە هەبووە بە کارێکی پیرۆز و بڵندی نەزانیوە و بەڵکو زۆر جاران بە سەرچاوەی وەهم و هەڵە ناوی بردووە،

هەڵبەت لە سەرەتادا، دواتر لە دەمەتەقێکەی (Timaeus) دا دانی پێدادەنێت کە خەیاڵ لە توانایدا هەیە ڕوانین و چاوێکی سۆفیگەرانە بە مرۆڤ ببەخشێت، دیدگایەک کە باڵاتر دەنوێنێت لەوەی کە عەقڵ دەرەقەتی بێت .

دواجار گومانەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت لای ئەفلاتۆن کە مرۆڤ لە ڕێی خەیاڵکردنەوە وێنەی هەر شتێک ڕەسم بکات هەرگیز ناگاتە وێنە و نموونەی باڵا کە ئایدیاکەی وا لای خوداوەندە، هەموو هەوڵێکت بە لاسایی کردنەوە کۆتایی دێت، بەڵکو لاسایی کردنەوەی شتێک کە خودی خۆی پێشتر لاسایی کردنەوە بووە، ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین بەشێکی گۆڕاو و ساختەیە و بە تەنها وێنەی وێنەیەکی دیکەیە.

کەواتە دەکەوینە ناو بیرۆکەی بیرۆکە یان وێنەی وێنەیەکی دیکە کە باڵا و نموونەیی و خواهانەیە، خەیاڵ هەوڵدەدات ئەو یەکەمین وێنەیە بدۆزێتەوە و بیگەڕێنێتەوە، کەچی دەرەقەت نایەت، ئا لێرەدا گومان لە هەر هەموو خەسڵەتەکانی داهێنان دەکرێت، بگرە جیاکردنەوەی خەیاڵە لە تایبەتمەندی داهێنان، بێهۆکار و هەوەنتە نییە کە ئەفلاتۆن گومانی لە شاعیرەکان هەیە و لە کۆماری خۆیدا پێگەیان نییە و بگرە گومانی گەورەی لە شاعیرەکان لەوەوە هاتووە کە ڕۆحی سەربازانەی پیاو و تۆلاز و جەنگاوەرەکان دەکوژن .

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆن و تازەی تۆمارکردن کە لە نووسینی کتێباندا خۆی دەنوێنێت، هەرگیز قۆناغێک نادۆزینەوە کە ژمارەیەک لە داهێنەرانی فیکر و ئەدەب و هونەر تیایدا دادگایی نەکرابن، شاربەدەر نەکرابن، شاکارەکانیان بەر شاڵاوی سووتان و فەوتانی بەربەرییەکان نەکەوتبن، لە باشترین دۆخدا (سانسۆر) نەیهێشتووە ئەو کتێبانە هەتاو ببینن، تا لە ڕۆژگارێکی دواتردا و هەندێک جار دوای مەرگی نووسەر و هونەرمەند و دانا و زاناکان خوێندراونەتەوە.

خودی ئەم ترسە دواجار ترسە لە تەقاندنەوەی هێزی خەیاڵ و بیرکردنەوە کە وا دەکات ئەوانیدیکە لە دۆخی بە ئاژەڵبوون هەڵبگرێت و بیانخاتە دۆخی بە مرۆڤبوون کە گەورەترین خەسڵەتی ئەوەیە بیر بکاتەوە و ئازا و ئازادانە تا ئەوپەڕی ڕۆحی داهێنان خەیاڵ بەڕەڵڵا بکات، دواجار هەستکردن و خەیاڵ کردنەوە و بیرکردنەوە و گەیشتن بە داهێنان و تۆمارکردن هەوڵێکی هەمیشەیی مرۆڤ بووە تا بیسەلمێنێت کە ئەم بوونەوەرێکە تۆمار دەکات و خاوەنی یادەوەرییەکانە.

تۆماری یادەوەرییەکان و ڕەسمکردنی ڕۆحی سەردەمەکان و مرۆڤەکان و گەوهەری هەقایەت و ڕووداوەکان کە دەکرێت مایەی شەرمەزاری بن یان سەرسامی و جوانپەرستی مەحاڵە بە بێ خەیاڵ هیچ ئاکامێکی هەبێت .

سەبارەت بە تۆماریش مەبەست تۆمارە لە ئەدەب و هونەردا، نەک مێژوو، چونکە ڕاستە بۆ تۆماری مێژوو یادەوەری هاوکارە، وەلی هەرگیز مێژوو بۆ خۆی پێویستی بە خەیاڵ نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە مێژوونووسەکان بە تایبەتی هەرە ڕاستگۆکانیان بە خۆیان و کتێبەکانیانەوە، لە کوشتارگەی بەربەرییەکان و دوژمنە خوێنخۆرەکانی وشە ڕزگاریان بووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لە تەک ئەدەبدا خوێنەکەی زۆر کەمتر بووە.

زیندووترین تۆماریش دەنێو ئەدەبی کوردیدا کە هەقایەتی هەرە ترسناکی کوشتنی کتێبەکان و تابلۆ و شاکارەکانی دیکە دەگێڕێتەوە بۆ ئێمە لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)دایە کە لەوێدا هەقایەتی پڕ لە مەرگەساتی (ئەنفال)ە، ڕاوەدونان و کوشتنی خەیاڵە، مرۆڤ و کتێب پێکەوە، مرۆڤ و تابلۆ، مرۆڤ و پەیکەرەکانی، هەر بۆیە دکتۆر (موسای بابەک) پاسەوانی ئەبەدی شاکارەکانی خەیاڵە لە ترسی فەوتان و لەناوچوونی جوانییەکانی مرۆڤ.

هەر هەموو جوانییەکان لە سەرزەمینەوە بۆ ژێرزەمینە تاریکەکان دەگوێزێتەوە ، دواجار خودی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەرێمێکە بۆ پاراستنی جوانی و جاویدانی و ڕۆح و بەهرە نەمرەکانی داهێنان، شارێکە لە شارەکانی خەیاڵ، دامەزراندنی شارێکی خەیاڵی لەو جۆرە ڕزگارکردنی جوانییەکانە لە شارە ڕاستەقینەکان کە لەوەتەی مێژوو هەیە بەربەرییە خوێنخۆر و جوانکوژەکان و دوژمن بە خەیاڵ و داهێنان لەبەردەمی دەروازەکانیاندا وەستاون و هەمیشە ئاگر و ئاسنیان پێبووە.

وێڕای ئەوەش ئەم ڕۆمانە بە تەنها داستانی کوشتن و ڕاوەدوونانی خەیاڵ نییە دەنێو دووتوێی کتێبەکان و تابلۆکاندا، بەڵکو گێرانەوەی مەرگەساتی کوشتنی خەیاڵ و خەونی شۆڕش و ئازادیشە کە جگە لە هەکایەتی کوشتنی مرۆڤ خۆی هیچی دیکە نییە.

بە گەڕانەوە بۆ وێنەکانی خەیاڵ و وێنەکانی ناو یادەوەری، یادەوەری پابەستە بە یەکەکانی زەمان و بازنە و هەرێمە جیاوازەکانی شوێنێک یان خاکێک لەسەر زەمین، بەڵام وێنەکانی خەیاڵ بە دەستی ئەنقەست یەکەکانی زەمان و شوێن هەڵدەوەشێنێتەوە بە نیازی دروست کردنەوەیەکی تازە کە ئەویش بۆ گەیشتنە بە ویست و سەربەستی مرۆڤ، چونکە دوا هەوڵی داهێنەر، لە ڕێی خەیاڵەوە، ورد بوونەوە و بینینی شتەکانە نەک بەو شێوەیەی کە سروشت دایناون؛ بەڵکو ئەم وەک بوونەوەرێکی شەیدا بە دۆزینەوەی ڕاز و نهێنییەکانی مرۆڤ و دونیای دەوروبەر و خودی زیندەگی و بوون، گەرەکییەتی گوێ و چاوێکی تازەمان پێببەخشێت کە ئەوەش ئەرکی هەموو داهێنەرێکی بلیمەتە کە خۆی ئەندێشەبازە و خەیاڵی ئێمە پاراوتر پەروەردە دەکات .

ئەگەر خەیاڵ کردنەوە، نەک هەر لەسەر ئاستی داهێنان کە مانایەکی فرە مەزنی هەیە، بەڵکو هەتا لەسەر ئاستی کەسانی دوور لە نوسین و داهێنان، گەمەیەکی خۆشی تاکڕەوانەیە، کە لەسەر ئاستی میللی و زۆر سادە بەو کەسە دەوترێت (داڵغەچی)، داڵغەچی وشەیەکی پاک و بێبەری نییە لە مانایەکی خراپ، داڵغەچی بە مانای کەسێکی بێباک، کاس و وڕ، بێئاگا لە شتەکان و کەسەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەر، دابڕ و تەریک و خۆجیاکەرەوە.

هەندێکجار ماناکەی لە گەلۆری نزیک دەبێتەوە، مەترسی کەسی داڵغەچی لەوەدایە، لە چاوی خەڵکانی ئێمەدا ئەم کەسێکە باهۆش و گۆش و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناوێرین هیچ ئەرکێکی گەورە و پیرۆزی پێبسپێرین. کەسێکە لە ناو خۆیدا خنکاوە، داڵغەچی بە مەبەست با یان بێ مەبەست کە لەگەڵ ئێمە نییەو تەنیا کەوتووە؛ لای خەڵکی خۆشەویست نییە .

بۆ داهێنەر کە بەتەنها داڵغەچی نییە، بەڵکو کەسێکە جەنگاوەرە و هێرشبەرە و پەلاماری ناوچە حەرام و قەدەغەکراو و مین ڕێژکراوەکان دەدات، چەکدارە بە خەیاڵێکی (شەیتانی)؛ کەسێکە خەیاڵی کردووە بە ئامرازێک بۆ بانگەشەی ئازادی و هەوڵدان بۆ ڕێزگرتن لە تاکڕەوی خۆی و خوێنەرەکانی، چونکە داهێنەر لە ڕێی هێزی خەیاڵەوە دەیسەلمێنێت کە خۆی ئامادە نییە لە دۆخی بە ئاژەڵبووندا بمێنێتەوە و نە قایل دەبێت ئەوانیدیکە وەک مەڕ و بزنی ناو مێگەلەکان ڕووە و قەسابخانەکان ببەن، خودی داهێنان و گەمەی خەیاڵکردن و چوونە ناو هەرێمەکانی فانتازیا گوزارشتە لە ئەوپەڕی ئازادی و تاکڕەوی (فەردانییەت) و مرۆڤبوون .

بێ هۆکار نییە کە داهێنەر لە وڵاتی ئێمەدا ژمارەی دوژمنەکانی زۆر کەمتر نین لە دۆستەکانی، چونکە لە کۆمەڵگایەکی مێگەلخواز و مێگەلپەرست و مێگەلپەروەر داهێنان و خەللاقییەتی خەیاڵ لە خۆجیاکردنەوە دەچێت و دواجار وێنەی کەسێکە کە سەربەخۆ و ئازادە و ڕێز لە تاکڕەوی خۆی و ئەوانیدیکە دەگرێت، لە دونیایەکدا کە پانتایی داهێنان بەرتەسک بێت و کەم بێت، کارگەیەک بێت بۆ کوشتنی خەیاڵ، کەسانی داهێنەر زۆر جاران دەبنە مایەی ئیرەیی پێبردنی ئەوانیدیکە، کەم و زۆر دەگاتە کینە و گومانکردن و شەڕ فرۆشتن بە جۆرەها زمان و شێوە، گەورەیی خەیاڵی هەندێک

لەو داهێنەرانە کە بە ژمارە کەمیشن، دەبێتە مایەی تەریق بوونەوە و ترس و ڕقی دەیەها کەسی بێ بەهرە، گرفتی هەرە ترسناکی ڕق و کینە و دوژمنکاری لەوەدایە کە پتر و پتر ڕۆحی داهێنەرانەی مرۆڤ دەخوات و تا بێت خەیاڵی سیس و هەژار و پەژموورەدەتر دەکات، چونکە کانگای داهێنان و خەیاڵ لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ڕق و ترس و شەرمەزارییەوە.

کردەی داهێنان کە پشت ئەستوورە بە خەیاڵ زۆر لە دۆخی خەون بینینەوە نزیکە، کەم نووسەری بەهرەمەند و ئازا هەیە هەوڵی پەڕینەوە نەدات لە هەرێمی ئاگاهییەوە بۆ هەرێمی زۆر شاراوە و تەقەتی نائاگاهی.

بە واتایەکی هاوشێوە گواستنەوەی ئێمەیە لە هەرێمی هەستەوە بۆ هەرێمەکانی نەست «لاشعور» کە دواجار هەرێم و دونیای شتە حەرامەکانە، ڕاز و نیاز و مەیل و هەواو هەوەسێکی کوشندە کە بەرزەمن یان منی باڵا کە دەکاتە کۆی کۆدەکانی ئەخلاقی زاڵ و باوی کۆمەڵگا هەرگیز ڕێگا بە تەقاندنەوەیان نادات.

هەر لەوێوە (عوساب – نێر ڤۆزە) دروست دەبێت، لە یادمان نەچێت کە خودی نووسەر خاوەنی ئەو نێرڤۆزەیە، بە واتایەکی ئاشکراتر گەر ئەو عوسابییەکی ئازا نەبێت ناتوانێت تا چینە هەرە شاراوەکانی ناو ڕۆحی مرۆڤ شۆڕ ببێتەوە، دواجار کەم نین ئەو داهێنەرانەی چیرۆکی گراو دەرد و نەخۆشییەکانی خۆیان دەنووسنەوە کە دواجار چیرۆکی ترسناکی هەر هەموومانە.

هەر بۆیە وێنەی نووسەر و ئیبلیس کە فریشتەیەکی هەڵگەڕاوە بووە، زۆرجار، لێرە و لەوێندەرێ و لە قۆناغی جیاوازدا تێکەڵ دەکرێت، (فاوست) ڕۆحی خۆی بە شەیتان دەفرۆشێت تا بگاتە مەعریفە و و نهێنی کانزاکان و لەزەتە هەرە حەرامەکان، حەوا و ئادەم خەیاڵ دەکەنەوە:

ئاخۆ گەر لە درەختە حەرامکراوەکە بخۆن چی دەقەومێت و چی نهێنییەک لە پشت ئەو قەدەغە کردن و حەرام کردنەوە هەیە، هەر بۆیە ناوی درەختی مەعریفەتە، دوای تامکردنی میوەی حەرام؛ بەوە دەزانن کە خاوەن خوێنێکی گەرم و شەهوەتن، لە سۆنگەی خواردنی میوەی حەرامدا لە ئاسمانەوە هەڵدەدرێنە سەر زەمین، گەر هەر لە بەهەشت بووینایە، هەرگیز ئاگاداری هەقایەتە خۆش و ناخۆشەکانی سەرزەمین نەدەبووین، خەیاڵکردنەوە لەوەی چی دەقەومێت دوای خواردن لە درەختی حەرامکراو ئادەم و حەوا بەرەو گەمەی ئازادی دەبات و یەزدان-یش حەزی لەو گەمەی ئازادییەیە ئەگینا دەیتوانی دەستیان بگرێت.

تێناگەم بۆ ئیسلامیەکانی ئێمە و هی زۆرێک لە ولاتانی عەرەبی و دونیا، گەر نەڵێم هەر هەموویان، لەو گەمەی سەربەستی و ئازادی خەیاڵ کردنەوە و ئازادیی گوناە کردنە تێناگەن؟ کە دواجار ئازادییەکە ڕووەو زانین و خۆناسین و دونیا ناسین دەمانبات کە سەرەتاکەی بە گەمەی خەیاڵ دەست پێدەکات.

خودا ڕێگای بە گەمەکانی، فڕوفێڵەکانی شەیتان داوە، بە فیز و هەڵگەڕانەوە و کڕنۆش نەبردن بۆ ئادەم، یەزدان تا کۆتایی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، کەچی لێرە کەسانێک بە ناوی خوداوە کە چاک نایناسن دەتوانن فەتوای بە کافر بوونی ئەم و ئەو دەربکەن و ڕەوانەی جەهەننەمیان بکەن.

بە گەڕانەوە بۆ سەرەتای پەرەگرافی سەرەوە: ترسی داهێنان کە زادەی خەیاڵە بە قەد گێڕانەوەی خەونە سەیر و حەرامەکان ترسناک و کوشندەیە، بە تایبەتی ئەمەیان سەبارەت بە ئەدەبی پەخشان یان داستانئامێز زۆر ڕاست و نزیکە، چونکە مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆک و ڕۆمان پانتاییەکی زۆری قسەیە لەسەر (فەزاحەت) و دونیا هەرە سەیر و سەمەرە و پڕ لە نهێنی و هەموو ئەو ڕەفتارو خەون و خولیایانەی جێگەی شەرمەزاری مرۆڤە، ڕاستە بەدەریش نییە لە حەکایەتی سەرکەوتن و ململانێی مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤدا، مرۆڤ لە بەرامبەر ڕەگەزە دژوارەکانی سروشتدا، دواجار مرۆڤ لە بەرامبەر خودی خۆیدا لە ململانێدا بووە، بەڵام حەکایەتی نوشوستی و دۆڕان و حەکایەتەکانی خوێن و فرمێسکی مرۆڤ و بگرە داستانی نەبڕاوەی دەبەنگی تا هەنووکە کۆتایی نەهاتووە.

پەراوێز :

لە سەرەتای ئەم نووسینەدا من بە نیاز بووم وەلامی پرسیارێک بدەمەوە لەمەڕ ئەدەبی داستانئامێز یان پەخشان ئامێز کە پتر چیرۆک و ڕۆمان دەگرێتەوە بەو مانا ئەدەبییە باوەی کە زاراوەی (Fiction) بۆ بەکار دەبرێت کە ڕەگە لاتینییەکەی (Fingere)یان (Fictum)ە ...

گەر ماناکەی سادە بکەینەوە لە شتی هەڵبەستراو و درۆوە نزیکە ، گێڕانەوەی ڕووداوێک یا چەند ڕووداوێکە کە زادەی خەیاڵە، کارێکە گەرچی لە نزیکەوە پەیوەستە بە ژیان و کەسانی ڕاستەقینەوە یان ڕووداوی ڕاستەقینەوە، کە تیایدا خەیاڵی نووسەر بابەتەکانی دادەمەزرێنێت و شێوەیەکی هونەری پێ دەبەخشێت .

ئەدەبی داستانئامێز لە بەرامبەر شت و ڕووداوە ڕاستەقینەکان دەوەستێتەوە، چونکە بە تەنها حەقیقەت و واقیع نییە، بەڵکو داهێنانە کە جۆرێک لە فریودانی تێدایە، خۆشی و بەزم، یان هێما و پێشنیازێکە بۆ واقیعێک کە لێوەی فێر دەبین .

هەر لەو سۆنگەیەوە (ئەرستۆ) شیعر لە بەرامبەر مێژوودا قوت دەکاتەوە کە لەوانەیە ئەدەبی داستانی کە پشت ئەستوورە بە خەیاڵ لە حەقیقەتێکی باو و گشتگیر نزیکتر بێت تاوەکوو لە شتێک یان بابەتێکی زۆر ڕاستەقینە و بەرجەستە .

پرسیارەکەش دەڵێت: گەر ئەدەبی داستانئامێز دەستکردی خەیاڵە و پڕ لە شت و ڕووداوی هەڵبەستراو و لە کەسانێک کە پێکهاتەی خەیاڵن ، بۆچی خۆمان بە خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکان سەرگەرم بکەین؟ دەوترێت ژیان کورتترە لەوەی کات بە چوونە ناو دونیای فانتازیا و خەیاڵاتەوە بە فیڕۆی بدەین ..

تاکە وەڵامێکی سادە بەڵام هەمیشە نەمر ئەوەیە کە ئەدەب سەرچاوەیەکە بۆ فێربوون و زانین و کەڵەکەکردنی مەعریفەت و تێگەیشتن لە خۆمان لە دونیا، ڕەگەزێکی دیکە کە زۆر بنەڕەتیە و لە ئەدەبدا هەیە؛ ئەویش لەزەت و خۆشی و چێژ وەرگرتنە...، چونکە لەوەتەی زمان هەیە و خەیاڵی مرۆڤ دەوڵەمەندتر بووە، ئێمە چێژێکی گەورە لە سەرکێشییە خەیاڵاوییەکانی مرۆڤ و ئەزموونەکانی و خولیا و هەکایەتی پڕ لە سەراسیمەیی کەسە خەیاڵییەکانی ناو ڕۆمان و چیرۆک دەبینین، بە ئەندازەیەک کە وا هەستدەکەین خۆمان لەگەڵیاندا بەشدارین .

لە یادمان نەچێت ئێمە لەوەتەی هەین بە چیرۆک و داستانەکان گەمارۆ دراوین و دەنێو هەکایەتە گەورەکاندا دەژین؛ کەچی خودی سیحر و خەیاڵ و ئازادی بیرکردنەوە وای لێکردم وەڵامی ئەم پرسیارە بکەوێتە پەراوێز و وەڵامێکی دروست و تێری پرسیارەکە بۆ دەرفەتێکی دیکە بەجێبهێڵم .

SHERZAD HASSAN
شێرزاد حەسەن



شێــــر کۆبێــکەس و پێــگەی بۆ بە جیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کورد

یوونس ڕەزایی

جیهانی بوونی پێوەندییەکان و وەگەڕ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەندێک شاعیرانی کورد، هەتا لەو رێیەوە دەنگی بگەیەننە دوورترین شوێنەکانی جیهان. سەردەمی جیهانی بووندا کوردەکان ئەدەبییەکان، دەیان پردی تازەیان دەرەوە و دوور لە سنوورەکانی خۆیان وایە گۆڕانکاری لە پێوەندییەکاندا و بووەتە هۆی ئەوەی تاقمێکی زۆر لە لە رێگای ئینتێرنێتەوە لەگەڵ هاوشان جیهان پێوەندی ببەستن، کاریگەرییان هەروەها دەیان تۆڕی پێوەندی و هەموو دونیادا ساز بکەن.



کەوتنی راگەیەنە و پتەوتر بوونی دەرفەتی خستە خزمەت نووسەر و خۆیان و گەلەکەیان، لە دەلاقەی ئەدەبیاتەوە هەر بەو پێیە "شێرکۆ بێکەس" دەڵێ: لە بە پێوەندییە سیاسی، کولتووری و بۆ پەڕینەوە بەرەو جیهانی بەربڵاوی دامەزراند. (بێکەس،۲۰۰۲:۹۲) ئەو پێی هەروەها ئاڵوگۆڕی بواری راگەیەنەکان، رۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانی کورد، و هاوڕێیانی خۆیان لە سەرانسەری لێوەرگرن و کاریگەرییان لەسەر دانێن. زانیاری لە بەرژەوەندی ئەدەبی کورد لە

(همان) لە سەرەتاکانی ئەو رەوتەدا، کوردەکان حەولیاندا بە راگوازتنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان لە رێگای ئەدەبیاتەوە، شوناس و کولتووری ناوچەیی خۆیان بۆ پانتایی جیهان و لە دەرەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی کە تێیدا حاوابوونەوە رابگوێزن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەرنجی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی جیهان بەرەو ئەدەبیاتی کورد رابکێشرێ. یەکەم برووسکەی ئەو کاریگەری و کارتێکەرییە بە وەرگرتنی خەڵاتی جیهانی "تۆخۆلێسکی" لە لایەن شێرکۆ بێکەسەوە دەرکەوت. (رضایی،۱۳۸۳:۱۵) ئەو خەڵاتە ساڵی ۱۹۸۸ لە لایەن "بنکەی ئەدەبیاتی جیهانی سوێدەوە" پێشکەش بەو شاعیرە کرا.

ساڵی ۱۹۸۹ "ئەنجومەن و کومیتەی مافی مرۆڤی ئیتالیا" نازناوی "هاوشاری ئیفتخاری شاری فلۆرانس"ی پێ بەخشی.(صالحی، سیدعلی،۱۳۷۰: ۵۳) و پاش ئەوە رەوتی وەرگێڕانی شێعری کوردی بە زمانە ئەورووپاییەکان دەستی پێکرد. شێعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە زمانەکانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی، ئیتالیایی، سوێدی، نۆڕوێژی، عەڕەبی و فارسی وەرگێڕدراون.(هەمان) و لەو رێگای ئەو شێعرانەوە کە نیشاندەر و دەرخەری داب و رەسم و مێژوو و ژانە کۆمەڵایەتی و شێوەی جوانیناسی و مرۆڤناسی و شوناسی کوردە، وێنەیەکی نوێ لە زەینی خەڵکی جیهاندا لەمەڕ کوردەکانەوە ساز بوو. وێنەی نەتەوەیەک بە ئەدەبیات و زمان و راوێژ و جوانیناسی تایبەتی خۆیەوە.

هەر بەو هۆیە کۆمەڵگای ئەدەبی رۆژئاوا بە شێوەیەکی نافەرمی واتە نەک بە پێی رێکەوتن و گرێبەستێکی کولتووری، بەڵکوو لە رێگای کاریگەری وەرگرتن و کارتێکەرییەوە ئاراستەیەکی جوداوازیان لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردی و شێوەی جووڵانەوەی لە تۆڕی کولتووری جیهانیدا گرتە بەر.

وەرگێڕە رۆژئاواییەکان یان ئەو وەرگێڕانەی شارەزای زمانە رۆژئاواییەکان بوون، روویان کردە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی کورد. لەوە بەدوا ئەدەبیاتی کوردی نەتەنیا نوێنەری هەست و ویستی مرۆڤی کورد و ئاوێنەی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕی فەلسەفەی ئەو مرۆڤانە بۆ ژیان و مەرگ بوو، بەڵکوو وەک نوێنەری ئەدەبیاتی بەشێک لە جیهان ناسێندرا و کەوتە بەرچاو. هەر لەو پێوەندییە دایە کە لە کتێبی "فەرهەنگی ئەدەبیاتی جیهان"دا لەمەڕ "دەربەندی پەپوولە"ی شێرکۆ

بێکەسەوە ئاوا نووسراوە؛ "مەنزوومەی دەربەندی پەپوولە پلان دارێژی بۆ کێشانەوەی نەخشەی کاتە پڕ لە تێکشان و پڕ لە کێشەکانی هەموو کۆچەرە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانە."(خزائل،٩٤٥:١٣٨٤)

پاش وەرگێرانی بەرهەمەکانی نووسەرێکی دیکە واتە "شیرزاد حەسەن" ئەدەبی کوردی لە لای کۆمەڵگای ئەدەبی ڕۆژئاوایی قورسایی زیاتر بوو. نووسەرانی جیهان بیریان لە بەشداری پێکردن و کردنەوەی دەلاقەی کۆڕە ئەدەبی‌یە جیهانی‌یەکان بە ڕووی ئەو بەشە لە ئەدەبی جیهانی‌دا کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٧ دا دوو نووسەری کورد واتە "عەبدوڵلا سراج" و "شێرزاد حەسەن" بۆ بەشداری کردن لە "کۆنفرانسی نووسەرانی جیهان لە مۆکۆلای فێنلاند بانگهێشتن کران. وتاری شیرزاد حەسەن لەو کۆنفرانسەدا، لە ژێر ناوی "وڵامێکی کورت بۆ پرسیارێکی کۆن" سەرنجی زۆرێک لە نووسەرانی بە توانای جیهانی بەرەو خۆی ڕاکێشا (حسن،٨:١٣٨٤) و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو ڕەنگدانەوەیە لە سەر بەرەیەک لە نووسەرانی لاوی کورد کە لەناو خۆ خەریکی نووسین بوون، متمانەبەخۆیی‌یەکی زۆری بە دوا داهات کە ئەدەبیاتی کەمینەش دەتوانێ لە نێوان ئەدەبیاتە زۆرینە و قەبەکاندا، بە مەرجی خاوەن شوناس بوون، دەرکەوتنی بە هێز و جودای ببێ.



شیرزاد حەسەن لەو کۆنفرانسەدا بە پێکگرتن و هەڵسەنگاندنێکی بەراوەردکارانەی مابەین دوو کولتووری کوردی و بە گشتی کولتووری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ کولتوور و فەلسەفەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی و هەروەها بە خستنە بەرباسی ناوەرۆک و تێمی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی خۆی و نووسەرانی هاوزمانی و ... سیمایەکی ڕوون و بێ وێنە، بەڵام پڕ لە ژان و مەرگەساتی لە مرۆڤی کورد و ئەدەبی کوردی کێشایەوە و خستیە بازنەی بیرکردنەوە و لێوردبوونەوەی مرۆڤی داهێنەری ڕۆژئاوا. ئەو بە هێنانە بەر باسی ژانی کاراکتەری چیرۆکەکانی خۆی و هەڵقوڵانی ئەو کارەکتەرانە لە ناخی کۆمەڵگاوە و سازبوون و پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگایە لە ژێر نسێی سیاسەتی سەرکوتدا و شوناسی پارچە پارچە و بریکوولەی ئەو مرۆڤانە، دیمەنێکی دیکەی لە مرۆڤی سەر بە نەتەوەی کورد خستە ڕوو.

شیرزاد بە گوتنی "نووسراوەکانی من داد و هاوار و شیوەنێکە لە ماتەمی دڕندانەترین کوشتارە بە کۆمەڵەکان (همان منبع،٢١) پێداگری لە سەر دوو بابەتە. یەکەم بە کەڵک وەرگرتن لە تەمهیدە گێرانەوەیی‌یەکانی چیرۆک، خەریکی خستنە ڕووی بابەتێکی ئەدەبی‌یە کە ناوەرۆکەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە. واتە زیرەکانە سنووری مابەین بوارە جوداکانی زانستە مرۆیی‌یەکان دەسڕێتەوە و

بابەتێکی نێوان ریشتەیی دەخاتە روو و لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە بابەتەکەی پێشکەش دەکا.

ئەوەش تاکتیکێکە بۆ وەی ئەگەر تا ئێستا مرۆڤی رۆژهەڵاتی بە رەخنە پارێز ناسراوە، ئەو بە ناسیاری سڕینەوە لەو گوتارە، رەخنە هەڵگر بوونی بەشێک لە مرۆڤی سەردەمی نوێی رۆژهەڵات بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەکاتە پرسی شاراوەی باسەکەی.
لە لایەکی دیکەوە رووی رەخنە هەم لە خودە هەم لەویتر و ئەوەش سیمایەکی دیکەی لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی بە خوێنەر و بەردەنگی رۆژئاوا ناساند. ئەگەر تا ئیستا ئەو مرۆڤانە زیاتر کولتوور و دەستەڵاتی سەردەست دەدەنە بەر تیری رەخنە و لە سەر رەسەنایەتی پێدادەگرن، ئەو زۆر لایەنی کولتووری رەگاژۆ کردووی خۆماڵی و ئەو لایەنانەی دەستەڵاتە رەهاکانیش کە سەودای سڕینەوەی وردە گوتار و کەمە نەتەوەکانیان هەیە بە یەکەوە دەداتە بەر تیری رەخنە.

لە لایەکی دیکەوە شاعیر و نووسەرانی ئەو جیلە و یەک لەوان شێرکۆ بێکەس، بە تێگەیشتن لە دۆخی نوێی نووسین و مەعریفەی جیهانی، هەنگاوی وریایانەیان هەڵگرتووە. نموونەی ئەو دونیا ناسی‌یە نوێ‌یە لە دەقەکانی وەک "ئافات" و زۆر دەقی دیکەی شێرکۆدا دەبینینەوە. لەو دەقانەدا هەم نیگایەکی لە سامانی ئەدەبی جیهانی‌یە و دەکرێ شوێن پێی کەسانی وەک "سان ژۆن پێرس" لە نووسین و نیگای‌دا ببینییەوە، هەم لە باری ئەندێشەوە بە تایبەت لە "پەریزاد و گوڵکەی دوژمنی‌دا" جودا لەوەی مێژووی ژان و برین و دیرۆکی خەفەتی دەنووسێتەوە و جوغرافیای دژوازی‌یەکانی مرۆڤی کورد لە دەقی شێعردا دەنەخشێنێ، رۆژئاوا و فەلسەفەی ئەوان بە رووە مادی و فکری‌یەکەیەوە بەرئاوەرد دەکا لەگەڵ بیر و هزری نەتەوەیی و لە زۆر جێ‌دا لە ئاستی بەراوەردی دوو کولتوور تێدەپەڕێ و تەنانەت بە شێوەیەکی بایەخ دانەرانە دەڕوانێتە کولتووری رۆژئاوا و بە ئاراستەیەکی رەخنەگرانە لە روانینن و دونیابینی خۆی کە نموونەیەکی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و تاکێکی کورد و هونەرمەندێکی ئەو بەشە لە دونیایە،

مرۆڤ و دونیا لە شێعری دا دەگونجێنێ. ئەوەش واتە فراوان‌تر کردنی بازنەی زمان و روانین و بەردەنگی دەقی شێعری کوردی. شێرکۆ بێکەس بە پێی دەقەکانی ئەو بابەتە گرینگەی لەبەرچاو بووە کە دەلاقەی چوونە نێو پانتای هزر و بیری جیهانی هونەر و ئەدەبیاتە.

پەریزادم! پەرایزادی تاق و تەنیا، جارێکی دیش لە کۆچدا بوو
••••••••••••••••••••
لەوی لە فێنتیسیا، لە فێنتسیای عاشقی مانگەشەو و ئاودا
••••••••••••••••••••
لە شاری شێعردا، لە شەوێکی زێوین‌دا، لە نێو باڕی بەلەمێکی پەمەیی‌دا
••••••••••••••••••••
چڕ و چاوی خۆم نا، شێعرەکانم کچێکیان کرد بە هاوڕێم.
••••••••••••••••••••
کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟ پڕشنگی دایەوە و وتی:
••••••••••••••••••••
من خەڵکی نیشتمانی هونەرم، باوکم ناوی شێعرە و دایکم ناوی مووسیقایە و
••••••••••••••••••••
هەرئەوەندە لە رەچەڵەکی خۆم دەزانم....(بێکەس:١٩٩٣:٢٠)
••••••••••••••••••••

لەو شێعرە و زۆر بەرهەمی دیکەدا، شێرکۆ بە هەڵسەنگاندنی دوو کولتووری رۆژئاوا و رۆژهەڵات و سەرەتی دان بە روانگەی هونەری رۆژئاوایی، لە ئاکامدا زمانی هونەر و ئەدەبیات بە زمانی جیهانی نوێ دەزانێ. جودا لە شێعر لە نووسینی ئاساییش‌دا ئاوڕێ لەو وارە داوەتەوە و ئەو کەشە نوێ‌یەی بە باشی دەرک کردووە و لەو بارەوە دەڵێ «جیهانی بوون دونیابینی‌یەکی نوێی بە رووی ئەدەبیاتی کوردی‌دا کردووەتەوە. روانینێکی بەرین و بەربڵاوی بە شاعیران و نووسەرانی کورد بەخشیوە. نیگای ئەوانی بۆ جیهان و بابەتە گشتی‌یەکانی وەک مرۆڤ و ئازادی ژن و ... گۆڕیوە. (بێکەس،٢٠٠٢:٩٥) بە گشتی ئەزموونەکانی بەجیهانی‌بوون، ئەزموونی نوێ‌تری لەبەر دەم نووسەرانی کورد دانا کە گرینگ‌ترینیان روانینی فرەرەهەند و چەند لایەنە و بیری پلۆراڵ و ئاسانگیری و تولێرانسە.(هەمان)

لەو سەردەمەدا شاعیران و نووسەرانی کورد لە چوارچێوەی ژانر و فۆرمەکانی ئەدەبی جیهانی و بە تیکنیکە مودێرنە ئەدەبی‌یەکان، هەم شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە شێعر و رۆمانەکانیان‌دا نەخشاند و هەم بیرە جیهانگیرەکانیان لە بەرهەمی خۆیان‌دا جێ کردەوە. لە راستی‌دا فۆرم و پێکهاتە و ئەندیشەی جیهانی‌یان لەگەڵ شوناسی خۆیان ئاوێتە کرد و بەرهەمێکی نوێیان خوڵقاند کە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهان‌دا ئاوڕی لێدراوە و خوێندراوە. بەرهەمەکانی "بەختیار عەلی" رۆمان‌نووس بە پێی ئەو بنەمایە ئیعتبارێکی جیهانی‌یان وەدەست هێناوە.

کتێبی "دواهەمین هەناری دونیا" نووسراوەی بەختیار عەلی فرمێسکی تەمەنێک ژان و خەم و سەرگەرادنی نەتەوەی کورد و لە راستی‌دا هەموو عێراق و تەنانەت هەموو خەڵکانی خەفەت‌باری زەمینە.(علی،١٣٨٨:٥) ئەو رۆمانە لە سەر بنەمای ئەو کارەساتانە بەرهەم هاتووە کە خەڵکی عێراق چەشتوویانە و دیتوویانە و رەنگدانەوەی کولتوور و نەریتەکانی گەلی کوردە. لە لایەکیشەوە پڕە لە ئەندێشەی مرۆڤ‌دۆستانە و ئاشتی‌خوازنە و هەڵکردن و پێکەوە سازان و ... ئەو چەند تایبەتمەندی‌یانە بووەتە هۆی پێشوازی ناوچەیی-جیهانی لەو بەرهەمە. رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا بەرهەمێکی جیهانی‌یە و تا ئیستا بە چەند زمانی وەک ئاڵمانی، رووسی، عەڕەبی، تورکی و فارسی وەرگێڕدراوە.(هەمان سەرچاوە)

لە دونیای ئێستا و بە یارمەتی بارودۆخی نوێی پێوەندی‌یەکان و ئامادەیی شاعیرانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی‌یەکان، دەرفەتێک رەخساوە تا زۆریەک لە رۆشن‌بیر و وەرگێڕانی جیهان، روو بکەنە ئەدەبیاتی کوردی. بەشێک لەو سەرنجە جیهانی‌یە لە چەند نموونەی هەڵبژاردەدا دەتوانین ئاوا بخەینە روو:

لە رێکەوتی ٥- ١٩٩٩/١٠/١٢. حکوومەتی "سویس" لە شاری "زوریخ" حەفتەیەکی کولتووەی بۆ ناسینی کولتوور و ئەدەبیاتی کورد تەرخان کرد. لەو حەفتە کولتووری‌یەدا، خەڵکی سویس لە گەڵ وێنەکێشان، مووسیقا، سەما و شێعری کوردی ئاشنا بوون. پاش شێعر خوێندنەوەی شاعیری کورد شیرکۆ بێکەس، نووسەری سویسی "پێترا کرۆسێل" لە نووسراوەیەکدا لە ژێر ناوی "ئێمە لە رابردوودا خاکی کوردانمان دزیوە، بۆ خاکەکەیان نەدەینەوە؟" باسی کاریگەری وەرگرتنی خۆی و هاووڵاتیانی سویسی لە شێعری کوردی دەخاتە روو.(سەردەم،٢٠٠٠:٢٦١). ساڵی ٢٠٠٢ش "رێکخراوەی ئەدەبیاتی هولەندی" لە فستیوالێکی شێعر بۆ شاعیرانی ناوبەدەرەوەی جیهان‌دا، شاعیرانی کورد بانگێشتن دەکا و کوردەکانیش وێڕای زۆریەک لە ناودارانی شێعری جیهان بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش ئامادەبووان دەکەن. لەو فستیوالەدا شاعیرانی وەک "بریاتین بریاتین باخ" ، "رومیکۆ کامپێرت"، ئیوا خارلاخ" ، "تونکای" ، "عیسا ئەلیاسری" و دەیان شاعیری دیکەی وڵاتانی جیهان بەشدار بوون. شاعیرانی کورد بەرهەمەکانی خۆیان کە رەنگی ناوچەیی و دەنگی جیهانی پێوە دیار بوو پێشکەش کرد. (ئاینده،٢٠٠٢:٣٣)

زۆر جاریش سیاستوانانی کوردی عیراق لە پلەی باڵوێزەکانی کولتوور و ئەدەبدا رۆڵی بەرچاویان بۆ برەو پێدان و بڵاو کردنەوەی ئەدەبیات هەبووە. ئاوێتەی کاری هاوبەشی نوێنەرانی سیاسی کورد لە رۆژئاوا و ئامادەیی شاعیر و نووسەرانی کورد لە بوارە جیهانی‌یەکان، ئاکامی ئەرێنی بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە دواوە بووە. بۆ وێنە ئامادەیی شێرکۆ بێکەس لە "فستیوالی شیعری ئیستامبووڵ" لە ساڵی ٢٠٠٨ و شێعر خوێندنەوەی ئەو، سەرنجی وەرگێڕ و شاعیری گەورەی رۆمانیایی "نیکۆلینا ئۆپێڕا" رادەکێشێ.(ئایندە،١٦٠:٢٠١٠) پاشان بە پێشنیاری باڵوێزی عێراق لە رۆمانیا کە کورد بووە، ئەو وەرگێڕە دەست دەکا بە وەرگێڕانی شێعرەکانی شاعیرانی کورد بۆ سەر زمانی رۆمانیایی.

ئەو رەوتە روو لە گەشەیە بووەتە هۆی ئەوەی زەین و زمانی شاعیرانی کورد کار بکاتە سەر بەرهەمی شاعیران و نوسەرانی گەورەی دونیا و گەلانی دیکەی ناوچەش. نموونەشی بەرهەمە شێعری‌یەکانی "لوتفی ئۆزکۆک" شاعیری جیهانی تورکیایە کە سێبەری زەینییەتی شێعری شیرکۆ بێکەس لە سەر وێنە شێعری‌یەکانی‌دا رەنگی داوەتەوە و بەردەنگان هەستی پێدەکەن.

(صالحی، سید علی،١٣٧٠: ٥٢و٥٣) هەر ئەو توانا زمانی‌یەی شاعیرانی کورد بووەتە هۆی سەرسوڕمان و تەنات پێداهەڵگوتن و ستایشی شاعیرانی گەورەی ئێرانیش. "سەیدعەلی ساڵحی" بنیاتنەری "بزووتنەوەی شێعری گوتە" لە ئێران، بە پێی توانایی زمانی و فۆڕمیک لە لایەک و تایبەتمەندی ناوچەیی ئەو بەرهەمانە لە لایەکی دیکەوە دەنووسێ، "رەفیق سابیر" بە جۆرێک دەتوانێ لە رێزەی "ئارتۆر ریمبۆ" بنیاتنەری سێمبۆلیزم لە فەڕانسە بێ. ئەو بە بەدی‌هێنانی گۆڕانێکی نوێ مزگێنی دەرکەوتن و خۆیابوونێکی جیاواز بە خوێنەران دەدا. گۆڕانێک کە بە سوررِئالیسمی سەرکێش نێودێر دەکرێ.(همان منبع، ٥٥) هەروەها لە مەڕ دوو شاعیری دیکەی کوردەوە دەنووسێ: جاری وایە هەست دەکەم "عەبدڵڵا پەشیو" و "لەتیف هەڵمەت" هاووڵاتیانی "ئەمە سەزەر" و "دیوید هیوپ" یان "لانگستوون هیوس"ن.



(هەمان منبع، ٥٣) لە سەلماندنی ئەو کاریگەرێتی‌یەی شێعر و ئەدەبیاتی کوردیی وەک یەکێک لە سازدەرەکانی شوناس‌ساز بۆ کوردەکان، "مەنوچیهر ئاتەشی" لە پێشەنگانی شێعری هاوچەرخی فارسی دەنووسێ : لە گەرمەی سەرلێ‌شێواوییەکان‌دا، ئەو گەلە هانەیەکی گرینگی بۆ بەرهەم‌هێنانی شێعر هەبووە تا دەنگی خۆی لە ژێر ئاسمانەکانی جیهان‌دا هەڵبڕی و ئەو دەنگەش لە گوێی جیهان‌دا بزرینگێتەوە.بەو شێوەیە کە شیعری کوردی توانیوێتی سیمای درەوشاوەی بێ. سیمای هێندە درەوشاوە کە دەتوانین بە پاڵپشتی بەرهەمی ئەوان بێ ترسی تانە و تەشەری بەرچاوتەنگ و پاوان‌خوازان بڵێین: شێعری فارسی هاوچەرخ بەو پلەیە لە ناسران و کەوتنە بەر سەرنج لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەگەیشتووە. شایەت و سەلمێنەری ئەو قسەیەش شێعرەکانی شاعیرانی وەک شیرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵلا پەشێو و رەفیق سابیرە.

(آتشی،١٣٨٦:٨) رەخنەگری ئەدەبی ناوداری ئێرانی "تەقی پورنامداریان"یش لە مەڕ شێعری بەرز و بڵێندی دەربەندی پەپوولەوە دەنووسێ: ئەو مەنزوومەیە شاکارێکی بێ‌وێنەی جیهانی‌یە و حەماسەی زیندوو و بەردەوامی گەلی کوردە. (پور نامداریان،٤٠:١٣٨٠).

کەواتە دەتوانین بڵێین جیهانی‌بوون پانتایی‌یەکی رەخساندووە کە شاعیران و نووسەرانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە ناونەتەوەیی‌یەکان ئامادە بن و هەر ئەوانیش بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە حەول دەدەن ئەدەبیات و زمانی نەتەوەی خۆیان بناسێنن و بۆ زەنگین و رەنگین کردنی تێدەکۆشن. لە لایەکی دیکەوە جیهانی بوون بە هێنانە ئارای واتاگەلی تایبەت و جوداوازی وەک مافی مرۆڤ، دێموکراسی، مافی ژن، ژینگەپارێزی، سڕانەوەی سنوورەکان و ... وەکی شێرکۆ بێکەس دەڵێ دونیابینی ئەدیبانی کوردی گۆڕیوە. روانینی تاک رەهەندی ئەوان گۆرانی بەسەر داهاتووە و بە چاوێکی کراوە و روانینێکی بەرین‌ترەوە دەستیان بە بەرهەم‌هێنانی دەقی ئەدەبی کردووە.

بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئێستاکە بە تایبەتمەندی و تێم و ناواخنی ناوچەیی کە هەڵگری خەون و خولیا و داب و رەسم و جوانی‌ناسی تایبەتە و پێکهاتە و تەکنیکی جیهانی‌یەوە، بۆ کۆمەڵگای ئەدەبی جیهان ناسراوە. کەواتە ئەدەبیاتی کوردی هەم زمانی کوردی دەوڵەمەند کردووە و هەم شوناسی کولتووری کوردەکانی بە جیهان ناساندووە. ئەو دوانەش هەردووکیان لە



سازدەرە گرینگەکانی شوناسی نەتەوەیین و دەتوانین بڵێین جیهانی بوونی پێوەندی‌یەکان و لێکگرێدراوی سەردەمی نوێ و واتا جیهان داگرەکان، کە لەو سەردەمەدا بڵاو بوونەتەوە، لە دەوڵەمەندکردنی ئەو سازدەرانەی شوناسی نەتەوەیی کورددا کاریگەر بوون. هەرچی ئەو رەوتە گورج و خێراتر بێ بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە تۆڕی کلتووری جیهان‌دا زیاتر وە برەو دەکەوێ. بەخشرانی نازناوی "ئیمپڕاتۆری شێعری جیهان" بە شێرکۆ بێکەس پاش مەرگی،

لە لایەن شاعیران و نووسەرانی غەیرە کوردەوە و بە تایبەت لە ئێران‌دا ئەو راستی‌یەی دەرخست کە لە لایەک زمانی هونەر کە شێرکۆ لە پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی‌دا ستایسی دەکا، شان و شەوکەتێکی بێ وێنە بە نەتەوەیەک دەبەخشێ و لە لایەکی دیکەوە شێرکۆ ئەوەندەی لە ژیانی دا حەولی دەوڵەمەند کردن و ناساندنی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری خۆی‌دا، مەرگیشی ناوبانگ و دەرکەوتنێکی دیکە بوو.

سەرچاوە

- آتشی، منوچهر (١٣٨٦) شعر کردی بخشی از پیکرەی فرهنگ ایرانی و جهانی، ف×لنامەی تخ××ی شعر گوهران
- ئۆپێرا، نیکوولینا (٢٠١٠) نامەیەک بۆ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی؛گۆڤاری ئاینده، ژوماره ٨٩
- بێکەس، شێرکۆ (١٩٩٣) ئافات، بێ نا
- پورنامداریان، محمد تقی (١٣٨٠) دره پروانه و حلبچه، مجله انجمن زبان، فرهنگ و هنر کرد،شماره ٧،تهران: دانشگاه شهید بهشتی
- حسن، شیرزاد (١٣٨٤) ح×ار و سگ های پدرم، ترجمه مریوان حلبچه ای،تهران:نشر چشمه
- خانی، ئەحمەد، (١٣٦٧) مەم و زین، ارومیه: انتشارات ×لاح الدین ایوبی
- خزائل،حسن (١٣٨٤) فرهنگ ادبیات جهان،تهران:معاونت امور فرهنگی وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی
- ر×ایی،یونس (١٣٨٣) شیرکو بی کس اندوه سرای رنج دیدگان،ارومیه:نشریه تا خورشید،شماره چهارم سال سوم
- ×الحی، سید علی (١٣٧٠) جهان و مویه های ازلی، تهران: مجله دنیای سخن شماره ٤٤
- شێرکۆ بێکەس لە فیستیڤاڵی شێعری دونیا لە هولەندا ـ (٢٠٠٢) ،سلێمانی:گۆڤاری ئاینده،ژوماره ٣٤
- کرۆسێل،پیترا (٢٠٠٠) ئێمە پێشتر خاکی کوردانمان دزیوە (نامەیەک بۆ شێرکۆ بێکەس) سلێمانی:گۆڤاری سەردەم ،ژوماره ٨

YONES REZAEY
یوونوس رەزایی

وتەزاێگ لەسەر ڕەسمیەت و لاوەکی بون زوان

شێردڵ ئێلّ پوور

له ئیَ وتاره ک جووریَگ وەتوویَژ نقسەره گەرد خوەیا؛ ەقردەو بقن و سەرنجیَگه له سەر چەن پرسیار لەوای: رەسمیەت چەس و وە چ مدووێ ئەژم گریَد؟ زوان لاوەکی چەس؟ ئایا زوان دالگی هەر ئەو زوان لاوەکیەسه یا زوان فەرمییش توانێ لاوەکی بوود؟ ئڕا وەختی ێقشن زوان دالگی، کەمینه(ئەقەلیەت) و پەراوێزەگان فرەتر تیەنه خیاڵ ئنسان و ئەوانن ک فرەتر پەره دەنه پێ و جەژن و سقر ئڕای گرن؟ نه ئەوانه ک زوان دالگی فەرمی دیَرن.

ئایا زوان فەرمی و لاوەکی هانه وەرایوەر یەک، یا زوان دالگی لامژ زوان رەسمیه؟ «مەحەلی» بقن زوان یانێ چە؟ وە دەس ئاخریش پەیوەندی زوان رەسمی و دالگی گەرد دەسەڵات و چوارچووەیل کوومەڵایەتی و سیاسی و ئابووریا چەس؟ و ئلاوبیم (ئراده و خاست) دەرەقەتدارەیل له سەر زوان چەس؟

له یەکم نووڕین لەیوا وە نەزەر تێ ک رەسمیەت؛ یەی چوارچوو بوود ک له لایەن یەی کەس یا دەسه و گەلیَگ یان یەی دەسەڵاتیَگ؛ وە ئەژم یەی داتەک دراید. چ ئەو داتەکه نقسیای بوو؛ چ نەنقسیای. چ خاس بوو؛ چ خراو؛ ئیَ داتەکه، جووری پاوەنی (ئلزام) گەرد خوەیا دیَرێ. پاوەنی یەکیَگ له واورێزەیل سەرەکی رەسمیەته، چ وە ئەژم تەکایەتی و چ وە ئەژم کوماری بایەس سەقام بگرێ.

گوای رەسمیەت وە گشتێ پاوەنیەگانییەو هیچ قەتعیەتیَگ نەیرێ، یانێ له ناو زەمان و مەکانەیل جوورایجوور نیەتوانی وە یەی ماژه (شکل)ی پایا (ثابت) لێ بەر بگری، وە وتەی تر رەسمیەت درسه ئلزام دیَرێ، ئەمان پاوەنیەگانێ نیەتوانێ قەتعیەت بێزەمان و بێمەکان بیَیاشتوود. ئڕا ویَنه زوان فارسی؛ هاوچەرخ و هاوزەمان له دو نیشتمان ئیَران و ئەفغانستان زوان فەرمیه، گوای هاوزەمان له یەی جی تر وەکوو فەرانسه نه فەرمیه؛ نه ئلزامێ ئڕا رەسمیەتێ هەس.

بەس ئیَ نەبقن قەتعیەته ئڕا یەی کەس لەوای یەی ئنسان ک جیولوور قەتعیگ نەیریَد؛ بەرحەق بقن زوان فەرمی خەیده وەردەڵەک و جووری ئازادی و دەرچیَن له ژیَر هیَڵ پاوەنیەگان زوان فەرمی له ناخ ئنسان لەوای یەی سووژەی سەروەخوه ئاراسه کەید. له حاڵێ ک ئیَ پاوەنی زەمانی و مەکانیه ئڕا زوان دالگی وە ئیَ لەونه نییه. پاوەنی وە زوان دالگی تەنیا یەی ئلزام ئەخلاقی و ئاتفییه.

پاوەنیگ ک زەمان و مەکان نیەناسیَد و یەکیَگ له جییەیل وە یەکا تەقیان زوان فەرمی و زوان دالگی هەر ئیَ خاڵەسه، ئەویش هەنای زوان فەرمی و دالگی یەی کەس یا یەی گەل یەکیَگ بوود.
ئەمان زوان دالگی چەس؟ له بارەی زوان دالگی یەکم ئیه ک یەی داتەک یا چوارچوو نییه ک کەس یا گەلێ ئلزام وە ئەنجامێ بیَیاشتوود. هەنای یەی زوان دالگی فەرمیەو بوود، وارد یەی ئیدئولوژی یا ئامیتەی یەی دەسەڵات بوود و ئەو زوانه دی چووده ناو کارزار تازەی ک ئنسانەیل ئەو زوانیشه گەرد خوەیا هاوشووناسەو کەید؛ نه لەوا ک فامێ بکەن، بەشکم فره بێکرچه.

یەکیَگ تریش ئیه ک زوان دالگی یەی هەڵومەرجه ک کەس یا گەل، هەرچەن وە شیَوەی ئجبار له ناوێ قەرار گریَد؛ ئەمان ئەدەب ژیان یا هەر خود ژیان فیَر بوود و تا سەردەم مردن؛ وە ئەو باجه (دریچه) وە ک وشەگان ئەو زوانه لەوای یەی سیستم له ناو میَژگێ جیگر کردنه، گەرد جهان و مەردمانێ و گیانەوەریلیَیا و هەر لەیوا گەرد خوەیا هەڵسنیش کەید.

زوان داڵگی هەم توانێ زوان فەرمی، هەم جهانی، هەم قەومی بوود یا هیچ کام لە ئیانەیشە نەود و تەنیا یەی زوان دەرقنی و سەرەوشاریای بوود ئڕا جهان‌نووڕی و ژیان تەکایەتی. بەس زوان داڵگی زەمان و مەکان نیەناسێد و جی‌ولور ئەو زوانیشە هیچ کارگەرییگ لە سەر زوان گفتمانی ئنسان نەیرێ. پیەنای زوان داڵگی لە بێ‌پەرتخ تا بێ‌پەرتخە و قەتعیەت وە لایەو بێ مانـاس، بەوجی ک کووڵ جمیان زوان داڵگی ئلزام لەخت (ئەخلاق) و هەست و دڵگاوەس و ئێ دو پاوەنیە لە چوارچوو جیەو نیەگرن.

ئمجا یەکێگ لە مەترسیەیل زوان داڵگی ئیەسە ک زوان فەرمی هەمیشە ها لە موکوڵێ و رووژ وە رووژ ها لە فتراق بقچگەو کردنێ؛ تەنانەت ئەگەر زوان فەرمی خوەی یەی زوان داڵگیش بوود، هەر ئێ وەسەرهاتە لێ قومێد، بەوجی ک زوان فەرمی فرە جار ئیدئولوژیکە و لەوای یەی موتور یا ماشین کار کەید و لە نووڕگەی ئنساننـاسانە ئەگەر بنووڕیدە پێەو؛ توای ئاتفە و هەست خوەی وە زوور وە ئاخێوەرەیل (گویشوران) خوەی بسڵمنێ، گوای لە نووڕگەی زیایەخوازی و ئیدئولوژی ئێ کارە نە تەنیا خراو نییە، بەشکم بایەس هەر لەیوا بوود و ئڕا دەسەڵات؛ زوان تەنیا یەی ئەبزارە و لە ئانتوولوژی زوان و ئنسان خاوەن زوان و هەڵس‌نیش ئنسان و زوان هیچ نیەڕەسێدەو.

- **ئایا مەبەست لە زوان داڵگی، یەی زوان لاوەکیە؟**

ئڕا پاشخوان ئێ پرسیارە بایس بزانیم مەبەست لە فەرعیەت چەس؟ ئایا فەرعیەت بەشێگ لە رەسمیەتە یا لە وەرایوەر رەسمیەت قەرار گرێد؟ ئایا فەرعیەت یەی بار ئەرزشتی گەرد خوەیا دێرێ؟ لە راسا گشتێ ئێ مانایلە لە وشەی فەرعیەت شاریاسەو. فەرعیەت توانێ بەشێگ لە رەسمیەت بوو، وە ئیە یانێ نێیاشتن شووناس سەروەخوە، لە ئێ پێناسە مافێ ئڕا رەسمیەت ئەژم گرێد و مافێ ئڕا فەرعیەت. لەیوا رەسمیەت بوودە بان دەس و فەرعیەت بەشێ لە یەی سیستم فەرمیە و گشت جوور خزمەتگوزارییێگ بایس پێ برەسێد. ئیە ئلزام رەسمیەتە ک ئێ گرانییە پێش تیەرێ، ئەمان ئەگەر لە وەرایوەر رەسمیەت قەرار بگرێ دی شووناس سەروەخوە دێرێد و خوەی یەی جوور رەسمیەتە و دی داتەک و چوارچوەیل خوەی دێرێد و رەسمیەت نیەتوانێ پاوەنیەگان خوەی لە سەرێ زاڵ بکەی. ئەگەر زوان لاوەکی بار ئەرزشتی گەرد خوەیا دێرێ، بنەڕەتێ رەسێدە ئەو شووناسێیە. ئەگەر بار ئەرزشتی مەنفی دێرێ یانێ شووناس سەروەخوە نەیرێد و تەنیا بەشێگ لە یەی کەڵێن ئەرزشتە و بێ بیین(وجود) ئەو ژیانێ کەفێدە خەتەر. ئەگەریش موسبەتە، بەس شووناس سەروەخوە دێرێد و بایەس لە ئێ ئەرزشتێیە پاسەوانێ بکەید، بەس چارەن‌قسێ گەرد ئەو رەسمیەتا یەکێگ نییە.
ئمجا بچیمە سەر پرسیارەگە، بڕێگ لە مەردم لە نووڕگەی ناشیانەوە نووڕنە زوان و بڕێگیش لە ئەنقەس پژرنن یا توان ئێ نووڕگە بەنە ئیمە ک زوان داڵگی یانێ زوان قەومیەتەیل و مەردمان پەراوێز و تەنانەت کەمێگیش دۋاکەفتێ، زوانێ ک زوان نییە و ئەرزشت فرەی نەیرێ، گوای چون لاوەکیی زوان رەسمیە و ئڕا دەرەقەت زوان رەسمی خاسە، قەی نیەکەی وە ژیانێ دریژە بدەی. لە جییگ ک زوان داڵگی، نە ها لە وەرایوەر زوان فەرمی نە ها لە ژێرسای؛ بەشکم فرە جار لوایلوو رەسمیەتە و بڕێگ جاریش بانتر لە رەسمیەت و مەرز و قەراردەیلە. مەبەست لە زوان؛ پاوەنی و چوارچوو نییە، مەبەست ژیان و رەوش و سرووشت یەی ئنسانە.

زوانـێ ک داڵـگ و بـاوگ و گشـتێ بنەماڵـە و یـەی کوومەڵگـە، ژیـان و مەرگییـان، هەڵس‌ونیشـتیان، کار و کرداریێیان پێ بەنە نوا و ئنسانەگانێیان پێ ئامختە کەن، هـەم توانێ زوان رەسمی بوود هـەم لاوەکی هـەم جهانی هـەم قەومـی یا لوایلوو گشـتێ ئێ زوانەیلە، رێ و رەسـم و چارەن‌ڤس خوەی بێیاشـتوو. بەشکم ئەوانـە ک پژرنـن زوان داڵگی، زوان پەراوێز و نارەسـمیە، رسـتە و گوزارشـت تـر لـە نـاو سـەرێیان ئـەژم گرتێیـە. ئمجـا بێ‌کوومیـش بەنـەی کار و زوان فـرە بێ‌قـورپ و لاوازەو کـەن، ئـەوە گـوزارەی «مەحەلـی بڤنـە». ک وە گومانم بایـەس هـەر لـە ئێرە هەڵەوگەردیمنـە ئـەو پرسیارە ک: مەحەلی بڤن زوان یانێ چـە؟

لـە بـارەی ئێ رەسـتە بایس بڤشـم ک «مەحـەل» یـەی وشـەی عەرەبییـە و وە مانـای مـەکان و جی‌ولـوور و «ی» مەحەلی یای نسبیە و لەیوا یەی گوزارەی فرە ئڵاجەڤ ئرا پێناسـەی یـەی زوان ئـەژم گرێد. یەکم ئیە ک ئـەو مەحەڵـە کوورەس؟ ک زوانەگـەی بـوودە مەحەلی، وە ئەگـەر مەبەسـت مەحـەل ئڵای(ویژە)گ نییـە، بـەس ئرا گشـتێ زوانەیل توانیـم بگریمنـەی کار و هیـچ زوانـێ نییـە ک مەحەلێ نێیاشـتوود. دوێم ئیە ک ئێ گوزارە هاوزەمـان ئرا چشـتەیل‌تریش وەک: مـاس و هیلکـە و مەلەوەرەیلیش بەنـەی کار، هیلکـەی مەحەلـی، مـاس مەحەلـی و ... لـە ئیرە هـەر چـەن مەحەلـی لـە نـوای شـاری و سـەنعەتی قـەرار گرێد؛ گـوای لـە بـارەی زوان نیەتوانێ ئێ نەخش و وەزیفـە بگرێدەو خوەی.

بـەس ئزمـەت و ئفرەت ئنسـان و شـان و شـەوکەت بـاوگ و داڵـگ و بنەماڵـە چـە پێ تـێ؟ ئایـا توانیـم وە ئنسـانەگانیش بڤشـیم «ئنسـان مەحەلـی» ، بـەوجـی ک ئـێ کەسـانەیلە هـان لـە پەراوێز یـا قەومیەتـێ بێجگـە لـە یـەی فەرهەنـگ رەسـمین؟ یـا ئیـە تەنیـا بوونایگـە ئرا هەزوبەخـت (ئجـازە) بێ‌هرمەتـی و حەقکوشـی و چەوسـاوە.

ئمجـا چ چشـتێ ئـێ بێڤورپیـە لـە مێـژگ یـەی ئنسـانێ ئـرا هەڵشـکانن دیـوار شـانازی و خوەی‌ڕەوزی یـەی ئنسـان‌تر ئاراسـە کەید؟ ئەگـەر بچیمـەو بن‌درسـێ، دوجـارە سـەرچەوەی هـا لـە لای رەسـمیەت و ئێ‌جـارە واورێـز بەرحـەق بڤنـێ. بەرحـەق بڤن واورێزێگـە ک وە خاوەنـێ ئـێ هەزوبەختـە دەی تـا ئەسـپەگەی وەرەو هـەر جییـگ ک بتوای؛ بخارنێد و لـە ئێرە خەتـەر یـەی جوور سڵمانن پێش تێ. ریشـە و رچڵـەک بێ‌هرمەتـی و هەڵشـکانن یـەی ژیـان، یـەی فەرهەنـگ، یـەی ئیدە، یـەی جهان‌نووڕی و ... گشـتێ هـا لـە ژێرسـای ئـی چەفت‌نووڕیـە ک یـەی ئنسـان یـا یـەی گـەل یـا وڵاتـێ وە خەڵـک و وڵاتێـگ تـر دێرێ.

ئەمـان بچیمـەو سـەر پەیوەنـدی دەرەقـەت و چوارچووەیـل کوومەڵایەتـی و سیاسـی گـەرد زوانـا ک خـاڵ سـەرەکی بـاس ئـێ وتارەسـە. دەسـەڵات یـا دەرەقـەت ک «نیچـە» مایـەی جمیـان یـا هـەر سـەرکەفتنێگ زانێـدەی، وە ئـەژم ئاسـایی جوورێـگ هـاز و ئنرژیـە ک لـە زات هـەر ئنسـان و گیانـەوەرێ هـەس.

دەرقەت یەی مەیلە و وە تەنیایی هیچ خەتەرێ نەیرێ، مەگەر هەلومەرج ئلاییێگ یا قەوڵی وەتەنی: ئاو و هەوای دڵخواز ئڕای بکەفێدە کەرەم و دەس بکەیدە ئەوزێنە و جوورێگ بدرەوشێد ک دی بەجەر کردنێ فرە سەختەو بوود. دەرەقەت درسە قەریزەس، ئەمان فرە جار لەوای یەی ئەقڵ کار کەید یا لە ئەقڵیش وێیار کەید و گاجاریش لە شێتی فەرمان بەید.

دەسەڵات لقەیل فرەی دێرێد و توانێ فرە چشتەیل بگرێدە وەر، ئەمان لە ئێ وتارە مەبەست لە دەرەقەت؛ دەسەڵات سیاسی و کوومەڵایەتیە ک چقن هەزوبەخت پێیا کەید تا گشت چشتێ ئڕا ئیمە وە دڵخواز خوەی پێناسە بکەی و هیچ کەس شک نەکەی ک ئێ پێناسەیلە هاتێ گیچەڵ بێیاشتوون.
لە ئێرە هەڵەو گەردیمنە سەر وشەی رەسمیەت؛ رەسمیەت، پەیوەندی قورسێ گەرد دەرەقەتا دێرێ یا بەشێ لە زوور و دەسگای خوشار یەی سیستمە.

هەر دەسەڵاتێ نیاز دێرێ، یەی زوان فەرمی؛ یەی دین و یەی قانوون فەرمی بێیاشتوود و پێ خوەشە گشتێ مەردم لە نوایان سەر بچەمنن. دیارە ک زوان و داتەک و چشتەیل تریش لەیرە ئەبزارن ئڕا دەرەقەت ک توای چشتەیل تر جی وە جی بکەی و یانە بوونە ئەبزارەیل سڵمانن یەی دەسەڵات. لە راسا زوان، قورگێ ئڕا جارکیشان و شانتاژ و هەڵەبافی(زیادەگویی) یەی سیستمە و بێجگە یەی زوان فەرمی، ئەودقای زوان و زاراوەگان ئڕای لاوەکی و لامژ و لایەس و بڕێگ جاریش مخول.

فرە جار ئێ لاوەکی بقنە لە ئەنقەسە و لە رق ئاگاهی و بڕێگ جارێش لە نائاگای، گوای وە هەر حاڵ یەی دەسەڵات وەختێ هەڵکەفێ؛ وەک ەقهایگە ک چنگ نەیدە بان گشت چشتێ، وە هەر جقلەکەرێ لە نوای سەر راسەو بکەی، ها لە مسەوسگ یەگ هفێ بکەید یا سلێیا بدەید یا سلەوەجای بکەی.

ئمجا هەر دەسەڵاتێ ک ئەژم گرێ، یەی معادڵە خوەی نیشان دەی. معادڵەی باندەس و بندەس زاقەو بوود، باندەس گەرد واورێزەیل باندەسی خوەیا توای ئقتساد خوەی گەورا و دەرەقەتدارەو بکەی؛ چ ئقتساد زوانی، چ ئقتساد سیاسی، چ ئقتساد ماڵی و... بندەسیش درسە هیچ دەرەقەتێ نەیرێ، گوای ها لە ئەو لای ئێ معادڵە و لە وەرایوەر باندەس قەرار گرێد و یا بایەس هەزم بوود و بگوورِێ یا تەنیا رێ هەر واوەسە و بەرخوەدانە.

ئقتساد دەسەڵات کەم کەم ئەمارەیل و ژێرخانەیل ئقتسادەیلتر چووڵ کەی و کەیدانە لاوەکی و ژێردەس و لامژ ئقتساد خوەی و ئقتساد ئەوانە تقشیار گیچەڵ کەید، جوورێ ک دی هیچکەس ئەمشێر(حازر، کاندید) نییە لە سەر کاڵاگانێیان ک بێقورپەو بقە سەرمایەگوزاری بکەی. دەسەڵات گەرد رەسمیەت دان وە پەڕەیل جوورایجوور، توای هەرچێ چشتە سادەوە بکەید.

هەر ئەو جوورە ک رێ و جادە هامار کەید؛ لە زوانیش یەی رێ دیارییێگ درس کەید و کارێ وە نوورگەی ئنسانناسانە لە سەر زوان نەیرێ. یەی زوان رەسمی و یەی سیاسەت و یەی ئقتساد و یەی پەروەردە(ئامووزش و پەروەرش) و ... و پیەک کارێ یەیدەسەو کردنە و هەر ەقرشەی ک بێجگە یەیدەسی فکر بکەید، خەیدە وەر دەڵەک و پووز نەیدە پێیەو تا لە کار بخەیدەی.

تـوای جوورێـگ نیشـان بدەیـد ک ئـەو گیچەڵـە یـەی رێوبـان لاوەکیـە و لاوەکـی بـڤنیش چشـت بێئەرزشـتێگە. بـاس ئسـتعمار و چەوسـاوەیش هـەر ریشـە و رچڵەکێ هـا لـە ئێ نوورگـەی سیاسـی و ئابووری دەسـەڵاتە. دەسـەڵاتە ک دیـاردەگان نەیـدە وەرایـوەر یـەک و لێیـان بەهـرە بەیـد، لـەوای لاوەکـی بـڤن و فەرمـی بـڤن، زوان داڵگی و زوان فەرمـی، پەراوێز و ناوەند، بـاندەس و بـندەس و ...

دەس دڤائاخـر، وە ئێ ئەقرەوی بێوێرمـە رەسـیمن ک گیژەنـگ جهـان، چ لـە ویـەردە و چ ئێسـە هیـچ دەمێ لـە بـان گیژەنگەی ئنسـانی نەچەرخیـە و گشـت چشـتێ هەمیشـە سیاسـی و ئەبزار وێنـە و مەنفەعەتخوازانـە و مەسڵەحەتخوازانە، بەجـەر کریایـە؛ نـە ئنسانناسـانە و لـە رڤ ئەقڵ و مەنتق و راسـی و درسـی و هەڵوژانن.

SHIRDL EILPOR
شیردل ئیل پوور



هەڵاڵە و ئارە زویەکی ترساو خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە نووسراوەی "عەتا نەهایی"

لەیلا ساڵحی

ئەلف: ژن و رۆمان

ژانری ئەدەبی رۆمان یەکێکە لە بەهێزترین ژانرە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن کۆمەڵگاوە، کە دەکرێ گرینگترین بەرباسە کۆمەڵایەتییەکان و هەر وەها کێشەی ژنیش تێی دا رەنگ بداتەوە. دەشکرێت لە دەلاقەی رۆمانەوە بە باشی سەیری دۆخی جێگە و پێگەی ژن بکرێ و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. بەڵام ئاخۆ لێکدانەوەی ئەو باسە چ بایخێکی دەتوانی هەبێت؟

دیارە هەر شوێنەوارێکی رەسەنی هونەری داکۆکی لە جۆرێک ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهان دا دەکا و وێڕای ئەوەش لەسەر زەینییەتی کۆمەڵگا شوێن دادەنێ. بە وتەی «فێرکلۆ» ئەو شوێن دانانە ئیدئۆلووژیک و کۆمەڵایەتییەی کە تێکستەکان لەسەر گۆڕانی شوناسەکان هەیانە چاوپۆشییان لێدەکرێت. بابەتی دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو دەقانە باشترین شایەتحاڵن بۆ رادەربڕین لەمەڕ پێکهاتە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بابەتی سێهەم ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئەو دەقانە دەتوانێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بە پێی مێژوو بۆ بەردەنگ بنوێنێ. بە وتەی»فێرکلۆ» کۆنترۆڵی دەستەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان و رووبەڕوو بوونەوە دژی ئەوان، ئەوڕۆکە زیاتر لە هەموو شتێک لە دەقەکان چاوەڕوان دەکرێ، کەوابوو دەکرێ بڵێین بە لێکدانەوەی دەقی رۆمانی « گرەوەی بەختی هەڵاڵە« لە نێوان دێڕەکانی ئەو رۆمانەوە، شوێن پێی هەڵدانی کۆمەڵایەتی ژنان هەڵگرین و پێکهاتەی هێزەکانی دژە ژن بناسین و چاوەڕوان بین وەک دەقێکی ئەدەبی یان وەک هونەری کەلام کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بکات. هەرچەندە لێرە دا نامهەوێ حەولی ئەوە بدەم کە باس لە ریسالەتی هونەر یان ئەدەبیات وەک لقێک لە هونەر بکەم، بەڵام پێویستە بڵێم یەکێک لەو یەکەم لێکدانەوانەی لەمەڕ هونەرەوە خراوتە بەر دەست ئەوە بووە کە هونەرمەندان ویستوویانە نیزامێک لە نیشانەکان و لە ئاکام دا زمانێکی تایبەت بئافرێنن.

زمان کەرەسەی پێوەندییە و ئەو شتەیە کە بوار بە رووحە ئاوماڵەکان دەدا تاکوو سنوورەکانی تەنیایی خۆیان تێک بشکێنن و لەگەڵ یەکتری پێوەندی بگرن، لەیەکتری تێبگەن و نێوانیان هەبێ و وێکڕا هەڵبکەن (١). کەوابوو زمان هۆکاری یەکگرتووییە. ئەگەر هونەر بتوانێ زمان بێت، دەتوانێ ئامرازی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیش بێت و وێڕای ئەوەش چونکە لێرەدا ئێمە لەگەڵ نیزامێک لە سێمبولە عاتفییەکان رووبەڕووین، یەکگرتوویییەک کە بەو جۆرە پێک دێت لەوەی وا بە هۆکاری وشەکان واتە کەلام پێک دێت، پتەوتر و نزیک ترە. ئەو یەکگرتنە عاتفییە لە پێوەندی هەمبەری خەڵکی لێکدابڕاو تێدەپەڕێ و دزە دەکاتە ویژدانەکانەوە و بە بێ ئەوەی بزانن لێکیان نزیک دەکاتەوە. هونەر نە تەنیا یەکگرتوویییەکی قووڵتر و چڕتر لە زمان بەدی دێنێ، بەڵکوو چون زمانێکی جیهانییە، ئەو یەکگرتوویییە یەکجار بەرینتر و شیاوترە. بۆ وێنە لە وڵاتی «لەهێستان»دا، ئەوە ئەدەبیات و وێنە کێشان بوو کە بوو بە هۆی یەکگرتوویی نیشتمان پەروەرەکان و رووحی نەتەوەیی خەڵکی لە هەمبەر توانەوە لە کولتووری داگیرکەران دا زیندوو راگرت. هەروەها هەستی جوانی ناسی بە تایبەت ئاهۆیەکی بەلەزی کۆمەڵایەتییە و خۆشییەکی هاوبەش بۆ هەموو بەردەنگان بەدی دێنێت (٢)

بەو پێیە، ئەدەبیاتیش وەک هونەری کەلام بمانهەوێ و نەمانهەوێ کۆمەڵگا لێک نزیک دەکاتەوە و نووسەر بیهەوێ و نەیهەوێ، یان روانگەی بە نیسبەت ریسالەتی هونەر هەر شتێک بێت، ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە کۆمەڵگا دابڕاوە و هەرچی هەیە هەر زەینی ئەو و جووڵەی قەڵەمە و بە هیوای هیچ نییە.

گرەوەی بەختی هەڵاڵەش یەکێک لەو نیزامە زمانیانەیە کە هونەر خوڵقاندوویە و تێیدا کێشەی ژنی کورد کە هەوڵ دەدا بۆ گەشەکردن، ورووژاوە.
نووسین لەمەڕ ژنەوە بە بێ روانگەیەکی پێکهاتەیی و روانین بە بواری مێژوویی چارەنووسی نەتەوەیەک، دەستەبەر ناکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئیمڕۆ گوتاری ژن، گوتارێکی جیهانییە و لە وڵاتی ئێمەش بە تایبەت پاش شۆڕشی پەنجا و حەوت ، گوتاری ژنان گەشەی کرد و بوو بە یەکێک لە زۆردارترین سەردێڕەکان بۆ لێکۆڵینەوە. کوتن و نووسین لەمەڕ ژنەوە ئەوڕۆ ئیتر کارێکی ژنانە نییە، بەڵکوو کارێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت پێوەندی دارە بە لایەنە پۆزیتیڤەکانی نەتەوەیەکەوە.

لە دوو دەیەی پێشوودا رێژەی نووسینی ئەو رۆمانانەی کە لە وێ دا ژنان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و بە واتایەکی دیکە قارەمانی چیرۆکەکەن بەردەوام لە زۆربوون دایە و ئەو دۆخە کوردوستانیشی گرتۆتەوە.
دیارە ئەو پرۆسەی نووسین لە سەر ژن و بەرباسەکانی پێوەندیدار بەوەوە تەنیا بە پێی بە ئاهۆبوونی مودێلێکی ئەدەبی یان هونەری نییە و ناکرێ پێویستیە کۆمەڵایەتییەکان لێرەدا لەبەرچاو نەگیرێ. هەروەک پێشتر گوتمان تەنانەت نووسەری رۆمانە فانتێزییەکانیش هەرگیز ناتوانن لە کۆمەڵگا داببڕێن و هەمیشە یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی نووسەر بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری، ئەو کۆمەڵگایەیە وا نووسەر تێیدا دەژیت.

ژن لە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردی بەر لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا

هەر وەک پێشتر گوترا، نووسین لەسەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی ژن بە بێ ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی کۆمەڵگای ئەو ژنەی وا بڕیارە باسی بکەین دەستەبەر ناکرێت. کاتێک دەگەڕێینەوە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بەر لە هەموو دەقەکان تیشک دەخەینە سەر کەسایەتی ژن لە تراژێدی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە شایەتە ئەدەبییەکان بەناوبانگ و ناسراون ئیتر پێویست نییە لێرەدا کورتەی گێڕانەوەکان بخەینە بەردەست. لە راستی دا ئەو چیرۆکە تراژێدییایەکی ئەویندارانەیە کە ژن لەوێدا جگە لە گێڕانی رۆڵێکی عاتیفی و ئەویندارانە، بە تەواوی بێ دەستەڵاتە و ناتوانی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێ و بە هۆی ئەو بێ دەستەڵاتییەوە، پیلانگێڕی دەوروبەری، وێڕای عاشقەکەی رووبەڕووی مەرگی دەکەنەوە و تەنانەت زۆر بە سانایی مافی ژیانی لێ زەوت دەکەن.
لەو ریواتە دا ژن تەنیا لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی هاوبەش بە دڵی خۆی رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و کۆمەڵگاکەی کە لە قالبی بەکرەشۆڤاردا خۆیا دەبێ، بواری ئەوەی پێنادا، ئەو ئامانجە سەرەکییەی کە لەو تراژێدیایە دا بۆ ژن دیاری کراوە تەنیا لە ئاستی گەیشتن بە دڵدار و پێکهێنانی بەختەوەری بنەماڵەیی دایە، بەڵام وەک گوتمان کۆمەڵگای»زین» ئەوەندە گەشەی نەکردووە کە تەنانەت ئەو مافە ساکارەی پێ رەوا ببینێ و لە ئاکام دا تێکی دەشکێنێ. (٣)

لە رۆمانی» ژانی گەل»ی برایم ئەحمەد دا، کاراکتەرە ژنەکانی رۆمانەکە تەنیا کارکردی ژنانەی یەکجار لاوازیان هەیە، بە شێوەیەک کە زۆر جاران خودی کاراکتەرە ژنەکان مافەکان لە نزیکترین کەسانی مێیینەی خۆیان قەدەغە دەکەن و جگە لەوەش خودی ژنەکان تەنانەت خۆیان بە شیاوی مافی هەبوون نازانن. بۆ وێنە کاتێک کاڵێ لەگەڵ جوامێری هاوسەری قسە دەکات، ئارەزوو دەکات منداڵەکەی کوڕ بێت و بە وتەی خۆی پێی حەیفە پاشی ئەو هەموو ئازار چەشتنە کچی بێت. ئەوەش لە کاتێک دایە پێشتر کە جوامێر خوازبێنی لە کاڵێ دەکات، کاڵێ هیچ ئیزن بە خۆی نادا وڵامی بداتەوە و پێی دەڵێ ئەوە دایکێتی کە دەبێ بڕیار بدات.(٤)

ئەو کۆمەڵگایەی لە رۆمای ژانی گەل دا هێڵکاری کراوە، کۆمەڵگایەکە کە ناهێڵێ ژنان لەمەڕ چارەنووسی خۆیانەوە بڕیار بدەن و ئەوانیش لە خۆیان رانابینن کە بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خۆیان دا هیچ هەوڵێک بدەن و بە وتەی پیرۆزی دایکی کاڵێ:»خودا یار و یاوەری بێ پەناکانە و تەنیا ئەوە کە چارەنووسەکان رێک دەخا.» ئیتر ژن بە تەواوی لە بەندی جەبری ژیان دایە، لە کاتێک دا هەر لەو رۆمانە دا کاراکتەرێکی نێرینە هەیە کە ئەو باوەڕە رەت دەکاتەوە و خودی مرۆڤ بە سەرچاوەی هەڵکشان و گەشە کردن دەزانێت. واتە کۆمەڵگا پیاوی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە خۆی خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی، بەڵام ژن یەستا هەر پێی وایە نابێ بۆخۆی هیچ بکات. لەولاشەوە لە نێوان گەرماوگەرمی کێشە و ئاڵۆزییەکان ژنان بە هۆی کێشە جەستەییەکانیانەوە دەبێ تیدا بچن و ئیتر یەکجار بێ دەستەڵات و بەستەزمان دێنە بەرچاو.

لە رۆمانی پێشمەرگەی دکتۆر رەحیمی سەیفی قازی دا کە لە دەمەدەمی سەرهەڵدانی کێشە سیاسییەکانی کوردستان و لە زەمانی پەهلەوی دووهەم دا نووسراوە، کاراکتەری ژن لە قالبی «مرۆت» و پیرێژنە فێڵبازەکەی جیرانی دا خۆیا دەبێ کە کۆمەڵگا تەنانەت مافی پاک مانەوە لە مرۆت دەستێنێ و لە باری جنسییەوە دەست درێژی دەکرێتە سەر و ئەوەش هەموو بە هۆی بەدزاتی پیرێژنەکە و دەستەڵاتی زاڵمانەی «میناغا»ی ئاواییەوەیە و لە ئاکام دا مرۆت وێڕای ئەوەی کە هیچ رۆڵێکی نەبووە لەو کارەساتە دا و بێ ئەوەی بیهەوێ تووشی بووە، دەبێ خۆی بکووژێ، بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی لە ریوایەتەکە دا بکڕێتەوە.! (٥)
کاتێک دەڕوانینە رۆمانی «ئێوارەی پەروانە«ی بەختیار عەلی، هەر چەندە دەکرێ بڵێین ژنانی ئەو رۆمانە بە بەراورد لەگەڵ گێڕانەوەکانی پێشوو هەندێک لەباری کۆمەڵایەتی و ناسینی مافی خۆیانەوە، گەشەیان کردووە، تەنانەت ئەوان ئەو دۆخەی ژیانی خۆیان پێ قەبووڵ ناکرێ و پرۆتیستۆی دەکەن و هەوڵ دەدەن لە سازکردنی یۆتۆپیای تازەدا کە شارێکە بۆ ئەویندارەکان، بەشدار بن و تەنانەت بە بەهای گیانیشیان ئەو شتە دەکەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا بەربەستیانە، راستەوخۆ کولتووری کۆمەڵگا نییە بەڵکوو بە گوتەی «نیچە« ئەوە «دین یاران»ن کە دەبنە بەربەستی ئارەزووی کچان و کوورانی یاخی و عاشق «مەلا کەوسەر» وەک سێمبولی ئایینێک کە هەرگیز بوار بە بارهێنانی ئەوین و خۆشەویستی نێوان دوو رەگەزی نێر و مێ نادا، دەرهێنەری سەرەکی شانۆی پیلانەکە بە دژی ئەویندارانە ژیانە. کەچی دیسانیش ئەوە کچانن کە وێڕای عاشقەکانیان هیوابڕاوانە رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە و دیسان کاراکتەرە ژنەکان هەر دەمرن و نووسەر نەیتوانیوە بیان پارێزێ.(٦)

هەڵبەت پێویستە بگوترێ کە لە کتێبی» لە رۆمانەوە تا نەتەوە«ی بەڕێز هاشمی ئەحمەزادە دا، بە وردی و هاوتەریب لە گەڵ رۆمانە کوردییەکان، هەندێ لە رۆمانە شازەکانی فارسیش لە باری ناوەرۆکەوە و هەروەها روانینیان بۆ کێشەی ژن هەڵسەنگێندراون کە لێرەدا پێویست بە دووپات کردنەوەیان ناکا. بەڵام لەو دەقانەش دا هەر وەک ئەوانی پێشوو،

ژن لـە ئاسـتێکی کۆمەڵایەتـی یەکجـار نـزم دا پـەروەردە کـراوە کـە زۆر جـار هەڵـس و کەوتـی مایـەی نەنـگ و شـوورەیی یـە و ناتوانـێ بـەدەر لـە چوارچێـوەی خواسـتەکانی بنەماڵـە ئارەزوویەکـی دیکـەی هەبێـت و ئەگەریـش رووبـەڕووی مـەرگ نەبێتـەوە، ئـەوە ژیانێکـی جێـی بەزەیـی و لێقەوماوانـەی هەیـە.(٧)

ج: ژن لـە بەشێک لـە دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردی دا

کاتیـک بمانهـەوێ وە دوای گێڕانەوەیـەک بـەر لـە دەقەکـەی مـەم و زیـن بکەویـن، ئـەوە جگـە لـە فۆلکلـۆر واتـە بەیـت و چیـرۆک و چیرۆکـی منـداڵان چـی ترمـان لـە دەسـت دا نییـە هەتـا بـۆ پشـکنینی جێگـە و پێگـەی ژن لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکەیـن. بـەڵام هـەر ئـەو دەقانـەش دەتوانـن لەمـەڕ دۆخـی ژنـەوە زۆر شـتمان بـۆ روون کەنـەوە:

کاتێـک چـاو لـە بەیتی»سـەیدەوان» دەکەیـن نـاوی هیـچ کاراکتەرێکـی ژن ناهێنـدرێ. لـەو بەیتـە دا جگـە لـە بووکـە بـێ نـاو و نیشـانەکەی «عەبدولعەزیـزی داسـنی» کـە تەنیـا لـە خزمـەت بـە ئـاکام گەیشـتنی تراژێدیاکـە دایـە و دەسـتەوەسـتانە و بـێ هیـچ دەنـگ و کردەوەیـەک پـاش ئەنجامـی ریوایەتەکـە، لـە سـەر سـێ کـوڕان بـە جلـی سـوورەوە دەچێتـەوە ماڵـی بابانـی و ئیتـر باسـی دەبڕێتـەوە. هـەر بـەو شـێوەیە کاتێـک چـاو لـە یەکێـک لـە جوانتریـن بەیتەکانـی کـوردی واتـە «خـەج و سـیامەند» دەکەیـن راسـت بـە وێنـەی تراژێـدی مـەم و زیـن، خـەج مافـی ئـەوەی نییـە لـە گـەڵ ئەویندارەکـەی دا ژیانـی هاوبـەش پێـک بێنـێ بـەڵام خـەج، خەجێکـی دەستەوەسـتان و نەبەگـە نییـە و هـەوڵ دەدا فەرمانـی کۆمەڵـگای دەسـتەڵات دار قەبـووڵ نـەکا و سـەری بـۆ دانەنوێنـێ و بـە کـردەوە، دژی خواسـتی ئـەوان دەبێتـەوە. کەچـی دیسـانیش کۆمەڵـگای شـاراوەی نێـو ریوایەتەکـە ئیزنـی ژیانـی پێنـادا و بـە تایبـەت پـاش کووژرانی»سیامەند» ئیتـر نابـێ بمێنـێ، چـون ژیانـی ئـەو بایخێکـی نییـە و تەنیـا ئابڕووچوونەکـەی پـێ مـاوە.(٨)

سـەرەڕای ئەوانـەش کاتیـک لـە فۆلکلـۆر دا چـاو لـە بەشـی ئەدەبـی منـداڵان دەکەیـن کـە لـەو وتـارە دا ناگونجێنـدرێ، بـۆ وێنـە هـەر لـە چیرۆکی»میرخوناوەکـە»دا کـە لـە «گـرەوەی بەختـی هەڵالـە» دا باسـی دەکـرێ، کاراکتـەری ژن هیـچ کردەیەکـی لـێ نابینـدرێ و تەنیـا وەک خـەڵات پێشکەشـی میرخوناوکـە دەکـرێ.

(٩) لـە باقـی چیرۆکەکانـی منداڵانیـش دا کـردەوەی ژن جگـە لـە ئاسـتی ئاشـقانە و بەختـەوەری بنەماڵەیـی ناتـرازێ کـە ئەویـش تەنیـا بـە شـازادەیەک یـان پاڵەوانێـک جـێ بـە جـێ دەبێـت و کچـە هیـچ بەشـێکی لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکانی خـۆی نییـە و جگـە لـەوەش ، مێیینەکانـی دیکـە یـان لـە قالبـی بوونـەوەرەی ناحـەز و جادووگـەر و پـڕ و پیرێـژن دا خۆیـا دەبـن یـان یەخسـیری تەلیسـمی دێـو و درنـج و جادووگەرانـن و چاوەڕوانـی شـۆڕەسـوار و عاشـقێکی دلێـرن.

ئیتـر دەکـرێ بگوتـرێ بـە تـەواو مانـا رەگـەزی مێیینـە لاواز و بـەرکار و بـێ دەسـتەڵاتە، تەنیـا کاتێـک دەتوانـێ بـژی کـە پیاوێـک کێشـەکەی بـۆ چارەسـەر بـکات و جگـە لـەوە هـەر کاتێـک بەرهەڵسـتی کۆمەڵـگا بێتـەوە ناپارێـزرێ و دەبێتـە قوربانـی.

د ژن لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا

ئێستا بزانین لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا قارەمانی ژن بە شوێن چییەوەیە و بە کوێ دەگات؟ ئایا نووسەری ئەو ڕۆمانە توانیوێتی ئەوەندە یارمەتی قارەمانەکەی بکات کە لە چاو ئەو قارەمانە ژنانەی باسمان کرد هەندێک پێشکەوتووتر بێت و ئارەزوویەکی دیکەی بەدەر لە بەختەوەری بنەماڵەیی هەبێت؟

بە رستەیەک لە ڕۆمانەکەوە دەچینە ناو بابەتەکەوە:

"باوکی کوتی: من کچم ناوێ، کچێک کە شەو و ڕۆژ لەبەر ئاوێنە خۆی برازێنێتەوە و لە ناو پەنجەرەدا چاوەڕوان بێت هەتیوێک بە کۆڵانەکە دا تێپەڕ بێت و چاوی لێ بقرتێنێت...من کوڕم دەوێ...هەڵاڵە دەیگوت خۆ من کچ نیم، من کوڕم."

قارەمانی ڕۆمانەکە لێرەدا بە پێی چاوەڕوانییەک کە باوکی وەک سیمبولی کۆمەڵگای پیاوسالار لەوی هەیە، تەنانەت حاشا لە ڕەگەزی خۆی دەکا و هەوڵ دەدا بە دڵی ڕوانگەی پیاوسالارانە بجووڵێت، وەک ئەوان بپۆشێ و کرداریشی لە گوێن کرداری ئەوان بێت. بەڵام هەڵاڵە گەورە دەبێ و خۆی دەبینێتەوە و باسکێکی یاریدەدەریش هەیە کە زیندووی دەکاتەوە. هەڵاڵە تا ساتێک کە لە گەڵ باسکی یاریدەدەری نێرینە و ئەوینداری خۆی واتە «برایمۆک» ڕووبەڕوو نەبێتەوە هەرگیز بڕوا بە کچێنی خۆی ناکا، بەڵام ئەوە برایمۆکە، کە وەبیری دێنێتەوە و بۆ سەرکەوتن ڕێی پێ دەنوێنێ. هەر ئەو جۆرەی کە بە گوتەی» ئێریگارای» ژن وەک سووژە، شوێن و پێگەیەکی چەوساوە و زوڵم لێکراوەی هەیە و تەنانەت بۆ دەستەبەر کردنی ناسین لە هەمبەر کەسایەتی خۆشییەوە دەبێ لە لایەن پیاوان و زمانی پیاوانەوە یاریدەی بدرێ.

ژنان لە دەلاقەی ئەدەبەوە زۆربەی جاران بەو دوو جۆرە دەردەکەون:

یەکیان: ئەو جۆرە ڕوخسارانەیە کە هەڵگری شکۆ و کاری گەورە و بە بایخ رادەپەڕێنن، کە هەڵبەت ئەو کارە گەورەیە بایی ژیانی ئەوانە و خۆیان بە هۆی گەیشتن بەو پلەیە دەبنە قوربانی.

جۆری دووهەم: خۆیابوونی ڕوخساری ئەو ژنانەی وا فیداکارانە وەک قوربانی درێژە بە ژیانیان دەدەن، کەچی زیندوون. هەڵبەت ئەو جۆرە ڕوخسارانە دەبێ یەکجار بە تابشت و داوێن پاک و چاکە کار بن، ئەوجار دەتوانن لە ڕۆمانەکە دا بە زیندوویی بمێننەوە.

ئەو ڕوخسارە ژنانانەی وا تەمەنێکی زیاتریان هەیە لە ڕۆمانەکان دا و بە بەراورد لە گەڵ ژنە غەدر لێکراوەکان زیاتر دەمێننەوە. تەنیا ئەو ژنانە وا بە هیوای بەختەوەری بنەماڵەیین و هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییان نییە هیوا و ئاواتیان لە ئاستی بنەماڵە ناترازێ. تەنانەت ئەو ژنانەش وا ناتوانن ئەو ئاقارە ئەزموون بکەن و بەڵام بواری ژیانیان لە ڕۆمانەکە دا هەیە زۆربەی جاران بە تەواوی چارەڕەش و بەدبەخت دیار دەکەون. ئایا ژنان تەنیا لە پانتای بەختەوەریی بنەماڵەیی دا بە ئارامش و شکۆ دەگەن؟

لە پاش سەدەی هەژدەهەمەوە ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی وا ژنان تێیان دا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە زۆر بوون دان. لەو نووسراوانە دا دوو خاڵ زۆر بەرچاوە، یەکیان ئەوەی کە ژنان سەرەڕای دەست کورتی کۆمەڵایەتی، لە ژیانی ڕاستەقینە دا، ڕۆڵێکی گرینگ لە ئەدەبیات دا دەگێڕن و لە لایەکی دیکەشەوە لە دونیای خەیاڵی دا بە هەڵکەوت تا کۆتایی دەقەکە زیندوو دەمێننەوە و زۆبەی جاران بە مردنێکی ناوادە و چاوەڕوان نەکراو تێدا دەچن. هەڵاڵە بەرهەمی کۆمەڵگایەکی هەژارە چ لە باری سیاسی و چ لە باری هێمنایەتی و ئاوەدانیشەوە. سەرەڕای ئەوانەش کەڵکەڵەی سەرەکی هەڵاڵە بەختەوەری بنەماڵەیی یان گەیشتن بە دڵدارەکەی نییە. ئەو ژنێکە کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو دا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لە ڕادیۆ کار دەکات و هیوای ئەوەیە درێژە بە خوێندن بدات.

جگە لە کوردی سوئێدی و ئیگلیسیش بە باشی دەزانێت و بۆ پێشکەوتن هەوڵ دەدا و زۆر جار «شێرزاد»ی مێردی بەوە سەرکۆنە دەکا کە ناتوانێ پێشکەوت قەبووڵ بکات و ناشتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. بە گوتەی ڕۆمانەکە ئەو توانیوێتی مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا بناسێت و ئامادە نییە ئازادی و پێشکەوتنی خۆی بگۆڕێتەوە بە بەختەوەرەی بنەماڵەیی.

سەرەڕای ئەوەش ئەو لەگەڵ کەسێک دا دەژی کە بنەماڵە بەسەریان دا سەپاندووە و ئەو تەنیا بۆ پاراستنی شەڕەفی باوکی و خواستی ئەو پێمل بووە شووی پێ بکات. شێرزادی مێردی، کەسێکە کە بە تەواوی بەرهەڵستی خواست و ئارەزووەکانی هەڵاڵە دەبێتەوە و هەرگیز ئەوەی پی قەبووڵ ناکرێت و بە وتەی هەڵاڵە:»ئەو دەترسێ لە من دوا بکەوێت.“

بەر لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ لە ئوروپپا دا، لە ئینجیل بەدەر هیچ کتێبێک شایستەی خوێندنەوە نەبوو. بەڵام پاشان خوێندنەوەی کتێب واتە فێربوون لە ڕێگەی دەورکردنەوەی کتێبەوە (کە ئارەزووی هەڵاڵە بوو) لە ئورووپاش دا لە سنووری مەزهەب دوور کەوتەوە و پاشان چێژ وەرگرتن لە فێربوون ئیزنی بە مرۆڤ دا هەست و خواستی خۆی بنوێنی. بەڵام خوێندن و خوێندنەوە تا ئەو کاتەش هەر بۆ ژنان کارێکی ناشیاو بوو و زیاتر وەک ئیشێکی پیاوانە دەهاتە ئەژمار. چونکە بە ڕای پیاوانی ئەو سەردەمە، ژنان بە خوێندنەوەی کتێب تووشی خەیاڵ پەروەری و خواست و ئارەزووی ناشیاو دەبوون و ئەرکی دایکایەتییان لە بیر دەچووەوە. سەرەڕای ئەوەش کتێب خوێندنەوە، زەینییەتی ژنانەی لە یاسا ناجۆرەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار ئاگادار کردەوە، کەوابوو لە ڕوانگەی پیاوانەوە ژنانی خوێندەوار، مەترسیدار بوون.

بەڵام ژنان لە سەدەی هەژدەهەم بەولاوە، بە خوێندنەوەی بەردەوام گەیشتنە ناسینی ناخی خۆیان و دوای ئەویش مافی خۆیان وردە وردە خەسارناسی ژیانی خۆیان لە کۆمەڵگا دا. خوێندنەوەی کتێب ئیدەی نوێی بەوان بەخشی

و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان، بواری وت و وێژی پێدان بۆ گۆڕانی جیهان و ئەوەش نیگەرانی و ترسی پیاوانی بە دواوە بوو.

پیاوان هەستیان بەوە دەکرد کە خەریکە هەڕەشە لە پێگەیان دەکرێت و هەوڵیان دەدا ژنانی خوێندەوار پەراوێز خەن. تەنانەت لە ئورووپا سێینەی (ژن-کتێب-هیستری) واتە نەخۆشی دەروونی ببوە دەنگۆ. هەروەها لە تابڵۆکانی ئەو سەردەمەش دا بۆ وێنە تابڵۆیەک لە «فرانس ئی بێل» لە ١٨٥٠، وێنەیەک خوڵقاوە کە داکۆکی لە سەرەڕۆیی ژنانی هۆگر بە خوێندنەوە دەکات. وێنەکە وێنەی کچێکی لاوە کە کتێبەکەی بەرەو رووی خۆی گرتووە، بەڵام شانێکی رووتە. جگە لەوەش زۆرن ئەو تابڵۆیانەی ئەو

سەردەمە کە تێیان دا خوێندنەوەی ژنان وێڕای رەنگ و بۆیەکی سێکس هاتووە. واتە خوێندنەوە دەبێتە هۆی بێ رەوشتی و بێ چاو و روویی ژنان.

ئەو نیگەرانییەی باسمان کرد لە گوتەکەی هەڵاڵە دا کە دەڵێ:» ئەو دەترسێ لە من دوا بکەوێت» بە تەواوی دەبیندرێ.

شێرزاد هەر لە چەشنی ئەو پیاوانە ناتوانێ قەبووڵ بکات هەڵاڵە زانکۆ بچێت و لە گەڵ دکتۆر سەعید باسی چیرۆک و ئەدەبیات بکات. ئەویش پێی وایە ئەوە راست دەبێتە هۆی بێ چاو و روویی و بێ ئەخلاقی هەڵاڵە و بۆی ناسەلمێندرێ کە ژنێکی ئاوەهای هەبێت. دەکرێ بڵێین ئەو پەتایەی زەینی پیاوانی سەدەی هەژدەهەمی ئورووپای داگرتبوو ئێستا کەوتۆتە گیانی شێرزادی نوێنەری کۆمەڵگای کوردەواری.

لە رۆمانی گرەوەی بەختی هەڵاڵە دا، جگە لە هەڵاڵە ژنانی دیکەش هەن کە هەرگیز وەک ئەو بیر ناکەنەوە و وەک ئەویش ناژین. ژنانی نەریتی کە واتای وەک رابردوو، خەیاڵ، خامۆش مان و بێدەنگ بوون، گریان، ئارەزووی هەبوونی خانوو یان سەرپەنایەک، کاری ماڵێ و منداڵ داری و شت چنین بۆ مێردەکانیان....هتد... تەنگی پێ هەڵچنیون.

"سەعادەت» یان «رەعنا» ، هەردووک ژنەکەی «حەمەرەشیدئاغا» راست بەو جۆرەن. هیچیان نایانهەوێ ماڵیان لێ بشێوێ و پێیان وایە دەبێ سەرپەنایەکیان بێ کە نیشانەی راوەستان و نەجووڵان و سەقامگیربوونە و تەنانەت رەعنا رازییە هەوێ ساری بکێشێ بۆ ئەوەی لە ماڵێک دا حەمەرەشیدئاغا بیپارێزێ. سەعادەتیش زۆر جاران بێ هۆگر دەبێت و هەمیشە هەوڵ دەدا فەرمانی مێردەکەی بەجێ بێنێ و منداڵەکان بەوە مەجبوور کات شەرەفی بابیان بپارێزن و لە قسەی دەرنەچن. ئارەزووی ئەو تەنیا هەبوونی ئەوەندە هێمنایەتییە لە ماڵ دا. ئەوە لە کاتێک دایە کە حەمەرەشید ئاغا راست وەک کەسایەتی پیاوی رۆمانی «شوهر اهو خانم» بە دزییەوە ژنی بەسەر دێنێ.

واتە ئەو ژنە دەستەوەستانانە هەر دەڵێی شیاوی ئەو جۆرە بەکەم دانانەن. ئەوان خۆیان بەبەرپرس لەهەمبەر کۆمەڵگادا دانانێن و پێیان وایە بەدەر لە بنەماڵە بەرپرسایەتێکی دیکەیان نییە و رۆڵێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان ناناسن. کۆمەڵگاش خۆی لەهەمبەر ئەوان بەبەرپرس نازانێ و هەر ناشیان بینێت.

گوڵاڵە خوشکی هەڵاڵە تەواوی خواستی، گەیشتن بە ئەویندارەکەی و وەک گوتمان بەختەوەری بنەماڵەییە کە بۆشی دەستەبەر دەبێ. واتە بەو پێیە دەکرێ بڵێین رەنگە کۆمەڵگای کوردی وردە وردە بەوە راهاتبێ کە مافی هەڵبژاردنی ژیان بدا بە ژن، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەگەر چاوێک لە واقعییەتی کۆمەڵگای کوردی دەکەین ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکان ئەو شتە مەحاڵە و ناگونجێ.

هەڵاڵە لە گەڵ ئەوان جیاوازە. ئەو نوێنەری ژنێکی مودێرنە کە ئاواتە خوازی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و چیرۆکنووسینی دکتۆر سەعید واتە مەیل بە ئافراندنی ئەدەب بە لای ئەوەوە شتێکی گرینگ و جێی رێز و سەرنجە. ئەو بە هیوای پێشکەوتن و داهاتوویە و گەڵاڵەی بۆ دادەرێژێ و دەخوێنێ. ئەو هەوڵ دەدا دەوری ژاندارک بگێرێ و بتوانێ لە رۆڵی ژنی ناو رۆمانەکەدا، رۆڵی قارەمانێکی بەناوبانگیش بنوێنێ.

نووسەری رۆمانی گرەوهی بەختی هەڵاڵە توانیوێتی کەسایەتی ژنێکی نوێ و جیاواز لە رۆمانەکانی پێشووی کورد بخوڵقێنێ کە خواست و هەستی جیاوازە و لێوانلێوە لە ئارەزووی گەشەی کۆمەڵایەتی و توانیوێتی لە خواستی بەختەوری بنەماڵە و عەشق بەرزتر بڕوا و سنووری ئارەزووە

نەریتییەکانی ژنانە تێک بشکێنێ.بەڵام ئاخۆ ئەو توانای زەینی و کۆمەڵایەتی گەیشتن بەو خواستانەی هەیە؟ ئێستا لاپەڕەی ١٩٧ی ڕۆمانەکە هەڵدەدەینەوە کە بڕیارە لەوێ دا هەلالە ڕۆڵی ژاندارک بگێڕێ:

"هەلالە ئاواتە خواز بوو زوو ئەو مەحکەمەیە کۆتایی پێ بێت و هەڕەشە و گوڕەشەی قازی و قەشەکان ببڕێتەوە. حەزی دەکرد خۆی لە چاو و نیگای پڕ ستایشی ئەو هەموو خەڵکە قوتار بکات. دەستی برایمۆک بگرێت و دوو بە دوو بڕۆن بۆ سەرکانی عاشقان...دیسان دیالۆگەکەی لە بیر چووبۆوە. دیسان برایمۆک بە جووڵەی دەم و لێوی، هەوڵی دەدا وەک دەرهێنەر یاری بدات:

قسەکانی ژاندارک:» من وەک کچێکی ئاییندار بە ئەمری خودای گەورە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانەکەم دا جەنگاوم. خەڵک چاوەڕوانی سووتان و مەرگێکی قارەمانانەیان لە ژاندارک دەکردەوە...بەڵام سووتان و مەرگی هەلالە نەتەنیا قارەمانانە نەبوو، بەڵکوو گاڵتەجاڕانەش بوو...دەتکوت دەورێکی کومێدی دەگێڕێ. کومێدییەکی بێ تام.

برایمۆک لەوە نائومێد بوو کە ژاندارک قارەمانەتی بنوێنێت، بۆیە دیسان خۆی دەنگی هەڵبڕییەوە: ئەمە ئاگری دۆزەخی خودا نییە. ئەمە مەرگ و سووتانە لە پێناوی....“

هەلالە کاتێک بە خواستی خۆی ئامادە دەبێ ڕۆڵی ژاندارک بگێڕێ، لە کوردستانە، بەڵام ئەو توانای هەزم کردنی چاوانی پڕ لە ستایشی تەماشاوانەکانی نییە و ئارەزووی هەیە لە شانۆکە بچێتە دەرەوە. دیسان ئەوە برایمۆک واتە دڵدارەکەیەتی کە لێرەدا باسکی یاریدەدەرە و ئەو نیوەی هەوەڵی کۆمەڵگایە کە بیر و ڕای جیاوازی هەیە و هیوادارە «ئانیما»کەی واتە ژنە ئاڕمانییەکەی بتوانێ دەوری ژاندارک بگێڕێ. دیسان وەبیر قسەی ئێریگارای دەکەوینەوە کە پێی وابوو ژنان بۆ شوناسی ڕەگەزی خۆیان و تەنانەت قسەکردنیش دەبێ لە زمانی پیاوانە یارمەتی وەرگرن. بەڵام بە پێی ڕووداوەکان تەنیا پیاوێک کە باسکی یاریدەدەرە بۆ هەلالە، برایمۆکە، کە شتێک جگە لە کۆمەڵگا؛ واتە هێژمۆنی سیاسی زاڵ بواری پێ نادا تا نیوەی دووهەم زیندوو کاتەوە.

ژاندارک ئەو ڕزگاریدەرەی وڵاتی دای و بابی خۆی بوو کە بە هۆی هەوڵ دان و لە خۆبوردوویی خۆیەوە بۆ بە قارەمان بوون کۆمەڵگا دەیکوژێت. بەڵام هەلالە وێڕای هەوڵدانی باسکی یاریدەدەریش تەنانەت ناتوانی لاسایی ئەو بکاتەوە. بەشێک لە ئاواتە کۆمەڵایەتییەکان لە واقیعی کۆمەڵگادا هەرگیز دەستەبەر ناکرێ و تەنیا بە ڕوخساری ژنی قارەمانەوە (فەرافکەنی) دەکرێت. ئەوسا ژنی قارەمان دەبێ دەستەمۆی کارەساتەکانی ڕیوایەتەکە بێت و پاشان نووسەری ئافرێنەری ئەو دۆخەش ئەو شتەی وا لە ڕاستی دا بۆی نالوێ لە خەیاڵیش دا بۆی ناگونجێت و ناچارە قارەمانەکەی بکوژێ.

"هێلێن سێکسۆ» پێی وایە هەڕەشەی کوشتن لە قارەمانی ئارەزووی مەحاڵ لە راستی دا ئەمر کردنە بە بێدەنگی و کپ مانەوە.

دەنگ دانەوەی ئەو جۆرە بارودۆخە لە دەقە ئەدەبییەکان دا، لە راستی دا روخساری وا لە ژنان دەنوێنێ کە راستینە نین، بەڵکوو تەنیا ئارەزوو یان ئەندێشەیەکن کە چوونەتە کلێشەیەکی بێ هێزەوە.(١٠)

هەڵاڵە ناتوانێ بۆ ژاندارک کلێشەیەکی بە هێز بێ، چونکە لە خۆی رانابینێ. ئەو لە بەشی یەکەمی شانۆکە دا سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام کاتی کوشتنی ژاندارک کە تەنیا شانۆیەکیشە دەڵێ:

"پێم وابوو خەریکن بە راست دەمسووتێنن و دەمکووژن."

ئەوە بەو مانایەیە کە ترس و دڵەڕاوکێ لە حوکمە ناحەق و دژە مافەکانی کۆمەڵگا و مەحکووم کردن بە نەمان تەنانەت لە شانۆش دا هەر هەڕەشە لە ژن دەکات و بەربەستی ژنە بۆ دەور گێران لەو رۆڵانەی کە رەنگە قارەمانانە بن. کەوابوو هەڵاڵە ئەو کچە بە توانایە نییە کە دەست لە گیانی بشواتەوە و بتوانێ ئامانجێکی وا بەشکۆی بێت.

داخۆ بڵێی هۆی سەرەکی ئەو باسەش ئەوە بێت کە کۆمەڵگا هێشتا نەیتوانیوە رووحی رزگاریخوازی لە کچان دا تا رادەی لەخۆبووردوویی بخولقێنێ یان قارەمانانی رۆمانەکە نەیان توانیوە رەها بن و لە ئەڵقەی ئەندێشەی نووسەر دەرباز بن؟ داخۆ نووسەر چەندە بواری داوە قارەمان دەرباز بێ و خۆی کارەساتەکان بئافرێنێ؟

بەڵام جگە لە کۆمەڵگا و نووسەر، نەریتە کولتوورییەکانیش دەتوانن هۆکار بن. هەرچەند هەڵاڵە هەوڵ دەدا بە ئاوەز و ئاواتی سەربەخۆیی و خۆسالارییەوە بەرهەڵستی ئەو روانگەیە بێت وا ئارەزووی شکۆی ئەوی بەلاوە پووچ و بێ نرخە، بەڵام هەڵکشانی ژنان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی جیهانێک کە هەموو تواناکانی ئەو بە رەسمییەت دەناسێ و بایخی پێ دەدا، رێگەیەکی دژوار و دوور و درێژە، ئەویش بۆ ژنانی کۆمەڵگایەک کە زۆربەیان بکەر و تەواو خوێندەوار نین و زۆر جار هەر وەک کەرەسەیەکی جینسی چاویان لێدەکرێ.

بە گوتەی راوی رۆمانەکە: «هەڵاڵە هێشتا پاش دە ساڵ ئێوارانی ئەوێی- واتە کوردستانێ- لە بیر مابوو، رەنگە کاتێک ئەوێی بە جێ هێشتبوو و هاتبووە ئێرە، ئێوارانی ئەوێی لەگەڵ خۆی هێنابوو، دڵتەنگییەکانیشی، خەمەکانیشی.(١١)

ئێوارە وەک سێمبولی رۆژاوا و سەرەتای تاریکی، یادگارێکە کە هەڵاڵە لەگەڵ خۆی بۆ هەندەرانی دەبات و ناتوانێ لێی دابڕێ. ناتوانێ بە تەواوی ئەو شتانەی وا لە رابردوو دا ناڕەحەتی کردووە لە بیر بەرێتەوە، هێشتا ئازاری دەدەن. واتە هەڵاڵە هەرچەند هەوڵ دەدا ژنێکی مودێڕن بێ و لە گەڵ کۆمەڵگای ئازاد دا بڕواتە پێشێ، بەڵام زەینییەتی هێشتا هەر داخدارە و لە نەریتە ئازار هێنەرەکان نەپرینگاوەتەوە، ئەوانەش دەبنە بەربەست بۆ ئەوەی ئەو بە تەواوی ژنێکی بە توانا بێ.

بە تایبەت کە بە گوتەی خۆی دەڵێ:» نازانم بۆ وەک دایکم هەندێ جاران لە خۆمەوە دەگریم.» واتە نەیتوانیوە بە تەواوی لە دایکی، کە نوێنەری دایکی نەریتییە و ئاستی خواستەکانی نزم و بچووکن، دابڕێ و بە تەواوی جیاواز بێت.
لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا بە وتەی رەعنا چارەنووس نەگۆڕە و چاڵێکە لە بەردەمی هەڵکەنراوە و دەبێ ژن بکەوێتە ناوییەوە، تەڵەیەکە لە بەرپێی داندراوە و دەبێ ژن پێوەی بێت.

داخۆ دیسان نواندنەوەی ژن لەو رۆمانە دا، دیسان بەرهەمهێنانەوەی ئیدئۆلۆژی زاڵی جینسی یە یان نووسەر دەیهەوێ دژی ئەو ئیدئۆلۆژییە راوەستێ؟ دیارە بە پێی ئاکامی رۆمانەکە نووسەر دوو جۆر ئاراستەی بۆ کارەساتی کوشتنی هەڵاڵە هەیە. یەکەمیان ئاراستەی کۆمەڵگای کوردییە کە بابی هەڵاڵە لەوێ دا یەکجار تووڕەیە لە مەجید چونکە نەیتوانیوە شەرەفی ئەو کە هەڵاڵەیە بپارێزێ و بە بێ ئەوەی تەنانەت لە حاڵی هەڵاڵەش بپرسێ نیگەرانی ئابڕووچوونەکەیە و گیان و خواست و ئارەزووی هەڵاڵە تەنانەت هیچ بایخێکی بە لای بابییەوە نییە.

ئاراستەی دووهەم زمانی سوئێدییە کە رووداوەکە بە «کاتاستڕۆف» واتە کارەسات باس دەکەن و پێیان وایە هاتنی پەنابەرە سەر ڕەشەکان بەو دیارییە جینابیانەوە هەڕەشەیەکە بۆ سەر کۆمەڵگاکەیان.
لە لایەکی دیکەشەوە شاعیرێکی کوردە لە تەلەویزیۆنی لۆکاڵیی سوئێد دا کە دەڵێ تەنانەت پیاوانی شۆڕشگێڕ و رۆشنبیریش دەستەڵات دژی ژن دەخەنە گەڕ. یەکێک وەک شێرزاد بە کوشتن، یەکێک وەک حەمەرەشیدئاغا بە دنە دانی شێرزاد و یەکێک وەک مام و براکانی هەڵاڵە بە دنە دانی بۆ ئەوەی هەڵاڵە توند و تیژی مێردەکەی تەحەممول بکات. تەنانەت دکتۆر سەعیدیش تاوانبارە.

دیارە ئیدئۆلۆژی زاڵی جنسی دیسان دووپات بۆتەوە بەڵام نووسەر وەک راوی لە کلێشەی دکتۆر سەعید دا ئیدئۆلۆژییەکە رەها ناکات. نووسەر دان بەوە دادەنێ کە تەنانەت رۆشنبیرەکانیش ناتوانن مافی دەستەڵات دار بوون بە سەر ژن دا لە کیس بدەن و هەر وەک هەمیشە ژیانی ژن بە مڵکی تەوای خۆیان دەزانن و لە ئاکام دا «کاتاستڕۆف» دەخوڵقێ. کاتاستڕۆفێک کە بەرهەمی مێژوویە، چونکە ئەوە خەنجەرێکی مێژوویی و بە لای بای هەڵاڵەوە بە نرخی مێژووی کوردە کە زگی هەڵاڵە هەڵدەدڕێ و مافی ژیانی لێ دەستێنێ و پیاوی کورد ناتوانێ نەریتە مێژووییەکان دابڕێ. تەنانەت ئەگەر بە نرخی کوشتنی خۆشەویست ترین ژنیش بێ.

مردن یا کوشتنی هەڵاڵە لەو رۆمانە دا دەبێتە هۆی ئەوەی ژن دیسان بێ بەش بێت لە پێکهێنانی نیزامێکی کولتووری و دیسان ئەوە بنوێندرێ کە ژنان تەنیا بە جۆرێک دەتوانن لە رۆمانەکان دا بپارێزرێن کە لە باری ئەخلاقییەوە باشترین و گوێ رایەڵترین بن، تا هێمنایەتی ژیانیان دەستەبەر بکرێت. دیارە وەکی کوتمان بە رای من نووسەر بەو گێڕانەوەیە

بەرهەڵەستی ئەو ئیدئۆلۆژییە زاڵە جنسییە بۆتەوە.

گرەوەی بەختی هەلاڵە ئەو رۆمانەیە کە بە بێ دابڕان لە نەریتە کولتوورییەکان هەوڵی داوە رووبەڕوو بوونەوەیەکی رەخنەگرانەی لە دژی نەریتەکان بێت و کۆمەڵگا هان بدات بە خۆی دا بچێتەوە و بیروڕای خۆی لەمەڕ ژنەوە بخاتە ژێر تیشکی رەخنەوە. بەڵام ئایا تەمەنی کوشتنی ژنان لە پێناو خواستەکانیان ئەو جۆرەی کە لە رابردوو دا بە زمانی فۆلکلۆر تیئۆریزە بووە تا کەی لە ئەدەبیاتی نووسراو دا دەوام دێنێ؟

هەر وەک بە وتەی «پیاژە» کایە کردنی منداڵەکان بۆخۆی جۆرێک پرۆڤە کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئایا دەکرێ ئەو بوارە بۆ خوێندەواری کورد هەبێ کە لانی کەم ئەو ئارەزووە کۆمەڵایەتییە وردە وردە پرۆڤە بکات؟ (١٢)

داخۆ ریسالەتی رۆمانەکان وەک لە سەرەتا دا کوتمان بەو شێوەیە ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ کە ئەوجارەیان لە نەریتە ئەدەبییەکان بترازێن و پلانی ئەندازیاری ئەدەبی – کۆمەڵایەتییەکی تریان بۆ قارەمانە ژنەکان هەبێت و نووسەر ئەو جار ناچار نەبێ قارەمانەکەی بکوژێ.

داخۆ هونەر بەو هەموو دەستەڵاتە ئیستاتیکییەوە کە هەیەتی توانای تێپەڕاندنی نەریتە ئەدەبییەکانی هەیە؟ بەو جۆرەی کە هەلاڵە توانی لە خواستە نەریتییەکان بترازێ. ئەدەبیاتی داهاتوو وا دەکا رووحێکی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی وا بە دی بێنێ کە ژنەکان لە خۆیان راببینن رۆڵی ژاندارک پرۆڤە بکەن.

پەراوێزەکان

- ١: هنر و جامعه٢٨٥
- ٢: هنر و جامعه ٢٨٦
- ٣: بڕوانە مەم و زینی خانی
- ٤: بڕوانە ڕۆمانی ژانی گەل
- ٥: بڕوانە ڕۆمانی پێشمەرگە
- ٦: بڕوانە ئێوارەی پەروانە
- ٧: بڕوانە از رمان تا ملت
- ٨: گەنجی سەر بە مۆر ٢٢٩ تا ٢٩٤ دەقەکانی سەیدەوان و ٢٩٩ تا ٣٨٠ دەقەکانی خەج و سیامەند
- ٩: گرەوی بەختی هەڵاڵە بەشی میرخوناوکە و دەقی چیرۆکی فۆلکلۆری–میرخوناوکە
- ١٠: زن و ادبیات ١٤٩
- ١١: گرەوی بەختی هەڵاڵە ٤٣
- ١٢: هنر و جامعه ٢٨٨

سەرچاوەکان

- ١: نەهایی، عەتا(٢٠٠٣) گرەوی بەختی هەڵاڵە، سلێمانی: بنکەی ڕەنج
- ٢: قازی، ڕەحیم(بێ تا) پێشمەرگە، بی نا
- ٣: عەلی بەختیار(١٩٩٨) ئێوارەی پەروانە، سوئێد: ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی
- ٤: ئەحمەد، برایم(١٩٩٩) ژانی گەل، سلێمانی، کاکەی فەللاح
- ٥: بەحری، ئەحمەد(٢٠٠٠) گەنجی سەر بە مۆر، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
- ٦: احمدزاده، هاشم(١٣٨٦) از رمان تا ملت، ترجمه بختیار سجادی، سنندج: دانشگاه کردستان
- ٧: نجم عراقی،منیژه(١٣٨٦) زن و ادبیات, تهران: نشر چشمه
- ٨: باستید, روژه(١٣٧٤) هنر و جامعه, ترجمهغفار حسینی،تهران: انتشارات:توس
- ٩: خانی، ئەحمەد(١٣٦٧) مەم و زین، (ڤەژاندنا پەرویز جیهانی)، ارومیه : انتشارات صلاح الدین ایوبی

LEILA SALEHY
لیلا سالحی



فـــارسی، زوان شیرین یا ویانکیـّنگ ئەڕا ژینوســـاید کردن زوانە یل تر؟

سەرە تایگ ئەڕا ئانالیزکـردن نەخش زوان فــــارسی لە ژینوساید کردن زوان کـوردی جوور نمونە.

حشمەت خوسرەوی



«هەر زوانێگ خزمەتێ بکەید یا کار ئەڕای بکەید، توانێ پێشکەفێد و ئەگەرەیل و توانایيەیل خوەی جوور یەی زوان وەتوانا نیشان دەی» (نوام چامسکی)

••••••••••••••••••

پوخته (Abstract)

ئی بابەتە خوەندنەوەیگ ئەکادیمی و کوومەڵناسانە لە باوەت نەخش زوان فارسی و ژینوسایدکردن زوانەیل ترەگ لەوای کوردییە. ئامانج سەرەکی مژارەگە ئەوەسە ک وە پشت بسان وە چەن چەمک ئەکادیمی لە وێنەی سیاسەت زوانی، وە دامەزراوەکردن زوان، فرە زوانی، لینگویسیزم(رەگەزپەرەسی زوان)، لینگویسید(کوومەڵکوشی زوان) گیچەڵ سەپانن زوان فارسی وە سەر زوان کوردیا جوور نموونە لە یەی ژینگەی کولونیاڵ بخەیدە وەر باس و شیەوکردن. لە لایك ترەکەو، نەخش پرۆسەی دەوڵەت مودڕن ئێران لە زەمان مودڕنیتە هەر لە دەورەی پاشایەتی تا زەمان جموری ئسڵامی و هەمیش کارگەری زوان فارسی لە سەر ئی پرۆسەیلە تاوتوێ کریەد. جێ وەتنە ئی بابەتە پشت بەسایەسە ویرورای چەندین ویرمەند وە ناو دەنگ جەهان ک هەرکامیان شوون دەسێیان لە سەر مەسەڵەی زوان و چەمکەیل کلکنیشان کریاگ بان دیارە. ئەڕا کووەوکردن مەتریاڵ ئی بابەتە پشت بەسیایە وە کتاوەیل ئەکادیمی و بابەتەیل ئەکادیمی ک لە تورِ ئێنترنیت بڵاوکریاسەو. لەلایگ ترەو ئەڕا جەمەوکردن مەتریاڵ ئی بابەتە لە متود یا رەوش وێژەی یا ئەدەبیات (Literature Study) کەڵک گریایە. وەمانایگ تر، لەی بەشە ئەو بنگە یا بنەوا تئورییەیلە ک لەیەوەر وەلایەن کەسەیل ترەکەو ئەنجام دریایە، لەی بابەتە لێیان ئیسفادە کریایە.لە ئەنجام ئی خوندنەوە، پاشخوان پرسیار سەرەکی بابەتەگە وە پشت بەسان وە سەرچەوەیل جێباوەڕ و وە شێوەی بابەتیانە دریاسەو. ئەنجامەیل بابەتەگە باس لەوە کەن هەم دەسەڵاتەیل وەرین ئێران و هەمیش دەسەڵات ئیسەی ئێران لە رێ کەڵک گرتن لە زوان فارسی جوور چەکێگ ئیدولوژێک توانستنە زوان خوەیان واتە زوان فارسی لەوای زوانێگ فەرمی پێشبخەن. یەکێگ لە کارگەرییەیل ئەچنەو سیاسەتێگ بیەس وە بایس دروسکردن یەی ژینگەی کولونیال و لە ئەنجامدا فەرهەنگ رەگەزپەرستی زوان و هەرلەیوا کوومەڵکوشکردن زوانەیل ترەگ و کوردی جوور میناک لە لێ کەفتیەسەو. وەگشتی، لە دەردویرێگی لەیوا و لە ئەنجام پرۆسەی دامەزرانن دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەوای تاقە نەتەوە و تاقە زوان، زوان کوردی و بەردەنگەیلی تۆش گیچەڵ یا تونوتیژی زوان بینە.

وشەیل کلیدی Language Policy, Bilingualism, State, Institutionalism of Language, Linguicism, Linguicide

پێش وەتن

بێگومان هەر کام لە نەقڵ قەوڵەیل بان ک هی بیرمەند و نۆسەرەیل وە ناوەدەنگ جەهانە، توانێد نەخش و کارگەری زوان، پەیوەندی بەین زوان داڵگی و هژمونی زوان دەوڵەت باڵادەس نیشان بیەی. مەبەست لە هژمونی زوان باڵادەس، زوان فارسیە کە لە سەد ساڵ وەرین تا ئیسە هێمان باڵادەسی خوەی وە سەر زوانەیل ترەگ لە وڵاتێک ساختە و دەس‌ساز وە ناو ئێران سەپانیەس. زوان کوردی جوور نموونە ساڵان فرەیگە لە وەرانوەر سیاسەت هژمونی‌خوازی دەوڵەت ئێران ئەڕا پارێزان هەبۆن خوەی پادایەسەگەز.

لکانن چەمک هژمونی وەل باڵادەستی دەوڵەت لە رێ زوانەو وە خاتر ئەوەسە ک کەسیک جوور گرامشی ها لە سەر ئەو باوەڕە ک هژمونی پەیوەسە وە دەسەڵات دەوڵەتەو و دەوڵەت ئێرانیش ساڵەیل فرەیگە پەرە وە هژمونی‌خوازی خوەی دایە ئەویش لە بارەیل فەرهەنگی و ئیدولوژی و هەرلەیوا کەڵک گرتن لە دامەزراوەگەیل کومەڵگەی مەدەنی کە بەشەیل پەروەردە، بنەماڵە، ناوەندەیل دینی و سوشیال میدیا لە خوەی گرتیە. باوجی ناسین کودەیل دەوڵەت ئێران و پلانەیلی ئەڕا سەقامگیر کردن زوان فارسی و ژینوسایدکردن زوانەیل ترەگ هەم هەوەجە وە مینەوانی مەیدانی و زانستی دێرێد و هەمیش وەخت ئەڕا ئەوەیکە تەمام لایەنەیل لیخن ئی گیچەڵە شیەو بکریەد.

ئی بابەتە کە ئیسە ها لە وەر دەستان هۆچ تەقەلایگ نیە ئەڕا هەلاجی کردن یا شەوق خستنە سەر دیرووک زوانەیل وە ناو ئێرانی یان بەراوکردنیان وەل دیالکتەیل زوان کوردی، بەڵکوو فوکوسبنەڕەتی ئی بابەتە ها لە سەر ئانالیزکردن نەخش زوان فارسی لە دروست کردن پرۆسەی دەوڵەت-مودڕن لە ئێران و لە لایک ترەو ژینوسایدکردن زوانەیل ترەگ لە ناو یەی ژئوگرافیا و سەرزەمین پان و وەروڵا کە وە فەڵات ئێران ناسییەد.

هەرلەیوا ئی بابەتە هۆچ وەخت دژایەتی وەل زوان، فەرهەنگ یا نەتەوەیگ تر نیە و تەنیا خوازێد لە نوورینێگی سوبژکتیڤانەوە پاشخوان پرسیار بنەڕەتی ئی ئانالیزە بیەیدەو ک لە لە خوارەو کلک نیشان کریەد.

وە مانایگ رووشنتر، ئی مینەوانیە، تەقەلا کەی ک وە پشتیوانی چەن چەمک زانستی و ئەکادیمی گیچەڵ زوان کوردی لە ناو سیستم کولونیالیزم ئێرانی تاوتوی بکەی و هەمیش خەتەرەیل نژادپەرەسی زوانی و هەرلەیوایشە ژینوساید زوان کوردی وە لایەن دەوڵەت داگیرکەرەو حالی بوو ک بەشکەم بووده رێچارە یا ئەلاجێگ ئەڕا پاراستن زوان داڵگیمان و چۆنیەتی ململانی کردن وەل کولونیالیزم ئێرانی و برەوخوازی (Promotion-oriented) ئی سیستمە.

بابەتەگە دابەش کریایە وە سەر دو بەش سەرەکی. بەش یەکم، واتە سەردەم مودڕنیتە و پەیڕەوکردن سیاسەت زوان وە ئامانج دروس کردن دەوڵەت مودڕن یا پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێران. لەی بەشە شەوق خریەدە سەر سیاسەت زوان لە لایەن پەهلەوی و جموری ئسڵامی و چۆنیەتی پەراوێزخستن زوان کوردی لەوای نموونە . بەش دوێم و ئاخریش دانریایە ئەڕا ئانالیزکردن بنەوایل تئوری کولونیالیزم زوانی و لایەنەیل لینگویسیزم و لینگویسید ئەڕا ئەوە بتوانیم جواوێگ زانستی ئەڕا پرسیار سەرەکی ئی مینەوانیە بوینیمەوە:

ئایا زوان فارسی چۆ نەخش یا کارگەرێگ داشتێیە لە پرۆسەی دەوڵەت‌سازی مودڕن لە ئێران و لە شوونێ ئایا زوان کوردی لە ئەنجام ئی پرۆسە ژینوساید بیە؟

١ مودڕنیتە، پرۆسەی دەوڵەت نەتەوە لە لایەن ئێران و نەخش سیاسەت زوانی

چوارچوو یا کۆنسپت زوورم دەوڵەت-نەتەوەگەیل مودرن لە سەر بنەوای یەی زوان و یەی نەتەوە بنیات نریایە. لەیرە پرسیار گرنگێگ سەر هەڵدەی ئەویش ئەوەسە ک ئایا دیسکورس سیاسەت زوان لە ئێران لە سەر چ بنەڕەتێگ دامەزریایە و تا چەنێگ توانستیە کارگەری خەراو لە سەر ژینگەی بەردەنگەیل زوان کوردی و هەمیش شێوانن ناسنامەی نەتەوەی کورد لە خورهەڵات کوردستان لە شوون خوەی وەجیەو بیلێ؟

جێ باسە ک هەر زوانێگ توانێد نەخش و کارگەری وەرچەووێگ لە سەر پرۆسەی نەتەوەسازی و مودێرنیزاسیونا بۊنێد. ئەگەر لە کونتکستێکی ئێرانیەو بنووڕیمە ئی بابەتە لەیوا دۊنیمن ک ئێرانیەیل ئەڕا جار یەکم لە ئاخرەیل قەڕن ١٨ و ئەوەڵەیل قەڕن ١٩ کەفتنە ویر گرنگیدان وە زوان فارسی ئەڕا نەتەوەسازی وە شکڵ مودرن. لە لایگ ترەو، هاووەخت گەرد دەسوەپێکردن مودڕنیتە، ئاڵوگوڕێگ قۊل و پارادیگماتیک لە دیسکورس زوان فارسی قەومیا.

ئەوە بی لە زەمان مەحمەد شا قاجار بڕیار دریا ک چەندین ناوەند خوەندن واز بکریەت کە یەکێگ لە وەرچەوترین ئەنجامەیل ئی پرۆسە، دانان (دارالفنون) لە ساڵ ١٨٥١ بی. جێ وەتنە لە ئەوەڵەیل دەیەی ١٩٠٠ ئی ناوەندە پەروەردەییە بی وە یەی پولیتکنیک گەورا ک ئەو وەخت خاون ٣٥٠ خوەندکار بی و بەشێگ لەو خوەندکارەگان وە مەبەست دریژەدان وە خوەندن ئەوەیشە لە ئاست باڵا ئڕا وڵاتەیل ئرووپایی رەوانە کریان.

لە لایگ ترەو، چەن کالیج لە شارەیل گەورای ئێران لەوای تەیران، تەورێز و ئسفەهان واز کریا و ئەڕا هازدان و وەرەونوابردن زوان فارسی چەن رومان وە پشتیوانی دەوڵەت لە زوانەیل خارجیەو هەڵگەردانن ئەڕا سەر زوان فارسی .

کاناڵەیل چاپەمەنی لە ناو و دەیشت وڵات کەفتنە کار ئەڕا هاوردن یا تەولید ئایدیای وڵاتەیل رووژئاوایی ئەڕا ناو ئێران و هەر ئی کاریشە بی وە مەمەر یا فاکتورێک ئەڕا سازبین شوورش مەشرووتە لە ئێران و پاشەکشە وە دەسەڵات ئەو وەخت قاجاڕەیل .لە ئەنجام ئی کارە ، موزەفەردین شا ناچار بی مل ئەڕا سازکردن هەڵوژاردن گشتی لە ئێران بچەمنێد و هەر ئەو وەختە مەجلس شەورای ملی لە ساڵ ١٩٠٦ دانریا.

جێ وەتنە، لە قانوون مەشرووتە ک هەڵوگەردیەد ئەڕا ساڵ ١٩٠٦، هۊچ ئاماژەیگ وە زوان رەسمی ئێران نەکریایە، وەلێ مەجلس شەوارێ ملی، وە زیایکردن بەندێگ لە نزامنامەگەیان، هەنگاو یەکم وەرەو سیاسەت زوانی (language Policy) لە ئێران دەسوەپێکرد. وە پای ئی بەندە ، مەشیا نمایندەیل مەجلس شارەزای شێوەی نۊسان یا ((رسم الخط)) فارسی بون .جێ وە ویر

خستنه ک جمشتەیل ناسیونالیستی فارس هەر ئەو وەخت وە کەڵک وەرگرتن لە چەمکەیل زوان و تاریخ، جوور کەلوپەلەیل ئیدولوژیک لە پێناسەکردن ئێران جوور تاقە دەوڵەت و تاقەزوان سەرکەفتن.

لە ئەنجام ئی سیاسەتە، مەسەڵەی فرە ئتنیگ و فرەزوانی وڵات خریا پشت گووش و ئێران جوور وڵاتێک ک خاون یەی زوان و یەی فەرهەنگە، پێناسە کریا. لەلایگ ترەو، ناسونالیسزم فارسی وە رابەری رەزاشا پەهڵەوی و کورەگەی وە مەبەست ئنکار و فەراموش کردن فرەرەنگی ئەتنوزوان لە ئێران هەرئەو مودڵ یا دیسکورس کەمالیستی پەیرەو کردن.

ناوبریاگ وە کەڵک وەرگرتن لە دیسکورس کەماڵیستی-رەزاشا و لە ژێر کارگەری ئایدیاگەیل مستەفا کەماڵ ئاتاتۆرک سیاسەتێگ نژادپەرەستانە لە تەمام بەاورەیلەو وە تایبەت لە بوار زوان پەیرەو کرد، ئەویش لە رێ کەڵک وەرگرتن لە زوان فارسی جوور ئامڕازێگ ئەڕا چەوساندنەوەی بەردەنگەیل زوانەیل ترەگ بێجگە لە زوان فارسی. ئی سیاسەتەی دەوڵەت ئەو وەخت ئێران توانێد پڕ وە پوست یەی نەقڵ قەوڵ وە لایەن نۆسەر کوچ کردێ کورد بوود ک ئۆشێد:

« ئەگەر زوان داڵکی من بنەڕەت دەوڵەتەگەی تو وەلەرزە تێرێت، ئیە نیشانەی ئەوەسە ک تو دەوڵەتەگەت لە سەر خاک من بنیات نایتە»(مووسا عانتەر)

•••••••••••••••••••

یەکێگ تر لە سیاسەتەیل نژادپەرەسانەی رەزاشا لە بوار زوانەو، دامەزرانن فەرهەنگستان زوان و کومسیون ژئوگرافیا بی. جێ باسە ک ئەو کومسیونە «ناو» سەدان ناوچە، شار، شارستان و ئاوای ئاڵشت کرد. یەکێگ لە نیشانەگەیل سیاسەت زوان زەمان رەزشا، کەڵک وەرگرتن لە تاقە زوان فارسی بی ئەڕا تابڵوەیل، سمبوڵەیل شوونە گشتیەگان، نامەی تجارەتی و تەنانەت کار ڤیزیت.

لە لایگ ترەو، فەرهەنگستان زوان و ئەدەب ئێران، تێرمینۆلۆژی و زاراوەگەیل مودیریەتش هەڵەوگەردان ئەڕا سەر زوان فارسی. لە پاڵ ئی تەقەلایلە، رەزاشا بڕیار دا ک ئیسفادە کردن لە هەر جووره فورم نوسریای وە زوانەیل ترەگ قەیەخە بکریەد. فارسی وە دەستوور شاهانە، بی وە زوان رەسمی ئێران. زوانەیل تر لە وێنەی کوردی یا دیالێکتالیزە کریان یا لاخوارەگەی جوور زاراوەیگ لە زوان فارسی حەساو کریان.

ویروڕایل لە سەر مەسەڵەی فرەزوانی لە ئێران، لە ساڵەیل ئەوەڵ وەسەرکار هاتن جموری ئسڵامی فرەتر لە سەر بنەوای ئەرزشەیل ئسڵامی تاریف کریانە. هەرلەیوا لە قانوون بنەڕەتی جموری ئسڵامی دو مادە ئەڕا باسکردن زوان یانێ مادەی ١٥و مادەی ١٩دانریایە. وەپای مادەی ١٥ زوان و رینۆس رەسمی و زوان هاوبەش خەڵق ئێران فارسییە. نۆسانەیل فەرمی، تکست و تەمام کەتاوەیل پەروەردەیی بایەس وە زوان فارسی بووت. وەلێ، کەڵک وەرگرتن لە زوان بوومی و قەومی و دەزگاگەیل رەسانن و چاپەمەنی و هەرلەیوایشە فێرکردن ئەدەبیاتیان لە مەدرەسەیل لە لای زوان فارسیەو ئازادە.

ئی کارە هەرئەو سیاسەت دیالیکتیزەکردن و مینێوریتیزەکردن زەمان پەهڵەوییەسە. جێ وەتنە کە مادەی ١٥ تا چەن ساڵ وەر لە ئیسەیش پراکتیزە نەکریا و تا هێمانیش فرە سنووردارە. یانێ لە پراکتیکدا هەر ئەو جور ک فیشمەن(Fishman) باس کەی، جموری ئسڵامی لە حاڵ حازر، ((سیاسەت بێ سیاسەتی)) لە باوەت زوانەیل تر ناو ئێران جێوەجێ کەی. وە مانێگ تر، هەوەجە نیە ک جوور زەمان رەزاشا لە رێ دەزگایل قەوی و دەزگای ئاموزش وەرفراوان سیاسەت دوچەوەکی و سەرکوت پەیڕەو بکەی. چۆن

ک جموری ئسڵامی وه کەڵک گرتن لەی مودڵە ک کلک نیشان کریا کارێک کەیت ک توزە توزە زوانەیل غەیرڕەسمی لە ناو بچن. گاهەس هەر وەی خاتریشە بوو ک لە حاڵ و رووژ ئیسە زوانەیل غەیر فارسی لە پەیوەس وەل پەیوەندییەیل کوومەڵایەتییا وەرتەسک کریانە.

وە پای قسەی بێهرووز شوجاحی رووژهەڵاتناس لە زانستگەی ئوپسالا لە سوئد، لە تئوری فێربین یا هوکارە بین زوان، دو ئاست جیاجیا هەس، یانێ زوان قسەکردن و زوان پەروەردە یا زوان ئەکادیمی. زوان قسەکردن رووژانە لە رێ چالاکیەیل کوومەڵایەتی لە وێنەی گەمە، رەسانن، دیالۆگ رووژانە، باس کردن وەسەرهات و رۆداوەگان، هاوردنە سەر زوان تەجروەگەیل شەخی یا دەربڕین ویرووراگەیل شەخسی، پێشکەفێد. وە مانایگ شەفافتر زوان قسەکردن یا دیالۆگ لە ناو یەی کونتکستدا جێ گرتیە، یانێ ئایەم لە رێ ئاماژەگەیل کونتێکستوئێلدا لە لێیان رەسێدەو. هەر وەی خاترە چەن عونسرێگ ئەڕا وێنە ئاماژە لە رێ دەموچەو، زوان بەدەن و فرە حاڵەتەیل تر خاون ئەهمیەت واورێز وە خوەیانن.

لەیوا دۆنیمن کە زوان قسەکردن لە رێ پەیوەندییەیل کوومەڵایەتییەو زاقەو بوود یا مانا پەیا کەی و هەر وەی خاترە هەوەجەی فرەیگ وە چالاکی وەروەڵاو کوگنیتیف (Cognitive) نەیرێ. وەلێ زوان ئەکادێمیک یا زوان پەروردە زوانێگ ئابستراکتە، خاون دیسکورس بەرز ئەکادیمیێگە و لە کونتکست پەروەردەیا، جوور مادەی دەرسی لە ناو مەدرەسەیل یا خوەنینگەیل دەرس دێریەد. مودڵەیل یا فورمەیل زوان ئەکادیمیک بریتین لە بەراورد، کۆنتراست، پێناسە و پۆلین کردن، پێشبینی، ئانالیز، ئاگاداربین و ئەنجامگیری، هەڵسەنگانن، ئارگومێنتاسیۆن، وە قەناعەت ڕەسانن و پارێزان. هەر وەی بوونەوە زوان ئاکادێمیک فرەتر هەوەجە وە چالاکی یا موبارزەی کۆگنتیف دێرێد. لە ژێر شەوق ئی تئوریە، ئەو مناڵەیلە ک پەیوەندی زوان قسەکردنیان وەل زوان ئاکادێمیک نەوت، لە رۆ بنەوایل سایکۆلینگویستیک یا زوانەوانی کوومەڵاەتیی تۆش گیچەڵ بوون. ئەڕا وێنە بەردەنگەیل زوان کوردی وە خاتر ئەوەی ک زوان داڵکییان وەل زوان پەروەردە یا ئاکادێمیک تەوفیر دێرێد، پلکیەن وە گرفتەیل خوارەو:

- توانای زوان ئەکادیمیان ئەڕا سەرکەفتن لە بار پەروەردەوە تەوفیر دێرێت وەل توانای زوانێگ ک رووژانە وەپێ قسە کەن.
- یانێ توانای ئاکادێمیک زوان هەوەجە وە ئەوە دێری ک لە بار گەنجینەی وشە و رێزوانەو وەرفراوان بوود یانێ دیسکورسێگ ک بتوانێ مەرز قسەکردن یا گفتگوو کوومەڵایەتی و رووژانە بخەیدە پشت سەر.
- هەر وەی بوونەوە ئنتقاڵ توانای لە بار زوان ئاکادێمیک زەمانێگ لە بەین دو زووان ئمکان دێڕیت، ک هەردک زوانەگە لە مەدرەسەیل وە شێوەی هاوسان بچووده نوا. گاهەس هەر وە خاتر ئی مەمەرە بوود ک ئنتقاڵ شارەزای زوان ئەکادیمیک لە بەین زوان فارسی و کوردی ئەڕا منداڵەیل کورد جوور نموونە سەختە. داتایل دڵنیاکەر وە ئەنجامێگ رەسینەس ک توانای مناڵ کەمینەیل وە شەرتێگ رەسێد وە ئاست توانای مناڵ زوورینەیل ک لاخوارەگەی بتوانن هاووەخت وە هەردک زوانەگە پەروەردە و ئامووزش بۆنن. ئیە وەی ماناسە ک ئەو مناڵەیلە وە دوو زوان پەروەردە بوون، بەردەوام خەریک تەمرین زوانن و ئی کارە بوود وە مەمەر بەرزەوکردن وشیاری کرکردی زوانیان و هەمیش فوکوس ئەنتەلەکتوئێلیان قۆلترەو بوو.

زوان لەیەی ژینگەی کولونیا

ئیجووره دابنەیمن ک زوان کوردی هەوەجە وە ئیە نەیرێد ک بوود وە زوان پەروەرده. بەس ئەو وەخت زوان کوردی تا چ ئەنازەیگ توانێ بوود وە وەسیلەیگ ئەڕا ئنتقاڵ فەرهەنگ یا شوناس نەتەوەیی خوەی؟ وەرجە ئەوە جواو ئی پرسیاره بیەیمە، ئیسە ئانالیزێکی ویلیامز(Williams) لە باوەت پەیوەندی بەین زوان و ئەدەبیات بخوەنیمن.

«زوان و ئەدەبیات وەل یەکا توانن بوون وە وەسیلەیگ ئەڕا ئنتقاڵ باس کردن دیرووک و وەیجووره کاراکتر کوومەڵایەتی دروس کەن». پەس، ئەگەر شەخس کورد لە سیستم پەروەردەییا هوچ ناوەڕووکێگی ئەدەبی پەیوەس وە سەرمایەی فەرەنگی خوەی وەرنەگرێد، چ جوور توانێد وەسەرهاتەیل خوەی دەس‌نیشانەو بکەی؟ نیەود لە ویرمان بچوود ک یەکێگ لە گرنگترین کارکرد یا فانکشنەیل زوان هەڵەوگەردیەد ئەڕا لای نەخش زوان لە هاوردنە سەر زوان ڕێئالیتە چون ک زوان تەنیا کەلوپەل دیالۆگ یا قسەکردن نیە، بەڵکوو زوان چراخ یا ڕێ نیشاندەرێگە ک کەسێگ لە وێنەی ئێدوار ساپیر. جوور ((ڕێئالیتەی ئجتمایی)) ناوی بەی.

لە لایک تروە، زوان خاون پوتانسیاڵ تایبەت وە خوەیە ک بوود وە مەمەر گارنتی کردن ئەرزشەیل فەرەنگی یانێ وەختێک منالێك فیر زوانێگ بوود، هاووەخت لە ڕێ زوانەو فێر دیاردەگەیل تریش بووت و هەمیش لە پاڵ ئیانە، منداڵ هووکارەی مانا و ئەرزشەیل پەیوەس وە فەرهەنگ خوەیشێ بوود ک وە قەوڵ بیرمەندێگ جوور هلیدی (Halliday) ئی کاره تەنیا لە ڕێ سیستم فەرەنگی و گرامەرەو ئمکان دێرێ. ئیسە ئەگەر کەیس فەردێگی کورد گەرد ئستدلال زانستی هلیدی بەراورد بکەیمن دۆنیمن ک ژینگەی ئاموزشی و ژینگەی کولکتیڤ زوان فەرد کورد لە یەک داوڕیانەس، ئەویش وەخاتر ئەوەیک ژئوگرافیا یا سەرزەمین بەردەنگەیل زوان تاک کورد کولونیزه کریاس.

وە قەوڵ شوجاعی یەکێگ لە گەوراترین ریسکەیل یا فاکتورەیل میرات کولونیالیزم زوانی ئەوەسە ک وە جوورێگ کارگەری مەنفی لە سەر کوومەڵگەی کولونیزەکریاگ هیلیدەجێ ک ئی کوومەڵگە نیەتوانێد ڕێئالیتی خوەی بارێدە سەر زوان.

جێ باسە کولونیالیزم زوان، خاون مەکانیزم تایبەت وە خوەیە و وە پای قسەی شوجاعی خود پرۆسەی کولونیزەکردن ئەگەریش وە جەبر بوود، وەلێ ڕاگرتنەگەی لە ڕێ پرۆسەگەیل شاراوەی هەژمۆنتیک جێوەجێ کریەد، یانێ قازانج کردن دڵ و فکر کوومەڵگەی کولونیزەکریاگ لە ڕێ مەشروعیەت دان وە فانکشن یا کارکرد زوان، ئەدەبیات، ڕەسم و رسوم فەرهەنگی، نورم یا ئەرزش کوومەڵایەتی، ئەرزش و باوەڕەیل زوان کولونیاڵ. وەگشی لە ڕێ فەراهم کردن یەی ژینگەی کولونیاڵ.

ئەڕا خاستر ئەوڕەسین لە پەیوەندی بەین زوان و کولونیالیزم و ئینتەرنالیزەکردنی ڕێئالیتەی زوان کولونیال لە ناخوداگاهی ملەتەیل کولونیزەکریاگ خراو نیە وەل یەکا شیکاری فانۆن بخوەنیم ک ئۆشێد:

وە دامە زراوە کردن یا نە هادینە کردن زوان

(Institutionalisation of Language)

«هەر نەتەوەی کولونیزەکریاگ یا هەر هەر نەتەوەیگ ک کومپلێکسێکی خۆکەمبینین لە لای وە مردن و ناشتنی ڕەسانایەتی فەرهەنگ خوەی خولقێنریایە- خوەی ڕووەڕو زوان نەتەوەی خاون ژیار یا شارستانی دۆنێد ک خاون فەرهەنگ خوەیە. تاک کولونیزەکریاگ وە ئەنازەی دۆرەوکەفتن لە ستاتویس خوەی و خوەی گونجانن وەل ستاندارد و ئەرزشەیل فەرهەنگی نەتەوەی کولونیاڵ خوەی نیشان دەی.

یەکێگ لە دیارترین تەڵاشەیل نەتەوەی باڵادەس فارس ئەڕا بنوڕکردن زوانەیل تر و سەپانن هۆر دەوڵەت-نەتەوەی فارس لە ڕێ وە دامەزرانن زوان فارسی بیە. واتە ئێران لە ڕێ سیاسەت زوانەو، زوان فارسی

نەهادینە کردێیە و لەو وەختەو تا ئێرەنگە زوان فارسی ئەرزش پەیا کردێیە . وە مانایگ تر، وە قەوڵ هابرماس زوان دەسەڵاتە و فارسەگانیش لە رێ دامەزرانن شوون ولوون زوانەگەی خوەیان بین وە خاون دەسەڵات فەروانێگ. هەر ئی کاریشە بی وە هووکار ئەوەی ک زوان فارسی جوور زوان سمبوڵ دەسەڵات نیشتمانی لای فارسەگان و هەمیش جوور پاڵپشتێگ ئەڕا نەتەوەسازیی ئێرانی ئستفادە لە لێ بکەن.

ئەڕا پشتیوانی لەی نووڕینە بایس ئاماژە وە مادەی ٤ لە قانوون بنەڕەتی هەڵوژاردنەیل ساڵ ١٩٠٦ لە ئێران بکەیم لە بارەی شەرت و مەرج ئەڕا ئەو کەسەیلە ک خوازن خوەیان هەڵوژنن :



یەکم: مەشیا فارسی وە خاسی بزانن.
دووێم: مەشیا خاون سەواد فارسی بون.
سێهم: مەشیا رەعیەت ناوخوە بن.

ئایەم توانێد بۆشید ک یەکێگ لە گرنگترین ئەرکەیل بنەڕەتی دەوڵەت-نەتەوە ئیەسە ك زوان دەوڵەت پێشبکەفێت و هەمیش پتانسیڵ جێوەجێ کردن کار و ئەرکەیل مودێڕن بگرێدە وەرەسەی خوەی. ئەڕا وێنە ئیمە دۆنیمن ک کەسەیل دەسەڵاتدار لە ئێران وە پشتیوانی دەسەڵات سیاسی و قانوون نەخش و کارگەری زوان جێ پەسەند خوەیان لە بوارگەیل سیاسی و کوومەڵایەتی کلک نیشان کەن و هەر لەیوا لە بوار پلەبەندی زوانی و پرستیژەو، زوانەگەی خوەیان رەسننە ئاست فرە بەرزێگ. ئیسە ئیمە ئەگەر نووڕگەی کەسێگ جوور (Anthony Liddicoat) وە بنەوا بگریم ئەڕامان دەرکەفێت ک یەکێگ لە ئەرکەیل گرنگ دەوڵەت ئێران لە ١٠٠ ساڵ وەرین تا هێمان کولونیزەکردن زوان و فەرهەنگ کەمایەتیەیل نەتەوەیی ترەگ و زاڵ کردن زوان فارسی بیە لە بوارگەیل پەروەردە، وەرێوەبردن و مەدرەسەکان یا خوەنینگەگان. لە راسییا، بەرد بناخەی پرۆسەی کولونیالیزم ئێرانی و تەقەلا ئەڕا وە فەرمی کردن زوان فارسی تایبەت وە نەتەوەی فارس وە سەر زوان کوردیا هاووەختە وەگەرد وەدەسەڵات رەسین رەزخان لە رێ کودەتاوە لە ساڵ ١٩٢١ و خوەی ناساندن جوور پادشای فارسەگان (King of Persia).

جێ وەتنە (رەزا خان) هەر جوور (کەماڵ ئەتاتورک) هەوەجە وە دەوڵەت یەکدەس و ناوەندگەرا (Centralised State) بی و هەر وەی بوونەوە ، بابەت وە فەرمی ناسین و سەپانن زوان فارسی جوور یەکێگ وە

کارکردەیـل کولونیالیـزم ئێرانـی لـە بوارەیـل پـەروەردە و فێـرکاری، جێوەجـێ کریـا. ئاچنـەو بایێتـوە، لـە سـاڵ ١٩٢٣ سـەرووکوەزیرەیل ئـەو وەخـت ئێـران لـە رێ نـاردن بەخشـنامەیگ ئـەڕا تەمـام ئوسـتانەیل غەیرفـارس داوا کـەی ک بایـەس زوان فارسـی لـە تەمـام مەدرەسـەگان بـوود وە زوان قسـەکردن و نۆسـان و تەنانـەت مالمەگانیـش بایـەس لـەر وەخـت فێـرکاری وە زوان فارسـی قسـە بکـەن. لـە لایـگ تـرەو، رەزا خـان وە کەڵـک وەگرتـن لـە دەسـەڵات سیاسـی خـوەی زوان نەتـەوەی فـارس داسـەپنێت وە سـەر زوان کەمایەتیەیـل نەتەوەیـی ژێـردەس کولونیالیـزم ئێرانـی ک ئیـە خـوەی جوورێـگ لـەو چەمکەیـل یـا کارکردەیلەسـە ک دەوڵـەت- نەتـەوەی مـودڕن ئێرانـی لـە سـەرێ دامەزریایـە.

دەسـەڵات داگیـرکار ئێـران ئـەڕا رەسـین وە مەرامەیـل خـوەی کەڵـک لـە زوان وەرگرێـت و ئـەڕا چەسـپانن سیاسـەت داگیـرکاری خـوەی تەقەلاکـەی ک مەسـەڵەی کولونیالیـزم لـە رێ زوانـەو لـە هـۆر، نووڕیـن و تەنانـەت قسـەکردن رووژانەیـش لـە نـاو کوومەڵـگە، نورمالیسـێرا بکـەی. چـۆن ک وە قـەوڵ (Woolard) سیاسـەت یـا ئیدیولـوژی زوان پێکهاتییـە لـە کوومەڵێـگ نمایـش یـا جۆلـە ک گـوزارش لـە پەیوەنـدی نەپچڕیـاگ لـە بەیـن زوان و ئنسـان لـە ژیانـی کوومەڵایەتـی و رووژانـە کـەی. هـەر وەی خاتـرە، ئیمـە دۆنمـن ک زوان کـوردی هـەر لـە زەمـان پەهلـەوی تـا هێمـان گـەرد گیچەلەیـل فرەیـگ رۆەڕۆ بیـە ک بێگومـان مـدوو یـا سـەوەو ئـی کاریچـە هەڵەوگەردیـەد ئـەڕا لای سیاسـەت کولونیالیـزم وە لایـەن دەوڵەتەیـل یـەک لـە دۆای ئێـران تـا رەسـێتە ئیسـە. وەلـێ ئـەڕا خاسـتر ئەوڕەسـین لـە سیاسـەت و مەرامەیـل کولونیالیـزم دەوڵـەت ئێـران خـەراو نیـە ک لـە خـوارەو ئامـاژە وە چـەن خاڵێـک بکەیمـن و بزانیـم سیسـتم داگیرکـەر وە چ لەونێـگ زوان کـوردی، تـەن و هـوور ئنسـان کـورد داگیـر کردێیـە؟

- **سیستم کولونیالیزم ئێران ئەڕا جێوەجێ کردن سیاسەتەیل داگیرکەری خوەی یەکم جار ژئوگرافیا و ژینگەی سیاسی، کوومەڵایەتی، فەرەنگی و ئکنوومی رووژهەڵات کوردستان داگیر کردێیە و لە شوونێ زوان فارسی سەپانیەس وە سەر مەردم کوردا هەر لە گەورە شار کرماشان تا لە ماکووەو دەرچوود.**
- **هامێتەکردن زوان فارسی وەل کوردیا یا فرە جار لە رێ پێشخستن یەی کونسپت خەیاڵی و دەس ساز وە ناو (فارسی کرماشانی) تەقەلا کەیت ک وە هەر جوورێگ بیەس کودەیل زوان کوردی بشێوێنێ یا کارێک بکەی ک کوردەگان زوان داڵگیان لە وەرچەویان بکەفێ یا بێقوربەو بوو.**
- **وە ئستانداردکردن یا وە فەرمی کردن زوان فارسی لە تەمام بوارەیل پەروەردە و مودیریەت و وە مەبەست سەپانن زوان نەتەوەی داگیرکەر و هەمیش زەفت کردن و بنوڕ کردن زوان کوردی.**

لـە بـوار سوسـیو-ئکنومیوە (Socio-Economic) وە، زەینەتێـگ لـە نـاو مـەردم دروس کـەی ک فێـر بیـن زوان فارسـی مـەرج بنەڕەتیـە ئـەڕا پەیاکـردن کار و مەیشـەت رووژانـە. لـە رێ ئـی سیاسـەت داگیرکەرانـەوە یـەی ژینگـە ساز کـەی ک بەردەنگەیـل زوان کـوردی ناچـار بـوون ک زوان فارسـی جـوور درەوەچێـگ ئـەڕا پێشـکەفتن و پەیاکـردن کار بۆنـن.

سیسـتم کولونیالیـزم ئێـران ئـەڕا رەسـین وە پلانەیـل خـوەی کارێـک کردێیـە ک تەمـام کاروبارەیـل کوومەڵاتـی هـەر لـە سـەنەدەیل لـە داڵـک بینـەوە تـا رەسـێدە بەرگـەی لـە دنیاچیـن گشـتیان وە زوان نەتـەوەی فـارس، جێوەجـێ کریەد.لـە نـاو ئەچنـەو سیسـتمێگ، لـە جـێ ئەویـەک هـاوردن زەمینـەی هاوسـان ئـەڕا پێشـکەفتن زوان و ناسـینەی نەتەوەیـل تـرەگ، دەوڵـەت مـودڕن خـوەی لـە سـەر بنـەڕەت دوچەوەکـی و وە کویلـە کـردن ئەندامەیـل کوومەڵـگـە دامەزراتییـە. وە مانایـگ تـر، سیسـتم دەوڵـەت – نەتـەوەی ئێـران یانـێ یـەی دەوڵـەت مـودڕن لـە نـاو

سیسـتم مۆدڕنیتـەی کاپیتالیـزم و لەیـوا بیـە وە خـاون خسـڵەتەیل کولونیالیسـتی. وە قـەوڵ واڵتـر میگنۆلـۆ (Walter Mignolo) چمـک مودڕنیتـە ئـەڕا خـوەی جوورێـگ یـا ئێگوییکـی ئاڵشـتکریاگ سیسـتم کولونیالیزمـە.

ناوبریـاگ هـا لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە ک سیسـتم کولونیالیـزم ک لـە بنـج و بناوانـەوە لـە ئرووپـاوە هاتێیـە و یەکێـگ لـە مەمەرەیـل پەیابیـن هـۆر مدڕنیتیـەس چـون ک هـۆچ مودڕنیتەیـگ وە بـێ سیسـتم کۆلونیالیـزم دروس نەویـە. هـەر چـەن دەوڵـەت کولونیالیـزم ئێرانـی لـە ئارگومێنتەیـل یـا دیسـکورس سیاسـی خـوەی فـرە تـەڵاش کـەی ک حەقیقـەت کولونیالیزمـی خـوەی بشـارێدەو وەلـێ ئمـرووژ دی هـەر فەردێگـی کـورد وە دڵ و گیانـەو هەسـت وە شـونوارەیل و کارگەریەیـل خەتەرنـاک داگیـرکاری دەوڵـەت ئێـران وە تایبـەت لـە سـەر زوان داڵگییـان کـەن. لـە حـاڵ و رووژ ئیسـە، بـەش زوورم کوردەیـل پـەی وەی راسـیە بردنـەس ک ئـەڕا چـە لـە خوەنـدن و نۆسـان وە زوان داڵگییـان جـوور مافێکـی گەردۆنـی بێبەشـن.

سیاست زوانی لە ئێران
(Language Policy in Iran)
ئیپریالیـــــزم زوان، لـــــــینگویسیزم (نـــژاد پەرەسی زوان) لـــــــینگویسید (کوومەڵ کـــوشی زوان)

هـەر ئـەو جـووره ک لـە بـان بـاس کردیـم، سـاڵ ١٩٠٦ وەیـلاوە یەکمیـن قانـون بنەڕەتـی ئێـران وە لایـەن پەهلەویـەگان لـە ئێـران پەسـەن کریـا و لەیـوا زوان فارسـی بـی وە تاقـە زوان رەسـمی لـە وڵاتێکـی فـرە زوان -Mul tilingual country) . لـە هـی راسـا، یەکمیـن گام یـا هەنـگاو ئـەڕا سـەپانن زوان فارسـی وە سـەر زوان کەمینەیـل تـرەگ ئێـران وە پشـتیوانی قانـون بنەڕەتـی و لـە چوارچـوو سیاسـەت زوانـی ئـەو وەخـت ئێـران دەسـوەپێکرد . ئامانـج سـەرەکی ئـی کاریشـە لـە لایـگ قایـم کـردن پایـە یـا کوڵەکەگەیـل ناسـیونالیزم فارسـە و لـە لایـك تـرەو، ئتـوار بەخشـین وە حوکمڕانـی نەتـەوەی بـاڵادەس ئـەڕا وە رەسـمی ناسـین زوان فارسـی جـوور تاقـە زوان لـە ئێـران ئەویـش لـە رێ جێوەجـێ کـردن یـەی سیاسـەت کولونیالیسـتی .

لەیـوا دۆنمیـن ک زوان فارسـی و سیسـتم دەوڵەت-نەتـەوەی ئێرانـی لـە قـەڕن وەریـن یـا گوزەشـتە تـا ئیسەیشـە وە پشـتیوانی سیاسـەت زوانـی خوەیـان نەخـش وەرچەوێـگ داشـتنە لـە ئیسـولەکردن و داگیرکـردن هـۆر و زەیـن فـەرد کـورد. وەپـای نووڕیـن شـوجاعی ئـی پەدیـدە تازەیـە تەنیـا وە داگیرکـەری ئاسـایێگ پێناسـە نیەکریـەد چویـن ک لـە شـون داگیرکـردن و کولونیزەکـردن سیاسـەتێگ دەسـوەپێکەی ک وە ئمپریالیـزم

زوان ناودەنـگ دەرکردێیـە. ئمپریالیـزم زوان ئـەڕا جـار یەکـم وە لایـەن ڕۆبـرت فیلیپسـون (Robert Phillipson) ئـستفادە لـە لـێ کریـاس و ئـی پێناسـە فرەتـر لـە بنەوایـل تئورییەیـل گالتونگـن (Galtung) وە نزیکـە. چـون ک گالتونـگ بـاس لـەوە کـەی ک هژمونـی یـا نفـوز زوان ناوەنـد و نەخـش سـازمانەیل سـەر وە حوکمـەت بـوود وە مەمـەر بـاڵادەس بیـن زوان وڵات کولونیـاڵ. وەلـێ روبـرت فیلیپسـون ، ئـەو ئایدیایە لـە بـوار زوانەوانییـا وەرفراوانتـر کـەی و هەمیـش کلـک نیشـانی کـەی ک ئمپریالیـزم زوان لـەوەر دو مـدوو، کارگـەری لـە سـەر شـێوەیل ئمپریالیـزم دێـرێ. یەکـم وەخاتـر ئـەوەی گ یـەی پەیوەنـدی راسـاڕاس وەل فـورم (زوان جـور وەسـیلەی ئنتقـاڵ ئایدیـاکان) دێرێـد، دوێـم لـەوەر ماتەواگـەی.

لـە بـاوەت مەمـەر یەکـم، زوان وەسـیلەی سـەرەکی دیالـۆگ یـا چەوپێکەفتنـە وە مەبـەس وەیەکـەو بەسـان یـا لکانـن تەمـام لینکـەکان لـە گشـت بوارێـگا. چـون ک مـەرج بنەڕەتـی هـەر دیالـۆگ یـا چەوپێکەفتنێـگ، ئەوڕەسـین دولایەنـەس لـە سـەر بنـەڕەت کودەیـل هاوبـەش. ئیـە وەو ماناسـە کـە خـاڵ مەرکـەزی (Nodal Points) ئـی کودەیلـە لـە کونتکسـتێکی ئێرانـی زوان ناوەنـد یانـێ زوان فارسـی . وە مانایـگ تـر، ئمپریالیـزم زوان هەڵگـر یـەی هـۆر تریشـە وە نـاو ئمپریالیـزم فەرەنگـی.

لـەی راسـا ، ئمپریالیـزم زوان نەخـش گەورایـگ دێـرێ ئـەڕا پراکتیزەکـردن ئمپریالیـزم کوومەڵایەتـی، کـە ئەویـەک هاتێیـە لـە ئنتقـاڵ دان نـورم و هەڵسوبنیشـەیل ئوڵگویـی ئـەڕا لای یـەی سـتروکتور کوومەڵایەتـی، ک ئەوانیـش هـەر کامیـان وە نەوبـەی خویـان لـە نـاو کونسـپت زوان ناوەنـدا شاردیانسـەو.

ئـی گیچەڵـە وەختێـک دیاریـەو بـوود ک کارگـەری کوومەڵایەتـی خـوەی وە سـەر گرووپێگـی تـرەگ بسـەپنێت، ئـەڕا نموونـە زوان فارسـی نەخـش بنەڕەتـی لـە سیسـتم ئامـوزش و پـەروەرش لـە رووژهـەڵات کوردسـتان دێـرێ و نورمەیـل ئجتمایـی نەتـەوەی فـارس ئنتقـاڵ دەی ئـەڕا لای ژینگـەی فـەرد کـورد چـۆن ک ئمپریالیـزم زوان فارسـی زاڵ بیـەس وە سـەر زوان و جوگرافیـای نەتەوەیـل تـرەگ بێجگـە لـە نەتـەوەی فـارس. وە مانایـگ تـر، زوان فارسـی لـە چوارچـوو مەکانیزمێـک جۆلیـەت ک لـە ناویـا دەسـەڵات، قـودرەت و سـەرچەیل وە شـکڵ ناهاوسـان بـەش کریانـە. هـەر وەی خاتـرە لـە نوورگـەی لینگویسـیزم یـا نژادپەرەسـی زوان ئـی گیچەڵـە یـەی چەمـک سـنتراڵە لـە نـاو کونتکسـت ئـی بابەتـە .

کەسێـگ جـوور تووڤـی سـکوتناب کانـگاس (Skutnabb-Kagnas) هـا لـە سـەر ئـی بـاوەڕە ک لینگویسـیزم ، یـەی دیـاردەی پاراڵێلـە وەل راسیزم(نژادپەرەسـی) ، یانـێ ئـی پەدیـدە مەجموعەیـک ئیدولـوژی، سـتروکتور و پراکتیکـن ک هـەر کامیـان وەکار تیـەن ئـەڕا رەوا بیـن، وە قانونـی کـردن، پەیرەوکـردن و دوارە تولیدکـردن یـا دابەشـکردن ناهاوسـان قـودرەت و سـەرچەوەیل مـادی و مەعنـەوی لـە بەیـن گروپەیـل کوومەڵگـە لـە سـەر بنـەوای زوان.

ئایـەم توانیـد تاریفەگـەی سـکوتناب- کانـگاس لـە سـەر کەیـس کوردیـش لـە رووژهـەڵات کوردسـتان تەبیـق بیـەی، چـون ک لـە ئیدولـوژی رەسـمی ئێـران و وە پـای قانـوون بنەڕەتـی ئـی وڵاتـە، فارسـی تاقـە زوان رەسـمیە بـێ ئـەوەی گ لـەی بـارەوە پرسـیار لـە نەتـەوەی کـورد و نەتەوەیـل تـرەگ غەیرفـارس کریـاوی ک ئایـا ئامادەن زوان فارسـی بکریـەد وە زوان رەسـمی لە ئێـران؟

یەکێـغ لـە ئەنجامەیـل راسـاڕاس لینگویسـیزم بـووت وە مەمـەر دیـاردەی لینگویسـید یـا کوومەڵکوشـی زوانـی. ئیمـە لەیـرە دۆنیمـن ک یـەی فاکتـەر چـالاک وە ئەنقەسـت خەریکـە بـوود وە بایـس مـردن زوانێـگ تـر ئـەڕا وێنـە زوان کـوردی. ئـی کارە

هەمیش توانێد جوورێگ لە لینگویسید حەساو بکریەت، چون ک سیستم جموری ئسلامی ئامادە نەویە نە زوان کوردی نە زوانێگ ترەگ بیچگە لە فارسی لە سیستم پەروەردەیی، مودیرییەت و ئکنومیدا ئەنتەگرە بکەیت و وە پای قسەی شوجاحی ئی سیاسەتە ک دەوڵەت ئێران وەرانوەر وە زوان کوردی پەیرەوی کەی ، جوورێگ لە سیاسەت لینگویسیدە.ئاچنەو بایتوە، دەوڵەت ئێران وە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەت زوانی، تەلاش کەی ک هژمونی زوان فارسی وە سەر زوانەیل ترەگ داسەپنێت.

یانێ دەوڵەت وە پای قسەی کەسەیلێگ لە وێنەی (Jernudd & Rubin)وە دانان پلان و نەخشەی سیاسی کار ئەڕا شێوانن و دەستکاری کردن سیستم کودەیل زوانی کەن.دەوڵەت ئەڕا پێش خستن و جێوەجێ کردن

(Implement) پلان سیاسی خوەی تەقەلا کەی ک زوان جێ پەسەن خوەی جوور خاسترین بژاردە یا ئاڵترناتیف زاڵ بکەی وە سەر زوانەیل ترا.

ئەڕا جێ خستن ئی کاریشە پەنا بەیدە ویانکەیل جوورایجوور ئەڕا وێنە فڵانە دیالکت یا زوان وە قەوڵ د.ڕەحیم سورخی وە نوقسان یا فەلەج دەنەی قەڵەم و هەر وەی خاترە بەردەنگەیلی یا ئەو کەسەیلە وەو زوانە قسە کەن جوور کەسەیل نەخوەش حەساو ئەڕایان کەن و هەمیش بایس کێلیان بکەن ئەڕا لای تاقیگەی لێهاتوویی زوان فارسی .

ئامانج لەی سیاسەتە یا مەرام گەن و داگیرکەرانەی دەوڵەت باڵادەس ئەڕا ئەوەسە ک زوان کەمایەتیەیل نەتەوەیی وە دەسپێچگ پڕ و پوچ بنوڕ بکەن و لە وەرانورا ئایەمێگ یا تاکێگ دروس بکەن ک جێ پەسەن دەوڵەتێگ بوود ک خاک و زوان نەتەوەی ژێردەس، داگیرکردێیە. لە لایگ ترەو، دەوڵەت وەی کار خوەیە دوچەوەکی لە بەین گروپەیل کومەڵایەتی دروس کەی وەو مانێگە ک سیاسەت زوانی (Language Policy) مەکانیزم یا نەخشە رێیێگە ئەڕا کلک نیشان کردن پایگای یەی زوان دیاری کریاگ لە ناو بەشەیل کومەڵایەتی یەی کومەڵگە و لەی رێیەو نەخش و کارگەری زوانە دەرێخەی ک دەسەڵات سیاسی و سەرچەوەیل ئابووری ها دەس چ لایەنێک.

ئەگەر باید و هژمونی خوازی دەوڵەت داگیرکەر ئێران لە رێ زوانەو بلکنیم وە کەیس زوان کوردی لە رووژهەڵات کوردسان پەس ئەڕامان دەرکەفێد ک دەوڵەت نەک هوچ قورب و هورمەتێگ ئەڕا حەقیقەت فرەزوانی (Multiilingualism) نەیرێ بەڵکوو جوور جاران پا لە بان سیاسەت تاقەزوانی یا یەی زوانی (Monogfualism) خوەی دایەسە گەز و هەر لەیوا لە چوارچوو زاڵ کردن زوان فارسی وە سەر زوان کوردی و زوانەیل ترەگ لە ئێران درەیژە وە سیستم کولونیالیستی خوەی دەی. وە مانای ترەگ، وە پای قسەی سورخی ،ئامانج لەی سیاسەتە تەنیا ئەڕا لە ناوبردن و بێقورب کردن زوان نەتەوەگەیل ژێر دەس نەتەوەی باڵادەس بیە لە رێ کەڵک وەرگرتن لە چەمک (Verbal hygine) یانێ سڵامەتی یا تەندروستیی بوار زوان .

دەوڵەت داگیرکەر لەی رێیەو تەلاش کەی ک زوانەگەی خوەی وە دەسپێچگ پارێزان یا (فارسی را پاس بداریم) جوور یەی زوان پاک، سالم و جێ ئتوار نیشان بیەی و لەو لایچوور زوانەیل ترەگ ئەڕا نموونە زوان کوردی، جوور زوانێکی ناسالم و نوقسان کلک نیشان بکەی. هەر وە خاتر ئی سیاسەت نژادپەرەسانە دەسەڵاتدارەیل کولونیالیزم ئێرانی ئی چل چاوە لە ناو مەردما بڵاو کەنەو ک منالەیلێگ ک وە زوانێگی لەیوا قسە بکەن نەخوەشن و بایس ئەڕا ئەلاج یا چارسەری سەردان تاقیگەی توانستی یا لێهاتوویی زوان فارسی بکەن. لە گشتی ناخوەشتر ئەوەسە ک وەزارەت ئاموزش و پەروەریش ناو ئی سیاسەتە نەیتە(عەدالەت ئاموزشی).

ئەنجام

لـە بـوار مینەوانـی یـا تئـوری زوانناسـیەو دەرکەفتێیـە ک ناوەندەیـل ئاموزشـی زەرفیـەت ئـەوە دێـرن ک زوانەیـل تـرەگ ئاسـیمیلە بکـەن ئەویـش لـە رێ پیادەکـردن سیاسـەت زوان هژمونیـک وە پـای قسـەی جەیمـس تولفسـون (James Tolefson). هـەر لەیـوا ، دەوڵـەت داگیـرکار وە ناسـاندن زوان نەتەوەگەیـل ژێـر چەپـۆک جـوور زوانەیـل نوقسـان خـوازێ کارگەریـی لـە سـەر پرۆسـەی وە کوومەڵایەتـی بیـن (Socialization) منـاڵ و هامێتـە بینیـان وەل ژینگـەی خوەیـان هـەر لـە بنەماڵـەوە تـا کوومەڵگـە داشـتوی.

پـەس ،بێبەشـکردن مناڵەیـل کـورد لـە زوان داڵگـی خوەیـان یانـێ رمانـن پێـڵ بەیـن زوان داڵگـی منـاڵ و فەرهەنـگ و ئجتماگەیـان ک تەنیـا لـە رێ زوانـەو شـانس سـازکردن ئـی پەیوەندییـە هـەس. وە زوانێـگ سـادەتر و وە پشـتیوانی نوورِگـەی کەسـێگ جـوور مارتیـن گـواردادو (Martin Guardado) زوان یـەی وەسـیلەی گرنـگ و مانـادارە ک ئەندامەیـل هـەر کوومەڵگەیـگ ئـەرِا پەیوەنـدی وە ل مناڵەیلیـان و رەسـانن ئەرزشـەیل فەرهەنگـی و باوەرەیـل خوەیـان وە ئـەوان، هەوەجـە وە زوان داڵگـی خوەیـان دێـرن.

لـە گشـتێ حەسـاوتر، زوان پەیوەسـە وە مەسـەڵەگەیل ئجتمایـی و فەرهەنگـی و منـاڵ لـە پرۆسـەی وە کوومەڵایەتـی بیـن خـوەی بایـەس کەڵـک لـە زوان داڵگـی وەربگرێـت چـون ک ئـی کارە بـوودە بایـس دروس کـردن «هسـتی خـود»ی یـا خوەناسـین لای منـاڵ لـە رێ زوان داڵگـی خوەیـەو.وە گشـتی زوانناس وە ناوبانـگ جەهـان تراسـک (Trask) لـە یـەی پەشـپەکتیف تـرەو بـاس لـە ئەهمیـەت و کارگـەری دو زوانـی

(bilingualism) لـە سـەر مناڵەیـل کـەی. ناوبریـاگ ئۆشـێد ک سـاڵان فرەیگـە کونسـپت دوزوانـی بیـەس وە نورمێـگ ئـەرِا کوومەڵگـەی ئنسـانی. هـەر وەی خاتـرە ناوبریـاگ بـاس لـە داتاگەیـل جێ ئتـوار کەیـت و دەرێخـەی ک مناڵەیلێگ ک توانـای قسـەکردنیان وە زوان داڵگـی و زوانێـگ تـرەگ هـەس، خاسـتر و شـەفافتر توانـن مەبـەس و قسـەیل دڵ خوەیـان بارنـە سـەر زوان یـا پەیوەنـدی وەل چواردەوەوگەیـان دامەزرنـن لـە هەڵسـەنگانن وەل ئـەو مناڵەیلە ک تەنیـا لـە یـەی ژینگـەی تاقەزوانـی گـەورە بینەس.

ئیسـە لـە شـوون یـەی بـاس دۆرو درێـژ و ئانالیزکـردن لایەنەیـل تئـوری و ئەکادیمـی بابەتەگـە، وەخـت ئـەوە هاتێیـە ک لـەی بـەش ئاخـرە ئەنجامەیـل ئـی مینەوانەیـە بخەیمـە وەرچـەو خوەنەرەیـل و هەرلەیـوا وە پشـتیوانی داتایلێـگ ک لـە بـان ئامـاژە وەپێیـان کردیمـن جـواو پرسـیار بنەرِەتـی ئـی مینەوانیـە بیەینمـەو:

ئایـا زوان فارسـی چ نەخـش یـا کارگەرییـگ لـە پرۆسـەی دەوڵەتسـازی مـودرِن لـە ئێـران داشـتێیە و لـە شـوونێ ئایـا زوان کـوردی لـە ئەنجـام ئـی پرۆسـە ژینوسـاید کرِیایـە؟

جـێ وەتنـە دەسـەڵاتدارەیل یـەک لـە دوای یـەک ئێـران وە کەڵـک گرتـن لـە فانکشـنەیل یـا کارکردەیـل تـرم زوان جـوور یـەی چـەک ئیدولوژیـک، توانسـتنە هژمونیخـوازی خوەیـان وە سـەر ژئوگرافیـای سـەرزەمینێگ وە نـاو کوردسـتان بسـەپنن و وە لایـک تـرەو فەرهەنـگ نژادپەرەسـی زوانـی و هەمیـش کوومەڵکوشـی زوانـی دژ وە بەردەنگەیـل زوان کـوردی و ئـەودوای زوانەیـل تـرەگ بێجگـە لـە فارسـی پەیـرِەو بکـەن. فەراڕەوایەتەیـل مودرِنیتـەی کولونیالیـزم ئێرانـی، سیاسـەت زوانـی خـوەی لـە ژێـر کارگـەری هۆرشـەی کەمالیسـتی تورکیـە لـە سـەر بنـەوای تەنیـا یـەی زوان و یـەی نەتـەوە بەنـا نایـە.

نـە پەهلەویـەگان و نـە ئاخونـدەگان نەتوانسـتنە خوەیـان لـە دام فەرمانگەیـل مودرِنیتـە رزگار بکـەن . ئاچنـەو بایێتـوە، کولونیالیـزم وە مـودڵ ئێرانـی لـە رێ دامەزرانـن زوان فارسـی و وە پشـتیوانی داتـەک بنەرِەتـی وڵات، زوان کـوردی

گەرد هەڕەشەی گەورایگا رووەڕۆ بیە. وە مانایگ تر ئەو ژینگە یا ژئوگرافیایە ک فەرد کورد لە ناوێیا گەرد بەردەنگەیلێ قسە پێ کەی لە لایەن کولونیالیزم ئێرانیەو داگیر کریایە.

وە پشتیوانی سەندەیل دڵنیاکەر دەرکەفێ ک دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لە رێ سیاسەت زوانی و لە ئەنجام پرۆسەی دانان دەوڵەت مودڕن فارس لە ژێر شەوق پرۆسەی مودڕنیتە لە سەد ساڵ وەرین تا ئیسە سیاسەت تونوتیژی دژ وە زوان کوردی پەیڕەو کردێیە. دەوڵەت مدڕن فارس نەک ئامادە نەویە ک دگان بنەی وە فرەزمانی و فرەڕەنگی کوومەڵگەیل تر ئێرانا و یەی ژینگەی دموکراتیک ئەڕا وەل یەکا ژیان شارستانی دروس بکەی، بەڵکوو وە سیاسەت ئاگرسیڤ خوەی، زوان فارسی جوور زوان کولونیالیزم فارس سەپانیەس وە سەر نەتەوەی کورد و نەتەوەگەیل ترەگ.

فرە جێ داخە وەختێگ دۆنیمن ک مناڵەیل نەتەوەگەیل بێجگە لە فارس ک لە ئەوەڵ ژیانیانا هەتا وە مەدرەسە چێین تەمام سامان و سەرمایەیل کوومەڵایەتی، فەرهەنگی و زانستی خوەیان وە زوان داڵگییان چاشیەن، وەلێ لە مەدرەسەگەیل کولونیالیزم ئێرانی ناچارن زوانێگ هووکارە بن ک زوان یەی سیستم کولونیالیستیە یانێ کولونیالیزم نەتەوەی فارس.

ئی سیاسەتە لە حاڵێکدا وەرێوە چوو ک زوورم مینەوانەیل بوار پەروەردەیی و فێرکاری کلک نیشانی کردنە ک منداڵەیل تەنیا وە زوان داڵگی خوەیان توانن خاستر فکرەو بکەن یا ویروڕایل خوەیان بارنە سەر زوان. وە قەوڵ زوان‌ناس وە ناودەنگ (هارکورت) زوان جامەک یەی نەتەوەس و هەر نەتەوەییگ پێناسە، فەرهەنگ و ستروکتور واورێز وە خوەی دێرێ و تەمام ئی تایبەتمەندییەیلە لە رێ زوان داڵگیەو بەرجەستە بووت و مانا پەیا کەی. وەگشتی ئیسە وەو ئەنجامە ڕەسیمن ک زوان کوردی و ئەودۆای زوانەیل تر لە ناو یەی ژئوگرافیای ساختە وە ناو ئێران گەرد خەتەرەیل ئمپریالیزم زوانی و کوومەڵکوشی زوانی رووەڕۆ دەسەویەخە بینەس. لە گشتێ ناخوەشتر، دەوڵەتمەدارەیل فارس سیاسەت زوانی خوەیان تا هەیمەی نژادپەرەسی زوانیش بردنە.هە لەی راسا یەکمین ئەرک و وەزیفە کەفێدە بان شان سیاسەتمەدارەیل، ئەکادیمیسیونەیل و ئکسپرتەیل کورد ک پارێزان زوان کوردی نە تەنیا کارێگی نەتەوەیی نیە، بەڵکوو کارێگی ئخڵاقییە وە مەبەس پارێزان یەی میرات ئنسانی.

لـــه ئاچنـــەو حـــاڵ و رووژێـــگ
گاهــەس فــره ڕێچــاره و مــودڵ ئــەڕا
پارێــزان زوان و شــوناس کــوردی وجــود
بیاشــتوی .ئەکادیمیســیونەیل و مینەوانەیــل
بــوار زوان توانــن کارەیــل فرەیــگ ئەنجــام بیــەن
وەلــێ شــایەت خاســترین ڕێچــاره ئــەڕا رزگارکــردن
زوان کــوردی لــە دەس گیچەڵەیــل چــواردەوری ئــەوه
بــوو ک خــوەی لــە دەس داگیــرکاری سیاســی، ژئوگرافــی
و هەرلەیوایشــه ئکنوومــی کولونیالیــزم ئێرانــی نجــات بیــەی.
ئــەڕا رەســین وەی ئامانجــه بایــەس کولونیالیــزم ئێرانــی لــە رێ
رەوشــەنگەری و کارەیــل زانســتی لــە نــاو دەرویــن، زەیــن،
هــۆر و تــەن فــەرد کــورد بســڕیدەو ئەگــەر نــە کــورد لــە
رووژهــەڵات تــا ســاڵەیل فرەیــگ بایــەس لــە ژێــر
کارگــەری کولونیازلیــزم ئێرانــی و ڕەوایەتەیــل
مودڕنیتــە بناڵێــد و نکەجــڕی بکــەی.

01. Abrahaian, E .(2018) .A history of Modern Iran .Cambridge: Cambridge University Express.

٢. بهروز شوجاعی . فارسی، شەکری شیرین یان ژەهری هەلاهل: سەرەتایەك بۆ شرۆڤەکردنی ڕۆڵی فارسی لە ژینوسایدی زمانیدا. گۆڤاری تیشک، ژمارە: ٥٣. ساڵ ١٩٧٢ ی کوردی. ل: ٢٤ تا ٣٠

02. Cummins, J (2000). Language, Power and Crossfire.UK: Antony Rowe Ltd.

03. Fanon, F .(2008) Black skin, White mask .London: Pluto Press.

04. Galtung, J .(1980) The true worlds. A transnational perspective .New York: The Free Press.

05. Guardado, Martin .(2018) .Discourse, ideology and practice: Micro and Macro perspectives in language development and main tenance .Publisher :De Gruyter ،Mouton.

06. Halliday, M.A.K .(2010) .Language and Society .Edited by Jonathan Webster. Volume: 10, Bloomsbury Collections .

07. Hassanpour, Amir. (1992). Nationalism and language in Kurdistan 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.

08. Jernudd, R, etc .(1977) .Language planning process .The Hague: De Gruyter Mouton.

09. Kia, M .(1998) .Persian nationalism and the campaign for language purification .Middle EasternStudies. Volume: 34, Issue: 2. London: Taylor &Francis. (Journal).

10. Liddicoat, A .(2013) .Language- in- Education Policies: The Discursive Construction of Intercultural Relations .Bristol, UK: Multilingual Matters.

11. Mignolo, Walter (2011). The darker side of Western modernity: Global futures, decolonial options. Duke, University press

12. Mirvahdi, H(ed) .(2013) .The Sociolinguistics of Iran's Languages at home and Abroad :The case of Persian, Azerbaijani, and Kurdish. Palgrave Macmillan.

13. Phillipson, R.H.L .(2008) .Linguistic Imperialism .Oxford University Press.

٤١. ڕەحیم سورخی. گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا: لە داگیرکردنی کوردستانەوە بۆ بە" دامەزراوەکردنی زمانی فارسی تێیدا". گۆڤاری تیشک، ژمارە:٢٥، ساڵ: ١٩٧٢ ی کوردی.

15. Skutnabb-Kangas, T. (2000). Linguistic genocide in education or worldwide diversity and human rights? New Jersey: Law rence Erlbaum Associates.

16. Tollefson, J.W .(1991) .Planning language, planning inequality: language Policy in the Community .London: Longman.

17. William, R .(1961) .The long revolution .Middlesex: Penguin Books.

18. Woolards, K.A, etc. (1998). Language ideologies. New York:Oxford University Press.

HISHMAT KHOSRAWI
حشمەت خوسرەوی

فایلی تایبەت بە نووسەری کورد «حمەفەریق حەسەن»

حەمەفەریق حەسەن

بەرهەمێکی فەرامۆشکراوی شێرکۆ بێکەس
لێکدانەوەی " ژدانۆفیا" نەو ئەدەب . محمد غفور قەرەداغی
کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشێ
ئەستێرەیەک لە ڕۆژی ڕوونا
سێبەری ئەسپەشێ
بووک و زاوا
خالێکی ڕەش بەسەر شەقامە گشتییەکەوە
خاچ
قولاپی چاوەکان (١)
وەرزی کەوبووار
کورتەیەک لەسەر نووسەری کورد حەمەفەریق حەسەن

بەرهەمێکی فەرامۆشکراوی شێــرکۆ بێــکەس

ناوی خوازراو لەپای چی؟

خۆ ئـەم وتـارە، سیاسی نییـە تاکو نووسـەر ترسی ئـەوەی هەبێ، بکەوێتە بـەر هەڵمـەت و لێپێچینـەوەی دەزگـە نهێنییەکانی دەوڵـەت. وتـاری شێرکۆ بێکـەس، کـە لێرەدا ڕەخنەیـە، وتـاری ئەدەبییـە نـەک سیاسی. لـە گۆڤارێکی کولتووریـی ئاشکرادا، کـە دەوڵـەت خۆی پاڵپشتیی دەکات، بڵاوی کردۆتـەوە. ئایا وتارێک بـە ناوێکی وەهـا خـوازراوەوە، کە لای خوێنـەر نەناسراوە، زیاتر بـە هەند دەگیرێت یـان بـە نـاوی شێرکۆوە؟ کامیـان لای خوێنـەر، ئیعتیبـاری پتـرە، محمد غفور، کـە لـە کاغـەز دروست کـراوە و وەهمـە، یـان شێرکۆی شاعیر، کـە بوونـی بەرجەستەی هەیـە و لـە ژیاندایـە؟ خـۆ دەقەکانـی من، لـە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو بوونەتـەوە و کەسیش لـە گوڵ کاڵتـری پێ نەگوتـووم. ئەگـەر شێرکۆیش بـە نـاوی خۆیـەوە لەسـەری نووسیبان، کێشـەی بـۆ چێ نەدەبـوو. منیش ڕێزم لـە ماندوبوونـی دەگـرت و وەک چەپکـە گوڵ لێم وەردەگـرت.

لـە لایەکـی تـرەوە، ئایـا دەرکەوتـن بـە نـاوی وەهمییـەوە، نیشـانەی ئـەوە نییـە، کـە لەنێو کۆمەڵـی ئێمـەدا سـەختە بـۆ تـاک خـۆی چۆنـە ئاوەهـا دەربکەوێت؟ بۆچـی تـۆ بـە دەنـگ و ڕەنگی خۆتـەوە دەرناکەویت؟ ئایـا دەنـگ و ڕەنگـی تـۆ چ خەوشێکیان تیدایـە؟ کامیـان شێرکۆی ڕاستینەیە، ئەوەیـان، کـە لـە شیعرەکانیدا خـۆی دەنوێنێ، یـان ئەوەیـان، کـە دەمامکی پۆشیوە؟ وەختێ شێرکۆ، وەک ئاوخوردنـەوە، دەیتوانـی تـەواوی ئـەو دیـد و بۆچوونانـە بـە نـاوی خۆیـەوە بنووسێت، ئیتر بۆچـی پەنـای بـۆ دەمامـک بـردووە؟ ئایا ئـەو، متمانـەی بـە ڕا و بۆچوونەکانـی خـۆی لـەق بـووە؟ ئەگەریش نەشـارەزا بـووە، بۆچـی خـۆی ئاڵاندۆتـە ئـەم تەلزگەیـە؟ بـۆ بەرچاوڕوونیـی پتـر، هـەوڵ دەدەم پـەی بـە هۆکارەکانـی پشت نـاوە خـوازراوە ببـەم، وەرگریـش مەبەست و نیازەیلـی کاک شێرکۆی لا ڕوون بێـت.

(١) بـە نـاوی خـوازراوەوە دەنووسێت تاکـو سنوورەکانی نەریتـی بـاو ببەزێنێت و خوێنـەر نەزانێت ڕەخنەگرەکـە کێیـە؟ خـۆ ڕەنگـە بـەو نیـازەش بـێ، نووسـەری ڕەخنەلێگیـراو بخاتـە گێژەنـی دڵەڕاوکێـوە و گومـان لـە زۆر کـەس و لـە دەوروبـەری خـۆی بـکات. دیـارە گومانیـش ڕەوایـە؛ ئەگەرچـی دوای بڵاوبوونـەوەی بـە ماوەیەکـی کـەم، زانیمـان کـە محمد غفور یەکسـانە بـە کاک شێرکۆ. یـەک لەباری خـۆم، هیـچ گومـان لەوەیانـدا نابینـم، کـە نووسـەرێک تازەکـی یەکـەم کۆچیرۆکـی خـۆی بڵاوکردبێتـەوە، پێـی خـۆش دەبێـت کتێبەکـەی گرنگیـی پـێ درابـێ، چ جـای ئـەوەی بووبێـت بـە جێـی سـەرنجی شـاعیرێکی ناسـراو.



(٢) جار هەیە نووسین بە ناوی خوازراوەوە، لەو سۆنگەیەوەیە، گوایە بابەتی لەسەر نووسراو هەستیارە؛ ڕەنگە ئەگەر بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، ئەوا ڕەخنەگر تووشی کێشە بکات!

(٣) بەرهەمەکەی بابەتییانە و زانستییانە نییە، بەڵکو بە مەبەستی شێواندنی ناووداو و بەرهەمی نووسەرێک، نووسراوە.

(٤) ئەدیبان لە ناوچەکەی ئێمەدا، هەردەم لە کەرەکتەری سیاسی و دەسەڵاتی ملهوڕ ترساون، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ ناوی خوازراو دەبەن.

(٥) بۆ خۆشاردنەوەی سیاسەتکاری ئۆپۆزسیۆنە لە وەزەنی دەزگە سەرکوتکەرەکان.

(٦) بە نیازی گاڵتەجاری و لاقرتیکردنە بەم و بەو، بێ ئەوەی بزانرێ بکەر کێیە.

(٧) ڕەخنەگر جورئەتی گوزارشتی نییە، یان شەرمنە و پڕکێشی ناکات کارەکەی بە ناوی خۆیەوە و بەو شێوەیە دەربکەوێت، یان جورئەت ناکات ڕاستەوخۆ ئەو تێبینیانە بدات بە ڕووی نووسەردا.

(٨) ڕەخنەگر لە دۆخی دەروونیی ناجێگیردایە، متمانەی بە کەسیەتیی خۆی نییە، یان کێشەی لەگەڵ دەوروبەر و هاوڕێ نزیکەکانی خۆیدا هەیە.

(٩) بێمتمانەییە بە خودی خۆی.

(١٠) بە ناوی خوازراوەوە بێباکترە و ئازادتریش دەنووسێت.

(١١) تاکو خۆی لە وەڵام و بەرپەرچدانەوە دوور بگرێت.

(١٢) بۆ ڕاکێشانی سەرنج و جووڵاندنی لاپڕەسەنی و فزوولی وەرگرە. لە دۆخی وەهاشدا، هەم ناوە خوازراوەکە هەمیش ڕەخنەکە دەبن بە جێی گومان و سەرنج. وەک مەتەڵیان لێ دەێت، وەرگر هەوڵ دەدات ناوەکە هەڵبێنێ و ڕخنەکەیش بخوێننەوە. سەبارەت بە هەڵهێنانی ناوە خوازراوەکە، زەینی خوێنەر بە زۆر لادا دەڕوات. پێدەچێت ئەم ناوە خوازراوەی کاک شیرکۆ بۆ ئەم مەبەستەیش نەبێت؛ چونکە ئەو، تەنیا جارێک بە ناوی (محمد غفور)ەوە نووسویێتی. دووبارەی نەکردۆتەوە، تا ناوە خوازراوەکە گێژەڵووژکەیەک لە شیمانە و گومان بە دەوری خۆیدا بەرپا بکات. ئەم ناوە خوازراوەی کاک شێرکۆ، زیاتر دوو کەس بە خۆیەوە مژووڵ دەکات و خوێنەران بە خۆیەوە سەرقاڵ ناکات.

(١٣) هەندێک جار، ئەگەر ڕەخنەگر بە ناوی ڕەوای خۆیەوە بنووسێت و وەرگر بیناسن، ڕەنگە حوکمی پێشوەختی بەسەردا بدەن. وەلێ ئەگەر خوێنەران، پێشتر ڕەخنەگریان نەناسیبێ،

ڕەنگە ئەرێنی و ئاسایی ڕا و بۆچوونەکانی لێ وەربگرن. ئەم شیمانەیە زیاتر ڕێی تێدەچێ. چونکە زۆربەی خوێنەرانی ساڵانی حەفتا، سوور دەیانزانی کە کاک شیرکۆ لەگەڵ نووسەرانی بەرەی چەپدا ناکۆکە و خۆشی ناوێن، بۆیە هەرچییەکیان لە بارەوە بنووسێت، دەبێتە جێی گومان و ئەوەی دەیڵێ بابەتیانە و نیوتراڵ دەرناچێت. ڕەخنەیش زانستە، ناکرێ بئاڵێنرێتە ملانێی سیاسەتەوە. ناشێ دەقی ئەدەبی، بکرێتە قوربانی، بۆ پرسە نیشتمانی و سیاسییەکان.

(١٤) نووسەر هەبوون بۆ ئەوەی توانا و ئاستی بەرهەمی خۆیان بە باشی بزانن و لێی دوودڵ نەبن، دوای ئەوەی ناوداویان تەواوی وڵاتی تەنیوە، ئەوجا هاتوون بە ناوی خوازراوەوە ڕۆمانیان نووسیوە. لەوانە ئاجاسا کریستی. بەم دواییەش ستیفن کینگ، کاری وەهای کردووە. ئەم نووسەرە پڕ بەرهەمەیان، لە سەدەی ڕابوردوودا بە شوێن یەکدا ساڵی چەند ڕۆمانێکی بڵاوکردۆتەوە. بۆیە ئەو دەزگەیەی وا بەرهەمەکانی بۆ چاپ و پەخش کردووە، ئامۆژگاریی کردووە و پێی گوتووە: «وا چاکە کەمی بکەیتەوە بۆ ساڵی ڕۆمانێک» وەلێ کینگ گوێی بەم ئامۆژگارییە نەداوە. ساڵ هەبووە سێ ڕۆمانی بڵاو کردۆتەوە. بۆیە وێڕای ناوی خۆی، بە ناوی خوازراوی (ڕێچارد باشمان)ەوە حەوت دانە ڕۆمانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، دواجار کتێبفرۆشێک بە شێوازەکەیدا ناسیویتیەوە و لێفەی لەسەر ئەم ناوە خوازراوە هەڵداوەتەوە. بەڵام ئەم کارەی شێرکۆ بێکەس ناچێتە ئەم خانەیەشەوە.

ماریۆ بۆدینۆ، کە لەم بارەیەوە کتێبێکی ڕۆناوە، دەڵێت: «خۆ ناوی خوازراو بە ڕێکەوت نییە. بۆچی هەنری بێڵ، ناوی ‹ستاندال›ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: تاکو باوکی پێی نەزانێ و خۆی لە شەڕی بابی دوور بخاتەوە، کە ڕێزی کوڕی خۆی نەگرتووە. هەنری بێڵ-یش هاتووە ناوی ئەو شارەی وڵاتی ئەڵمانیای لە خۆی ناوە، کە بە سەربازی، لە سوپاکە ناپلیۆندا، لێی ژیاوە. «هەر ماریۆ بۆدینۆ دەڵێت: «جار هەیە، ناوی خوازراو مەبەستی قەڵسکردن و وروژاندنی لەپشتەوەیە!»

جا چۆن دەکرێ ئێمە بڕوا بە ڕاو سەرنجی مرۆڤێک بکەین، کە ئەو خۆی لێ شاردبینەوە؟ ئاخر هزرین گوزارشتە لە کەسیەتیی تاک. بەها و ئیعتیباری هزرین و ڕا و بۆچوونەکان، وابەستەی خاوەنەکانیانن. وەختێ خاوەن ڕا جورئەت نەکات ڕووی خۆی پیشانی خوێنەر و خاوەن بەرهەم بدات، ئیتر هزرین و ڕێنماییەکانی ئەو هەرچی بن و لە هەر ئاستێکدا بن، بێ ئیعتیبار دەمێننەوە. ئەو خۆشاردنەوەیەش یەکسانە بە خۆشاردنەوەی کەسیەتی. پێشمان دەڵێت: ڕەنگە کێماسییەک لە وتاری نووسەرەکەیدا هەبێ. ئەوان وەختێ ناوی ڕاستینەی خۆیان دەشارنەوە، هاوکات کەسیەتی و ناسنامەی خۆیان دەشارنەوە. واتە دەبن بە مرۆڤی کەسیەتی و ناسنامە نادیار. چونکە ناوی تاک بەشێکی گرینگە لە ناسنامەی هەر مرۆڤێک و شانازیشی پێوە دەکات.

• ئاماژەکانی پشت ناوە خوازراوەکەی کاک شێرکۆ چین؟

پێشتر لەسەر زاری ماریا بۆدینۆوە گوتمان: «ناوی خوازراو بە ڕێکەوت نییە» واتە هەر ناوێکی خوازراو، نووسەر هەڵیبژێرێت بێ مەبەست و واتا نییە؛ بەڵکو چیرۆکێکی هەیە. کەواتە مانا و ئاماژەکانی پشتی ناوە خوازراوەکەی هێژا شێرکۆ بێکەس، کە ‹محەمەد غفور قەرەداغی› یە، چین؟ هەڵبژاردنی ئەم ناوە بە هەر نیازێک لەو نیازانە بێت، کە من لە سەرەوە ڕیزم کردوون؛ زیاتر ڕووی لە منی خاوەنی چیرۆکەکانە. ناونیشانی بابەتەکەیش «لێکدانەوەی ژدانۆڤیانە و ئەدەب» زیاتر ڕووی لە کاک فوئادی ڕەخنەگرە! بۆچی وەهایە و چۆن؟

(١) با من پاشناوی قەرەداغی-شم هەڵنەگرتبێ، بەڵام قەرەداغ زێدی منە و لەو دەڤەرە لە دایک بووم. واتە «قەرەداغ» بۆ بێزارکردن و تووڕەکردنی منە.

(٢) دەشێ ڕێزدار شێرکۆ بێکەس، وای بۆچووبێ، کە ناوی کەسە نزیکەکانیشم وەک ناوی من ئاوێتە «مرکب» بن. یان دەشێ لە ڕووی پەرۆشییانەوە بۆ ئاین، هەڵگری ناوی عەرەبی و ئیسلامی بن. بۆیە ویستوویەتی وەهمی ئەوە بە من و بە خوێنەریش بدات، گوایە ئەم وتارە لە لایەن کەسێکی نزیکی خۆمەوە، کە دەشێ ناحەزم بێت نووسراوە! ئەو دەیەوێ بڵێت: ئەوەتا کەسێکی قەرەداغی یان کەسێکی زۆر نزیکی خۆی بە ئاوایەکی نەرێنی لەسەری نووسیوە؟

هەر یەکێک لە ئێوە، کەم تا زۆر، دوور یان نزیک، شێرکۆ بێکەس- تان (١٩٤٠-٢٠١٣) ناسیوە. ئەو بە پلەی یەکەم شاعیر بوو. یەک لە باری خۆم، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شاعیرێک گومان نابەم هێندەی ئەو پڕبەرهەم بووبێت. ئەو وێڕای شیعر، دەستی بۆ ژانری تریش بردووە. بەلاتەوە سەیر نەبێت، ئەگەر بڵێم ڕەخنەیش یەکێک بووە لەو ژانرانە.

شێرکۆ، ساڵی ٢٠٠٩ تەواوی بەرهەمی خۆی، لە سنووری هەشت هەزار لاپەڕەدا چاپ کرد. لەوێدا، شێرکۆی شاعیر، لێبڕا ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی خۆی، کە پێیانەوە ماندو بووە، ئەفەرۆز بکات و نەیانخاتە تەک کارە چاپکراوەکانی. من لێرەدا، تاکە بەرهەمێکی ئەوم مەبەستە و لە بارەیەوە دەدوێم. ئەو، هۆکاری ئەم پشتگوێخستنەشی باسنەکردووە. ئەم دەقەشی، کە لێرەدا لە بارەیەوە دەدوێم، پێوەندیی مکۆمی بە چیرۆکەکانی منەوە هەیە.

دەشێ تۆی خوێنەر لێم بپرسیت: بۆچی هەتا خۆی لە ژیاندا بوو، ئەم باسەت نەورووژاند؟ هەقتە پرسیاری وەهام لێ بکەیت. منیش لە وەڵامدا دەڵێم: ئاخر من چاوەڕوان بووم، ئەو وتارەیش لەگەڵ کۆبەرهەمی ئەودا، چاپ بکرێت. بەڵام ئەوەبوو خۆی ئەم کارەی نەکرد؛ ئیستاش نەچووە بچێت. وەک دەڵێن: ماسی هەر وەختێک بیگریت هەر تازەیە! وێڕای ئەوەی نووسەری هێژا فوئاد مەجید میسری، لە کاتی خۆیدا بە درێژی وەڵامی ئەم وتارەی کاک شێرکۆی داوەتەوە. زۆر نووسەریش هەن، دوای ئەوەی کۆچی دوایی دەکەن، دەبن بە جێی سەرنجی توێژەران. هەن تازەکی لەسەر بەرهەمی فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن دەنووسن.

شێرکۆ، ئەم بەرهەمەی خۆی، کە بە سەردێڕی [لێکدانەوەی ژدانۆڤیانە و ئەدەب]ە، لە ژمارە[٦٩ی ڕۆشنبیری نوێ، مانگی ئابی ساڵی١٩٧٨] دا، بڵاوکردەوە. دەقەکە پڕ بە شەش لاپەڕەی ئەو گۆڤارەیە و نزیکەی سێ هەزار وشەیە. وەلێ شێرکۆ بێکەس ئەم دەقەی بە ناوی [محمد غفور قەرەداغی] یەوە بڵاوکردەوە! تۆی خوێنەریش مافی خۆتە بپرسێت: بۆچی شێرکۆی شاعیر، ئەو بەرهەمەی خۆی بە ناوی خوازراوەوە بڵاوکردۆتەوە؟ تاوێک لێم بوەستە، هەتا من وەک هێلکەی پاککراو، وەڵامی پرسیارەکانت بخەمە بەردەست.

وەختێ وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە، ئەوسا تۆی خوێنەریش دەزانیت، بۆچی شاعیری کۆچکردو، ئەم بەرهەمەی خۆی؛ کە ڕەنجی لەگەڵدا کێشاوە و پێوەی ماندو بووە، ئەفەرۆز کردووە و دەروازەی کۆبەرهەمی خۆیشی بە ڕوودا کڵۆم داوە؟ با سەرەتا ڕۆشنایی بخەینە سەر ناونیشانی وتارەکەوە.

• ژدانۆڤیا چییە؟

جەدانۆڤیا، کۆمەڵە پرەنسیپێکە بە جەدانۆڤ خۆیەوە وابەستەیە، کە ناوی تەواوی ئەو ئەندرێ جەدانۆڤ–ە. جەدانۆڤ (١٨٦٩–١٩٤٨) بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتی ئۆکرایینە. ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی جۆزیف ستالیندا، میلیتار، بیرمەند و سیاسەتکارێکی بە توانای یەکێتیی سۆڤیەت بووە. ئەو ماوەیەک حاکمی گەورە شاری لینینگراد بووە. ماوەیەکیش وەزیری فەرهەنگ و ڕاگەیاندنی یەکێتیی سۆڤیەت بووە و ڕاوێژکاری فەرهەنگیی خودی ستالین بووە.

جەدانۆڤیا، پرەنسیپێکە خۆی ڕەنگی بۆ ڕشتووە و لە سەردەمی حوکمی جۆزیف ستالیندا پەیڕەو کراوە. بەپێی ئەو پرەنسیپە، دەبوو تەواوی داهێنانەکانی بواری فەرهەنگ، وەک ئەدەب و هونەر، بخرێنە خزمەتی حزبەوە و بۆ دژایەتی فەرهەنگی چینی بۆرژوای، وڵاتانی خۆرئاوا بخرێنە کار. وێڕای ناردنی یارمەتیی بێسنوور بۆ حزبە کۆمۆنیستەکان لە تەواوی دونیادا، تاکو ئەو حزبانە بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و بخەبتن. جەدانۆڤ، لە بواری هونەر و ئەدەبدا دژی فۆرمالیستەکان بووە. ئەو تەکنیک و شێوەی (فۆرم) بەلاوە مەبەست نەبووە، بەڵکو ئەو زیاتر گرنگیی بە ناوەڕۆکی دەقە هونەری و ئەدەبییەکان داوە. جەدانۆڤ ڕووناکبیر و سیاسەتکارێکی بە هیمەت و زۆرزان بووە. ئەو یەکێکیش بووە لەوانەی، کە هزری مارکسیزمی دەوڵەمەندتر کردووە. جەدانۆڤ خاوەنی بیرۆکەی چێکردنی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت بووە. بە جووتە لەگەڵ ماکسیم گۆرکیدا، بناغە داڕێژەری ئەدەبی ریالیزمی سۆسیالیزمن.

• وتاری لێکدانەوەی ژدانۆڤیانە و ئەدەب، باسی چی دەکات؟

نووسەر، فوئاد مەجید میسری، لە ژمارە (٦٧)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا، بە سەردێڕی «ڕیالیزم لە سێبەری ئەسپەشێدا» بە درێژی لە یەکەم کۆچیرۆکی من، بە ناوی (سێبەری ئەسپەشێ، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧٨) دوابوو. ئەو کۆچیرۆکەیش بریتییە لە پێشەکییەکی کورت و حەوت کورتە چیرۆک، بە ناوەکانی: [ئەستێرەیەک لە ڕۆژی ڕوونا، سێبەری ئەسپەشێ، بووک و زاوا، خاڵێکی ڕەش بەسەر شەقامە گشتییەکەوە، خاچ، قولاپی چاوەکان، وەرزی کەوبوار] کاک شێرکۆیش هاتووە لەوێدا، بە درێژی ڕەخنەی لە توێژنەوەکەی کاک فوئاد میسری گرتووە. لە کۆتاییدا، بە کورتی ڕای خۆیشی دەربارەی چیرۆکەکانی من دەربڕیوە.

ئەگەر خوێنەر، سەرپێیی و ڕووکەشانە بیخوێنێتەوە، ئەوا دوور نییە ئەم وتارەی شێرکۆ بێکەس، بە ڕخنەگرتن لە ڕەخنە، کە عەرەبەکان «نقد النقد»ی پێ دەڵێن، تێبگات. وەلێ وتارەکە وەها نەنووسراوە. ڕەنگە ساکارترین پرسیارێک، کە بە مەبەستی بنکۆڵی ئەم وتارەی شێرکۆ بورووژێنرێت، بەم شێوەیە بێت: ئەگەر ئەم وتارە ڕەخنەگرتنە لە ڕەخنە، نووسەریش متمانەی بە قسەکانی خۆی هەیە، بۆچی بە ناوی خۆیەوە بڵاوی نەکردەوە؟

ڕەنگە زێدەگۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم، لەو سەردەمەدا کەم کۆچیرۆکی کوردی هەبوون، جا ئەرێنی بێ یان نەرێنی، هێندەی کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشێ– یان لەسەر نووسرابێت. من لە کاتی خۆیدا وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنانەم، لە هەفتەنامەی هاوکاریدا، بە کورتە وتاری [چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز] دایەوە.

لەوێدا، سوپاس و دەستخۆشیم لەو نووسەرانە کردبوو. وەلێ ئاماژەم بەم وتارەی شێرکۆ نەدا. چونکە ئەم وتارەی شێرکۆ شتێکی ترە، بە ناوی خۆیشیەوە نییە. ئەو بە دەمامکەوە ڕەخنەی گرتووە؛ لە حاڵێکدا ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی هزریی داهێنەرانەیە. دەشی بڵێم، تەواوکاری دەقە ئەدەبییە ڕەخنە لێ گیراوەکەیە. وەلێ ئەم وتارە ژێربەژێرەی شێرکۆ، بە نیازێکی تر نووسراوە و ڕوویەکی تری ئەزموونی شێرکۆ– ی شاعیر و مرۆڤ دەردەخات، کە لای زۆربەتان، بە تایبەتی لای نەوەی نوێ، نەزانراوە.

جا سەبارەت بەم وتارەی شێرکۆ، کە بە جووتە توێژینەوەکەی فوئاد مەجید میسری و دەقەکانی منی بە ئامانج گرتووە؛ فوئاد لە کاتی خۆیدا هاتۆتە دەنگ. ئەو لە ژمارە (٦٤) ی گۆڤاری بەیان– دا، بە سەردێڕی [ئەدەب و لێکدانەوەی ڕۆمانسیانە] بە درێژی، وەڵامی شێرکۆی داوەتەوە. وەڵامەکەی فوئاد حەڤدە لاپەڕەی گۆڤاری ناوبراوی (ل ١١–٢٦) گرتۆتەوە.

کاک فوئاد لەوێدا بە وردی و بە ئاوایەکی زانستییانە، پرسی شێواز، پێوەندیی نێوان شێوە و ناوەڕۆک، ئەدەب و هونەری ڕۆمانتیکی، لەگەڵ ڕیالیزمی سۆسیالیست، بابەتی ئاڵۆزی «ذات و موضوع» و جیاوازیی بۆچوونی هەردوو زانای دەروونناس، فرۆید و باڤلۆڤ– ی بۆ شێرکۆ و بۆ خوێنەرانیش، شی کردۆتەوە.

بەش بە حاڵی خۆم، ئەگەرچی مێژوو، زوو وەڵامی کاربڕی کاک شێرکۆی دایەوە، وەلێ لەجێیە هەم لای ئێوەی خوێنەر و ڕووناکبیری ئەم ڕۆژگارە، هەمیش بۆ مێژووی ئەدەب، ئەم کارەی شاعیری ناوبراو زانراو و ئاشکرا بێت.

کاک شێرکۆ، لەم وتارە درێژەدا ویستوویەتی بە خوێنەری ئەو سەردەمە بڵێت، نە فوئاد میسری ڕەخنەگرە، نە محەمەد فەریق-یش چیرۆکنووسە! دیارە ئەگەر ئەم ئیدیعایەی شێرکۆ، ڕاست و بابەتییانە بوایە، پەنای بۆ دەمامک نەدەبرد. ڕێک و ڕەوان بە ناوی خۆیەوە دەینووسی و بڵاویشی دەکردەوە. ئەو حەلە وتارەکەی ڕووی ئەوەیشی دەبوو، لەگەڵ کۆبەرهەمی خۆیدا چاپی بکات. وەلێ شێرکۆ ئەم کارەی بەلاوە ئاسایی بووە و لە کاتی خۆیدا دەستخۆشانەی وتارەکەی خۆی وەرگرتووە. واتە، ئەگەر ئەو لای خوێنەر و من و فوئاد میسریش وەک محمد غفور خۆی ناساندبێت، ئەوا لە کن گۆڤاری ناوبراو، هەر شێرکۆ بێکەسی شاعیر بووە.

خۆ ڕوونە ئەم شێوازە نووسینەی کاک شێرکۆ چ نیازێکی لە پشتەوەیە؟ ئەو لە کۆششی بەردەوامدا بوو، ئێمەی نووسەرانی چەپ، ‹حەجب› بکات و کارێکی ئەوتۆ بکات دەنگمان کپ بکات. شێرکۆ بێکەس بێوچان هەوڵی دەدا، ئەو چەند بڵاوکراوەیەی کە لەو ڕۆژگارەدا دەردەچوون، بەرهەم بۆ ئێمەمانان بڵاونەکەنەوە، نەبادا پێشبکەوین و بناسرێین. بە کورتی ئەو کپکردنی دەنگی ئێمەی مەبەست بوو.

هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە، کە وەڵامەکەی فوئاد میسری مێژووی ١٩٧٨/١٠/٢٩ی پێوەیە، کەچی لە تەموزی ١٩٨٠ دا بڵاو بۆتەوە. واتە لە سۆنگەی فشار و هەوڵی بەردەوامی کاک شێرکۆوە، نزیکەی دوو ساڵان بڵاوکردنەوەیان دواخستووە.

جێی باسە، هێژا شێرکۆ بێکەس، شیعری بۆ ژمارەیەک لە نووسەر و ڕەمزە چەپەکانی دونیا نووسیوە، کەچی دژی ئەو کوردانە بوو، کە چەپ بوون. چەپی کوردی بە ناڕەسەن و هیی غەیرە کوردی بە ڕەسەن دەزانی. ئەوەتا شیعری بۆ لۆرکا، پۆلیڤیا، منداڵانی هاڤانا، ڤێتنام و هۆشی مین و پۆل ڕۆپسن و سەمیح قاسم و کێ و کێ گوتووە.

من لێرەدا، زیاتر وەڵامی ئەو تانە و گومانانە دەدەمەوە، کە ئەو لە دەوری چیرۆکەکانی من ورووژاندوونی، وەک: [زۆربەی ئەو بابەتە فیکری و هونەرییانەی چیرۆکنووس هێناونی لە دەمێکەوە ئەوترێت و ئەوترێتەوە] با خوێنەری ئەمڕۆ ئەوەش بزانێت، کە بەشێکی ئەم نووسینەی کاک شێرکۆ پێوەندیی مکۆمی بەو مشتومڕە درێژخایەنەوە هەیە، کە لەو سەردەمە دژوارەدا، لە نێوان نووسەرانی باڵی چەپ و ڕاستدا، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا بوو. وەک پرسی سواوی «مریشک لە هێلکەیە، یان هێلکە لە مریشک؟» ی لێ هاتبوو!

شێرکۆ خۆیشی یەکێک بوو لەوانەی بە گەرمی لەو مشتومڕەدا بەشدار بوو. ئەوەتا لەم وتارەشیدا، هەمان پرسی شێوە و ناوەڕۆکی ورووژاندووە و جەختیش لەسەر ڕاکانی پێشووتری خۆی دەکات، کە لە بڵاڤۆکەکانی ئەو سەروبەندەدا ورووژاندبوونی. شێرکۆ دەڵێت:

[نووسەر فوئاد گەلێک جار یەکێتیی هەموو بابەتەکان لە یەکتری دائەبڕێت و لەسەر شێوەی نووسینە تەقلیدییەکان ئەڕوات، ئەیەوێت بڵێت ئا ئەمە ناوەڕۆکە و ئەوەیشیان لەولاوە شکڵە...]

خوێنەر لێرەدا بەشێک لە وەڵامی یەکەم پرسیاری ئەم وتارەی منی (ناوی خوازراو لەپای چی؟) ی بۆ ڕوون دەبێتەوە. من پێموایە وێڕای بەگژداچوونی ڕەوتی چەپ، کە بە ئەرکی خۆی دەزانی، بۆ بە گچکە و بە کەم پیشاندانی ئەو نووسەرانە بوو، کە تازە پێدەگەیشتن و منیش، کە کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشی، نۆبەرەی کارم بوو، یەکێک بووم لەوان. تاکو خۆی گەورەتر لەوەی هەیە، لە نێوەندەکەدا دەربکەوێت. دیارە دژایەتیی هەزری چەپیش ئامانجی سەرەکیی ئەو بوو. هۆکارەکان هەرچییەک بن، زۆربەی نووسەرە چالاکەکانی ئەو ڕۆژگارەی باشووری کوردستانیش بە فیکر چەپ بوون و بیری چەپیش هەم باوی بوو هەمیش لە گەشەدا بوو!

شێرکۆ دەڵێت: [هونەرمەند لە زاتەوە دەست پێ دەکات، ئەی کەواتە بۆچی فێرگەیەک بۆ خەڵکی نەکرێتەوە و فێریان بکەن چۆن ئەبن بە چیرۆکنووس و هونەرمەند؟] جاخۆ لەمێژە، لە خۆرئاوا، ئەو جۆرە فێرگانە هەن. لە هێندێک وڵاتدا، بە کۆلیجی نووسەران ناسراون. هەڵبەت ئەو قوتابییانەشی، کە لەوێ وەردەگیرێن، پێشینەیان لە بوارەکەدا هەیە و ئەدەب و هونەر بووە بە خولیایان. ئەدیب و هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو وڵاتەیش لەو جۆرە کۆلیجانەدا وانە دەڵێنەوە.

شێركۆ دەڵێت: [ئوسلووب دەستنیشانی ئەدیب ئەكات یان نایكات...] ئەم قسەیە ڕاستە. دەبوو شێركۆ ئەوەی زانیبا، ئەو ڕستە قەواعیدییانەی، كە ئەو بە خەوشیان دەزانێت و ئەو زمانەشی، من پێی دەنووسم و ئەویش لای خۆیەوە پەسندی داوە، بەشێكن لە شێوازی (ستایل) نووسینی من و تاكو ئیستایش وەک پەنجەمۆر، دەقەیلی منیان پێ دەناسرێتەوە. شێركۆ دەڵێت:

[تەنیا جیاوازی گەورەی نێوان مۆنتاژی سینەمایی و مەنەلۆگ جیاوازیی وێنە و وشەیە. وەكیتر هەردووكیان لەو بڕین و خستنە سەر و ئەمسەر و ئەوسەرەدا یەک ئەگرنەوە!]

ڕاستت دەوێت، لێكچوونێكی ئەوتۆ لە نێوان مۆنۆلۆگ و مۆنتاجی سینەماییدا نییە. مۆنۆلۆگ بەو دۆخە دەوترێت، كە لە ناخی كارەكتەردا دەگوزەرێت. وشەیە و هیشتا بە دەنگ نەبووە. زۆر جاران هێشتا بە ڕستەی تەواویش نەبووە. یان وڕێنەیە و بزركاندنە، هێشتا نەبووە بە وتار. ئەم دۆخەیش زیاتر وەختێک ڕوودەدات، كارەكتەر بووبێت بەژێر باری خەم و دڵەڕاوكێوە و كیشەكانی خۆی بۆ چارەسەر نەكرێن.

مۆنۆلۆگ زیاتر خۆ دواندنی بێدەنگە، كارەكتەر تەنیا خۆی لەوێ ئامادەیە، كەچی خۆی لێ بووە بە دوان، ڕەنگە لە دوان پتریش. ئەو دۆخە لە خەیاڵی كارەكتەری ڕۆمان، چیرۆک و درامادا هەیە. ئەو خۆی بە ڕواڵەت كەسێكی تەنیایە، كەچی وەكوتر لەناوەوە لەگەڵ ئەوانیتردا مژووڵ و خەریكە. هەر خۆیەتی دەبێت بە ئەویتر و وەڵامی خۆی پێ دەداتەوە.

زاراوەی شەپۆلی هۆش یان زەین لە بنەڕەتدا ولیام جێمس- ی برای هەنری جێمس خاوەنێتی، لێ هەنری جێمس هات، لەسەر كارەكانی جێمس جویس و ڤەرجینیا وڵف و ولیام فۆكنەر پراكتیزەی كرد. دواتر ڕۆبەرت هەمفری هات كتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا) ی نووسی، محمود الربیعي ساڵی ١٩٧٣ بە ناونیشانی (تیار الوعي في الروایة الحدیثە) بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕا. لێرەشەوە هەم كەوتە دەست نووسەرانی عەرەب هەمیش كورد. ئەم شێوازە بۆ نووسینی ئەدەبی گێڕانەوە، لەگەڵ مۆنۆلۆگی ناخی مرۆڤدا بەیەكدا چوون و هەودایەكیان نێوانە. لێرەدا پشت بە فۆكۆس لەسەر لایەنی سایكۆلۆگیای كارەكتەر و كار و هەڵوێستیان دەكرێت. ڕوونتر بڵێین، زیاتر گرنگی بە ناوڕۆک دەدات تا تەكنیک.

ڕۆبەرت هەمفری خۆی ئاوا باسی شەپۆلی هۆش دەكات:

«جۆرێكە لە چیرۆک لە بناغەدا تەركیز لەسەر ئاستەكانی پێش قسەكردن، لە هۆشدا دەكات، ئەویش بەنیازی كەشفكردنی بونیادی سایكۆلۆگی لای كارەكتەری ڕۆمان، ئەویش لە ڕێی كۆمەڵێک تەداعی و خاتیرەی ئاڵۆزی ئەم كارەكتەرەوە.»

لە دۆخی شەپۆلی هۆشدا، تۆ كارلێكی نێوان ئێستاو ڕابوردوو دەبینیت. یان دەشێ بڵێین، لەنێوان ئێستاو ڕابوردوودا دێت و دەچێت. دەربڕین زیاتر بە ڕستەگەلی هەڵوەشاوی تێكشكاوە، كە خۆڕسک لە ناخەوە هەڵدەقوڵێن و گێڕانەوەی كرۆنۆلۆژییانەی تەقلیدی تێدەپەڕێنێت. سوودیش لە تێزەكانی فرۆید، بەتایبەتی ئاگا و نائاگا (وعي و لاوعي) دەبینێت. واتە سوود لە ئەقڵی ناوەكی (العقل الباطن) دەبینێت.

لەم دۆخەدا، ژانری چیرۆک پشت بە سایكۆلۆگیای ئەدەب دەبەستێت، كە لەوێدا وێنە و ڕووداو یەكسانن بە ناخی مرۆڤ. بۆیە هێندێک جاران، تۆ هەست بە بەرپاكردنی جۆرە تەمتومانێكیش دەكەیت، چونكە ڕووداو یان دەق ڕوونەو ڕوونیش نییە. یان دەشێ بڵێین برێک ناڕوونە و گەڕانەوەی زۆری تێدەكەوێت. وەلێ ئەو تەمە لە خۆیدا، كاڵای نوێی بە باڵای بیرۆكەكە بڕیوە، ئەگەرچی بیرۆكەیەكی ساكاریش بێت. هەر ئەم تەمە وا دەكات دەقەكە لە تەئویلێک پتری بۆ بكرێت. ئەوەیش، كە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش لە گێڕانەوەی تەقلیدیی جیادەكاتەوە ناوەڕۆكێتی، نەک تەكنیكی گێڕانەوە. زاراوەكەیش لە بواری سایكۆلۆگیاوە بۆ نێو دونیای ئەدەب هێنراوە، كە گێڕانەوە لەوێدا بەردانەوەی لووزەوی هزرەیل و بیرۆكەكانە.

لە دۆخی مۆنۆلۆگدا، كارەكتەر بەبێ ترس و دوودڵی، گوزارشت لە كێشە و داخوازییەكانی ناخی خۆی دەكات، چونكە كەس ئاگادار نییە لە دەروونی ئەودا چی دەگوزەرێت. واتە ئەو سانسۆری لەسەر نییە. لێ ئەو بەو شێوەیە هەست، خوتووره، خۆزیا و بریاكانی خۆی دەردەبڕێت. ئەو كارەی، كە ئەم لە ناخەوە ئاواتی پێ دەخوازێت، لە دونای دەرەوەدا، بە ئاشكرا بۆی جێبەجێ نابێت و گوزارشتی لێ ناكرێت؛ چونكە دەشێ دەربڕینی ئاسان نەبێت. ڕەنگە بە تابو (حەرام) لەسەری حسێب بكرێت. یان ڕەنگە لەگەڵ مگێزی مرۆڤی دەوروبەردا نەیەتەوە و دژەباو بێت، یان بە عەیبە و نەنگی لەسەری حسێب بكرێت. خۆ دیارە عەیبەیش لە كۆمەڵی ئێمەدا، سەدان جۆری هەیە.

ئاوایە دۆخی کارەکتەری ئاڵۆز و بە ئیشکالیەت. هەر ئەم تەکنیکی مۆنۆلۆگەیشە، دواتر ولیام فۆکنەر، ڤەرجینیا وڵف و جێمس جیوس هاتوون پەرەیان پێداوە و بووە بە شەپۆلی هۆش یان زەین. «تیار الوعي، تيار الشعور»

مۆنۆلۆگ، زیاتر بۆ ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەریلی چیرۆک و ڕۆمانە و دۆخی دەروونی ئەوان بەیان دەکات و دەخاتەڕوو. چیرۆکنووس و ڕۆماننووس مۆنۆلۆگیان بۆ ئەوەیە، تاکو زۆرترین زانیاری، ڕوونکردنەوە و پاڵنەر، لەمەڕ هەڵسوکەوت و کەسیەتیی کارەکتەر، بە خوێنەر بدەن، تاکو دیوی ناوەوەی بۆ بخەنە ئەو گۆڕە.

دەشێ بڵێین: بۆ ئەوەیە نووسەران قووڵ بخزێنە نێو دونیای ئاڵۆزی ناوەوەی کارەکتەری تەنگژەبارەوە، تاکو ئەو خوتوورانە بخەنە ڕوو، کە مێشکی کارەکتەریان جەنجاڵ کردووە. ئەم تەکنیکە لە خۆیدا، گرنگیدانە بە خەمی مرۆڤی تاک و تەنیاباڵ، کە لە دونیای نوێدا بووە بە چەق و داکۆکیی لێ دەکرێت. لە حاڵێکدا کردەی مۆنتاج، لە بناغەدا زاراوەیەکی سینەماییە. دواتر نووسەرانی ئەدەبی گێرانەوە هاتوون، بۆ نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کەڵکیان لێ بینیوە. مۆنتاج، لە کورتترین پێناسەیدا، بریتییە لە ‹›ڕۆنان بە مقەست/ التأليف بالمقص» سەبارەت بە مۆنتاج، بودوفکین ئاوا دەڵێت:

[کردەی پێکەوە گرێدان (مۆنتاج) بریتییە لە هەڵبژاردن، دەستنیشانی کات و ڕیزکردنی گرتەی دیاریکراو، بەپێی ڕیزبەندیی سینەمایی، ئەمەیش لە بەرهەمهێنانی فیلمدا، فاکتەرێکی خولقێنەرە... بڕوانە: [فن المونتاج السينمائي، كاريل رايس، ترجمة: أحمد الحضري، ط (١٢) ص،١٥]

سیرگی ئیزنشتاین، کە بە داهێنەری مۆنتاج ناسراوە، دەڵێت: [ئەگەر ئێمە گرتەیەک و گرتەیەکی ترمان پێکەوە گرێدا، ناگەینە ئەو ئەنجامە ساکارەی، دوو گرتەمان پێکەوە کۆکردبێتەوە، بەڵکو ئێمە دەبین بە خاوەنی داهێنانێکی ناوازە... بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٥٤]

تۆ بزانە مێژوو چۆن وەڵامی کاک شێرکۆی داوەتەوە. لە باشووری کوردستان، من حیکایەتی یەکەم فیلمی سینەمایی ٣٥ ملم نووسیوە، کە ئەویش فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان)ە. هەر خۆیشم سیناریۆم بۆ نووسیبوو، بەڵام دەرهێنەر جەعفەر عەلی، بەو هەنجەتەی، کە ئەو هێڵێکی درامیی نوێی بۆ دەقەکە زیادکردووە، سیناریۆکەی منی بەگەن نەکرد. ئەزموونی دووەمم لەم بوارەدا درامای (بازنەی تەنیایی) بوو، کە هەر خۆم سیناریۆ، چیرۆک و گوتوبێژم بۆ نووسیبوو. ئەمەیش یەکەم درامای تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان و لە دەرهێنانی کاوە جوتیار بوو.

من ئەم دوو نموونەیەم لەبەر هەندێک هێنایەوە، تاکو بڵێم، دەبێ من باسی مۆنتاج بۆ کاک شێرکۆ بکەم، نەک بە پێچەوانەوە. هەر شارەزایەکی بوارەکەیش، چیرۆکی منی خوێندبێتەوە و هەڵسەنگاندبێ زانیوێتی، من بۆ نووسینی چیرۆکەکانم سوودم لە هونەری حەوتەم وەردەگرم. وەلێ شێرکۆ لەم بەستێنەدا هیچ ئەزموونێکی نییە. (لای خۆتەوە هێڵێک بە ژێر وشەی هیچ- دا بهێنە) لێرەدا ناچارم بە شەرمەوە بڵێم: وەک چۆن دەبێت من باسی مۆنۆلۆگ بۆ ئەو بکەم، هەر دەبێت منیش ئەو لە خەبەری مۆنتاج حاڵیی بکەم.

ئەگەر لای نووسەرانی وەک جێمس جیوس، ئاجاسا کریستی و ولیەم فۆکنەر، کارەکتەری ڕۆمان لە ڕێی قسە نەبەکامەکانی ناخەوە و لە دیوی ناوەوە، بە قووڵی شەرحی حاڵی خۆی کردبێت، ئەوا نووسەرانی خۆمان زیاتر لە دیوی دەرەوە بۆ وێناکردنی کارەکتەر چوون. مۆنۆلۆگیش بە ئاستی جیاواز لە دەقدا دەردەکەوێت. وەک مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ و موناجاتی دەروون. ڕۆبەرت هەمفری، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناونیشانی (تيار الوعي في الرواية الحديثة)، بە درێژی باسی شێواز و تەکنیکەکانی مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆش دەکات و بە نموونەیش ڕوونیان دەکاتەوە.

ڕەگەزی مۆنۆلۆگ، باری دەروونیی کارەکتەر و کێشەکانی کارەکتەر ئاشکرا دەکات و ڕۆشنایی چڕیان دەخاتە سەر. ئەو کێشانەی کە ڕەنگە لە دەوروبەری خۆی شاردبنەوە، لەم ڕێیەوە، لە قووڵایی ناخەوە سەردەردێنن. ئیتر پێویست ناکات نووسەر ڕاستەوخۆ، دەست بخاتە نێو کێشەکانیەوە. بەڵکو کارەکتەر لەم دەریچەیەوە خۆی دەیاندرکێنێت. بەم شێوەیە ڕاستەوخۆتر و ڕاستگۆیانەتر بەدیاردەکەون، کاتێک مرۆڤ لێدەبڕێ، خۆی خەم و کۆژانی خۆی بدرکێنێت.

مۆنۆلۆگ زیاتر بە ڕاناوی (من)، واتە بە کەسی یەکەمی تاکەوە پەیوەستە. من دەبێت بە حیکایەتبێژ. ئەو تاکەشی کە لەگەڵ خۆیدا بدوێت، نهێنی ناشارێتەوە، چونکە تەنیایە و کەسێک لە بەرانبەریدا وجوودی نییە، هەتا ئەو سڵی لێ بکات. کارەکتەر لەو دەمەدا کە مۆنۆلۆگی هەیە، تەواو ڕاستگۆیە. دیارە(من) ێک، ئەگەر بە تەنیا بێت، ئازادتریشە.

لە لایەکی ترەوە، مرۆڤە داڵغەدارەکان ئەوانەن، کە بە کردەوە لە ژیاندا، هیچی ئەوتۆیان بە دەستنەهێناوە، بۆیە ئەوان پەنا بۆ خەون، داڵغە و زیندەخەون دەبەن. ئەوان لێرەوە، هەم لە واقیعی تاڵ و کێشەکانی خۆیان ڕادەکەن، هەمیش هەوڵ دەدەن سێ و دووی دڵی خۆیان بکەن، بەڵکو سا لەم ڕێیەوە بگەنە چارەسەرێک. لەسەر زەوینەی واقیع (ئەوان) زاڵن و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە، کەچی لە دونیای داڵغەو زیندەخەوندا (من) بەهێز دێتە پێشەوە. لە دونیای داڵغەدا، کەس ناتوانێ کۆسپ بهێنێتەوە ڕێی (من). ڕەنگە بەسەر لەمپەرەکانیشدا زاڵ بێت، وەلێ ئەوەیان زاڵ بوونە بە زەبری خەیاڵ.

لە دونیای پەنهانی ناخی هەر مرۆڤێکدا، پرسیار لە خۆ کردن لەئارادایە. ڕەنگە لەوێدا وەڵامیش دەستبکەوێت. کەسانی زوڵملێکراو، لە کۆمەڵ تۆراو و دابڕاو، خەیاڵ و زیندە خەونیان زۆرە و لەبەر خۆیانەوە ورتە ورتیانە. ئەو مرۆڤانەش، کە بە ئاسانی ناکەونە بن کاریگەریی دەوروبەر، دادەبڕێن و پەنا و چەپەک دەگرن، دیسان مۆنۆلۆگیان زۆرە.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، ڕەگەزی مۆنۆلۆگ، جا بە تەکنیک حسێب بکرێت یان بە شێواز، بۆ ژانری ڕۆمان شیاوترە هەتا کورتە چیرۆک. لە ڕۆماندا، نووسەر پانتایی زۆری بەدەستەوەیە. خۆ ڕۆبەرت هەمفری، لە کتێبەکەی خۆیدا، باسی شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا دەکات، نەک لە چیرۆکی نوێدا. ئێوە خۆتان ئاگادارن، کە ڕووبەری کورتە چیرۆک بەرتەسکە، بواری خستنەگەڕی بەرفراوانی بۆ ڕەگەزی مۆنۆلۆگی لەبەردەستدا نییە. ئێ دەقەکانی کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشێ– یش لە سنووری هەزار وشە تێناپەڕن.

هەڵبەت کردەی مۆنتاج، دوای قۆناغی وێنەگرتن دێت. دەشێ بڵێین، مۆنتاج بریتییە لە هونەری هەڵبژاردن، دانە دەمیەک و ڕێکخستنی گرتە و دیمەنەکان، بە گونجاوترین شێوە، تاکو واتاو مەبەستی فیلمەکە بەڕوونی و ئاسانی بگەنە بینەر. لە گرینگیدا، پێگەی مۆنتێریش دوای دەرهێنەر دێت. هێندێکیش بە دووەم دەرهێنەری فیلمی دەزانن.

مۆنتاج، بریتییە لە بڕین و دووبارە پێکەوە گرێدان، یان پێکەوە لکاندنی دیمەنەکان، بەپێی کات و ڕووداو. دەشێ بڵێین، دووبارە ڕۆنانەوەی دەقە بە زمانی سینەما. مۆنتێر دێت، ئەو گرتە و دیمەنانەی کە زیاد و ناپێویستن و کارەکە دەبە دەکەن، دەیانقرتێنێت. دەکرێت هەر لە ڕێی مۆنتاجەوە ئێستا و ڕابوردو بدرێنە دەم یەک. واتە مۆنتێر دەتوانێت لەم ڕێیەوە بۆ هەر زەمانێک پێویست بکات، بگەڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش دەشێ لە ئەرشیڤی فیلم سوود ببینێت. بە بارێکی دیکەدا دەشێ بڵێین، مۆنتاج کردەی جوانکاری و چاکسازییە، لەو گرتە و دیمەنە خامانەدا، کە پێشتر بۆ چێکردنی فیلمێک هاتوونەتە بەرهەم. مۆنتێر لەوێدا، گرتەیەک بەویترەوە دەلکێنێت، بێئەوەی بینەری ئاسایی هەست بەو پرۆسێسە هونەرییە بکات.

محمد غفور قەرەداغی، کە دەکاتە شێرکۆ بێکەس، بە من دەڵێت:

[هەر لە سەرەتاوە ئەیەوێت حاشا لە هەندێک چیرۆکی خۆی بکات... ئەم خۆپەڕینەوە ساکار و لە هەمان کاتدا لەخۆبایی بوونە ئەبێت لە پای چی بێت؟] لە ڕیزی نووسەرانی کورددا (ڕێزم بۆ هەموویان)، بەدەر لە من، یەک کەسی تر گومان نابەم، ئاوا ڕاشکاوانە ڕاستیی لەسەر توانای خۆی وتبێت و ددانی پێدا نابێت، کە ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی، شیاوی ئەوە نین لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکرێن و خوێنەریان پێوە سەرقاڵ بکرێن.

من ئەو هەنگاوەی خۆم بە جورئەت و دەستپێشخەری دەزانم.

من ناهەقی ئەو نووسەرانەی، کە لەسەر ئەم ژیوانبوونەویە، سەرکۆنەیان کردووم ناگرم. ئاخر ئەوان نە خۆیان ئەو جورئەتەیان هەبووە، تاکو بێن ڕاشکاوانە لە بەرهەمە کرچ و کاڵەکانی خۆیان ژیوان ببنەوە، نە لە تاکێکی کوردیشیان بیستووە، ڕەخنە لە خودی خۆی و لە کارەکانی خۆی بگرێت. ئاخر مرۆڤی ئاوەز خێڵەکی خۆی لە سەرو هەڵە و ڕەخنەوە دەبینێت. پێی وایە ئەو مرۆڤێکی کامڵ و پڕە، بۆیە ناکەوێتە هەڵەوە. هەرچییەکیشی گوتووە، یان نووسیوە، بێخەوشن و جێی پێداچوونەوە و پەشیمانبوونەوە نین. لەم ڕووەوە، منیش بۆم هەیە ئەم پرسیارە لە کاک شێرکۆ بکەم:

ئەی کەواتە خۆی لە پای چی ئەم وتارەی نەخستووەتە تەک کۆبەرهەمی خۆی؟ دیارە لە سۆنگەی ناهەقی و بێپێزیی نووسینەکەیەتی، ڕووی ئەوەی نەبووە بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە! بێجگە لەم بەرهەمەی، من نووسین و شیعری دیکەی کاک شێرکۆ پێدەزانم، کە ئەو لەبەر هەر هۆیەک بێت، ڕووی مەجلیسیان نییە. بۆیە خۆی لێ نەبان کردوون، یان با بڵێین ئەفەرۆزی کردوون و نەیخستۆنەتە تەک کۆبەرهەمی خۆی.

بۆم هەیە بپرسم: بۆچی ئەم کارە بۆ خۆی ڕەوایە کەچی بۆ من ناڕەوایە؟ ئاخر ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پاڵی پێوە ناوە، بە ناوی خوازراوەوە ئەم وتارەی بڵاوبکاتەوە. من بۆم هەیە بپرسم: ئایا بانێکەو دوو هەوا؟ تۆ بۆت هەیە حاشا لە شیعری خۆت بکەیت، کەچی من بۆم نییە حاشا لە چیرۆکی خۆم بکەم!

• کاک شێرکۆ دەڵێت:

[ئەجوای چیرۆکەکانی، هەر هەمان ئەجوائو کەش و ئاووهەوای چیرۆکە تەقلیدییەکانی حەسەنی قزڵجی- مان دەهێنێتەوە بیر، ڕەنگە جیاوازیی نێوانیان تەنیا جیاوازیی تەمەن بێت و هیچی تر] یەک لە باری خۆم، پێموایە حەسەنی قزڵجی، بە پاشخانی ڕووناکبیری و فەلسەفیی دەوڵەمەندەوە، هێندەی زانایەکی کۆمەڵناس شارەزای کێشەکانی کۆمەڵی جووتیارییە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، حسەنی قزڵجی نووسەرێکی چەپە، بۆیە شێرکۆ وەها کەم بایەخ بۆ بەرهەمی ئەو هێژایە دەڕوانێت و منیش بەو دەچوێنێت، دەنا بۆ من جێی شانازییە، بەو تەمەن و ئەزموونە کەمەی خۆمەوە، بە حەوت چیرۆکەوە، بتوانم وەک قزڵجی چیرۆک بنووسم. ئەوەیش لەولاوە بوەستێت، کە (ئەجوائەکانیش) وەک ئەو دەڵێت، لە یەک ناچن. ئەگەر لە یەک دەچن، بۆچی لای خۆیەوە بەراوردی نەکردوون؟ یان بۆچی نموونەیەکی ئەو لێکچوونەی نەخستۆتە ڕوو؟

• پارادکۆسەکە لێرەدایە کاتێک فوئاد بە شێرکۆ دەڵێت:

[نووسەر لە کاتێکدا «محمد فریق» بەوە تاوانبار ئەکا، کە بیری چیرۆکەکانی وێنەیەکی دەقاودەقی بابەتەکانی قزڵجییە، کەچی خۆی چیرۆکی نوشتەکەی ئامینەخان- ی قزڵجی بە هەندێک دەستکارییەوە ئەکاتەوە بە چیرۆک و سەرلەنوێ ناوکی ئەبڕێ و بانگ بە گوێدا ئەداو ناوی ئەنێ «کلاوقووچ»]

پەیوەست بە ساغکردنەوەی کەسیەتیی محمد غفور قەرەداغی و بەستنەوەی ئەم وتارەی کاک شێرکۆ بەوانەی کە پێشتر لە هەفتەنامەی هاوکاریدا، بڵاوی کردوونەتەوە، فوئاد لە وتاری ئەدەب و لێکدانەوەی ڕۆمانسیانە- دا، نووسیویێتی:

[حەز ئەکەم چ خوێنەری بەڕێز و چ «محمد غفور»یش ئەوە بزانن کە بەش بە حاڵی خۆم هیچ خاڵێکی جیاواز و گۆڕانێکم بەدی نەکردووە لە بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی ناوبراودا، بەتایبەتی کاتێک بەراوردی ئەم نووسینەیم کرد لەگەڵ ئەو نووسینەیدا کە بە ناوی «ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە»وە لە ژمارەکانی ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣ ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی کردەوە. ئەوانەیش دەقاودەق لە ژمارەکانی «شیعر ٦٩»وە وەرگیراون بێ ئەوەی دەستنیشانی سەرچاوەکانیان بکات...] واتە وێڕای ساغ کردنەوەی ناوی نووسەری ڕاستینەی وتارەکە، فوئاد میسری جارێکی تر شێرکۆ بەوە تۆمەتبار دەکات کە زنجرە وتاری (ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە)ی لە ژمارەکانی(شیعر٦٩)وە وەرگرتووە!

• دواتر شێرکۆ دەڵێت:

[ئایا ڕاستگۆیی لە دەربڕیندا چییە؟ ئەوەیە من بەبێ ئەوەی موعاناتی جووتیارێکم هەبێت بێم بە زۆر ئەم تاقیکردنەوەیە بئاخنمە چیرۆکەکانی خۆمەوە، چی دەرئەچێ؟] منیش دەڵێم: بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەی، دەبوو ئەو، لانی کەم یەک غەفڵەتی دەستنیشان کردبا. دەبوو ئەو زانیبای، کە باپیرانی من جووتیار و چێودار بوونە. خۆیشم بە منداڵی، لە شارۆکەی قەرەداغ، لە نێو کێڵگەی تووتن و تەماتەدا گەورە بوومە. من بە گەرمای هاوین، بژار و پاچەکۆڵەم کردووە و خۆر بردوومی. ئەوەش بزانە. کە توتنەوانی، نزیکەی لە هەموو جۆرە کشتوکاڵێک ئەرک و ماندووبوونی زیاترە. قوتابخانەکەشم ناوی (مدرسة قرداغ الزراعیة الابتدائیة للبنین/ قوتابخانەی قەرەداغی کشتوکاڵیی سەرەتایی کوڕان) بوو، کە لەوێدا، ئێمەی قوتابی، هەفتانە دوو وانەی

(الزراعة العملية) مـان دەخوێند. منیش وەک هەمـوو قوتابیانـی ئـەو سـەردەمەی قـەرەداغ، بـە کـردەوە لـە کێڵگەکانـی قوتابخانـەدا، بـە دێم و بەراویانـەوە، کارم کـردووە و خوێندوومـە، وێـڕای دوو وانـەی دیکـەی هەفتانـە، بـە نـاوی (الزراعـة النظریـة)، کـە مامۆسـتای شـارەزا، لـە پۆلـدا پێـی دەگوتیـن.

قوتابخانەکـەم، هـەر لەپـاڵ خۆیـدا، خانوویەکـی گـەورەی هەبـوو، لـەو خانـووەدا، کەرەسـەی هەمەجـۆری جـووت و دروێنـەو ... مـەڕ، بـزن، ڕەشـەوڵاخ، کۆتـر، قـاز، قـەل و مـراوی و مریشـکی، لـە باشـترین توخمـی ئـەو سـەردەمە تێدا بەخێودەکـرا، وێـڕای کەروێشکی ماڵـی، کـە ڕەنگـە ئـەو دەمـە، لـەو توخمـە هێشـتا نەگەیشـبێتە زۆر شـوێنی عیـراق. بـڕوا بکـە، قوتابخانەکـەم نێرەکەرێکـی ڕەشـی هەبـوو، بـە قەبـارە دوو هێنـدەی نێرەکـەرە ئاسـاییەکانی قـەرەداغ دەبـوو! خـۆ مـن نازانـم ئـەو توخمـە باشـانەیان لـە کـوێ پەیداکردبـوو. بـەڵام دەزانـم، ئـەو دەمـە دۆخـی خوێنـدن لـە قوتابخانـەی قـەرەداغ ئاوەهابـوو.

ڕەنگـە لـەو سـەردەمەی لیـوای سـلێمانیدا، بـۆ یەکـەم جـار پەتاتـە لـەوێ، لـە کێڵگـە بەراوەکـەی قوتابخانـەی قەرەداغـی کشـتوکاڵیدا چێنرابێـت، کـە دەکەوتـە خـوار سـەرای قەرەداغـەوە.

وێـڕای ئـەوەی، لـە شـارۆکەی قەرەداغدا، ماڵـی ئێمـە مەکـۆی خزمانـی خۆمـان بـوو. ئـەوان گشـتیان جووتیـار بـوون. ئـەوان وەختـێ لـە گوندەکانـەوە تەشـریفیان دەهێنـا، بـەر لـەوەی کێشـەکانی خۆیـان بگەیەننـە جێـی مەبەسـت، دەیانهێنایـە کـەلاوە کۆنەکـەی ئێمـە. ئەوەیـش لـەولاوە بوەسـتێت، تـا ناوچەکانـی قـەرەداغ و گەرمیانیـش ئەنفـال کـران، مـن سـاڵانە بەشـێک لـە پشـووی هاوینـەم لـە لادێ، لەنێـو خزمانـی خۆمـدا، بەسـەر بـردووە، کـە جووتیـار و خـاوەن زەوی و چێـوادر بـوون.

مـن وەک مامۆسـتایش. نـۆ سـاڵان لـە تەمەنـی خـۆم لەنێـو جووتیارانـی دەشـتی هەولێـر و دۆڵـەڕووت و قـەرەداغ و شـارەزووردا بەسـەر بـردووە. ئـەو ساڵانەشـی، کـە قوتابـی بـووم، تـا دەگاتـە چەنـد سـاڵێکی مامۆسـتایەتیش، ساتەکانی بێکاری و بـێ تاقەتیـم بەسـەر پشـتی ئەسـپەوە بەسـەربردووە. ئـەوە بۆیـەکا، کـەش و هـەوای ڕۆمـان و چیرۆکەکانـی مـن پـڕن لـە سـوراچاکی، توخـم و ڕەنـگ و زەمبـەری ئەسـپیان لـێ نابڕێـت. ئیتـر لـەوە زیاتـر ئەزموونـی جووتیـاری، لـەلای کام لـە هـاوڕێ چیرۆکنووسـەکانم دەسـت دەکەوێـت، بەڕێـز کاک محەمـەد غەفـور؟ ئـا، دۆزیمـەوە، مەگـەر تەنیـا لـەلای شـەهید حەسـەنی قزڵجـی، دەسـت بکەوێـت، کـە بەداخـەوە مـن بـە خزمەتـی نـە گەیشـتووم.

• شێرکۆ دەڵێت:

[نووسـەر دوور لـە مەوزووعیـەت قەڵەمەکـەی تـاو ئـەدات و بـێ مەسـئوولییەت ئەیخاتـەکار.] شـێرکۆ، وەختـێ ئـەم ڕەخنەیـە دەگرێـت، بەڵگـەی بەدەسـتەوە نییـە، تاکـو بیخاتـە بەردەسـت. جـا ئەگـەر چیرۆکەکانـی مـن نامەسـئوولانە و نامەوزووعیانـە نووسـراون، بۆچـی لەسـەر گشـت نووسـەرانی هاوتەمـەن و پێـش منیشـدا(ڕێـزی بێئەنـدازەم بۆیـان) گۆڤـاری (ئیـراک تـودەی)، کـە لـە بەغـداد، بـە زمانـی ئینگلیـزی دەردەچـوو، چیرۆکـی (ئەسـتێرەیەک لـە ڕۆژی ڕوونـدا)ی منـی، وەک نموونـەی چیرۆکـی هاوچەرخـی کـوردی هەڵبـژارد و بـە زمانـی ئینگلیـزی بـڵاوی کـردەوە؟ بۆچـی گۆڤـاری مامۆسـتای کـورد، کـە لـە سـوید، هێـژا فەرهـاد شـاکەلی دەریدەکـرد، چیرۆکـی (خـاچ) ی منـی کـرد بـە زمانـی سـویدی و لای خـۆی بـڵاوی کـردەوە؟ بۆچـی هونەرمەنـد ئەحمـەد سـاڵار لەسـەر ئـەو هەمـوو چیرۆکـەی ئـەو سـەردەمەدا، چیرۆکـی (قولاپـی چـاوەکان)ی منـی بـۆ شـانۆ ئامادەکـرد و وەک بەرهەمـی زانکـۆی سـلێمانی، (١٩٧٩) بەشـداریی پێشـبڕکێی زانکۆکانـی عیراقـی پـێ کـرد؟ بۆچـی حسـێن عـارف، کـە هەموومـان دەزانیـن، یەکێکـە لـە نوێکەرەوەکانـی چیرۆکـی کـوردی، دەقـی (خاڵێکـی ڕەش بەسـەر شـەقامە گشـتییەکەوە)ی بـۆ زمانـی عەرەبـی وەرگێـڕا؟ بۆچـی زوهێـر عەبدولمەسـیح، چیرۆکـی سـێبەری ئەسـپەشـێ و خاڵێکـی ڕەش بەسـەر شـەقامە گشـتییەکەوە- ی بـە کورتـە فیلـم کـردو دەریهێنـا؟

ئێـوە هـەروا سـەرنج بـدەن، ئاخـر ئەمانـە بـوون چیرۆکەکانـی ئـەو دەمـەی مـن. بزانـن مێـژوو چەنـد زوو، وەڵامـی ئـەو بەڕێـزەی داوەتـەوە؟ مێـژوو پێیگـوت: ببـورە کاک شـێرکۆی شـاعیر، تـۆ شـارەزای هونـەری چیرۆکنووسـین نیـت!

مـن دەپرسـم: ئایـا لـەو ڕۆژگـارە ڕەشـەدا، چەنـد دەقـی تـری وەک [وەرزی کەوبـوار] نووسـراوە؟ ئـەم دەقـەی مـن، باسـی ئـەو خێزانـە کوردانـە دەکات، کـە دوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ لـە ئێـران دەگەڕانـەوە. حوکوومـەت نـاوی لـێ نابـوون (عائـدون). بـە گەڕانەوەیـان دەخرانـە نێـو زیلـی سـەربازییەوە و ڕەوانـەی باشـووری عیـراق دەکـران. لـەم چیرۆکـەدا، ژنێکـی کـورد لـە نێـو ئیڤایەکـی سـەبازیدا منداڵـی دەبێـت!

- **محمد غفور قەرەداغی نووسیوێتی:**

[ڕەنگـە دوور بـە دوور ڕەخنەگـر و چیرۆکنووسـم دیبێـت، ئەگینـا وەکـی تـر هیـچ جـۆرە ناسـیاوییەکی شەخسـیم لەگەڵیانـدا نییـە و نەبـووە.] خـۆ دیـارە کـە ئـەم قسـەیەی کاک شیرکۆ بـۆ ڕێگومکێیـە، ئەگینـا بـەلای کەمـەوە، ئێمـە هەفتـەی چەنـد جارێـک لـە بـارەگای یەکێتـی نووسـەران، کـە ئەوسـا لـە گەڕەکـی سـابوونکەران بـوو یەکترمـان دەبینـی. لـە کـۆڕە ئەدەبییەکانیشدا یەکتریمـان بینیـوە. لـە نزیکیشـەوە یـەک دەناسـین.

- **شێرکۆ لە جێیەکی تردا دەنووسێت:**

[ئـەو بابەتانـەی کـە چیرۆکنـووس کردوونیـە کەرەسـەی چیرۆکەکانـی، گەلێکیـان سـواون و هـەزاران جـار جووراونەتـەوە، ئـەم جوونـەوە بەردەوامـە نیشـانەی دانەهێنانـە...] تکایـە سـەرنج بـدەن، لـە چیرۆکـی خـاچ- دا، کچەکـە کریسـتیانەو کوڕەکـە موسـوڵمان، بۆیـە ئـەوان ناتوانـن بـە یـەک بگـەن. ئـەو دەقـە دەڵێـت: لـەلای ئێمـە، هێشـتا ئایـن کۆسـپە لـە پێـش خۆشەویسـتیدا، لەحاڵێکـدا، خۆشەویستی سنووری ئایـن، ڕەگـەز، ڕەنـگ، چـی و چـی ناناسـێت. من بڕواناکـەم پێش چیرۆکـی خـاچ، لـە ئەدەبی کوردیـدا دەقێک بـەو ئاراسـتەیە نووسـرابێت. ئایـا لـە مێـژووی ئەدەبـی گێڕانـەوەی ئێمـەدا بەرلـە چیرۆکـی (وەرزی کەوبـوار) دەقێکمـان هەیـە باسـی ئـەوە بکات، چـۆن لـە سـایەی بەعسـدا ژنانـی کـورد لـە پشـتی ئیڤـای سـەربازیدا منداڵیـان دەبێـت؟ وێـڕای ئـەوەی کـوا لـە ئەدەبدا بابەتـی سـواو هەیـە؟ هـەزاران چیـرۆک و ڕۆمـان و شـانۆنامە لەسـەر خۆشەویسـتی، تۆڵـە، خیانـەت و چـی و چـی نووسـراون و هێشـتا هـەر دەنووسـرێن. جاخـۆ بـە قسـەی ئـەو بێـت، مـادام ئێمـەی کـورد دەقێکـی شـاکاری وەک مـەم و زیـن- مـان هەیـە، ئیتـر هـەر چیرۆکێکـی تـر، کـە باسـی عیشـق و خۆشەویسـتیی بـکات سـواوە!

کاک شـێرکۆ دەفەرموێـت: [زۆربـەی زۆری چیرۆکەکانـی هەتـا ئێسـتاش لـە مـەودای (خەمـە ڕۆمانسـی یـەکان) نەچوونەتـە دەرەوە...] ڕەخنەگری هێژا وەها قسـان دەکات وەک ئـەوەی من چەنـدان کۆچیرۆکم بـڵاو کردبێتـەوە، لەوێدا دەیـان چیرۆکـی ڕۆمانسـی هەبـن؛ لـە حاڵێکـدا تاقانـە کۆچیرۆکـی مـن، سـەری بگـری و بنـی بگـری حـەوت دەقـن، لـە دووتوێـی پەنجـا و سێ لاپـەڕەدان. دەقەکانیـش بـاس لـەو ملانێیانـە دەکـەن، کـە تاکـو نـەۆش جڤاکـی کـوردەواری پێیانـەوە دەناڵێنێـت.

لـە سـەرێکی تـرەوە، ئایـا سـەیر نییـە، ڕەخنەگـر خـۆی شـاعیر بێـت، کەچـی دەقـی ڕۆمانسـیی پـێ قەبـووڵ نەبێـت؟ جاخـۆ بـەم حسـێبەی کاک شیرکۆ بێـت، ڕۆمیـۆ و جولێتـی شەکسـپیر و مـەم و زینـی خانـی و دەیانـی دەقـی دیکـە، شـیاوی نووسـین، خوێندنـەوە و نمایـش نیـن. یـان هـەر مـن بـۆ نییـە دەقـی ڕۆمانسـی بنووسـم؟ جاخـۆ بەشـێکی زۆر لـە شـاکارەکانی ئەدەبـی گێڕانـەوە، لـە دونیـادا ڕۆمانسـین. ئانـا کارنینـا- ی تۆلسـتۆی، خۆشەویسـتی لـە ژێـر بارانـدا- ی نەجیـب مەحفـووز. جیـن ئایـر- ی چارلـوت برۆنتـی. خۆشەویسـتی لـە سـەردەمی کولێـرادا- ی گابریـل گارسـیا مارکیـز. ئەنتۆنیـۆ و کلیۆپاتـرای شەکسـپیر و مەرگـی کلیۆباتـرای ئەحمـەد شـەوقی و دەیانـی کاری تـر، کـە شـاکاری ئەدەبـی دونیـا حسـێبن. جاخـۆ ئەگـەر دەقـە ڕۆمانسـییەکانی ئـەدەب ئەفـەرۆز بکرێـن، ئـەوا دونیـای ئـەدەب بـە گشـتی دەبێـت بـە بیابانێکـی قاقـڕ.

- **کاک شێرکۆ دەفەرموێت:**

[تەنانـەت بەرنامەیەکـی فیکـری و بەرچاوڕوونییەکـی ڕۆشـن، واتـە خەتێکـی فیکریـی یەکگرتـوو لـە چیرۆکەکانیـا بـەدی ناکرێـت] ئـەوی ڕاسـتی بێـت، ئـەو شـەڕەی وا کاک شـێرکۆ، بـە ئێمـەی دەفرۆشـت، بـە پلـەی یەکـەم شـەڕی خەتـی فیکـری بـوو، کـە ئەویـش یـەک لـە بـاری خـۆم، لەقاودانـی بێدادییـە، جـا لـە هـەر بەرگێکـدا بێـت. بەرگرییـە لـە مافـی ڕەوای چەوسـاوە و توێژەیلـی خـوارەوەی کۆمـەڵ. هـەر وەهـایـش دەمێنمـەوە. ئەوەتـا ئـەو لێپێچینـەوەی هـزری لەگـەڵ مـن و فوئـاددا دەکات، دەیەوێـت ئێمەیـش وەک ئـەو بیربکەینـەوە و بنووسـین. ئەوەتـا کاک شـێرکۆ خـۆی جەدانۆڤییانـە بیردەکاتـەوە، کەچـی خەڵکـی تـر بـە جەدانۆڤـی تۆمەتبـار دەکات.

شـێرکۆ داوای شـتێکی لـە مـن کـردووە، کـە لـە خۆیـدا نەبـووە! ئـەو داوای خەتـی فیکریـی یەکگرتـوو لـە چێرۆکەکانـی مـن دەکات، کەچـی خـۆی لـە کاژێکـەوە هاتۆتـە ڕیـزی پارتـی، دواتـر بـووە بـە یەکێتـی، دواتـر هاتووەتـە پـاڵ گـۆڕان، دواتـر کچـێ بـووە بـە نیشـتمانی!

بیـرت بێـت، بـاس لـە کۆتایـی سـاڵانی حافتایـە و کۆچیرۆکـی سـێبەری ئەسـپە شـێ- یـش یەکـەم کۆچیرۆکـی منـەو، تەنیـا حـەوت چیرۆکـە. کەچـی شـێرکۆ وەهـا باسـیان دەکات، وەک ئـەوەی لـە دەیـان دەق بدوێـت.

خوێنەری بەدەربەست ئاگادارە، من دوای کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشێ، دەیان چیرۆکی دیکەم نووسیوە، کە لە دووتوێی چەندان کۆچیرۆکدا بڵاوبوونەتەوە. لێیان وەرگێڕدراوە بۆ زمانانی بیانی و لێیان کراوە بە کورتە فیلم.

دوای لێفەهەڵدانەوە لە بنووسی ئەم وتارە، ئیتر شێرکۆیش (یادی بە خێر) شێوازی خۆی لە نووسینەوە، بۆ زارەکی گۆڕی. ئەو ئیتر بە بەردەوامی لە کاتی دانیشتنیدا لەگەڵ هاوپیاڵەکانیدا، دەیفەرموو: [حەمە فەریق حەسەن بۆ دواوە چووە. چیرۆکە بەراییەکانی سێبەری ئەسپەشێ و ڕستێک زەنگیانەی ئاوی، لە هەموو ڕوویەکەوە، دەها لەوانەی، کە دواتر نووسیونی، پێشکەوتووترن!] ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەروێشەکانی کاک شێرکۆ، نائاگایانە ئەم باڵۆرەیە دەڵێنەوە.

خۆ من گلەییم لەم بۆچوونەی ئەو نییە، هەر بۆ زانیاری تۆماری دەکەم. چونکە ئەو، ئەمەیانی بێ دەمامک و بە ڕاشکاوی لە پێش خەڵکدا گوتووە، ئەگەرچی تاکو نها، نە ڕۆژگار بەم دوعایەی شێرکۆی گوتووە ئامین، نە توێژەر و خۆێنەری شێلگیر. دیارە وتاری زارەکیش با دەیبات.

بەش بە حاڵی خوێنەر، سوودی خوێندنەوەی ژانری ئەدەبی لەوێدایە، ساتێک بە باڵی خەیاڵ لە کێشەکانی دونیا دووربکەوێتەوە و لە گەڵ کارەکەتەرەکانی نێو دەقدا بژی. سەرسام و خۆشنوود بێت و چێژی لێ ببینێت. خوێنەر بۆی هەیە لەگەڵ ئەو دەقانەدا، هاوڕا بیت یان ناتەبا.

ئەو تاکەی تەنیا لەبەرهەندێ بەرهەمی نووسەرێک دەخوێنێتەوە، تاکو غەفڵەت یان وردە هەڵەی لێ بدۆزێتەوە، کێچێکی لێ بکات بە گایەک، بیکات بە هەرا و لە نووسەری گەورە بکات؛ تاکی وەها نە بەدوای هونەر و جوانیدا دەگەڕێت، نە لەدووی چێژە. بە خوێنەریش نایەتە ژماردن، بەڵکو شتێکی ترە و کێشەی تری هەیە! ئەو تاکە، وەک ئەو مرۆڤە وایە، کە چاودێریی دراوسێی، یان هاوڕێی دەکات، تاکو هەڵەیەکی لێ بدۆزێتەوە، بۆی ببەستێتە پریاسکە، لە بۆنەیەکدا، وەک بەڵگە بە چاویدا بداتەوە. لە حاڵێکدا هیچ کتێبێک لەم دونیایەدا بێ وردە غەفڵەت نییە.

سەبارەت بە نووسەی هێژا فوئاد مەجید میسری، من دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم: ئەو سەلماندی کە چاکی لێ دەزانێت و شارەزای ئەدەبی گێرانەوەیە. ئەوەتا چەندان دەقی شانۆیی سەرکەوتووی نووسیوە کە شایانی ئەوەن لە سەر شانۆی وڵاتان پێشکەش بکرێن.

٢٩ی شوباتی٢٠١٦

سەرچاوەو پەراوێز

١)رایس، کارلیل، فن المونتاج السینمائي، ت: أحمد الحضري، ط ١٢

٢)همفري، روبرت، تیار الوعي في الروایة الحدیثة، ت: محمود الربیعي، ط ٢، دار المعارف بیروت

٣)قەرداغي، محمد غفور، لێکدانەوەی «ژدانۆڤیا» نەو ئەدەب، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە٦٩، ئابی ١٩٧٨

٤)میسری، فوئاد مەجید، ئەدەب و لێکدانەوەی ڕۆمانسیانە، بەیان، ژمارە ٦٤، تەموزی ١٩٨٠

٥)حەسەن، محەمەد فەریق، سێبەری ئەسپەشێ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٧٨

میسری، فوئاد مەجید، ڕیالیزم لە سێبەری ئەسپەشێ دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٧

٦)کڵاو قووچ، شێرکۆ بێکەس، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە٧١، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٧٨. ئەم کورتە چیرۆکەی شێرکۆ ئاوا دەست پێ دەکات: [نازانم چۆن ڕێم کەوتەوە ئەو پیرە گەڕەکەی خوارووی شار، هەرکە دوو دەری ی باڵەخانە سووربووە لاسەنگەکەم بینێوە و سەرم کرد بە چوخمە ڕەش داگەڕاوەکەی ژێریا، چەخماخەی خورپەیەک، تێکەڵ بە تەزوویەکی وەک ئاگر و بەفر، لە ڕەگەوە دڵی ڕاچەنیم و حەپەسام!...]

لێـکدانەوەی "ژدانۆفیا" نەو ئەدەب . محمد غفور قەرەداغی

لێ دوان لـە کارێکـی ئەدەبـی و هونـەری بـە تەنیـا هـەر مەوزوعیەتـی فیکـری و خڕکردنـەوەی کۆمەڵـە، واتـەو زاراوەیەکـی نـاو دەقـی تێووره جۆربەجۆرەکانـی نـی یـە، ئەگەرچـی ڕۆڵـی دیـاری خۆشیان هەبێت و نەتوانرێت دەست بەردارییـان لـێ بکرێت، لام وایـە ڕەخنەگر، بـە مانـا فراوانەکـەی، هونەرمەندیشـه و ئەبێت بزانێت چۆن مامەڵـە لـە گـەڵ داهێنانێکـی ئەدەبـی و مەنتیقـی ئـەودا دەکات، واتـە توێـژەرەوە هـەر نەقڵ کەرێکـی میکانیکـی ی ئـەم لاپـەڕە و ئـەو لاپـەڕە نـی یـە، بەڵکـوو لـە چێژکردنـی بەرهەمێکـی ئەدەبیـدا، حەساسێکی بـێ وێنەشـە، ئەگینـا ئەگـەر وانەبێت ئەبێت جیـاوازی ی نێـوان ((موعەلیقێکـی)) سیاسـی و ڕەخنەگرێکـی ئەدەبـی چـی بێت؟

لـە ژمـاره (٦٧ی) گۆڤـاری((ڕۆشـنبیری نـوێ))دا، کاک فوئـاد مەجیـد میسـری، بـە ناونیشـانی ((ڕیالیـزم لـە سـێبەری ئەسپەشـێ))دا لـە کۆمەڵـە چیرۆکەکـەی کاک – محمد فریـق حسـن– دوابـوو، لـە جێگـەی خۆیدایەتـی ئەگـەر بڵێم کاک فوئـاد بـەم نووسـینەوە مانـدوو بـووەو هەوڵێکـی داوە بـۆ ئـەوەی بـەم چیرۆکانەمـان بناسێنیت، بـەڵام ئـەو پرسـەی یەکـەم جـار بـە خەیاڵمانـدا دێت، ئەوەیـە: بۆچـی کاک فوئـاد لـەم کۆمەڵـە چیرۆکـەوە دەسـتی پـێ کرد؟ ئەمـە لـە کاتێکـدا هـەر بـۆ دیـاری کردنـی خەتـە بەیانـی یەکـەی چیرۆکـی کـوردی و نـش و نماکردنـی ئـەم هونـەره ئەبوایـە لـە کۆمەڵـە چیرۆکەکانـی پێشترەوە کـە تەنانـەت کاریشیان لـە قەڵەمەکـەی (محمـد فریـق) کـردووه دەسـتی پـێ بکردایـە، حەزناکـەم مەسـەلەی ئاشـنایەتی ی نووسـەر لەگـەڵ چیرۆکنـووس دا بووبێتـە هـۆی ئـەم هەڵبژاردنـە! کاک فوئـاد لەپێشـدا خـۆی لـەوە ئەدوێت کـە پێویسـتە نەهێڵـی ڕاسـت و چـەپ بەسـەر بەرهەمێکـدا بکێشـرێت و نەشـبرێتە حـەوت تەبەقـەی ئاسمان! ئەمـە ڕاستەو کەچـی لـە تـەواوی نووسینەکەدا لـەوە زیاتـر کـە جارێـک و بـەڵام لـە پارێـزەوە – هەندێـک کێشـەی ناتـەواوی ی چیرۆکـەکان لـە ڕووی فیکـرەوە– دەسـت نیشـان ئـەکات، کـە ئەوانـەش جێگـەی قسـە لەسـەر کـردن و پیاچوونـەوەن، ئیتـر وەکـی تـر ئەتوانـم بڵێم زیاتـر بـە شـان و باهـوودا هەڵدانـە! کاک فوئـاد ئەڵێت ((بابەتەکانـی ئـەو کۆمەڵـە چیرۆکـە بـە گشـتی لـە مەسـەلەی مل ملانـێ ی چینایەتـی دەدوێـن)) ئـەم قسـەیە ئەگەرچـی لـە بنەڕەتـدا دەربـارەی هەمـوو نووسـینێکی ئەدەبـی ئەتوانرێت بووترێت چونکـە هەمـوو دیـاردەکان کـەم و زۆر لـەو مل ملانـێ یـە نزیـک ئەبنـەوە و لـەوی تـردا ئاوێتـە دەبێت، بـەڵام بـە پێچەوانەیشـەوە ئەتوانرێت (جزئیاتـی) چیرۆکـەکان گەلێـک دیـاردەو زۆرانبـازی ی تـری تێدا بدۆزیتـەوە تەنانـەت جـاری وا هەیـە ئەبنـە ناونیشـانێکی گـەورەش، گوزەرانـی جوتیـاران و بـاری ناهەمـواری خەڵکـە چەوسـاوەکە، لـە مـەودای مەسـەلەی نەتەوەیـش جیانابێتـەوە، کـە ڕەنگـە لـەو کۆمەڵـە چیرۆکـەدا ئـەم مۆرکەیـان دیارتـر و شیاوتر بێت لـە ڕووی مەنتیقـی مێژوویـی یـەوە، هونـەری چیرۆکـی کـورت، بـە تەنیـا بابەتـە فیکـری یەکـە نایخەملێنێت، ئوسلووبی هونـەری و داڕشتنی ئەدەبـی و تەکنیـک، ئـەم مەسـەلەیە

ساغ دەکاتەوە، ئەگەر وانەبێت ئەبێت هەموو بیرۆکەیەکی جوان تەنانەت لە ووتاریشدا بە (هونەر) لە قەڵەم بدرێت، زۆربەی ئەم بابەتە فیکری یانەی چیرۆکنووس هێناونی لە دەمێکەوە ئەووترێت و ئەووترێتەوە، هەر لە چیرۆکەکانی سەرەتای نش و نماکردنەوە – مەسەلەی ویژدانی– ئەحمەد موختارەوە تا دەگاتە قزڵجی و ئەوانی تر.. سوود و سەلەم و وەجاخ کوێری.. ئاغاو جوتیار، دەمێکە ئەو تام و چێژەیان لە ڕۆڵی هونەردا نەماوە.

چیرۆکنووسی زیرەک شتە نەبینراوەکان ئەبینێت، لە چەند ساتیکی کەمدا دونیایەکی گەورە دروست ئەکات، ئامانجی سەرەکی ی ئەدەبی ڕیالیزم ڕاستەو دەرخستنی واقیعە بەڵام کام واقیع چۆن؟! ڕەخنەگر لێرەدا ئەیەوێت فیکری خۆیمان پێ بناسێنێت و لەم ڕووەشەوە خۆی چی ی بەدڵ بێت لە چیرۆکەکان دەری بهێنێت و بیانکاتە نموونە! ئەگینا هەر بە پێچەوانەی فیکری ڕەخنەگرەوە دەیان نموونەی تر لە ناو چیرۆکەکاندا هەن کە تەواوی بۆچوونەکانی فوئاد هەڵ ئەوەشێنێتەوە! بۆچی نەیخستوونەتە پێش چاو؟! لە چەند ئیشارەتێکی لابەلایی زیاتر کە ئەویش بۆ ئەوەی نەوترێت– ناموزوعیانە– دواوە و هیچی تر! کاک فوئاد تەماشای ژیان و بەسەرهاتەکان بە جۆرێک ئەکات.. کە هەروەک ((گوڵ)) هەبێت و ((دڕک)) نەبێت، پێکەنین هەبێت و گریان نەبێت، ئەیەوێت مەسەلە (سلبی یەکان) ی ژیانی ئادەمیزاد لە بایەخی مێژووی خۆی بکاتەوە. ئەوەتا (خەباتی تاکە کەسی) ئەکاتە عەیبە و ناتۆرە. ئەمە لە کاتێکدا دەیان بەسەرهات لە خەباتی تاکە کەسیدا ئەبینینەوە، جا ئیتر چۆنیەتی و ئەنجامی خەباتەکە چۆنە، ئەمەیان کارێکی ترە، ئەمە لە چیرۆک دوانە، واتە مامەڵەکردنە لەگەڵ هونەردا، ووتم ڕەخنەگر، فیکری خۆی ((عەرض)) ئەکات و ئەیەوێت. بزانین (مەعلومات)ی چەندە، ئەمە چ پەیوەندی ی بە توێژینەوەوە هەیە؟! نووسەر گەلێک جار یەکێتی هەموو بابەتەکان لە یەکتری دائەبڕێت و لەسەر شێوەی نووسینە تەقلیدییەکان ئەڕوات، ئەیەوێت بڵێت ئا ئەمە ناوەرۆکەو ئەوەیش لەولاوە شکڵە!.. ئەم دووفاقی تەماشاکردنەی کارە ئەدەبی یەکان، لە بنەڕەتەوە لێکدانەوەو شی کردنەوەکە ئەشێوێنێت، چۆن لە لایەک بە جیا ناواخن و لەولای تریشەوە فۆرم؟!

دەمێکە ئەوە بڕاوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەرت کەرت بکرێت و بووترێت ئەمە دەستێک و ئینجا ئەوە قاچێک و دواییش ئەوە سەرەکەی! نووسەر داوای چی لە چیرۆکنووس دەکات؟! هەر ئەوە ماوە پێ ی بڵێت ئا بەم جۆرەش قەڵەمەکەت بگرەو ئەمەش خەریتەکەی! پێم وایە کاک فوئاد لەم بوارەدا ئەدەب بە مەکینەیەک تێ ئەگات و هەڵس و کەوتێکی سەیروسەمەرەی لەگەڵدا ئەکات، ڕەخنەگر شوێن داهێنانی ئەدیب کەوتووە و بەرهەمەکە ئەکاتە بەردی بناغە نەک پێشی بکەوێت و لەلای خۆیەوە بیەوێت دوور لە مەسەلە ئەدەبی یەکە ((موحاضەرە)) بدات! تەماشاکەن لە هەموو نووسینەکەی کاک فوئاددا مەسەلەی (مەنتیق) هەر مەنتیقی (١+١) ە، لە کاتێکا ئەم مەنتیقە لە ئەدەبداو لە ڕێبازی هونەری چیرۆکنووسیندا گەلێک جار بە تەواوی ئاوەژوو ئەبێتەوە چونکە ئەدەب و زمانی ئەدەبی ی باوەش بە (موتڵەق) یشدا ئەکات و بە تەواوی زەمان ئەپێچێتەوەو لە هەموو سنوورەکان دەرئەچێت. ئێستا زمانی شیعر لە چیرۆکدا دەورێکی گەورە لەم ڕووەوە ئەبینێت، مەجازی یەت ئەم هونەرەشی گرتووەتەوە، لە یەک ساتدا کەسێکی ناو چیرۆکێک لێرەیشە و لە دوورترین گۆشەی ئەم دونیایەشە، (زەمان)ی هونەر (زەمان)ی معامەلەیەکی حیسابی نی یە هەرچی ژمارە هەیە ئەم مەیدانە پڕ نەکاتەوە! ئەدەب واقیعی خۆی و مەنتیقی تایبەتی خۆی هەیەو ناشێت بە پرگال و ڕاستە، خەتی بۆ بکێشرێت و بخرێتە ناو دوو کەوانەی قسەی ئەم و ئەوەوە، هونەرمەند لە زاتەوە دەست پێ ئەکات، ئەی کەواتە بۆچی فێرگەیەک بۆ خەڵکی نەکرێتەوە و فێریان بکەن چۆن ئەبن بە چیرۆکنووس و هونەرمەند؟! ئەم مەسەلەیە لە دەسەڵات بەولاوەترەو لە حەز و خۆزگەی ڕووتیش گەورەترە! بەتەنیا خۆبەستنەوەی نووسەرێک بە خەڵکی هەژار و لێ قەوماوەوە مەرج نییە ئەو کەسە بکاتە چیرۆکنووس و هونەرمەند.

لە کاتی خۆیدا ((ژدانۆف)) ئەیویست ئەدەب بکات بە مەکینەی جووجەڵە هەڵهێنان و ئامرازی کارگەکان، تەنانەت کار گەیشتبووە ڕادەیەک ئەبوایە شاعیرێک لە کردنەوەی کارگەیەکی تازەدا یان دروست کردنی بورجێکی کارەبایی دا ئەویش بەشدار بێت و شیعریشی بۆ بڵێت! ئاوڕدانەوەیەک لە ئەدەبی ئەو سەردەمەی ژدانۆف بە تەواوی ڕاستی ی ئەم قسەیەمان ئەسەلمێنێت، ئەویش ئەیوت ((پێویستە ئەدیب بەو جۆرە بنووسێت و بەو شێوەیە بیر بکاتەوە)) بەڵێ ئەگەرچی کاک فوئاد هاتووە و بەشێکی نووسینەکەی گوایە بۆ لایەنی هونەری تەرخان کردووە، بەڵام هەر لەپاش چەند ڕستەیەک گەڕاوەتەوە سەر بۆچوونەکانی سەرەتای وتارەکەی و ئەوەی مەسەلەی هونەری چیرۆکنووسین بێت خۆی لێ نەداوە! بە پێچەوانەوە وەک لەمەولا باسی ئەکەم ویستوویەتی مەسەلەی (مەنەلۆگ) و – تەداعی– بە (بیدعەیەکی) سەرمایەداری لە قەڵەم بدات و بە ڕەوڕەوەی کۆنەپەرستی یەوە ببەستێتەوە! لێرەدا بە پێوستی دەزانم ئەوە بڵێم: ((ئەوەندەی هونەر بۆ هونەر)) لە کۆمەڵانی خەڵک دوور ئەکەوێتەوە ئەوەندە زیاتریش ((بابەت بۆ بابەت)) لە مەسەلەی ستاتیک و جوانی هونەر دوور ئەکەوێتەوە. ئوسلووب دەسنیشانی ئەدیب ئەکات یان نایکات، ئوسلووب هەموو بەرهەمەکەیە بە ئاوێتەبوونی بابەت و فۆرمیشەوە، هەزاران جار – قومارکردن– وەک بابەتێک لە هەزاران چیرۆکدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام زۆر کەمیان هەبوو بووبێت بە (چیرۆک) ، لێکدانەوەی ژدانۆفیانە

مۆمیاکردنی ئەدەب و هونەرە و هیچ کاتێک خەتەری ئەمیان لە خەتەری فۆرمی یەکانی دادایی و سوریالیەکان کەمتر نی یە. ئەمیان لە (شکڵ) پەرستیداو ئەویان لە (بابەت) پەرستندا یەکتر ئەگرنەوە، لە هەردوو حاڵەتدا ((ئەدەب و هونەر)) ئەکرێت بە ژێر مەبەستی لاوەکی و دوور لە حەقیقەتی ئەدەبەوە.

کاک فوئاد لە نمایش کردنی فیکری خۆیداو لە نیشاندانی ئەو ئایدیۆلۆژیەتەدا کە باوەڕی پێەیتی هاتووە و لە زۆر لای نووسینەکەیدا ڕێبازەکانی سایکۆلۆژی باس کردووە، خەتێکی ڕاست و چەپی وەک خۆی ووتەنی بەسەر (فرۆید)دا دەهێنێت و سەحێکیش بەسەر (بافلۆف)دا، ئەم کێشانە بەم جۆرە بەم نووکە قەڵەمانە چ سەرئەنجامێک نادەن بە دەستەوە، (بافلۆف) هەرچی جێگەو بایەخێکە بۆ مەسەلە مەعنەویەکانی ژیانی ئادەمیزاد وەک خۆشەویستی ناهێڵێتەوە، سەرجەم ئادەمیزاد وەک مەکینەیەکی بەرهەمهێنەر ئەداتە قەڵەم، خەوو خەیاڵ و نیازە مەعنەوی و ڕوحی یەکان- کە ئەو بیەوێت و نەیەوێت- دەوری کاریگەریان لە سەراپای ژیانی کۆمەڵگادا هەیەو بە شتی پڕو پووچ و غەیبی نازانێت، هەر وەکو چۆن (فرۆید) یش هەرچی بایەخ هەیە بۆ مەسەلە مادی یەکانی ژیان ناهێڵێتەوە.

من لێرەدا ئەم کێشەیە بە نوختەیەکی جەوهەری ی ئەم نووسینەی خۆم نازانم بۆیە بە پێوستی نازانم درێژەی پێ بدەم. کاک فوئاد ئەڵێت: ((خۆش بین و بەرچاو ڕوونی سیمای هەرە دیار و ئاشکرای بیرکردنەوەی نووسەرە تەنانەت لەو حاڵەتەیشدا کارەساتەکان دەگەنە ئەوپەڕی)) لام وایە ئەم قسانە دەمێکە لە لایەن ئەو کەسانەوە ئەووترێت کە ویستوویانە (ئەدەب لە قاڵب بدەن) واتە ژیان بخەنە ناو چوارچێوەیەکی مەعلوومەوە، گەلێک جار خۆش بینی نیشانەی گەوجێتی یەو دەرک نەکردنە بە حەقیقەتی ئادەمیزاد و بەسەرهاتەکان، من لە لای خۆمەوە هەرگیز ناونیشانی (خۆش بینی) و (ڕەش بینی) نانێم بە پارچەیەکی هونەری و ئەدەبی یەوە چونکە من – ژیانم لەو پارچە ئەدەبییەدا ئەوێت کە نووسەر لێ ی ئەدوێت و دای ئەڕێژێت- جا گریان بێت یان پێکەنین، ترسنۆکی بێت یان قارەمانی، بۆ نموونە بەلای منەوە شیعرێکی وەک (ست فاتیمە) شیعرترو نەمرترە وەک لە دەیان شیعری تر کە ڕەنگە ئەوپەڕی خۆش بینی یان تێدا بێت و پەیتا پەیتاش ساویلکانەو بۆ ختووکەدانێکی وەختی ناوی ئازادی و سەربەستی بەرن. ئەدەبی نەمر ئەمێنێتەوە و زەمان چاکترین شایەتی ئەم سەرەنجام بڕینەوەیەیە، لە سەردەمی ژدانۆف و زۆر سەردەمی تریش دا بە دەیان شاعیر و چیرۆکنووس هەبوون.. بەڵام ئێستا کوان؟!

نووسەری ناوبراو ئەڵێت ((ڕووداوەکان بە شێوەیەکی مەنتیقی تێکەڵ بە یەکیان بکات و ماوەی ئەوە نەدات خوێنەر هەست بە شتی نامۆ و بێ پەیوەندی و لابەلا بکات...)) وەک لە پێشدا وتم: کاک فوئاد ((مەنتیقی ئەدەب)) بە چی تێ ئەگات؟! بە مەنتیقی ڕیازیات؟! یان بە مەنتیقی ئابووری؟! لە زمانی ئێستەی ئەدەبیدا مەنتیقی ئەقڵی کلاسیکی کە نەک هەر ئەدەب نی یە بەڵکوو (ڕەقیبێکیشە) بەسەر قەڵەمی داهێنەر و هونەرمەندەوە. هەتا ئێستە بەلای کاک فوئادەوە ((بە شێوەیەکی مەنتیقی تێکەڵ بە یەکیان بکات)) لە چیرۆکدا هەر سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی یە بەناوبانگەکانی مۆباسان دەگرێتەوە و تێ پەڕ ناکات. بەم پێ یە، ئەبێت دەیان شاکاری ئەدەبی بسڕینەوە، چونکە ئەو مەنتیقەی کاک فوئاد لێی ئەدوێ و بەو جۆرە تێکەڵ بەیەک نەبوون وەک مەنتیقی ڕۆژانە گەرەکیەتی، لەم حاڵەدا چی لە دەستۆیفسکی و کافکا و باسترناک

و دەیانی تر بکەین؟! یان با کاک فوئاد پێمان بڵێت تەنانەت لە هونەری تەشکیلیدا چی لە (بیکاسۆ) بکەین؟! کە هەرچی ئەو مەنتیقەی فوئاد باسی ئەکات نە لە چاوو نە لە لووت و نە لە دەمی ئادەمیزادەکانی ئەودا نابینرێن!! تۆ بڵێیت کاک فوئاد پێمان بسەلمێنێت کە ((بیکاسۆ)) ش هونەرمەند نی یەو بیدعەیەکی سەرمایەداری و ڕەنگ دانەوەی خەون و خەیاڵەکانی فرۆیدن!! نووسەر لە باس کردنی ڕێبازە نوێ یەکانی ئەدەبدا قەڵەمەکەی ڕێبوارانە تێ ئەپەڕێنێت و بازی گەورە گەورەیان بەسەردا ئەدات و بە زۆر چاوی خۆی لە ئاستاندا ئەنووقێنێت. لەو بەشەدا کە نووسەر ناوی – لایەنی هونەری– لێ ناوە ئەڵێت ((ئەگەرچی ئەم شێوە هونەری یە لای زۆربەی نووسەرەکان داوێتی یە دواوە_ واتە سەرد_ شێوەی نوێ یان هێناوەتە گۆڕێ بەڵام ئەم کارە هیچ لەو ڕاستی یە ناگۆڕێت کە ناوەرۆک دەست نیشانی شێوە ئەکات))

نووسەر پێمان ناڵێت بۆ دایە دواوە! هەر لە خۆوە یان کۆمەڵە هۆیەکی مێژوویی و فیکری ئەم گۆڕانەیان هێناوە بەسەر تەکنیکی چیرۆک نووسیندا! نووسەر ئەیەوێت بەرگری لە ئوسلووبی (سەرد) بکات، دیارە ئەم بەرگری کردنەش هەر پەیوەندی ی بەو (مەنتیق)ەوە هەیە کە نووسەر لە پێشدا لێ ی ئەدوێت – لەمەشا بۆ خۆی ڕاست ئەکات– ناوەرۆک دەست نیشانی شێوە دەکات، ئەم قسەیە گەلێک جار ئەوترێتەوە، بەڵام وایە؟! ئەمە هەر لە زنجیرەی بیر کردنەوەی دابڕینی شێوە و ناوەرۆکەوە هاتووە، پێویستە ئەوە بزانین لە کارێکی ئەدەبیدا هەردوو دیاردەکە پێکەوەو یەک لەوی تردا ئەتوێنەوە دەست نیشانی سەرئەنجامی کارە هونەری یەکە ئەکەن. دواکەوتن و پێشکەوتنی ئەم لەگەڵ ئەودا، لێکدانەوەیەکی کۆن و بەسەرچووە، ئایا ناوەرۆکی بێ فۆرم و فۆرمی بێ ناوەرۆک هەیە؟! فوئاد لەم بەشەدا ئەیەوێت مەسەلەی ڕێبازی شەپۆلی هۆش و مەنەلۆگ لە تەکنیکی چیرۆکی نوێدا:

١. بباتەوە سەر ڕێبازە سایکۆلۆجی یەکەی فرۆید و کیرگارد.

٢. وەک ئوسلووبێکی نالەبار و لە هەمان کاتدا ناپێویست لێ ی بدوێت. من لێرەدا بە بێ درێژدادڕی، ئەوە ئەڵێم: مەسەلەی شەپۆلی هۆش و مەنەلۆگ بەر لە تاقی کردنەوەکانی فرۆید هەبوون و ئەشتوانم بڵێم تەنانەت (فرۆید) سوودی بۆ خۆی لێ وەرگرتوون، ئاشکرایە ئەگەر ((دۆستۆیفسکی)) بە باوکی گەورەی ئەم یبازە نەژمێردرێت ئەوە هەر هیچ نەبێت بەردی بناغەی داناوە، ئەمە لە کاتێکدا (فرۆید) هێشتا نەگەیشتبووە سەرئەنجامی گەلێک لە تاقی کردنەوەکانی خۆی لەو مەیدانەدا، واتە شەپۆلی هۆش شتێک نی یە دوای تاقی کردنەوە زانستیەکان کەوتبێ وەک سەرەتای سەرهەڵدانی بەڵام گومان لەوەدا نی یە لە نش و نماکردنیا سوودی لەوان وەرگرتووە، ئەوەتەی ئادەمیزاد هەیە شەپۆلی هۆشیش هەر هەبووە، بەڵام لە کەیەوە ئەم شەپۆلە وەک داهێنانێکی ئەدەبی ی گەورە هاتە کایەوە، من سەرەتای بە دۆستۆیفسکی و دوای ئەویش جێگیر بوون و پێشکەش کردنی لە گەورەترین شاکاری ئەدەبیدا لە لای (جویس) و (فۆکنەر) ئەبینمەوە!

لێکدانەوەی فوئاد لێکدانەوەیەکی ژدانۆفیانەیە، چونکە قسەکانی هەر هەمان بۆچوون و شی کرنەوەی ژدانۆفی یەکانە بەرانبەر بە ئەدەب و هونەر، هەر لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە هەڵبدەینەوە، بە سەدان نموونەی لەم قسانەی فوئادی تێدایە، هەر لەم ماوەیەدا بوو، بەرهەمەکانی (کافکا) بە پاشماوەی بیری بۆرژوا و سەرمایەدار ئەدرایە قەڵەم و کەچی ئێستەش لە یەکێتی سۆڤیەتدا و هەر لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی (بافلۆف) شی ئەکرێنەوە و ئەبرێنەوە سەر ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی. ئەمە چەندی بە چەند؟! ئەدەبەکەی ئەم نەمرتر بوو لە هەموو (قاڵبێک)و لە هەموو لێکدانەوەیەکی میکانیکی و ساتە وەختی، ئەدەبی نەمرو بەخشندە، ئەمێنێتەوەو هەرچی لێکدانەوەی ژدانۆفیانەش هەیە ئەمێنێتەوە و بەسەر ئەچن، کاک فوئاد ئەیەوێت گەورەترین چیرۆکنووسی هونەرمەندی ئەم دونیایە کە بەپیت ترین سامانی ئەدەبی ی لە دوای خۆیەوە جێ هێشت، ڕێبازێکی گەورەی لەم هونەرەدا دیاری کرد، هەروا بە نووکە قەڵەمێک و دوو قسە بسڕێتەوە! ئەمە لە کاتێکدا من گومان لەوە ئەکەم کە فوئاد خۆی شتێکی ئەوتۆی لەسەر (جێمس جویس) یان (فۆکنەر) یان ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی خوێندبێتەوە، کەچی بەم جۆرەش لەوان ئەدوێت! سەیرە: ئەی سەیر نی یە من لە ((قورئان)) بدوێم کەچی ((قورئان)) م نەخوێندبێتەوە؟!

فوئاد باسی (مۆنتاج) ئەکات و ئەڵێت ((هەرچەندە ئەم تەکنیکە شەپۆلی هۆشیش بەکاری دێنێ بەڵام بە شتی سەرەکی ی دانانێین)) ئەمە لە کاتێکدا تەنیا جیاوازی گەورەی نێوان مۆنتاژی سینەمایی و مەنەلۆگ جیاوازی ی وێنەو ووشەیە و وەکی تر هەردووکیان لەو بڕین و خستنەسەر و ئەم سەرو ئەوسەرکردنەدا یەک ئەگرنەوە!!

خودی ئەدیب سەرچاوە گەورەکەیە بۆ هەڵقوڵین، لەوێوە داهێنان دێتە دەرەوە و بەخشین دەست نیشان ئەکرێت، فوئاد ئەیەوێت (ذاتی ئەدیب) بکات بە شتە لاوەکیەکە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەو خودی ئەدیبە نەبێت، بەرهەمی ئەدەبی کامەیە؟ ئەشێت گەلێک بەرهەم هێنانی تری هونەری شێوەی هەرەوەز بگرێتە خۆ، بەڵام نووسین و ئەدەب، ووشەن و ووشەش تەنیا یەکێک خۆی ئەیهێنێتە کایەوە پشکەشی خوێنەری ئەکات ئیتر چۆنیەتی ئەدەبەکە و ڕادەی خۆبەستنەوە و نەبەستنەوەی دەکەوێتە دوای ئەو زاتەوە. وەک چۆن فوئاد داوای ئەم خۆبەستنەوە و خەت بۆ کشانە لە ئەدیب دەکات ئەبێت خۆشی ئەوە بزانێت خەڵکیش داوای ئەو هەڵوێست و ڕاستگۆیی و پاکێتی یە لەو دەکەن!

ئەدیبی بیر تەمەڵ و هۆش ساکار هەرگیز کارێکی ئەدەبی ی قووڵ نادات بە دەستەوە، وەک چۆن بە تەنیا پڕ کردنەوەی نووسینێکیش لە هەندێک وشەی باو ئەو نووسینە ناگەیەنێتە ئەوەی پێ ی بوترێت ((هونەر)) و بەرگەی ڕۆژگار بگرێت، دەربارەی ئەو تەکنیکەی وەک نووسەر ئەڵێت (سائدە) ئەمە لە خۆوە سەری هەڵنەداوە بەڵکوو پێداویستە کۆمەڵایەتی و هونەری یەکان هێناویانەتە گۆڕێ، هەرچەندە من هەموو بەرهەمێکی ئەم ڕێبازە بە بەرهەمی سەرکەوتووی هونەری نازانم و چیرۆکی کورت لە لای ئێمە هێشتا هەر لە سەرەتای ڕێگەدایە، بەڵام نارەوایشە، نەوترێت کە چیرۆکنووسەکانمان بە تایبەتی لێ هاتووەکانیان، توانیویانە خۆیان لە کۆت و پێوەندی گەلێک شێوەی کۆن و تەقلیدی ڕزگار بکەن و تەوژمێ بەم هونەرە نەدەن.

ئەوەی ڕاستی بێت، من لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستم لە نووسینەکەی فوئاد بوو بۆیە لە چیرۆکەکانی (محمد فریق) نەدوام، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی حەز ئەکەم چەند سەرنجێک لە شێوەی نووسین و ئەو بابەتانە بدەم کە چیرۆکنووس کردوونی بە چیرۆک:

١. کاک (محمد فریق) لەمەدا لەگەڵ فوئاددام هەر لە سەرەتاوە ئەیەوێت حاشا لە هەندێک چیرۆکی خۆی بکات کە ئەو بیەوێت و نەیەوێت هی ئەون، ئەم هەر لە منداڵەکانی خۆی بکات، هۆکان چەند بەهێزیش بن، خۆیان لە بەردەم ئەو ڕاستیەدا ناگرن، کە منداڵەکانی لە ئەون و هەر ئەویش باوکیانە، ئەم خۆپەڕینەوە ساکار و لە هەمان کاتدا لەخۆبایی بوونە ئەبێت لە پای چی بێت؟! محمد فریق ئەنووسێت، چی شتێکی خستووەتە سەر چیرۆکی نوێ ی کوردی؟! زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی هەتا ئێستاش لە مەودای (خەمە ڕۆمانسی یەکان) نەچوونەتە دەرەوە، ئەجوائی چیرۆکەکانی، هەر هەمان ئەجواء و کەش و ئاوو هەوای چیرۆکە تەقلیدی یەکانی (حەسەن قزڵجی) مان دەهێنێتەوە بیر، ڕەنگە جیاوازی ی نێوانیان تەنیا جیاوازی ی تەمەن بێت و هیچی تر..

٢. ئایا ڕاستگۆیی لە دەربڕیندا چی یە؟! ئەوەیە من بەبێ ئەوەی موعاناتی جوتیارێکم هەبێت بێم و بەزۆر ئەم تاقی کردنەوەیە بئاخنمە چیرۆکەکانی خۆمەوە، چی دەرئەچن؟! ئەوەی بە وردی سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکەکەی (محمد فریق) بدات بە چاکی ئەگاتە ئەوەی چیرۆکنووس ئەیەوێت ئەم تاقی کردنەوانە بخوازێت و یان کۆتای یەکی خۆش بینی یان بۆ دروست بکات و بە ئارەزووی خۆی ملی کەسانی چیرۆکەکانی بگرێت و هەڵیان سووڕێنێت. لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئەوە بڵێم زۆر جار چیرۆکەکانی کاک

(محمد فریق) وەک نووسینە ڕەخنەیی یەکانی وەهان کە بە تەواوی مۆڕکی ڕق و کینەی شەخسی یان پێوە دیارە. واتە نووسەر دوور لە مەوزووعیەت قەڵەمەکەی تاوئەدات و بێ مەسئوولیەت ئەیخاتە کار..

٣. زۆربەی زۆری چیرۆکەکان، دوای یەکەم خوێندنەوە، ئیتر لە بیرئەچنەوەو هەرچی هەست و پاشماوەی کار تێکردن هەیە لە دەروونی خوێنەردا بەجێ ناهێڵن، بێ گومان ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی لاوازی و پێ نەگەیشتنی چیرۆک و کاڵ و کرچی ی تەکنیکی نووسین.

٤. ئەو بابەتانەی کە چیرۆکنووس کردوونیە کەرەسەی چیرۆکەکانی، گەلێکیان سواون و هەزاران جار جووراونەتەوە، ئەم جوونەوە بەردەوامە نیشانەی دانەهێنانە، نیشانەی قووڵ نەبوونەوەو سووڕانەوەو خول خواردنی نووسەرە لە چەند بازنەیەکی داخراودا.

٥. ڕاستە چیرۆکنووس بە زمانێکی کوردی ی ڕەوان و سادە ئەنووسێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕستەکانی زۆر لە خۆکردنی بۆ ئەو دارشتنانە تێدایە (ڕستەی قەواعیدین) و زۆر جار هەست ناکەیت بە خۆڕسکی و کامڵ بوونیان.

٦. ڕۆمانسیەتی ئەدەبی زاڵە بەسەر (وەصف) و گێڕانەوەکانی نووسەردا، تەنانەت بەرنامەیەکی فیکری و بەرچاو ڕوونی یەکی ڕۆشن واتە خەتێکی فیکری ی یەکگرتوو لە چیرۆکەکانیا بەدی ناکرێت.

لە کۆتاییدا.. حەز ئەکەم خوێنەران ئەوە بزانن، ڕەنگە دوور بە دوور ڕەخنەگر و چیرۆکنووسم دیبێت ئەگینا وەکی تر هیچ جۆرە ناسیاوییەکی شەخسیم لەگەڵیاندا نی یە و نەبووە و منیش ویستوومە لەم نووسینەدا ڕاکانی خۆم دەربارەی نووسینەکەی (فوئاد) بخەمە پێش چاوو بەشداری یەکی ئەم موناقەشە ئەدەبی یە بکەم و شتێکی لێوە بدوێم.

سەرچاوەکان

ڕۆشنبیری نوێ ژمارە٦٩، لاپەڕە (٦٤–٦٩)، ئابی ساڵی ١٩٧٨

سەرنج: من ئەم دەقەم بە ئەمانەتەوە، بە هەمان ڕێنووس و خاڵبەندی، بەبێ دەستکاری لەو سەرچاوەیەی سەرەوە گواستۆتەوە.

کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپەشێ

• بۆ خوێنەرە بەڕێزەکان

هەموو کەسێک سەرەتا، کە دەست دەداتە پێنووس و خۆی لە بواری ئەدەبدا تاقیدەکاتەوە، جا شیعر بێت یان چیرۆک، مەڵۆیەکی ئەوتۆی پێ نییە شیاوی ئەوە بێ بخرێتە سەر جۆخینی ئەدەبەکەی. چونکە لە ڕووی هونەرییەوە زیاتر لاسایی نووسەرانی کۆن و هاوچەرخی خۆی دەکاتەوە و شوێن پێیان هەڵدەگرێ. جا ئەگەر لە ئەنجامی خۆ پێگەیاندن و بیرکردنەوە و تەقەلـلادا، توانی ڕێچکەیەکی نوێی جیاواز بدۆزێتەوە، ئەوا توێشووی خۆی پێیە و لە خەم ڕەخسیوە. دەنا ئەگەر هەر جوینەوە و لاسایی کردنەوە بێت، ئەوا مەیدان بۆ کەسانی تر چۆڵ بکات و لەکۆڵ ئەدەبەکە بێتەوە گەلێک چاکترە.

بەش بەحاڵی خۆم، ئەوانەی بە ناوی چیرۆکەوە، لە سەرەتای هەنگاوەکانمدا. لە ڕۆژنامەوە گۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، ئەوانەیان وا لێرەدا دەستنیشانیان دەکەم، لە ڕووی هونەرییەوە شایانی بڵاوکردنەوە نەبوون. جارێ وەک تەکنیک هەر وێرانن. چ قوورەتە هەوڵم دابێ داهێنانێکی سادە و ساکار چییە بهێنمە کایەوە. یان بە دوای بابەتێکی نوێی کەس نەزاندا گەڕابم. حەرام، پەیم بە هونەری چیرۆک نووسین هەر نەبردووە. لەم ناوەیشدا تەنیا خۆم زەرەرمەند بووم.

جا خوێنەری هاوڕێم، من داوات لێ دەکەم ئەگەر ئەم چیرۆکانەی لای خوارەوەت بەرچاوکەوت بیانخەیتە پشتگوێ. تەنانەت ئەو کەسانەی کە دواڕۆژ بیبلیۆگرافیا بۆ چیرۆکی کوردی چاپ دەکەن؛ یان ئەوانەیشی نیازی لێکۆڵینەوەی چیرۆکیان هەیە. داوایان لێ دەکەم ئەم بەرهەمانەم لەسەر نەکەن بە ماڵ و نەیدەنە پاڵ من. من بێبەریم لێیان:

(١) داوی دڵداریی ، ڕاپەڕین، ژمارە (١٤٤ ـ ١٤٥) ساڵی ١٩٦٧.

(٢) قادر کوژراو، لە ژێر ناوێکی خوازراودا، لە ڕۆژنامەی دەنگ و باس دا، ساڵی ١٩٦٧. هەمان بابەت لە ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٣٧) ی ساڵی ١٩٧٥ دا، جارێکی تر بڵاوم کردووەتەوە.

(٣) ئەم چاڵە گۆڕتە، دەنگی مامۆستا، ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٧١.

(٤) جاڕچییەکەیش هاواری دەکرد، ژین، ژمارە ١٤٢.

(٥) سێ کەس لە ڕۆژگارێکدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢)، ساڵی ١٩٧٤.

(٦) بۆ کەوەکەم، بەیان، ژمارە (٢٢)، ساڵی ١٩٧٥.

(٧) خەمێکی خۆش، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٤١) ساڵی١٩٧٥.

وەنەبێ هاوڕێی خوێنەرم من لافی ئەوەم لێدابێ، گوایە ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی، کە ئێستا لەبەر دەستتدایە هەموویان شاکار و لە لوتکەدابن و هیچم نەهێشتبێتەوە! نەخێر، من هەرگیز وەها ناڵێم. ئەوەندە هەیە لەچاو ئەوانەدا، کە نکوولیم لێ کردن هەست بە گۆڕانێک دەکەم و مافی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیشیان بۆ خوێنەر جێدەهێڵم.

با ئەوەیشت بخەمەوە یاد، کە من دەستکاریی چیرۆکی (ئەستێرەیەک لەڕۆژی ڕووندا) و (سێبەری ئەسپەشێ) م کردووە. بەڵام بێئەوەی دەستکارییەکە کاری کردبێتە سەر ناوەرۆک و بیری چیرۆکەکان. داواجار بەهیوام ئێوەی هاوڕێم ئەم قسانەم بە لەخۆبایی بوون بۆ تۆمارنەکەن، تەنها تەوازوعێکە و هیچی تر.

سلێمانی
١٩٩٧/٧/٢٣

ئەستێرەیەک لە ڕۆژی ڕوونا

دەروێش، دوو سێ جاران بەدەوری خۆیدا سووڕا، ئەمجا ڕووی کردە وەنەوش، وەک بیری ڕۆژانی زاوایەتیی کردبێتەوە پرسی:

((چۆنم ژنەکە؟))

وەنەوش چاوێکی پێداخشاند و وتی:

((هێشتا باشیت؛ لێت دێ.))

کاتێک هەنگاوی دەنا خشەخشێکی لێوەدەهات. هەستی بە خۆشییەک دەکرد. خۆشییەک لە ناخەوە کاری لەڕۆحی دەکردە و ختووکەی دەدا. هەتا چەند هەنگاوێک ئەودیوی دەرگای حەوشەیش قاچەکانی بەیەکدا دەهاتن. ئەو دەیویست بزەی سەرلێوی بشارێتەوە؛ بەڵام چەندی دەکۆشا نەیدەتوانی لێوەکانی جووت بکات. جاروبارە بەلای ڕاست و چەپدا لای دەکردەوە و تەماشایەکی خۆیشی دەکرد. ئەوەندە هەبوو کاتێک ڕوانینی لە ئاستی پێیەکانیدا دەگیرسایەوە، هەستی بە ناتەباییەک دەکرد. ئەو دەبوایە جوتێک کەوشی نوێشی لێ هەڵکێشایە. ئەو ڕۆژە دەروێش خۆی بۆ دابین نەدەبوو؛ چونکە لە خۆیەوە هەتا وەنەوش و هەر شەش منداڵەکەیشی پۆشتە کردبووەوە. جگەلەوەی لە ئاستی خاوەن سەلەم و قەرزدا سەری بەرزبوو. دەمێکیش بوو بەهیوای دەستێک جلکی فاسۆنی ئاوا نایاب بوو، تاکو بای باڵی خۆی پێوەبدات و لە نێو دۆست و ناحەزدا دیاربێت.

بەژێر قەتارەی دارتوودا، ڕووەو مزگەوت بەرەوخوار بووەوە. تاڵە تیشکی کەم تینی پاییز دەیدا لە سەر و شانەکانی و بریسکەیەکی نیوە دیاری لێ پەیدا دەکرد. گەڵاتوو، بە شنەی با، دەوەرین و پەپوولە ئاسا چەند جارێک بەملا و ئەولادا دەشکانەوە و دواتر لە سەرشان دەکەوتنە سەر زەوی، ناوەندەکانیان سەوز و کۆتاییەکانیشیان زەرد.

دەروێش نزیک مزگەوت بووەوە. چاوەڕوان بوو بەرلەوەی ئەم دەستی سڵاو بەرزبکاتەوە، گوێی بە پیرۆزبایی پیاوانی دێ بزرنگێتەوە. سوورە چنارە قەد ئەستوورە هەڵکشاوەکەی سەر حەوزی مزگەوت چەتری سێبەرێکی خەستی بۆ هەڵدا. لەم دەمەدا پۆلێک گەڵای لووسی پەنجەیی، کۆتایی تیژ، ناوەندەکانیان کەسک و کۆتاییەکانیان سپیواش بەسەریدا دابارین. دوای چەند شکانەوەیەک بە بەرزاییەوە، بێدەنگ لە بەردەمیدا نیشتنەوە. ئەم سەری بۆ دانیشتوانی بەرهەیوانی مزگەوتەکە هەڵبڕی. لە کەوانەوە بەرەو سەراورد چاوێکی خێرای پێدا گێڕان. دوا ڕووخساریش، کە سەرنجی پێیەوە قەتیس ما، ڕووخساری ئاغابوو. کاتێک باشتر لە شێوە و ڕواڵەتی ئاغا ڕاما، هەستی بە جۆرە بێزارییەک کرد. دیسان سەرنجی بەباڵایدا سەرخستەوە. لە ئاستی چاوەکانی ئاغادا ئیستێکی کرد. دەمودەست هەستی کرد چاوەکانی ئاغا پاڵ بەسەرنجەکانییەوە دەنێن و دەستەوناو دەیانکەنەوە بە ناو بیلبیلەکانیدا. پێڵووەکانی نیشتن و ملی کەچ کرد.

((ئێ میرم. بووی بەو پیاوەی جل و بەرگ لە هینەکانی من بەکرد بدەیت، ها؟ دەسا دەبێ بخۆی بەدەستم! ئادەی حەمە، وەیسە، لیسێکم بدەنێ!))

هەرکە لیسە تەڕە قڕقڕاوییەکەی بەرز دەکردەوە، ئاغا ئاواتی بۆ هێزێکی ئەفسانەیی دەخواست تا بە تەنیا دەست هێنانەوەیەک کەسیرەی بخات. وەک پاشایەکی تووڕە، هەڕەشە لە تاج و تەختی کرابێت، دەیویست، زەبر و زەنگ بنوێنێت. دەروێشیش بووبوو بە مریشکێکی سەربڕدراو و لەبەر پێیدا هەڵدەبەزییەوە. چنگی قڕدەکردەوە، دەیکرد بە سوپەری ڕووی. لەگەڵ شریخەی تەڕکەکەدا پاشەوپاش دەکشایەوە. تا دەهات خێراتر و ستوونیتر تەڕک بەسەریدا دادەباری؛ تا لەبەر پێیدا بە

تەواویی چۆکی دادا و ڕەهێڵ بوو. ئەو بە پشووی سوارەوە هۆن هۆن ئارەقە بەلاجانگیدا ڕێچکەی دەبەست. ڕووی پەمبە هەڵدەگەڕا و هەناسەیشی سوار. هرووژمی خوێن دڕی بەدیواری دەمارەکانی دەدا و هەڵدەکفان. بێ دەستەڵاتانە دەمی گۆی نەدەکرد و دەم و پلی تێکەڵ دەبوو:

((ناماقووڵییەک بوو کردم. من چووزانم جەنابیشتان، لەوەی منتان، بە دروون داوە. ئەگینا، چ ڕایەکم هەیە کاری وەها بکەم. بمبەخشە!))

بەناوی نوێژی عەسرەوە تاک و تارایەک بەرەو مزگەوت دەخزان. ئەوان کاتێک دیمەنەکەیان بینی، وەک خۆڵ و دۆیان بەسەردا کرابێ فزەیان لێوە نەدەهات. وەلێ لە ناوەوە موچوڕکیان پێدا دەهات. ئاغایش بەردەوام بوو.

((هەهەهە. من لەوەی تۆم بەدروون داوە یان جەنابتان لەوەی من؟ بتبەخشم، ها! هەر ماینێک و شەش حەوت توولە و تانجیت کەمە دەروێش ئاغا! ئەوە تۆ کوێڕا خۆت لێ گۆڕا؟))

گاسنی قین، هیلێ هەڵچوونێکی بێئەندازەی لە نێوچاوانی ئاغادا دەکێشا. توولە ماری دەمارەکانی ملی هەڵسابوونە سەر کلک. تا دەهات سپێنەی چاوەکانی فراوانتر دەبوون. لالەغاوەیشی کەفی دەچڕاند. ئاغا تەڕکەکەی دانا. نکاو پڕی بە دەروێشدا کرد و برکی دایە حەوزەکەوە. لە ساردیی ئاوەکە بەخۆیدا هاتەوە و گیانی کەوتە مێروولە. وەک گیاندارێکی بەئاو نائاشنا، کەوتە شڵپ و هووڕ و پەلە قاژەی ڕزگاری، تا حەزەکە تەواو شێلوو بوو.

ڕاوەستاوەکان وەک تەیمان لە جێی خۆیان چەقیبوون و دەنگیان لێوە نەدەهات. ئاغا بەدەوری خۆیدا چەرخا. چاوێکی پێدا گێڕان و گوێی ئاودانەوە:

((خۆم باشیان دەناسم، ئەمانە بیان بێ خوا ناناسن. خوا دایناوە لە برساندا زگیان هەڵبگوشن. ڕووی پێشینان سپی بێ، کە وتیان بۆز بەلەڕی!))

کڵاو و مێزەرەکەی دەروێش بەسەر ئاوەکەوە مەلەی دەکرد. چۆقەی ددانی دەهات و لە ناو حەوزەکەدا شڵپ و کۆی بوو. پرچە خورماییەکەی بەیەکدا نووسابوون و تاڵ تاڵی ڕیشە قەڵەم کراوەکەی وەک دەرزی زیت. بەهەر حاڵێک بوو خۆی گەیاندە لێواری حەوزەکە و سەرکەوتە بان تەختە بەردەکان. دەروێش وەک بووکە بەبارانەی دەستی منداڵە چەتوونەکان هڵدەلەرزی و ئاوی لێ دەچۆڕا. کاتێک ئاغا، دەروێشی بەو دیمەنە ناجۆرە بینی، ئەوەندەی دیکە ئالۆسکا.

((وەیسە، حەمە، ئادەی هەر بەپشتوێنەکەی خۆی، سەرەوخوار، ئا بەو لقەدا بۆم هەڵواسن!))

داخی جێ تەڕکەکان بە بەلەکە تووکنە ڕەقەکانێوە، سامیان دەنایە دڵی ڕاوەستاوەکانەوە.

((دەویت باب، یان هەر ئێستا ئەستێرەیەکم نیشان دەدەیت، یان ئەمە حاڵت دەبێ تا سبەی!))

جەستەی سەر بەرەوخواری نیوەگیانی دەروێش، لەگەڵ بەرز و نزم بوونەوەی لقی سووره چنارەکەدا جۆلانەی دەکرد. چاوەکانی لەوەدابوون دەرپەڕن. دڵی تیکەڵ و پێکەڵ دەبوو. وەختابوو بە جارێک هەناوی بڕژێتە گەروویەوە. هەرچونێک بوو چاکی کەواکەی لەسەر ڕووی لاداو وتی:

((بیکە بە خاتری خوا، بە خاتری ئەم پرچانەم. هەر گەورە دەبێ لێبوردە بێت. بەم ڕۆژی ڕوونە کوا ئەستێرە بەدەرەوەیە!))

((بزانە چەند زمان لووسە! نیازی وایە بەم قسانە لاسم بدات. هەر ئەوەیە، کە وتم و بڕایەوە!))

دەروێش بە هەناسەی سوارەوە دەیلرخاند. چاوەکانی وەک دەنکە ترێ دەرپەڕیبوون. پرچە تەڕەکانی گسکی بەردەنوێژەکانیان دەدا. خەڵکەکە لە ناوەوە موچوڕک و تەزوویان پێدا دەهات و وایان دەزانی دەروێش لە هۆش خۆی چووە. یان هەر بەتەواوی لێبووەتەوە. لە چاوڕوانییەکی ناسازدا قڕوقەپیان لێ کردبوو، کاتێک لەپڕ دەروێش، لەبن چمکی کەواکەیەوە پەنجەی شایەتومانی بەرزکردەوە و هاواری لێ هەڵسا وتی:

((ئا ئەوە ئەستێرەیەکە!))

خەڵکەکە داچڵەکین و لەگەڵ پەنجەی خوێناویی دەروێشدا، ئەوانیش سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

((ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت؟ بەم ڕۆژە ڕووناکە و ئەستێرە! تۆ سەلماندت ئەو پڕچانەت بەهەوانتە هۆنیوەتەوە.!))

ئاغا بەجارێک کەللەیی بوو. دەستی دایەوە تەڕکەکە. تا هێزی تێدابوو ئاوقەی سەر و چاوی کرد و دەم کاوێژی بەسەر یەکدا هاڕی. تەڕکەکەیش شکا و تا باڵی بڕبکات، برکی دا. دەروێش خپ بوو. ئاغایش بەخێرایی بۆ ناو دێ سەرەوژوور بووەوە.

((شێخ ڕەزای دێلێژە کەیفی خۆتە!))

((بڵێی ئاهونزوولەی نەگاتە لای خوا؟))

((دووبەشی لەبەر ئەوەیە ئاغا خۆی وەجاخ کوێرە و دەروێش خوا لێی نەسێنێ، منداڵی زۆرە!))

((خوا پێمنەگرێ جوانەمەرگەیش هەر ئەم، بە بۆرمەکانی بەکوشتی دا. داخم ناچێ بۆ ئەو جوامێرە. بمایە هەر زوو لەژێر چنگی دەریدەهێنا!))

((وسبە هەتیو، زمانت لەپێک درێژە. وادیارە تۆیش ئەو سەرە هێ خۆت نابێت. ئاخر ئەو کڵۆڵەیش هەر لەسەر زمانی بەودەردە چوو!))

وەنەوش، سێ چوار منداڵی قژ ئاڵۆسکاو و پێخاوس بەدوایەوە، سینگی دەکوتا و بەرەو مزگەوتەکە شۆڕدەبووەوە. با کراسەکەی بە لەشییەوە دەنووساند، سینگ و بەرۆکیشی داچەکاو. منداڵەکان دەگریان و ئەویش قژی خۆی دەڕنییەوە.

((مامۆستا گیان، خۆم و هەر شەش منداڵەکەم لە دەورت گەڕێین، چییمان لێ دەکەی؟ بە قسەی تۆ دەکات. دەمرێ. ئەمشەو بە دارەوە بیت ڕەق دەبێتەوە!))

((ئۆغر بەم تۆفە؟))

((بۆ سۆڵە.))

((کاری کردەنی نییە. تۆ هێشتا برینەکانت ساڕێژ نەبوون.))

((منداڵەکانت ڕەقدەبنەوە کابرا!))

((خۆ دەرنەکراوی!))

((پلان بەستوویەتی، ڕێ نەشکاوە، بەفەتارەت دەچن کوڕە!))

((ئەدی ئەو شەش حەوت سەرە ئاژەڵەت چۆن بۆ دەردەچێت؟))

((هەر گەلە گورگ دەتانخوات. پەلەت چیبوو، با گوڕێکت تێ بگەڕایەتەوە، ئەوسا.))

دەروێش وتێ:

((بەرد ببارێت من دەڕۆم. کوڕ و تووتەم ڕەق ببنەوە دەڕۆم. دڵی چیم بێرە خۆش بێ؟ باخە کۆڕپەم؟ دێبەرم؟ ئاخر چیم لێرە جێدەمێنێ؟))

((بۆ لەتۆ وایە، ئەوێت لەم دێیە خۆشتر دەبێ؟))

دەروێش وتی:

((نەخێر خۆشتر نابێت. من لەهەر شوێنێک بم بستێک زەویم نییە. بەڵام نایشمەوێ چاوم لە چاوی ئەم جانەوەرەوە بێت. خۆ ئاگاتان لێبوو چیی پێ کردم؟))

با لەگەڵ خۆیدا ژاوە ژاوەکەیشی بەماڵەکاندا دەکرد. بازنەی دەوری چڕەدووکەڵی دارە تەڕی کوانووە ڕەش داگەڕاوەکانی پێ دەپساندن. هەر ماڵە بەجۆرێک بەپیر کۆچی دەروێشەوە دەچوو. ڕووی تەڵخی ئاغا نەبێ، کە لەم دەمەدا خزابووە کونی ژوورەوە، لە ڕووی هەموویاندا تووڕەیی و بێزاریی سەری دەکرد.

لە کەوانەی ئاواییەوە، کاروانێک بەڕێکەوت.. کرت کرت کرت، بارستایی بەفرەکەی دەپەستایەوە و ڕچەی دەشکاند. ئەوان پووزەوانەیان لێ هەڵکێشابوو. خۆیان لە کەڕکی گەرموگوڕەوە ئاڵاندبوو. ئەوانە کوڕگەلی دێ بوون و تەک کۆچوبارەکەی دەروێش کەوتبوون. سەرەتا کاروانەکە ناڕێک و لێرە و لەوێ، سست ڕچەیان دەشکاند. بەڵام هەتا دوورتر دەکەوتنەوە، ڕیزەکەیان ڕێکتر و هەنگاوەکانیان یەکتر دەخست. لە دووری ئاوایی، لەو شوێنەدا، کە خەریک بوو ئاوابێنە ئەودیوی ئاسۆگەکە، ڕیزی کاروانەکە تابلۆی داسێکی گەورەی بەسەر کاغەزی بێکەردی بەفرەکەدا کێشا.

سلێمانی
١٩٧٢
بروانە: دەنگی مامۆستا، ژمارە (٨)، ساڵی ١٩٧٣
ئەم چیرۆکە لە لایەن (کاظم سعدالدین)ەوە بە ئینگلیزی کراوە و لە گۆڤاری (ئیراک تودەی، ژمارە (٦٦، حوزەیرانی ١٩٧٨) دا، بڵاوبووەتەوە.
لای کەوانەوە: لای خوارەوە
برکی دا: تووڕی دا، فڕێی دا
بۆرم: پیاوانی ئاغا، بەتایبەت ئەوانەیان، کە کاری ناڕەوای بۆ ئەنجام دەدەن.

سێبەری ئەسپەشێ

-١-

لای سەراوردەوە لاونیو لەسەر سەرینێکی پەڕ شانی دادابوو. بە ئەنگوست هێمایەکی بۆ (عەلۆک) نارد. ئەویش بە کاسەیەک دۆی تازە ژەنراوەوە لە بەردەمیدا ڕوا. بینی پێوەنا و سمێڵی بەسەر دۆیەکەوە کەوتە مەلە. دوای خیزەی هەناسەیەکی قووڵ، لابەلا سەردەستی سەڵتەکەی بەژێر لووتیدا هێناو برد. لەپێکیشی بەسەرپشتی سمێڵیدا هێنا و خستییەوە سەر دەقی پێشووی.

((باسی چیمان دەکرد میرزا؟))

((قوربان، ئاوی سازگار و ئاوی ناساز.))

((دەمخۆش. دەسا ئەم دەم وشکییەی من هۆی ئەم ئاوە شۆرەیە. دۆیەکەش تەسکینیم نادات!))

((چاکت فەرموو، ئاو بۆی هەیە.))

((ئەی چارە چییە میرزا؟))

میرزا متبوو، کەوتە بیکردنەوە لە چارەیەک. بەڵام سۆفی ڕەمەزان خۆی خستە سەر چۆک و زووتر هاتە زمان:

((تەگبیری ئاسانە!))

((گوێم گرتووە سۆفی.))

((ئا ئەمە کانی چکچکەیە. هەمووی سەعاتە ڕێیەکە بۆ بنیامی جەڵت. ئاوەکەیشی سازگارە. دەڵێی چاوی قرژانگە. ئازیمەشە. با ڕۆژی کوننەیەکتان بۆ بێت و ئاوی ئاوایی مەخۆنەوە!))

((ئۆباڵ بە گەردنم قسەکەی بەجێیە. پیاوی کارامە و دنیادیوە خۆی هاوار دەکات!))

سۆفی دوای ئەوەی لە کارامەیی خۆی دڵنیابوو. دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا و ڕووی کردە میرزا، وەک پێی بڵێ: (ئاوا جێت پێ لێژدەکەم.)دواتر ڕووی کردەوە ئاغا و وتی:

((خۆ من ئەم ڕیشەم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە. دوای ئەویش هەرچی بۆ گەورەی خۆمان بکەین بە فیڕۆ ناچێت.))

میرزایش بۆ ئەوەی لەبیری ئاغا نەچێتەوە، یەکسەر دوای سۆفی سەری قسەی دامەزراند:

((منیش وای بەباش دەزانم، هەر کوننە ئاوێک، قولێک گیا قەیتەرانیشی لەگەڵدا بێت. نەبادا نەفامێک لە کانییەکی تر پڕی بکات. خۆتان دەزانن گیا قەیتەرانیش هەر لەوێ هەیە!))

((قسەکەی بەگەن دەکەم. لە سبەینێوە بەنۆرە، ماڵ و کوننە. کوڕە وسو، هەموو ئێوارەیەک ئەو ماڵەی نۆرەی هات ئاگاداری دەکەیت. قولێک گیاقەیتەرانیش!))

-٢-

هێشتا مابووی بۆ بەرهەیوانەکە، پێڵاوەکانی داکەند و لەکەوانەی کۆڕەکەوە گیرسایەوە و پرسی.

((فەرمانتان بەچیبوو قوربان؟))

((ها. خۆتی لێ گێل دەکەی خلە؟ ئەوە تۆ بۆچی گایەکانت کردوونەتە ناو شینایی ئەو خەڵکەوە، هەی زیانەخرۆ؟ جاخۆ ئەگەر گایەکانی تۆ وا بکەن، ئەوا ئەمساڵ لویچێک ملکانەمان ناکەوێت!))

((قوربان من لنگێک گا شک دەبەم. نەیشمکردووەتە ناو شینایی کەسەوە. ڕێکەوت دوێنێ لە گاگەل جێمابوو، ئەگینا...))

((وسبە! هەر ئێستا بیست ڕوپێ جەریمەتە نارەسەن!))

((هەڵیشم بواسی بیست ڕوپێم پێ هەڵناسووڕێ. بیکە بەخاتری قورئانە ڕەشەکەی گڵەزەردە!))

((منجەمنجی پێناوێ خلە، نیتە برۆ قەرزی بکە!))

((بیکە بە خاتری پێغەمبەر!))

((بەسیەتی چەلەحانێ، باگاڵ نەدەم!))

((ماڵەکەیشم بفرۆشم کەس پێنج ڕوپێی پێنادات قوربان. بیکە بە خاتری خوا، گەڕم لێ لادە!))

((ناوی خوا لەسەر سەرم. کافرمان مەکە. زۆر وتن کەلام خۆشە، خلەی نابووت. هەر ئێستا بیست ڕوپێی نەخت!))

((بیکە بە خاتری گۆڕەکەی باوکت!))

((قسەت نەهێشتم. وا لەبەر خاتری گۆڕەکەی باوکم، کردم بەپێنج ڕوپێ!))

-٣-

(وەتمان)ی سەرکار، لەبەر دوو دەرییەکەدا جڵەوی وڵاخەکەی گرتەوە و بە پڕتاو خۆی بە بەرهەیوانەکەدا کرد.

((دەنگ و باسێکی سەمەرەم پێیە قوربان گیان!))

((مەمخەرە گێژەنی دڵەڕاوکێوە، زووکە وەتمان چیت پێیە بیڵێ!))

((کاربەدەستان، شێخەلی شێخ حوسەینی بەرزنجە و شەهێن بەگی شاهۆ بەگی هەورامان و مشیراغای سابیراغای هەمەوەندیان کرووە بە مودیر ناحیە!))

((بەڕاست! بەخوا گێلن ئەو سوورەی چاو شینانە! باشە ئەدی منی تێدا نیم؟))

((نەخێر ئاغا. بەڵام خۆ دیارە گێلن!))

((ئاخر گێلن، گەوجیشن، دەزانی بۆ؟ بەدەست و تفەنگ بێ، ئەوا شان و تفەنگ هەر لەخۆم دێ. خۆ ئەگەر بەلاو دیوەخانیش بێ، ئەوا ئەوان هەر هیچ. جا توخوا بەهەرسێکیان، بەقەدەر ئاشەوانێکی لێ دەزانن؟))

((حەرام نایزانن، ئۆباڵ بە تەختی گەردنم نایزانن. بەڵام چی لە بەخت و ناوچاوان دەکەی؟))

((خۆیشم دەزانم ئەو ناعالانە کارێکی ناڕەوایان کردووە. ئەگینا ئەوانە لەچاو ئێمەماناندا کەی خاوەن قۆناخ و دیوەخان بوون؟))

((نەوڵڵا قوربان، سەگی دزیش لەماڵیان تێری نەخواردووە و تێرنابێ!))

ئاغا دەستی دادا و هێزی دایە بەرخۆی. لەگەڵ تەکاندا ورگی کەوتە تەتەڵە. دانیشتوانیش هەڵسان و سامیان لێ نیشت. ئاغا لەسەی ڕۆی:

((بەڵام با هەمووتان باش گوێ بگرن. من فەرمانی پایتەخت و مایتەخت نازانم. منیش لە هەر ئێستاوە مودیری ناحیەی (مۆریاس) م! چوو بەمێشکتانا؟))

((بەڵێ چوو!))

((ئەشەموبیللا هەقی خۆتە قوربان!))

((لێت دێ گەورەتریش بی قوربان!))

((وا پێتان دەڵێم ها. ئەم قسەیە بکەن بە ئەڵقە و چاک بیکەنە گوێتان. لەم سەعاتەوە کەس پێم نەڵێ ئاغا! پێم بڵێن جەنابی مودیر! لەگەڵ ئێوەمە، چوو بە مێشکتانا؟))

((بەڵێ چوو بە مێشکمانا.))

((حاڵی بووین، جەنابی مودیر!))

((وەتمان، سمێڵم تەرازووە؟))

((بەموو سەرناکات جەنابی مودیر!))
((ئافەرم وەتمان. ئادەی وەتمان، با سوار سواربیٚ بۆ مۆریاس.))

-٤-

ئەسپەشیٚ زین کرا. ئاغا پێشکەوت. پیاوەکانی بە دوایدا.. جڵەوی شل کرد. جڵەویان شل کرد. ئاغا هەڵیدایە لۆقە. ئەوانیش هەڵیاندایە لۆقە. نەرمەغار. ئەوانیش بە نەرمەغار. چوارناڵە. ئەوانیش بە چوارناڵە. ئاوزەنگی تەقێن. ئەوانیش بە ئاوزەنگی تەقێن. کردی بەتۆز و فەقیانەی لیٚ بوو بە باڵ. هەموو فەقیانەیان لیٚ بوو بەباڵ. دوو سەر بەدەوری مۆریاسدا سووڕانەوە و ئەمجا تێیانکێشایە ناو دیٚ. لەبەر دەم ماڵی کوێخادا چەقین و جڵەویان لیٚ گرتن.

((کاتی قسەوباس نییە، کوێخام بۆ بانگکەن؟))

دوای کەمێک کوێخا پەیدا بوو. ئاغا وتی:

((وا پێم وتی، لەم سەعاتەوە، چوو بە مێشکتا؟))

((بەڵیٚ ئاغا!))

((ئاغا نا هەی بیٚ مێشک. نازانم ئەم مسکێنانەی من کەی فام دەکەنەوە؟ ئەریٚ باسی چیم دەکرد؟))

((قوربان سەعات!))

((ئا، لەم سەعاتەوە من ئیتر مودیری ناحیەی مۆریاسم. خۆت بە ئاواییدا جاڕدەدەی. مەلا لە نوێژی هەینیدا باسی دەکات. لەمەولا هەموو ئیشوکارێک، هەموو شکات و شکات کارییەک، هەموو ژن و ژنخوازییەک بەرەوڕووی من دەبێتەوە. واتە بەرەوڕووی مودیری ناحیە دەبێتەوە. بەبیٚ من کەس سەری خۆی ناخورێنێت و پەنجە بەئاودا ناکات. چوو بەمێشکتا؟))

((بەڵی جەنابی مودیر چوو!))

((ئافرم کوڕم ئافەرم. پیاوی هۆشیار خۆی دیارە!))

تاک وتەرای جووتیار ڕووەو ماڵی کوێخا دەڕۆیشتن.

((ئاغا بەخێر هاتی!))

((بەخوا تەپۆیە. ئەم قەلپیاوە ئێستایش نەیزانیوە، کە من مودیری ناحیەم! ئادەی وەتمان، پێنج ڕوپێی جەریمەکە!))

((ئاغا گەورەت کردین!))

((نەموت ئەم گەلحۆیانە هیچ فێرنابن؟ وەتمان، پێنج ڕوپێی لەسەردانیٚ!))

((جەنابی مودیر سەرچاو هاتی!))

((ئافەرم کوڕم ئافەرم. دەمخۆش، عەمر درێژ بی.. وەتمان، سیٚ ڕوپیٚ!))

-٥-

خلە خەوی لیٚ زڕابوو. لەنێو جێداگینگڵی دەدا، چاوەکانی دوو ئاگردانی پڕلە کەڵە پشکۆبوون. لەناو دەمارەکانیدا خوێن هەڵدەچوو. هەموو گیانی شەبەقی برینێکی دەم کراوەی پڕلە خویٚ بوو.

((من قێزم لە خۆم دەبێتەوە، بیست ڕوپیٚ جەریمەتە ناڕەسەن، من دەبیٚ هەر ئەمشەو بجووڵێم و ئەم بەرگی ترسنۆکییەی ئەمڕۆ فڕێدەم و کاڵایەکی جوامێرانە بەبەر خۆم ببڕم، بیکە بە خاتری گۆڕی باوکت، هەر ئێستا خلەی نابووت، دەک داڕزێی خلە بۆ خۆت و بۆ غیرەتت، هەر ئەمشەو من ئەتکی دەکەم، ئابڕووی بۆ ناهێڵم، لای هەموو ئەوانەی کڕنووشی بۆدەبەن دەیکەم بەپەڕۆی بیٚ نوێژ، لە بنەبانەوە ئاگر لە ماڵی بەردەدەم... نەء، دەناسریمەوە، ئەگەر نەشناسریم زۆر هەن بۆی دەکوژێننەوە، بۆشی دروست دەکەنەوە، ئەدی بکەم بەو باسکەی ئەوبەردا و بیدەمە بەر شیلکەی دەستڕێژ، جامخانە و ئاوێنەبەندی بەسەریەکدا بهاڕم چۆنە، شەوی خۆیەتی... نا، ئەمەشیان نەء، چونکە ئەو حەلە لوولەی تفەنگی ئاوایی ڕووم تێدەکەن و دەمکەن بەپۆڕی خوراو... نەشپێکریم پێمدەزانن، کیٚ دیار نییە، خلە، کیٚ لەماڵ نییە، خلە، بەم شێوەیە دەمدۆزنەوە و خوێنم دەکرێتە کاسە، ئەدی چارم چییە، ئا دۆزیمەوە، ئای جەنابی مودیری ناحیەی مۆریاس ئا تۆ ڕاوەستە بۆم، دۆزیمەوە...))

بە قەڵمبازێک خۆی گەیاندە کەندووەکە. سووکیٚ دەریکێشا. لەودیو نوێنەکانەوە ئەوی دیکەیشیانی دۆزییەوە. کردی بە بەر پشتوێنەکیدا. منداڵەکان، دایکیشیان، لە پرخەی شیرین خەودا بوون. سەڵتە زەلامێک وەک تارمایی، ڕووی خۆی هەڵپێکابوو، بە پەنامەکی و بێدەنگ خۆی گەیاندە سیلەی دیواری ماڵی ئاغا. ئەو دەمە مانگ پەنای گرتبوو. باڵەخانە بەرزەکە

و بەرهەیوانـە سـپی کراوەکـەی بەسـەر دوابەماڵـی لای خـوارووی خۆیـدا، بەسـەر خانـووە خواروخێچـە کـەل و کۆمەکانـدا، لووتبەرزانـە دەعیـەی لێـدەدا. پەنجـەرە شووشـەبەندەکان، دوودەرییـە گوێزەکـە، دەلاقەکانـی تەویلەکـەش، هـەر یەکەیـان چاوێکـی بزبـوون بـۆ بینینـی هـەر جموجووڵێـک. گوێـی سـووک بـوون بـۆ بیسـتنی هـەر چرپـە و سرتە و خشـپەیەک. . تـاپ، لـە کۆڵانـەوە ئاوابـووە نـاو حەوشـە.

کڵۆمـی دوو دەرییەکـەی ترازانـد و ورد هەسـتی ڕاگـرت. ورتەیەکیشـی گـوێ لـێ نەبـوو. بـە سینگەخشـێ ڕۆی، هـەر ڕۆی.. درزێکـی خستە دەرگـەی تەویلەکـە. جیڕەیەکـی درێـژ بێدەنگیەکـەی لـێ شـێواند.. سڵەمییەوە، خـۆی دایـە پەنـا و سـەری کێشـایەوە.. پێـی وابـوو کەسـی بەئـاگا نەهێنـاوە. ئیتـر خـۆی پێـدا کـرد و لەنـاو تاریکسـتانی تەویلەکـەدا نوقـم بـوو. وەلـێ حیلـە و کـۆڕەی ئەسـپ، بڕێـک شـڵەژاندی. تەڵـە شـخارتەیەکی داگیرسـاند. ورد چـاوی گێـڕا. قوتیلەیەکـی لـە تاقولکەیەکـدا بینـی و پێیکـرد. هەرامەکـەی بـە دیـواری تەویلەکـەدا هەڵپەسـارد. ئەمجـا هەورینگەکـەی لەبـەر پشـتوێنەکەی دەرهێنـا. لـەو دەمـەدا هەمـوو هێـزو تـەواوی قینـی ڕژابوونـە دەسـت و مەچەکەکانـی و لەوێـوە بـۆ دەمـی تیـژی هەورینگەکـە، کـە لەسـەر یاڵـی ئەسپەشـێ، بـە وێنـەی چیکەنـە دەجـووڵا و لەبـەر تروسکایی قوتیلەکـە دەبریسـکایەوە. هـەر بـەدوو سـێ دەسـت جووڵانـدن مـووی کلکیشـی لەبنـدا قوتکـرد و تاڵێکـی پێـوە نەهێشـت.

لـەو دەمـەدا ئەسپەشـێ گوێکانـی تـاق و فیـق ڕاگرتبـوون و ڕاسـت و چەپـی پێدەکـردن. وەک گاڵتـەی بـە سـێبەرەکەی خـۆی بێـت، کـە لەسـەر دیـواری تەویلەکـە و لەبـەر پرتەپرتـی قوتیلەکـە سـەمای دەکـرد.. دیمەنەکـە لـە نێسـکە دەچـوو، بـەڵام نێسـکەیەکی بـێ ڕەزم و بـێ واتـا. خلـە، بەپەلـە هەورینگەکـەی بـە بـەر پشـتوێنەکەیدا کـردەوە. ئـەوی تریشـیانی کـردەوە شـان. بـە فوویـەک قوتیلەکـەی بێگیـان کـرد. بەچەنـد هەناسـەیەک لەکۆڵانـە پێچاوپێچەکانـدا بـزر بـوو.

سلێمانی
١٩٧٣
لەژمارە (١٨)ی ڕۆشنبیری نوێی ساڵی ١٩٧٤ دا، بڵاوبووەتەوە.
هەورینگ: برینگ، مقەستی مەڕ بڕینەوە
نێسکە: سەمای ئەسپ
بنیامی جەڵت: مرۆی بەکار، مرۆڤی کردە و خێرا
کۆڕە: دەنگی ئەسپ کاتێک خاوەنەکەی دەبینێ، یان وەختی ئالیکی هاتبێ... هتد
ئاوزەنگی تەقێن: خێراترین جۆری غاری ئەسپ
سوورەی چاوشین: مەبەست پێ ئینگلیزە.

بووک و زاوا

١ کاتێک زۆراب خۆی کۆکردەوە،ماڵی جێهێشت و کەوتە سەر شەقامەکان، هێشتا زۆربەی پیاوانی گەڕەک سەریان لە ژێر لێفە دەرنەهێنابوو.

((ئاگات لە خۆت بێ هێی! خەتەکان بۆ پەڕینەوەی پیادەن، لەسەر شۆستەکەوە ڕایکێشە!))

((بەڵێ باشە.))

لەو دەمەدا، ئەو لە چەقی شەقامەکەدابوو. ناچار پاشەوپاش گەڕایەوە و کەوتە سەر پیادەڕۆکە. چۆڕاوگەی بەفراوێکی تەزێنەر، سەروپۆتەڵاکی و نایلۆنی سەر عەرەبانەکی تەڕکرد. موچوڕکێکی سارد بەپشی ملیدا تێپەڕی. لەپێکی بەبان نایلۆنەکەدا هێنا و ئاوەکەی ڕادا.

((عەرەبانە، عەرەبانە هۆو؟))

((لەگەڵ منت بوو؟))

((ئائا، بەر دووکانەکە بەردە، ئەم ناوەت ناخۆش کردووە!))

لەبەر خۆیەوە وتی: (پێح، ئەم ناوقەد زەردە چەند هەڵەپاسە.) ئەمجا بەدەنگی بەرز هەڵیکردێ:

((هەڵبژێرە بەچوار درەم.))

لابەلا داگەڕایە خوار و تێکێشایە ناو جەنگەی بازاڕەکەوە. سیان چوارێک لێی خڕبوونەوە. وەک داهۆڵ بابەتەکانیان بەرزدەکردەوە. بۆ کون و دڕاوی ناتەواوی و پینە چاویان دەگێڕا. لەپڕ چاودێرە ڕیوەڵەکەی لێ پەیدابوو...

٢ بەفراو ی خێزانیشی، هەردوو کوڕەکەی بۆ قوتابخانە بەڕێ کردن. ئەمجا بە هیربارەکانەوە چووە بەر بەلۆعەکە. گوێی لێبوو ئافتاوخانی خاوەن ماڵی، لەبەر هەیوانەوە دەبۆڵێنێت:

((بمزانیبایە ڕەشەداڵێکن چۆن خوا زەینی لێ دەگۆڕیم؟ نە بەو خوایە، مانگی پێنج دیناریيەکی سووریشی بدامایە جێم نەدەکردنەوە. بەلۆعە، کارەبا، دار و دیوار بەدەستیانەوە زیرەی دێ. دەک بەکەم بن. خۆ جێ بەخۆیان ناگرن، دەڵێی میزە پشیلە لەبن پێیان دراوە!))

کچە عازەبەکەیشی دەرپەڕی و بۆ دایکی سەندەوە:

((خوا بەزیای خێری نەکات. نۆرەی کەس نادەن. خۆ نەماننارد بووو بە شوێنیاندا!))

بەفراو هیربارەکانی کۆکردەوە و بردنییەوە ژوورێ. گوێی لێبوو...

١ چاودێرەکە خۆی لی قوشقی کرد. گاڵۆکەکەی هەڵسووڕاند و ئاوقەی کەمەی عەرەبانەکەی کرد.

((گاڵت وەگوێزە، دەی گوم بە لەبەر چاوم ها! نابینی ناوەڕاستی بازاڕەکەت گرتووە، وەی؟))

لەبەر خۆیەوە کەوتە بۆڵە:

((ناهێڵن، ئەمانە لێناگەڕێن دوو پوول پەیدابکەم، شەیتان ها، دەڵێی بماڵم بە دەمە بڵەکەیدا!)

کڕیارەکان ڕەوینەوە. ئەمیش پشت عەرەبانەکە کەوت و دەستی بەپاڵنان کردەوە.

((کراسی نایاب.. هەڵبژێرە بەچوار...))

((بوەستە کاکە!))

بەلای دەنگەکەدا وەرچەرخا.

((لەگەڵ منتانە؟))

((دەفتەر..))

٢ گوێی لێبوو باسی لۆریی نەوتەکەیان دەکرد. دەستی دایە تەنەکەیەک و بەرەو کۆڵان دەرپەڕی.

تەک بەدواوە. دەی تەک بەدواوە. بە خۆت و تەنەکە ژەنگنەکەتەوە. نابینی لە دوای ڕیزەکەوە وەستاوم. کاکە حەمە گیان. سەعاتێکە. لە سبای ساڵحانەوە. تەق تەق تاق. قەترەیەک لە ماڵماندا نییە. لە دراوسێ قەرزمان کردووە. تەق تەق تیق. دەڕۆم جێمکە. ڕیزەکە تێکمەدە. ئا، تۆ دەڵێم ئاگات لە خۆت بێ. تێکەڵ بە ژنەکان مەبە. تەق تەق تاااق. بیبڕێ. خوا بیبڕێ. هەزار جار. حەیاتەکەمی. ئەیەڕۆ. کوڕانە. ئەمەشیان دراوسێمانە.. لێخوڕە. قڕڕڕ..

((یاخوا کاکە حەمە نەچیتە خەونی هیچ کەس. ئێسک قورس. سەرت دەڵێی تەلی فافۆنە و ژەنگی هەڵهێناوە.))

بەفراو تەنەکەکەی بوو بەکەلانە. نائومێد، بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە.

١ گەشتێکی بەنێو باخەڵی خۆیدا کرد و کۆمەڵێک پسووڵەی ژاکاوی خستە قوڵی مستییەوە. کاتێ وەریگرتنەوە، دیسان دەستی بەپاڵنان کردەوە. چاوی لێبوو وا وریای هاوڕێی لە ژێر کۆڵێکی گراندا بەرەوڕووی دەهات. بەبینینی بیرەوەرییەکی دووری هاتەوە یاد...

بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەو حەلە تازە سمێڵیان بۆرکردبووەوە. چوستوچاڵاک و لەشیان مێو و ڕۆن بوو. کاتێک برینپێچەکەی هاوڕێیان یادی بەخێر، بۆ پشتگیریی لە ڕاپەڕین، ئەرکی سووتاندنی ماڵی ئاغای بەسەریاندا دا. ئەمانیش سوێندیان بۆ یەک خوارد و شەو ئاگریان لەماڵی ئاغا بەردا. بۆ سبەی ئاغا لەترسانا ئاوایی جێهێشت. بەڵام لە دواییدا بەسەر هەردووکیاندا شکایەوە و لەوساوە...

وەختایێ ئەو ڕووداوانە هاتنەوە بەرچاوی، هەستی بە نامۆیی کرد. تاس بردییەوە و لەپێکی بەڕانی خۆیدا کێشا و بەدەنگی بەرز وتی: داخم ناچێ!

سەرنجی وریای دا. قولاپەکەی لە کۆڵێکی قەبە گیرکردبوو، لە ژێریدا دەینکاند و دەینالاند. دەستەکەی تریشی بە چۆکییەوە گرتبوو نەکا بلەرزێ و شل ببێ. بەو بەفرەڕۆژە دڵۆپێک ئارەقە لەسەر لووتی سوور هەڵگەڕاوی لەنگەری گرتبوو. ڕۆیشتنێکی گەڵاوگەڵ و پشتێکی چەماوە، وریا لەوەدابوو ناوچاوانی لە زەوی بدا. زۆراب لەوە زیاتر چاوی بەرایی نەدا سەیری بکات. ڕووی وەرگێرا و خۆی لێ هەڵەکرد. کەچی ئەو بەهەرحاڵێک بوو، ئاوڕێکی لێ دایەوە:

((زۆراب گیان، زۆراب گیان. هەزار خۆزگەم بەشەوەکەی ئەو ساڵە، کە سوێندمان بۆ یەک خوارد!))

تەزوویەک بەسەرتاپای زۆرابدا ڕەتبوو. هەستی بەهەڵچوونی خوێنی ناو دەمارەکانی کرد. (تۆ سەیرکە، ئەویش لە خەیاڵی هەمان شەودایە. بریا بەو حاڵەوە هەر نەمدیبای وریا.) مەراقەکانی خۆی بیرچوونەوە. وەک لە چۆڵەوانیدا بێ، بە هەموو هێزییەوە هاواری لێ کرد:

((وریا گیان ئاگاداری بەرپێت بە، نەخلیسکێی!))

٢ لە دەرگەی حەوشەوە کچە بچکۆلەکەی بەگریان بەپیرییەوە هات و باوەشی پێداکرد.

((دایەخان بوو، قژی ڕاکێشام!))

((نەموت ئاگات لە بەبەکە بێت؟))

کردییە باوەش و بردییە ژوورەوە.

١ ئاسمان هەڕەشە و بەفریش کرێوەی دەکرد. زۆراب کەوتەوە پشت عەرەبانەکەی. بۆ پەناو پاسارێک دەگەڕا تاوێک ئارامی تێدا بگرێت. بۆیاخچییەکەی ئاشنای، سنووقەی وەک کۆرپەیەکی ئازیزی خۆی گرتبووە باوەش و لەگەڵ هالاوی دەمیدا هەزار و یەک گلەیی بەرەو حەلحەلەی ئاسمان دەنارد. دوو قۆڵی سەریان بەیەکەوە نا..

٢ چەتری شەو، خێزانی کۆیکردنەوە. لە هەرچوار لاوە بەرەو لای زۆپاکەی ناوەندی ژوورەکە دەخزان، تا بازنەیەکیان لە دەوری دروست کرد. هەرکە دەرگەی ژوورەکە درزێکی تێ دەکەوت. بازنەی دەوری زۆپا نەوتییەکەیش تەنگتر دەبوو. بەفراو، کە خەریک بوو کۆرپەکەی دەخەواند دەیوت:

((هەزار خۆزگەم بەخۆت. بەس نییە تۆ ئاگات لە ئەحواڵی دنیا نییە. ژیان هەر سەردەمی منداڵی خۆشە! نە دەزانێ خەم بەری چ دارێکە و نە بێنەوە نییە!))

منداڵەکە لەناو بێشکەکەدا خامۆش بوو. بەفراو بەدەم چایی تێکردنەوە قسەی بۆ زۆراب دەکرد.

((دایکی بمرێ، پێڵاوەکانی من لەپێ دەکات. قاچەکانی دەڵێی سمڵۆچکن تێیدا!))

((بابە دەفتەرێکی سەد پەڕەییم دەوێت. ئەگەر شەممە پێمنەبێ...))

((ئەی من؟ هەفتەیەکی ماوە بۆ جەژن. منداڵانی گەڕەک حەوت زەمانە جلکی جەژنیان تەواویش بووە!))

((ئۆف، پیاوەکە ئەم نیوەڕۆیە بتدیبایە. لە سەرمانا لچ و لێوی شین هەڵگەڕابوون! نازانم چۆنە ماوە! تیتۆڵی بەبەرەوە نەماوە!))

چایەکی لە بەردەم زۆرابدا دانا و بە سیمایدا هەڵیڕوانی. وەک چاوەڕوانی وەڵامی لێ بکات. کەچی زۆرابی لەو شەوە زستانییە سارد و سڕتر هاتە پێش چاو. وەک شووڵێکی تەڕ بەسەر لووتیدا بماڵن، تەریق بووەوە و هەر خۆیشی وەڵامی دایەوە:

((نەبوونی ڕووی ڕەشە!))

١، ٢ بەدەم شێواندنی چایەکەوە، چاوی بەمنداڵەکانیدا گێڕا. کاتێک سەرنجی لەسەر سینگ و بەرۆکی داچەکاوی کوڕەکەی ڕاگرت، کزە لە جەرگییەوە هات. ڕووی لە گڕی شینی زۆپایەکە کرد. وەک گڕی شینی زۆپای تاین دەریایەکی پانی بێ بن بێت، تێیدا وێڵ بوو. (دەیفرۆشم، لەگەڵ عەرەبانە شڕدا دەیانفرۆشم و دوکانێکی خنجیلانەی پاکوتەمیز دادەنێم، ئیتر ئەوسا کەس حەددی نییە پیاما هەڵکاڵێت، خۆم و منداڵم وەک گوڵ پێی بەڕێوە دەچین، نان، بەرگ و پێڵاو، هەمووی مسۆگەر دەکات، جا ئەوسا خانوویەکی چکۆلە بەکرێ دەگرم و چاوم لە چاوی ئەم پیرەژنە چیرە درێژە دەچێ، ئەوسا کەسیش ناتوانی بە منداڵەکانم بڵێ پشتی چاوتان برۆیە، بیفرۆشم سەد دینار زیاتر دەکات...)

زۆراب ڕاپەڕی. لەژێر نوێنەکاندا دەریکێشا. بە سەیرکردنی بیری شەوی سوێندەکەی کەوتەوە. تەزوویەک وەک تەزووی کارەبا توند جەستە و مێشکی ڕاتەکاند. سەرێکی بادا و دانیشت. لەسەر ڕانەکانی درێژی کرد. (ئەوە تۆ لە کوێ نوستووی کابرا، ئەم قسانەت لە حیکایەتی خەیاڵ پڵاوی پیرەژنەکە دەچێت، من چلۆن دڵم دێنێت لەناوی ببەم، چۆن بیفەوتێنم لە کاتێکدا ئەو هاوڕێیەکی دڵسۆزمە...) بڕێک دەستی پێداهێنا. وەک دەست بەسەرپشتی بەرخێکی تیسکندا بهێنێ، نەرم هاتە بەر هەستی پەنجەکانی. دوای ئەوەی پاک پاک سڕی، لێی ڕاکشا و لە پاڵ خۆیدا درێژی کرد. بووک و زاوا ئاسایی بە نوستوویش هەر دەستی لە ملیدا بوو.

سلێمانی
١٩٧٢

خاڵێکی ڕەش بەسەر شەقامە گشتییەکەوە

هێشتا زووبوو یانەکەی جێهێشت. کەچی وەک ئێشکی گرتبێ دەمارەکانی ڕووی سەرەتاتکێیان بوو. لە ناخیشەوە پەنجەی مەی گەمەی بە تەڵە ماندووەکانی مێشکی دەکرد. چەناگەی خزاندبووە نێو چاڵایی بەر ئەوکی و بەدەم ورتە ورتی ڕێوە جارو بار مستێکی دەکوتایە سینگی خۆی (هەتیو سمایل، بڵێم سمە، چەند جاران بەڵێنت دا، پەیمانی شەرەفت دا، پەیمانی پیاو، ب خۆیشی دەڵێ پیاو، هم، تەریقیش نابێتەوە. هەی مام پیاو، هەی نیمچە پیاو. ئەی تۆ سێ بەسێ تەڵاقت فڕێ نەدا ئیتر تۆبە بکەیت و بەلایدا نەچیتەوە. جا تۆ کەی پیاوی. کەی فڕت بەسەر تەڵاق و شەرەفەوە ماوە. ها ها ها.. هی هی هی..)

پەنجەکانی لەنێو گیرفانی پانتۆڵەکەیدا کەوتنە مێروولە. لەپڕ وەک دەعبایەک چزەی لەسەری پەنجەی هەڵساندبێ، بەپەلە هەردوو دەستی ڕاکێشایەوە. گیرفانەکانی ڕەپ لەملا و لەولایەوە جیابوونەوە. دانەوییەوە. دوای قەدەرێک گەڕان و چاو وردکردنەوە، ئەوجا پارە وردەکانی لەبەر تروسکایی چرای کۆڵانەکە هەڵگرتنەوە. بە وتوێژەکەی ئەم بەیانییەی خۆی و ئافتاودا چووەوە:

((ئافتاو؟))

((چییە دەڵێی ئەمڕۆ ناوم دەنێی!))

((ئاخر مردووت مرێ، بڵێ ئێی؟))

((ئاخر ناڵێم!))

((ئەگەر دەتزانی چ مژدەیەکی خۆشم پێیە؟))

((ئەم مژدەیەیش وەکو ئەوانی ترت!))

((دەزانم لە کوێوە قسان دەکەی!))

((دەباشە فەرموو.))

((ئەمڕۆ سلفەکە وەردەگرم و هەردووکیان دەکڕم!))

((بڵێ بە خوا؟))

((بە چاوی تۆ!))

لەترێکی داو بە حاڵەحاڵ خۆی گرتەوە.

لە نیوەڕۆوە جێی بۆ سەللاجەکە چۆڵ کردووە، لە مووبەق شوێنی بۆ تەباخ پاک کردووەتەوە، ڕاڕاشە، بڕوا دەکات و بڕوا ناکات، چاویشی هەر لە ڕێیە، تاوناتاوێک سەرێ دەکێشێتە کۆڵان و خۆی بە ژووردا دەکاتەوە. دەبڵێ وانییە، هاهاها... بەخوا پێکەنینێکی تاڵە... بخۆ دەردت بێ، گۆڕگیانت بێ، تا بیست مانگی تر هەر بیجرنگێنە.. ئێستا دۆڕاوم دۆڕاوم، چی تێدایە.. پیاو کە ماڵی بوو ماڵیشی دەچێ و پارەی بوو پارەیشی دەچێت و.. تۆ هەر وسبە و دەمت نەکەیتەوە، ئەی لە دەرسی پێشوودا باسمان نەکرد، کە تۆ پیاو نیت... کاتێک گەیشتییە ماڵەوە ئەوجا کارەساتەکە دەست پێ دەکات سمەی نەگبەتی هەمیشە دۆڕاو، جارێ لەکوێتە با خاوەن تەڵەکە پێبزانێت، ئەوسا بەزمەکە خۆش دەبێ... جا ئەوسا چۆن وەڵام دەدەیتەوە، چۆن خۆت لەم قۆڕتە قوتار دەکەیت... ئەم تەوقە چیبوو کردیانە ملت.. دەبڵێ تۆ و ژن و ماڵ کوجا مەرحەبا. ورەت بەرزبێت، خودایە هێزی ئیقناع، هێزی ئینشا... ئحم ئحم، تفوو، فنگ فنگ. ئا، بەیادی سەردەمی زاوا و بووکێنی

بڵێ ئێی، دوو نەفەر کەبابی سەفەریی دەکرم، خۆ بەشی ئەوە دەکات... ئەرێوەڵڵا بەشی ئەوەم پێ ماوەوە، بەشی پێشە سوخمەیەکیشی زیادە، دەگەمە بەردەرگە، بڵێ ئێی.. ئێی.. دەرگەکە جووت نەکراوە..

زەنگێکی کورت لێدەدەم، وا جوانترە بۆ هەردوولا. بەدەم زەنگەکەوە دێت، لە چەقی حەوشەکەدا بەیەک دەگەین، کەبابەکەم لێ وەردەگرێ... ئا، بیرم چوو شەوباشی، نا ئێوارەباشی لێ بکەم و بە دەنگێک، کە سۆزی لێ ببارێ دەڵێم ئێوارەت باش گیانەکەم، دەزانم بەلووت زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕیی دەیگرێ و بە تەوسەوە پێمدەڵێت کۆڵت ڕەنگینە... ئەو کچی شەیتانە لە پلار هاویشتندا زۆر وەستایە... ئحم ئحم، منیش بە تووڕەییەوە، بە دەنگێکی گڕ وەڵامی دەدەمەوە، خۆ ماڵم نەبڕیوە، قاچاخچیش نیم، لە کوێی بێنم.. جا توخوا ئەمە وەڵامی دەمکوتکەرە، کورە نەبەخوا، بۆنی دەمم دەکات.. بێگومان منیش زیاتر هاڵاوی مەی بەسەردا دەکەم، سەرخۆش بم پێم ناوێرێ. ئەو دەڵێ ئەم بەیانییە پەیمانی چیت... و من خێرا قسەکە لە دەمیدا بە شەکر دەبڕم و دەڵێم، دەزانم مەبەستت چییە... ئەو دەڵێ سەیر دەبێ نەتدۆڕاندبێ... بەم شێوەیە لە قافدا دەمگرێ، منیش دەڵێم من، ئەی پەیمانم نەدا ئەم نەفسە بێت و قومار نەکات.. ئەویش دەپرسێ، ئەی کەواتە کوا پارەکە، بە نەختێ تووڕەییەوە دەڵێم، وەرمنەگرت. خۆ ئەو لە پرسیار کردن کول و کاس نابێ و دەپرسێ، بۆچی... منیش لەسەرخۆ وەڵامی دەدەمەوە دەڵێم، دڵم خەبەری دابوو ئەگەر وەریبگرم لەوانەیە ڕووبکەمەوە دوابڕاوەکە، توخوا سا چاکم نەکرد. بەدوو دڵییەوە دەڵێ، یاخوا وابێ...

کۆڵانە تەنگەبەرەکەی بڕی و کەوتە سەر شەقامە گشتییەکە. کزەبایەک دەستی بەسەر و چاویدا هێنا و ئاهێکی تێگەڕا. بە دەنگێکی ئاشکرا وتی:

((بڵێی کەس گوێی لەم کەین و بەینە نەبووبێ؟))

جارێک بەدەوری خۆیدا سوڕا و چاوی گێڕا. کەسی وای نەبینی. لەپڕ بەقاقای پێکەنینێکی بەرز، ئاوەدانیی خستە شەقامەکە. دەستی بۆ دەمی برد. تا هێزی تێدابوو جرتێکی قەبەی دووورودرێژی ڕاهێشت. کەوتەوە سەر ڕاستە ڕێ. گیرفانەکانیشی وەک جووتێ گوێی ڕەپ، بە لاڕانەکانییەوە ڕوابوون. دوورکەوتەوە، تاکو بووبە خاڵێکی ڕەش بەسەر شەقامەکەوە.

سلێمانی

ئەیلوول١٩٧٤

ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٣٩)، ساڵی١٩٧٥

لە لایەن (حسێن عارف)ەوە کراوە بە عارەبی

خاچ

((هەر پێت نەوتم؟))
((چاودێرم لە کارگەی...))
((مەبەستم ئەوە نەبوو...))
((ئەی مەبەستت چییە؟))
((کە نوێژ دەکەی ڕوو دەکەیتە کوێ؟))
((ڕوو دەکەمە تۆ!))

*

پێچەوانەی جاران، نە ئاوەدانییەکەی ئەوسای و نە گاڵتە و قسەی خۆشی لەگەڵ خوشک و براکانیدا کرد. یەکسەر خۆی بەژوورەکەیدا کرد و تەواویش پەشۆکابوو.

ئۆقرەی نەماوە؛ ژوورەکە گەزەکات و نامەکە دەخوێنێتەوە. ماندوو و ماندوتر دەبێ! خاچەکەیش دەبێت بە تارمایی ڕاست و چەپێکی مەزن و بە بەردەمیدا دێت و دەچێت و دەخولێتەوە؛ هەر یەکێکیان بە دیوێکیوە بە هەڵواسراوی دەبینێت. دەستی تێناچێ بەرگی کار دابکەنێ. گەمە بە کورسییەکی نایلۆن دەکات. هەڵیدەگرێت و دایدەنێتەوە. جێگۆڕکێ دەکات. دادەنیشێ، پاڵ دەداتەوە، خۆی بۆ دەجووڵێنێ. چاوی دەگلۆفێ و بۆ دوور دەڕوانێ. دوور لێڵە و نادیار. ئاخەکانی بۆ ناخی ئاسمان سەردەکەن و لە بۆشایی بێپەی گەردووندا توونا دەبن. مێشکی گوشی: (ئای کە ڕۆژگارێکی خۆش بوو، بریا هەر نەمناسیبای، ئێستا دەزانم چ شوورەیەکی سەخت لە نێوانماندایە، نانا، دەبێ ئەم شوورەیە بڕووخێ، سەیرە، مرۆڤ خۆی سنوورەکان بۆ خۆی دەکێشێ، دەبێ هەر خۆیشی بیانسڕێتەوە، تاوانبارە و گیرۆدەیشە.)

جگەرەیەکی داگیرساند. مژێکی قووڵی لێدا، بەتووڕەییەوە لە لێوی ترازاند. بەنێو چڕە دووکەڵدا گەڕایە دواوە، بۆ ئەوڕۆژەی، کە بڕیاری دا دوای بکەوێت و هەرچۆنێک بێت، پێ بە جەرگی خۆیدا بنێت و بیناسێ.

لەسەر ئاوازی ڕەوتی هێمنی خۆی و شنەبایەکە، تاقگەی قژەخاوەکەی شەپۆلی دەدا. ئەڵقەی گوارە زێڕە شۆڕەکانی چاوشارکێیان لەگەڵ گۆی خۆری دەمەو ئێوارەدا دەکرد؛ بەرەنگار دەبوون، بە یەکدا هەڵدەپژان. لە نەرمایی سینگیدا، دوو مەمکۆڵەی سرکی تامەزرۆی دەستبازیی خێوەتی پیرۆزەییان هەڵدابوو. بلووزە پیرۆزەییەکەی، لە کەمەریدا چەسپی سەر چارڵستۆنە زەیتوونییەکەی بوو. لە ڕەوت و ڕۆینیدا، لەرەی بەئاستەمی مەمکی نیوەدیار و شەپۆلی قژی شانەکراو، ورشەی چارڵستۆن و تەقەی پاپووجەکانی، لەسەر ڕەزمێک یەکیان دەگرتەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، چەپکێک گوڵاڵەی نینۆکە پەمەییەکانی لە دەرەلینگی چارڵستۆنەکەیەوە سەرەتاتکێی دەکرد.

من پێشی کەوتم، دەمزانی بۆ کۆگا گەورەکەی سەر شەقامە جەنجاڵەکە دەچێت و ئەم ئێوارەیە چاوم لە ئەفسوونی جوانیی پڕدەکەم. سیلەی کۆڵانەکەم لێ گرت. ئەو ورد ورد دەهات و منیش چاوم لێ نەدەترووکاند. چاوەکانی دوو گۆمی بێ بن بوون،

سەرنجە گەرم و گوڕەکانی منیان دەگرتە باوەش و ئارەزووم لێبوو مەلەیان تێدا بکەم.

ئەو لە کۆگاکەدا خەریکی هەڵبژاردنی شووشەیەک بۆن بوو. منیش لابەلا بەناو کڕیارەکاندا ڕۆیشتم. کاتێکم بەخۆ زانی شانبەشان وەستاوین. هەستم کرد سینەم ئەوەندە هاتووەتەوە یەک، جێگەی دڵمی تێدا نابێتەوە. ڕۆژ باشێکم لە دەم دەرچوو. وەڵامی نەبوو. تەریق بوومەوە. وەلی لە جامخانەکەی بەرامبەرمانەوە چاوم زەردەخەنەیەکی پەمەیی ماچ کرد، کە بەئاستەم لێوەکانی کشاند و ڕووی لێ وەرگێڕام. ئاهێکم تێگەڕا و بڕێک هاتمەوە سەرخۆم. شووشەیەک بۆنم دەست دایە و لە بەردەمیدا قوتم کردەوە.

((ئەمەیان هەڵگرە کچی جوان!))

((چەند بێ چاو و ڕووی!))

سەری بەرزکردەوە، دوو سێ مۆی خێرای لە جگەرەکەی داو سەرنجی بەچاوەندازی قەد دیوارەکەوە گیرسایەوە، کە وەک دیمەنی پشت تەمێکی تەنک خۆی نیشان دەدا. دیمەنەکە کێشی کرد و دیسان لە چواردیواری ژوورەکەی خۆی دووری خستەوە.

لەوێ خرپنێکی پرچ درێژ، بەکامی دڵ چاوەڕوانی جۆلانەی دەکرد. لەناو چنارەکانی لای کەوانەوە، سەرگەرمێک بە دەنگێکی ساز بارانەی مامڵێی دەچڕی. فلاشی وێنەگرێکیش، بۆ چرکەیەک و لە ناکاو ئەو ناوەی ڕۆشنتر دەکردەوە و یادگارێکی تۆمار دەکرد. هەرزەکارێکی سەوداسەر، لە پاڵ ڕیکۆردەرەکەیدا شانی دادابوو، چاوی دەلەوەڕاند. گڵۆپەکانی تەلانەکەی ئەوبەر، لەسەر ڕووی پەنگاوەکەی دامێن تێکەڵ دەبوون و پەلکەزێڕینەیان لەسەر ڕووی ئاوەکە دەنەخشاند. دەستی گوشیم و وتی:

((هەر پێت نەوتم؟))

((من چاودێرم لە کارگەی...))

((بەڵام مەبەستم ئەوە نەبوو...))

((ئەی مەبەستت چییە؟))

((کە نوێژ دەکەی ڕوو دەکەیتە کوێ؟))

((ڕوودەکەمە تۆ!))

کورسیی گوێ ئاوەکە ئێمەی گرتە باوەش. بەجووتە لە گۆمە مەندەکەی بەرپێمان ڕادەماین. دوو ماسیی پانکەلە بەسەوڵ لێدان و لارو لەنجە هاتن. هەر هاتن، هەتا لووتیان بەسنووری گۆمەکەدا تەقی. لەوێدا سلەمینەوە. وەرچەرخان و فرتەیان کرد و لەیەکیش دابڕان. لە دواوە زیخێکیان فڕێدایە گۆمەکەوە. گۆم شلەقا و شەپۆلەکان بەشوێن یەکدا کەوتنە کەروێشکە؛ بۆ وشکایی لێواری گۆمەکە خۆیان دەکوتا. لەوێ دەکوژانەوە و لەناو دەچوون.

(سۆزان) سەری قسەی دامەزراندەوە.

((ڕێکەوتێکی سەیرە!))

((چۆن؟))

((چی دەتوانێ دوودڵ پێکەوە بەستێ یەکێکیان لەمپەڕ و ئەوی تریان لەوپەڕی شار؟))

((خۆشەویستی!))

((ئەی لە گەڕەکی خۆتان، هیچ کچێ...؟))

((کە خۆر هەڵهات ئیتر ئەستێرەکان جیلوەیان نایە!))

((زۆر زانی!))

((بەڕاست ئەمجارەیان وادەمان کوێ بێت؟))

((بەنامە ئاگادارت دەکەمەوە.))

[شیروان گیان، ئەگەر لە یادت بێت، پێرێ ئێوارە لەسەر گۆمەکە من لێم پرسیت، کاتێک نوێژ دەکەی ڕوو دەکەیتە کوێ؟ بەڵام ئەوی ڕاستی بێت تۆ وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە! چونکە من مەبەستم لەوەبوو، پێم بڵێیت تۆ لەسەر کام ئایینی؟

ئەو شەوە کاکم هاتەوە، باسی تۆم بۆ کرد. دیاربوو ئەو دەیناسیت، بۆیە لەسەرخۆ ناسازترین هەواڵی بەگوێمدا دا، کاتێک وتی: ((چەند کوڕی چاکە، بەڵام بە داخەوە موسوڵمانە!))

ئێمە بۆیەک نابین. ئەم شوورە و سنوورانەیش دەستکردی پیاون. من لەتۆ زیاتر کۆت و پابەندیانم. ئەو خاچەی ناو نامەکەیش بام یادگار بێ لەلات... دڵسۆزت: س]

بەبێزارییەوە جگەرەکەی لەژێر پێی خۆیدا ساردکردەوە. نامەکەی گرمۆڵە کرد و خنییە باخەڵی. سەرنجێکی خەمناکی خاچەکەی دا، دەبریسکایەوە. خۆی و سۆزانی بینی هەریەکەیان بەدیوێکییەوە هەڵواسرابوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت (دەبێ ئەم ئێوارەیە چاوم پێی بکەوێت و تێیبگەیێنم، کە مرۆڤ خۆی سنوورەکان دەکێشێت، دەبێ هەر خۆشی بیانڕووخێنێت.

سلێمانی
تەمموز
١٩٧٥

لەلایەن ڕێزداران (فەرهاد شاکەلی و بەختیار ئەمین) وە کراوە بە سویدی. هەروەها لە لایەن ڕێزدار (پیتەر یەسن) ەوە کراوە بە دانیمارکی.

قولاپی چاوەکان (١)

• تابلۆی یەکەم

ئێی نازەنینی حەمەگەرمیانی، بۆ چوویتە ناو ئاوێنەکەتەوە؟ ڕازەکانتی لەلا دەدرکێنی؟ هەتا دوێنێ بوو، لەگەڵ هەتاوی برژێنەری گەرمیانیشدا، خۆت سەرتۆپی ناوچکە بوویت. کە پرچەکانت سێبەنگی دەکردن و بەسەر کۆڵوانەکەتدا دەکەوتنە جۆلانە؛ هەناوی کوڕگەلی ئاواییت بەردەدایەوە. ئەوان کەمەندکێشی زەردەخەنەیەکت بوون. کە وەنەوز خۆری شۆڕ دەکردەوە بۆ ئاسۆگەی حەوانەوەی ئێوارانی، تۆیش داس و پەنجەوانەت فڕێدەدا و دەگەڕایتەوە باوەشی دێ. تۆو خۆر هاوڕێ بوون. تۆ بەکوندەی گاوەستەوە سەری کانی بەرئاواییت دەدا و کوڕانیش سەر گوێسوانەیان لێ دەگرتی. پیران پێش لاوان چاویان تێدەبڕیت. دزەی چاوی تینوو، جاروبارەیش چپە و ئاخ تەپڵی گوێتیان دەلەراندەوە، هەر ئەوەندە. چاو بازە ناگیرێ؛ دەنا ئەوەندەیش لەلای ئێوە قەدەغەیە، قەدەغە!

لەناو هەموویاندا توولەماری ئاگرە سەرنجی ئامۆزایەکەت شوێن پێیەکانی هەڵدەگرتی. بە بەلەکتا هەڵدەگەڕا. لە توولە نەمامی باڵات دەئاڵا و پێچی دەخوارد و لەژێر سوخمەکەتدا پەپکەی دەخوارد و گیانت دەهاتە لەرزین و خوروو. شریخەی قامچی هەناسەکانی، پێستیان پەمەیی هەڵدەگێڕای و پشووت نیوەخنکاو. حەزت دەکرد. حەزی دەکرد.

تاریک و ڕوون، تەڵێ ڕێحانەت لەقژ دەدا و بە هەنیەتدا شۆڕدەبووەوە. لەگەڵ باوکت و ئامۆزایەکەتدا بە نیازی دروێنە بەڕێدەکەوتی. تۆیش پێ بەپێی ئەوان هەنگاوت دەنا. لەبەر خرمژنی گۆبەرۆکت پۆلی هەرێردەی سەر بەکڵاو ڕەویان دەکرد. کاتێک گزنگی خۆر گۆبەرۆکە زیوەکەتی دەدی، لە حەشمەتانا دەشکایەوە و ئاوی چاوی دەبرد. بیرتە، خۆتان دەدزییەوە بۆ ژێر تاوێرەکەی جێژوانی جارانت و چیتان دەوت؟

((کوڕە لاوە لەبەرت مرم! ئەمڕۆ زۆرت گەوز وەشاند، ماندوی؟))

((چاوانی تۆم لێ دیاربن؛ ماندوبوون بەمن ناوێرێ!))

((دڵ نیگەرانت دەبینم!))

((دەڵێم ئەم پاییزە وادەی هاتووە!))

((هیچی خراپت بیستووە؟))

((نەخێر.. بەڵام دڵم خوتوورە دەکات.))

هەیهوو هەیهوو. ئەوا دوو پاییز ڕابورد. ئێستا ڕووت گوڵە زەردەیەکی ژاکاوە. چاوەکانت بە قووڵا چوون. ژانێکی سەخت ئارامی لەبەربڕیوی و هەناوت تاڵکێش دەکات. تۆ دڵت بەوە خۆشە هێشتا لای ئامۆزایەکەت نەبێزراوی. (جا کێ دەڵێ گوڕ و تینی جاران دەگەڕێتەوە ئەم دەمارە سڕانەم، ئای باوکە خۆشی نەدیوەکەم. تۆ بۆت نایەت، تۆیش گیرۆدەی دەردی منی، ئەگینا تۆو کرێکاری و ئەم شارە.) بەورە بە نازەنین. ئاگادارم ئاوێنەکەت ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت. چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات و سەرت لە گێژەوە دەچێت. تەمەکی ئاورینگێکی زەرد ڕۆشنایی چاوت دەمژێ. هەموو شتێک لە ژوورەکەتدا زەرد هەڵدەگەڕێ.

ژوور دێتەوەیەک. ژوور تەنوورەی گۆمێکی بێبنە و گێژت دەدا. سووچەکانی ژوورەکە جێ گۆڕکێیانە. بنمیچەکە دەنیشێ و نزمتر دەبێتەوە. دەڵێی گۆڕەوشارت دەدەن.

• تابلۆی دووەم

ئێی حەمە گەرمیانی، تەنیا هەنگاو دەنێی، پشتی شەقامە خلیسکەکە دەشێلی. دەڕۆیت و پرووشەی باران شوێن پێیەکانت دەسڕێتەوە. کاژە چێمەنتۆی لاملت دەخووسێتەوە، دۆخاو بەنێو شانتا ڕێچکە دەبەستێت. دەڕۆیت و شەش حەوت نانی ساردەوەبوو، لە بندەستا، دەستەکەی ترتیش کردووەتە ملی شووشەیەک دەرمان. ماندوویت و ڕەتت بڵاوە؛ تلۆقە ئاوتێزاوەکانی ناولەپت ئازارت دەدەن.

ئەمڕۆ، تۆ دوو کیسە چیمەنتۆیان لێ نابووی. لە ژێریا دەتنقاند و لووتت دابووی لە ئەژنۆ. ئەویش خشش. برێکێکی قایم و تۆیۆتا شیرییەکەی لەوێ وشک وەستان. گێژەڵووکەیەک تۆز و قنگلاشکی بەسەرتا بەباکرد. قڕوقەپی بە ڕیکۆردەرە ستریۆکە کرد. دابەزی. هەردوو پەنجەکەڵەی لە لغاوەی گیرفانەکانی توندکرد. پاشێکی توندیشی گەیاندە دەرگەی پیکابەکە و جووتی کرد. چاودێرەکە خێرا بەپیرییەوە چوو، ئێوی کرێکاریش بەیەکداهاتن و ورووژان.

((دەی بابێ بەرد.. دەی بابێ سەگباب!))

ئەو بەساردێکەوە سەرنجی ئاسمانی داو وتی:

((کار وابڕوات، تا کڵاوەکەمی تێدەنێم!))

چاودێرەکە، دەستی ڕاستی شل بوو، وەلێ ئەو دەستی تەوقەی بۆ درێژ نەکرد. دڵۆپێک ئارەقەی سارد نیشتە سەر نێوچاوانی و دەستی خۆی کێشایەوە. تۆیش بیرت دەکردەوە (تفوو لەم دنیایە، ئەگەر تەنیا توتومبیلەکەی ئەوم هەبوایە، نازەم پێ دەبرد بۆ بەغدا و ئەوی تریم دەدا بەکەڵاوە شڕێک، بۆ خۆمان تێیدا دەحەساینەوە...)

لەبیرتە، کەنازەت برد بۆ لای دوکتۆر؟

(ئارام بە! گەدەی لە کەڵک کەوتووە. کچەکەت لاوازە. زۆر بەداخەوە ئێمە لێرە کەرەسەی نەشتەرگەریی تەواو شک نابەین. هەتا زووتر بیفڕێنی بۆ بەغدا، باشترە!)

کاتێک (ئامە) ی خێزانت بارگەی گواستەوە بۆ گردی سەیوان، بەخۆتەوە حەوت کەسی لەگەڵدا بوو. کفنی قەرزت بەباڵابڕی. لە ماڵەوە پرسەت بۆ دانا. بۆچی بارت کرد؟ گوایە ئاسوودەییت لە شار دەبینی؟ تۆو گاسن و مەزرا و پادەشت. داس و سواڵە. نازە و هاوێر و بێری. ئەوە بۆچی وات لێهات؟ تۆ هەر دەڵێی شەقشەقەی دەستی منداڵێکی بزێوی. خۆت پێ ڕاگیر نابێ، دەسەڵاتت بەسەر خۆتا نامێنێ. ئەوا ڕەهێڵ بووی لەو گۆڕە! تۆ ئێستا مریشکێکی سەربڕدراویت و پەلەفرتێتە. دەتەوێ هەڵبسیتەوە. بەهەرچوار لادا پەل دەکوتی و چنگەکڕێتە و نینۆک لە شۆستەکە گیردەکەی؛ کەچی تاپ لەسەر گازەرای پشت دەکەویتەوە. لچ و لێوت شین هەڵدەگەڕێن. کەف دەچەڕێنی. تۆڕی وردە دەماری سوور، سپێنەی چاوەکانت دەتەنێ، هەڵدەکفێن، دەکرێنەوە، دەکرێنەوە و لەوەدایە لە کالانەی چاوت دەرپەڕن. زمانت لە زارتا جێی نابێتەوە. ماسولکەکانت لە پەلەپەلیدا دەڵێی چوارناڵەی ئەسپێکی تەیارە. کرژ، خاو.. کرژ، خاو.. تۆ خەریکە تەواو ماندو دەبی، من تەنیا لرخەی پشووی سوارت دەبیستم. تەواو کفت بووی. دەنگەکان ڕەوە شەپۆلن، لە پەردەی گوێت دەدەن و بازنە بازنە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی خۆیان. هیچ حاڵی نابیت. بیر لە هیچ ناکەیەوە. چاوت حوکمی نەماوە و ئێرە و ئەوێ بڕناکات، تاکو ئەو

جەنجاڵییە ببینی، کە ئاشە بەتەندوورەیان لەسەر کردوویت، بە ترس و گەمانەوە لێت ورد دەبنەوە.

((خوا ئامان، نەچێتە خەوی کەس!))

((بەدمەستە! ئێستا سەتڵێ ئاوی بەسەردا نەکەی!))

((خۆ ئەوە حەمە گەرمیانییە! بزانە ئەو کڵۆڵە لە کوێدا لێی هاتووە؟ تۆ بزانە کەسیان دەستێک بە نێوچاوانییەوە دەگرێ؟))

((حەیف لە ستۆدیۆ جێمهێشت؛ ئەگینا وێنەیەکیم دەگرت و بە گورەیی لە پێشەوە هەڵمدەواسی!))

لەشت مێروولە دەکات. خەریکە هێور دەبیەوە. پێڵوەکانت چەپڵە دەتەقێنن. سەرت هەڵبڕی و زانیت. ڕاپەڕە حەمە گەرمیانی. ئەها چۆن لاتریسکەیان لێ گرتووی. کوا شووشە دەرمانەکە؟ ئەوە نییە شکاوە و لە پاڵتا گۆمیلکەیەکی دروست کردووە! بەس هەناسەی تاڵ هەڵبکێشە کابرا. زووبە نانە قوڕاوییەکان کۆبکەرەوە. چیتە، ئەوە شەرم دەکەیت وا ملت خوزکردووە؟ یان دەتەوێ هەرچی زووترە لە قولاپی ئەو چاوە دەبەنگانە ڕزگار بیت، کە ڕاوت دەکەن. بێزیان لێت دەبێتەوە و تۆش بەخۆتا دەشکێیتەوە و تەریق دەبییەوە!

((بزانن ئەم دەردەم لەگەڵە، کەس من بەکرێکار ڕامناگرێ.))

برۆ برۆ، بگەرە نازە و دڵخۆشیی بدەرەوە. دەرمانەکەیش با بکەوێتە بریی ڕۆژێکی نوێی ڕەتاندنی ئەو لەشولارە ماندووەت.

• تابلۆی سێیەم

وەختایێ تۆ گەیشتییەوە ماڵ، ئەویش تازەکی هۆشی هاتبووەوە. نە تۆ هیچت لا درکاند و نە ئەو هیچی لا درکاندیت. بە ئامباڵاتا هەڵیڕوانی. چاوی لەسەر نانەکان ڕاگرت، وەک بپرسێت:

((نانەکانی ئەم ئێوارەیەت قوڕاوین؟ بابە کوا دەرمانەکەم؟ بۆچی لە بیرت چوو؟))

پرسیارە بێدەنگەکانی نازەنین، دوو دڵۆپ فرمیسکی باوکایەتییان پێ هەڵوەراندی. وەک بڵێی.

((با بمێنێ بۆ سبەی ئێوارە، کچە ئازیزەکەم!))

بەڵام ئەو هەر زوو بە بەرگە قوڕاوییەکانتا حاڵی بوو، تۆ چیت لێ قەوماوە.

تۆ حەمە گەرمیانی، بوویتەوە بە منداڵ و بە هەموو پێکەنین و گریانەکانتا هەڵکشای، هەتا گەیشتیتەوە ئێستا. نازەش لەگەڵتا گەڕایەوە کۆشی منداڵی و کۆڵانە خەپوخوارە تەنگەبەرەکانی دێ. دوو پەلکەی درێژ و کوژەکەیەکی شینی نێوچاوان. خانوچکێ و واڵابووک و ڕاوڕاوێنی کوڵان. شوانی کارژۆلان. تاقەت کردن و مەڕدۆشین. کۆڵە کنگر و گۆزروان. چاوبڕکێی ڕێی کانی. دزە و ڕازی جێژوان:

((کوڕەلاوە لەبرت مرم ئەمڕۆ زۆرت گەوز وەشاند، ماندووی؟))

((چاوانی تۆم لێ دیاربن، ماندوبوون بەمن ناوێرێ.))

هاتی هاتی، تا گەیشتییە ئێستا و بیردەکەیتەوە. باوکیشت هەر هەمان زنجیرە کەڤاڵە بەپێش ئاسۆی خەیاڵیدا. ڕادەبوورێت لەو خەیاڵەدا، تۆ لە گوندەکەی خۆتانی. گیا سەری پێوەناوە. گیزەی هەنگە و باڵەتەپەی پەپوولە. منداڵان سروود دەچڕن. ترەکتۆرێکی کۆن چڕنووک لە زەوی دەگرێت. پۆلێک مراوی بە لەنجە، بۆ لای جۆگەلە ڕوونە پێچاوپێچەکان ڕێ دەکەن. هەموو شتێک گۆڕاوە. تەنانەت سنووری زەوییەکانیش! چاوت ڕشتووە، تەڵێ ڕێحانە ڕەشەت داوە لەقژ! ئامۆزاکەت پەنجەی لە پەنجەت ناوە و لەسەرخۆ، شان بە شانەوە سەوزەگیا دەشێلن. هەلیکۆپتەرێکی سپی سپی، دەهات و گەورە دەبوو. تۆ لێی نەترسای! لە پانتایی بەر ئاواییدا نیشتەوە. لە خوارەوە لە باوەشان کردیت و لە سەرەوە هەڵیانکێشایت. هەلیکۆپتەرەکە حەواکەوت. بەرە بەرە بچووک بووەوە. دنیا لە سنووری بازنەی چاوەکانتایە. خەڵکی ئاوایی، لە پێش هەموویانەوە باوکت بەڕێت دەکەن.

(١) بەزەوییەوە زەرد نابێ و داناکاسێ. ژانێکی ئارامبڕ پاچەکۆڵەی هەناوی دەکات و لەسەر دڵیا خڕ دەبێت. ژان گەورە دەبێت و پێوەی دەتلێتەوە. چەند دەکۆشێ لەبیر خۆی بەرێتەوە، بێهوودەیە. لێی درێژدەبێ. پەردەی ڕوانینی تاتێکی مەخمەڵییە و هەر تاوێک تابلۆیەکی پێوە دەگیرسێتەوە. تابلۆکان دەبنە کانیی وشە و لە پلووسکی پێنووسەکەیەوە دەڕژێتە سەر خوانی لاپەڕە سپییەکان. لەبەرەوە لاپەڕەکان ڕەش دادەگەڕێن. دەبێتە دەنگە دەنگ و مشت و مڕ! کاتێک شەو دوولایی بوو، پێیدا چووەوە. ئاوازی بۆ تەواوی وشەکان دانا، ئەوجا دەستی هەڵگرت. ئیدی ژان ڕەوییەوە و ئەم چیرۆکەی لێ ڕسکا، کە ناوی لێنا قولاپی چاوەکان.

سلێمانی

نیسانی ١٩٧٦

بڕوانە:بیری نوێ، ژمارە (١١٤) ساڵی ١٩٧٦

سەرنج: ئەم چیرۆکە لە لایەن هونەرمەند (ئەحمەد سالار)ەوە کراوە بە شانۆیی و وەک بەرهەمی (زانکۆی سلێمانی) لە ڤیستیڤالی زانکۆکانی عیراقدا پێشکەش کراوە.

تێبینی: بۆ ئەو ئازیزانەی لە چیرۆک دەتۆژنەوە. ئەمە یەکەم چیرۆکی کوردییە لە باشوور، کە بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک نووسرابێت. بە شوێنیدا ژمارەیەک لە چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمەی باشوور لاساییان کردمەوە. لەم ڕووەوە، کاتی خۆی نووسەری شەهید(دڵشاد مەریوانی) نووسینێکی لەسەر ئەم چیرۆکە، لە (بیری نوێ)دا بڵاو کردەوە.

وەرزی کەوبووار

سالی سلان، وەرزی خێڵەوژوور، ئەو دەمەی بۆ کوێستان خۆری بەڕێدەکەوتن، چەند لەبەر دڵت خۆش بوو! ئەو دەمە تۆ کارئاسکێکی سرک بووی. کاتێک بێباک بەو شاخسار و سەهەندە سەوزانەدا هەڵدەگەڕای، کەوی خاڵ لەملی کوێستان بەڕەوەیەک گوارەوە لەبەر گوڕەی داوێنت لە زڕەی باڵیان دەدا. پرچی شنگ و هەڵەکۆکت دەڕنییەوە و دۆڵ و لاپاڵ نەدەما تۆ بەکۆڵییەوە نەگری. لەگەڵ دەستە خوشکەکانتا داروشەخش نەدەما، بە گوریسی حەوت باڵی دیلانێی لێ هەڵنەخەی، گەڕی شایی لە سایەدا نەگێڕی. ئەو دەمت لە هەموو دەمێ لە دڵدا خۆشتر و شیرینتر بوو، کاتێک خوداداد بە بەپێشی شاییەکەدا دەگەڕا و دەنگی لێ هەڵدەبڕێ. بەتۆ بووایە دەست بەرنەدەی، بەویش بووایە زاری لێکنەنێ.

- سنجانێ و سنجانێ
- سنجانێم حەریرە
- پاو پووزی پەنیرە
- قابیل بەکوڕە میرە
- نۆ مردووم لەگۆڕ بێ
- کچەکە تۆم لەبیرە (١)

چریکەی باز و سیرەی هەڵۆت دەبیست لەودەمەدا دەفڕین، لەودەمەدا هەڵدەنیشتن بەسەر نوچکەی چیاوە. زریوەی مەل تێکەڵ بە ئاوازی باڵەبان و حیلە و کوڕژنی ئەسپی کەحلان دەبوو. دڵت دەکرایەوە چاوەکانت دەڕێژران و لەوەدا بوو لە خۆشیاندا باڵ بگری. جارێ شۆڕ دەبوویتەوە قوولایی دۆڵ و قاڵیچەیەک ئاسمانت لێوە دیاربوو. جارێکی دی هەڵتدەکردە بان کڵاوە و دەستت بۆ گەواڵە هەورەکان هەڵدەبڕی.

ڕەزیە، لە خێڵەوژووردا، دایکت تۆی لەسایەی دەوەنێکدا بوو. وەلێ هەستی بەغەریبی و تەنیاباڵی نەکرد. شەکرە ژنانی عێل هاتنە هانای. دەوریان داو ناوکیان بڕیت. کۆچ نەوەستا و سەرعێل بەرانێکی کردە خەڵاتی ناوکەبڕانەت. وەختایەکیش گەورە بوویت، ساڵێک بەو ڕێیەدا دەچوویتەوە. دایکت دەیهێنایەوە یادت. یادی بەخێر. دەوەن بوو بە شەخەڵ. شەخەڵ بوو بە دار و دیلانێشت لێ هەڵخست. لەگەڵ خوداداد دا، چاوچاوانێشت لەبندا کرد.

ئێستا ئەو کەلەلایە. زەبوونە و دەسەڵاتی نییە. تۆیش تەنگانەی لەمە تەنگانەترت نابێت. لەوێوە لە قەفەزەکەتەوە. بەهەردوو بەری ڕێگەدا هەڵدەڕوانی و کەسێک بەدی ناکەی بەهاناتەوە بێت. لە گێژەنەی گەردەلوولێک تۆز و خۆڵدا ڕێ دەرناکەی. تۆ شەنگە کەوێکی خاڵ و میل کوتراوی ئەو کوێستانەیت، لە وەرزی کەوبواردا بەداو گیراوی. مەیلت هابەلای تافەتافی قەڵبەزی کوێستانەوە. ئیستاش ئەسپەردەی ناو قەفەزێکی! حەیف، نە ئەڵقەداوت بۆ پسا و نە شووڵی قەفەز!

ئەوە بۆکوێت دەبەن؟. کەو کەی باڵدارێکی ئارانییە! باڵندەی ناو دۆڵ و چیاو ڕنووە بەفرە. بەڵام، بۆچی وا دۆش داماوی؟ خۆ کەو لەنێو قەفەزیشدا بێ هەر دەخوێنێ. بەورە بە ڕەزیە، سەری دنیا بە پووش نەگیراوە.

ئەی (خوداداد) تۆ بۆچی وا ڕووت ناوەتە نێو لەپی دەستت؟ بیر لەچی دەکەیەوە؟ (ئەم کەسەرە هێندە سەختە، تەنانەت دەرفەتم نادات بیر لە چارەسەرێکیش بکەمەوە) تۆیش ڕەزیە، تەواو دڵخورد و سەغڵەتی، وەک سەری دنیات لێ هاتبێتەوەیەک. (لەوانەیە بەسەرێوە بڕۆم، یان لەبارم بچێت، بڵێی کامڵ بێت، خۆزگە تێر لە ئامێزم دەگرتی، هەر لەم تەنگانەیە ڕزگارم بوایە و دەروویەکم بەڕوودا بکرایەتەوە، من بەخۆمدا دەشکێمەوە، وەک سواری کەرێکی کولیان کردبم و شاربەدەرم کەن، ئاخر چۆن من بە بەرچاوی ئەم حەشاماتەوە بمبێ، من ئازاری سەختم هەیە و دەبێ بیخۆمەوە، هەرچۆنێت بێت، من درێژ نابم، دەبێ بەچیچکانەوە بمبێ، بام بە پیرۆز بڵێم.)

((فریام کەوە پیرۆز، بێحاڵم!))

((بڵێی بەرەژان نەبێت؟))

((لەوە دەچێت ڕاستینە بێت پیرۆز گیان! چیم لێ دەکەی!))

چاوم لێبوو فریای ئەوە نەکەوتی (خونچە)ی مامان ئاگادار بکەیت. بۆچی مۆڵەتیان دایت سەری خۆت بخورێنی؟ خوودادی مێردت زوو پێیگوتن بەڵام ئەوان لە سەرتان نەوەستان.

شپرزە مەبە، وا پیرۆز (جام)ی پێشەوەی داپۆشی. کەمێکی تر جاجمێکیش بەناوەڕاستدا دەگێڕێ، تا تۆ بکەویتە نەدیوی. ئای ڕەزیە گیان، چەند کاروانێکی بارگران و ماندووە! تۆ جارێ لەبەر ئازاری سەختی خۆت ناتپەرژێ بیر لە زۆر شت بکەیتەوە. کاتێک گەیشتیتە جێ ئەوسا بەخۆت دەزانیت کە تۆ لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندراوی! ئەوە چاو بۆکێ دەگێڕی ڕەزیە؟ هەموویان دڵسۆزی تۆن، بەڵام دەستەڵاتیان نییە. خوداداد لە هەموویان زیاتر پەرۆشتە، بەڵام ئەو لەم کاتەدا چیی لەدەست دێت؟

کەم پیش بخۆرەوە و خۆت بگوشە ڕەزیە. کەم مل بەلارەوە بگرە ڕەزیە. ئارام بە، شانی بدەرە بەر! وا پیرۆز هۆڕێکت بۆ ڕادەخات. ئاگادارم ئازار گیانت دەجووێ. تاسە و هەڵبەز و دابەزی ڕێ ئەوەندەی دی هەناوت بەردەداتەوە.. دەجووڵێی و بروسکە بەناختا تێدەپەڕێت. دەبێ چەند سەر ڕەق بێ ئەم منداڵە؟ ئازاری بەرموسەڵدانت پەکی خستووی. ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بە ڕوومەت و لاملتا ڕێدەکات و تێکەڵ بە خۆڵە سوورەی ڕێ دەبێت. لێوە پەمەییەکانت شین هەڵگەڕاون و توێژ هەڵدەدەن. ڕەنگت پەڕیوە. شێیەکی گەرم کراسەکەی بەرتی قورستر کردووە. پاڵت داوە بە پشتی ئەو قەفەزەوە، کە نازانی بۆ کوێت دەبات. دەڵێی تەختەی سەرئاوی ڕەزیە. نازانی شەپۆلانی ئەم لافاوە خوڕە لە چ کەنار و کەندەڵانێکدا گلت دەداتەوە وەک ئاوماڵکە. هێندەی چنگێکت ماوە. چ قەیدی! کۆرپەیەکی بزێوە و بۆ دەرەوە، بەرەو ڕووناکی پەلدەکوتێ. ژان تەنگی پێ هەڵچنیوی. ناو بەناو تاریکاییەکی چڕ بەسەر چاوتا دێت. فڕە فڕی قەفەزەکان، هرووژمی خۆڵ، هەڵتەک و داتەکی تاسەکانی ڕێگە، تەواو جاڕسیان کردووی. ئەوا بەجارێ کوێستانت بەجێهێشت.

- تۆ دەزانی کە تاوێری،
- لە ڕەقەن و لوتکەی چیا هەڵدەدێرری،
- بەرەو پادەشت دەگرمێنێ و
- چیا گشت دەلەرێتەوە؟
- باسکە و باسک، ملەکان تێدەگەیێنێ و
- بانگ و هاوار ، هەر ئەشکەوتە و بۆ ئەشکەوتی دەلێتەوە .
- هەتا بەرەو دامێنی پادەشت مل دەنێ،
- خۆی لە ژانا، پەراش پەراش و ورد دەبێ. (٢)

ئێستا شەوە. سەرت لە گێژەوە دەچێت و لەتۆ وایە پاشەوپاش دەگەڕێیتەوە. کەچی وەهایش نییە ڕەزیە. ئەوە سەری گێژ و کاستە وا خول دەخوات! ڕۆشنایی قەفەزە بزۆکەکان بەیەکدا دەچن و تێکەڵ یەک دەبن. کاروان لە ژێر تاریکایی شەودا، بەرەو باشوور ڕێدەکات. ڕۆشنایی جاروبارە دزە دەکاتە نێو قەفەزەکەتەوە و لەسەر ڕووە ژاکاوەکەت دەشکێتەوە و بەشەوارەت دەخات. ئەوە بۆچی نێوچاوانت بەچرچ لۆچ تەنراوە؟ بۆ برژانگەکانت بەسەریەکدا بایان خواردووە؟ کەی تۆ وەها بووی ڕەزیە؟ یان ئەوەتە بەدەم ژوارە وەها گرمۆڵە بووی! تۆ تەنکە ژنێک بووی هەموو ئاوایی عەزرەتی زەردەخەنەیەکت بوو!

لەودیو پەردەکەوە فزە نایەت. دەڵێی خۆڵی مردوویان بەسەردا کراوە. تۆیش خەریکە گازەرای پشتت ببێ بەدوو کەرتەوە! ڕەزیە، لەدایکبوون بەبێ بە بێ ژان و ژوار نابێت. هەر مەرگی لەدوا نەبێ ئیتر گرنگ نییە! ئەوەتا پیرۆز بەدیارتەوە ئێشک دەگرێت و چاوەڕوانە. وادیارە ژان تەواو زەیفی لێ سەندووی، بۆیە بەدەم هاوارەوە هەردوو دەستت لە هۆڕەکەی ژێرت توند گیردەکەیت! لێوی خۆت دەکرۆژی نەبادا دەنگت دەربێت.

ڕەزیە، تۆ نازانی پیاوانی نێو ئەم قەفەزە چۆن لە شەرما سەریان ژەنیوەتە نێو کۆشیان! ئەوان چاویان هەڵنایە و خەجاڵەتی دەکێشن. کەسیشیان خەو نەچووەتە چاویان ئەمشەو.

هاوارێک و ئیتر تۆ بەتەواوی سست بوویت. بێ جووڵە ڕەهێڵ بوویت.. ئێستا ئەو دەنگەی، کە بەسەر هەموو دەنگەکاندا زاڵ بێت گریانی کۆرپەکەتە! کۆرپەی بێنازی ناو قەفەزێکی گەڕۆکی بەرەو نادیار ڕێکردوو. ئەوا پیاوەکان سەریان لە کۆشیان دەردێنن. خوداداد نازانێت چلۆن بەپیر ئەم مرۆڤە نوێیەوە بچێت. مرۆڤی ڕۆژگارێکی تووش. لە نێوان شادی و ناشادیدا ڕاوەستاوە!

پیرۆزیش وا خەریکە بە کراسە کۆنێک قۆناخەپێچی دەکات! ئای چەند منداڵێکی بێ نیاز و جیازە! نە کەسێک هەیە مژدانە بگەیێنێتە خاڵوان و باوانی، نەگوێزەبانەی هەیە و نەشەو ئێشک و نە... وا خەریکە کاروانەکەتان لەنگەر دەگرێت. ڕەزیە تۆش بێخودی، جەستەی کوتراوت مێروولە دەکات و وەختە بێیتەوە هۆش خۆت. وا نییە؟. چەندت پێ خۆشە، کاتێک نم نمەی باران ڕووە لیتاوییەکەت دەشواتەوە. باوەشێنی سروەیەکی فێنک خوتووکەی لەشی شەکەتت دەدات. لێی بگرە وا پیرۆز دۆشاوی ترێی بۆ هێناوی. ڕشێنەی باران وردە وردە کاروانەکە بێدار دەکاتەوە. گزنگیش خەریکە تاریکەشەو دەسڕێتەوە.

سلێمانی

تەشرینی یەکەمی١٩٧٦

(١)کۆپلەیەکە لە شیعری فۆلکلۆر.

(٢) کاتی خۆی بیرۆکەی شیعرەکەم دایە (دڵشاد مەریوانی) ئەویش لە چوارچێوەی ئەم شیعرەدا دایڕشت. سوپاسی دەکەم.

تێبینی: ئەم چیرۆکە باس لەو خێزانانە دەکات، کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە لێبوردنی گشتی گەڕابوونەوە وڵات و لەلایەن دەوڵەتەوە بە (عائدون) ناسرابوون. وەلێ کاتێک دەگەیشتنەوە ناو سنووری عیراق، ڕژێم سواری ئیڤای سەربازیی دەکردن و بە زۆرەملێ ڕەوانەی باشووری عیراقی دەکردن. لێرەدا ژنە کوردێک بەدەم ڕەو پێ کردنەوە (ترحیل) لە نێو ئیڤایەکی سەبازییدا منداڵی دەبێت.

کەوبووار: لە کۆتایی زستاندا، لە کوێستان، کەو بەڕێچکەی تایبەتدا ڕەودەکەن. ڕاوچییەکان لە ڕێگەیاندا داو و تەپکە دەنێنەوە و بە ژمارەی زۆر دەیانگرن.

گوار: باڕەکەو، بەچکەکەو

ژوار: ژانی سەخت

کورتەیێک لەسەر نووسەری کورد حەمەفەریق حەسەن

سەرەتایی لە قەرەداخ و ناوەندی لە هەڵەبجە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی خوێندووە

نزیکەی(٣٠) ساڵان لە گوندەکانی دەشتی هەولێر و دەڤەری سلێمانی و ناو شاری سلێمانیدا مامۆستا بووە.

١٩٧٩–١٩٨٣ بە سکرتێری ئیداریی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.

لە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ دا بە سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.

یەکەمین کتێبێک لەسەر هونەری شێوەکاری کورد، لە باشووری کوردستاندا، چاپ و پەخش بووبێت، (هونەرو مەسەلەکانی سەردەم)ە، کە ناوبراو نووسیویێتی. ١٩٨٥ لە چیا لەلایەن (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان) ەوە چاپ بووە.

١٩٨٩ حیکایەتی بۆ یەکەمین فیلمی سینەمایی (٣٥ملم) لە باشووری کوردستان بە ناوی (نێرگز بووکی کوردستان) نووسیوە، کە لە دەرهێنانی جەعفەری عەلییە.

٢٠١٥ خەڵاتی حسێن عارفی بۆ چیرۆکی کوردی وەرگرتووە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ ەوە لە وڵاتی دانیمارک دەژی.

• بەرهەمەکان

کۆچیرۆک

سێبەری ئەسپەشێ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٨

ڕستێک زەنگیانەی ئاوی، چاپخانەی عەلاء، بەغداد، ١٩٧٩

پەریخان، کاتریناهۆڵم، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد، ١٩٩١

دووربین، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢

ملوانکەی ستیل، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤

شەوەکەی عەریف زبالە، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦

ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

مێزەرفڕێنەکانی شەو، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد_ لقی هەولێر، ٢٠١٢

خۆرکەوتن، کۆی کورتەچیرۆکەکانم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣

کۆچیرۆکی منداڵان

باپیرە کوردۆ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢

کۆتر شین و زەوی سپی، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥

هەنگەژاڵ، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥

سێ وێنە، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٧

ئەهای ئەهای بۆرەمار، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩

• توێژینەوە

هونەر و مەسەلەکانی سەردەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، چیا، (ی. هـ. ک)، چاپی یەکەم١٩٨٥

تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

هێمن و بۆنی غەریبی،ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

مێنتەلێتیی خێڵ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

لێشاوی دەنگۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩

زمانێکی نێرسالار، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠

بەکولتوورکردنی خوێندنەوە، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١

ئەوساو ئێستای چیرۆکی منداڵان، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان،٢٠١٦

تایبەتمەندیی تاکی کورد، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٠

• ڕۆمان

کەسێ لازۆی دیبێ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤

کوڕەزاکەی زیتۆ، سلێمانی، چاپخانەی مەحوی، ٢٠١٦

• وەرگێڕان

دوژمنی گەل،(شانۆگەری) بەغداد، ١٩٨٦

سێ شانۆگەری، ئاراس، هەولێر،٢٠٠٢

گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩

• بەرهەمی هەمەڕەنگ

سندووقی هەزار پیشە، سندووقی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢

سندووقی هەزار پیشە، سنددووقی دووەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢

لە گێژەنی پرسیاردا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوک، ٢٠١٢

ئەزموونی چیرۆکنووسین، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢

مەملەکەتی ماسی، (٣٧ حیکایەت و توێژینەوە) سلێمانی، چاپی (١) ١٩٩٦

مین و ژیان، سلێمانی، لەسەر ئەرکی یونسیف چاپ کراوە (پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەو ناوچانەی مینڕێژ کراون) ١٩٩٦

دارا و نەسرین، عارف حیتۆ و حسن سلیڤانی، گۆڕینی بۆ شێوەزاری سۆرانی، محەمەد فەریق حەسەن، چ (١)، ١٩٩٥ (بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی یونسیف لەچاپ دراوە.)

سلێمانی و جەنگی کەنداو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦


HEMEFERIQ
HASSAN

شیعر

شیعر
گورگێک لە ژوورەکەمە
ئێس ئۆ ئێس
سێ برادەر
سه شعر از الهه قاسم زاده
شهر خاموش
زیستن در اطاقک رویا
او
من خودم تو

ئاگادارییەک بۆ ئەوانەی شیعری من دەخوێننەوە

ریبین خدر

لە فڕانکفۆرت لە مارکێتێک بووم، تەماتەم دەکڕی.
ملباریکێکی پڕچ-عەنتیکە لە تەلەڤزیۆن بۆڵاندی: شیعر مرد!
بە هەڵەداوان هەڵاتم تا بە پاس ڕێ بکەومەوە هامبۆرگ.

لەماڵەوە تەنیا بە شیعرێکم ڕاگەیشتم بە حاڵ هەناسەی دەدا. باش بوو دراوسێ زۆڵەکانم لە هەڵگرتنی یارمەتییان دام، ئەوەندە قورس و زەبەلاح بوو، ناچار بووین هەندێک مانگ و پەپوولەی لێ دابگرین! ئنجا هەندێ گوڵی هەرچیوپەرچییش!
لە پەیژەکانەوە لێکدالێکدا شتمان لە شیعرەکە دەردەهێنا و لێمان فڕێ دەدا. درۆ ناکەم خاتوو کۆبس پەنجەرەیەکی ڕەنگاڕەنگی هێشتا-ژیان-تێدا-ماوی بۆ خۆی لە شیعرەکە دەرهێنا. مامۆستا مارک هەندێک پارەی لێ هەڵگرت، گوتی دەبێ زوو بیگۆڕمەوە تا بەسەر نەچووە. ڕێناتا، کە کچۆڵەیەکی جوانکیلەیە، هێشوویەک خشڵی لێ دەرهێنا و لەبەر چاو ون بوو. موحەمەد ئەفغانی ئۆتۆمبیلێکی لێ دەرهێنا. ئیدواردی پیر دڵی چووە سەر وەزن و قافیەیەکی شکاو و گوتی چاکی دەکەمەوە، بەشکوو بۆ دوعایەک بەکاری بێنم!
مێشێل دەمانچەیەکی لە شیعرەکە دەرهێنا و یەکەم فیشەکی بە بەیانییەوە نا. بەیانی خۆر بە دەموچاویدا چۆڕاوە و کەوتە سەر چۆک. خاتوو سارا ئازادییەکی کەڕەکیفەهەڵێناو و کرملێدراوی بۆ خۆی هەڵگرت، گوتی دەیدەم بە باپیرەم، ئەو ڕەنگە بۆ خۆی بیکات بە داهۆڵ.
تا گەیشتینە باخچەکە، شیعرەکە کێشی ئەوەندە سووک، تەنیا دەرگەیەک و گۆڕێکی تێدا مایەوە، دەرگەکەم داخست و خۆم هەڵدایە ناو گۆڕەکە.
ئەوا لەناو گۆڕەکە ڕاکشاوم. ناتوانم ئیتر شیعر بنووسم. تاریکستانێکە هەر مەپرسن.
بەڵام تا بڵێی ئاسوودە!

REBIN KHEDR
ریبین خدر

گورگێک لە ژووره کەمە

ئالان پەری

گورگێکی ڕەش دێتە ژوورەکەم،
لەسەر مێزی دالآنەکە لە بەیانیەوە،
بە چاوی نهێنی و برسێتی لە بێ چارەییم دەڕوانێ
سەمفۆنیای چایکۆفیسکی وەک گەردەلول هەڵمدەتەکێنێت،
بێ سروە، ناخم وەک پەرداخێکی نووقم بوو بە هەوا و ئاو پەنگی خواردووە.

گورگێک لێرەیە، هاتووە گیانی من تێر بپشکنێت
دەیەوێت درۆکان بە چەپۆکی دەستی دەربهێنێت،
ڕەشایەتیم بە کەڵبەتیژەکانی بەتاڵ دەکاتەوە
دڵێک لە پشکۆبوونی خۆی دەکوژێنێتەوە

نێچیریی چیە،
جگە لە پاکبوونەوەی خۆم و مانەوەی نیانیی تۆ.

(من) چیە،
جگە لەو گورگەی لە شەوە بێ ئەستێرەکاندا دەگورگێنێ
ترس لە ونبونی خۆم لە هێمنی دەریا
ترس چییە
جگە لە بێدەنگی تۆ لە نێو دونایەک لە جەنجاڵی

ماچ چیە،
جگە لە تەڕاییەک لە یادگاریی
جگە لە مژینی دوو لێوە،
جگە لە خەواندنی دوو دەستە لە هەوادا
نزیکیی دوو گورگە لە شەونخوونیەکانی شەهوەتێکی ئەزەلیی

دووریی چیە،
بێ دووبارە ڕەوینەوەی چرپەی (تۆ)
لە کاتیی ماڵئاوایی دا

دوکەڵ چیە،
جگە لە غەدرێکی بەباچوو بە گیانی ڕۆح!

فڕین چیە،
جگە لە فڕینی وشە بەدەوری بەسەرهاتی دەستەکانی تۆ و
بەرکەوتەکانی شەو؟



ALAN PARY
ئالان پەری

ئێس ئۆ ئێس

S.O.S

ژیار ئەسوەد

هەناوم بۆشایی بوو، کتوپڕ ئۆقیانووس داگیری کرد.
ئێستا لەناویدا کەسانێک دەژین
ڕەنگە بنەچەیان گیاندارانی ئاویی بووبێ!
ناچار زوو زوو دەم بکەمەوە تا ئۆکسجین هەڵمژن
گەرنا پرتەوبۆڵەیان، خەوی دراوسێکان ڕاودەنێ؛
ئەوکات من لە کونجی زیندان کتێب دەنووسم.
تا بێزار نەبن، جار جار لە گوێچکەمەوە
ماسی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ دەنێرم
لە کونەلووتیشمەوە دوورگەی گەشتیاریی بچکۆلە.
ئۆقیانووسەکە شەوان لەگەڵ من دەنوێ
بەڵام لە کازیوەوە شەپۆلە هارەکانی بێدارن.
ماوەی جارێ دێتە مێشکم نەیلاوێنمەوە و
تۆفان هەڵکا؛ هەرکەس بە خنکاوی فڕێداتە کەناراو
یان فڕۆکەیەک بە کرێ بگرم بۆمبیان تێ بگرێ.
هەندێ جار وام بە خەیاڵدا دێ...
قولاپ بە گەروومدا شۆڕکاتەوە،
چەشنی ددانی کلۆر هەڵیانکێشێ.
هەرکامیان بێ، دەمەوێ بۆشاییەکەم بگەڕێتەوە و
تەنها وشە ئەمجارە بتوانێ تێیدا بڕوێ.

ژیار ئەسوەد، تەمەن نۆزدە ساڵ، خەڵکی شاری هەولێرە. ماوەی دوو ساڵە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا، شیعر و چیرۆکەکانی بڵاو دەکاتەوە. هیچ کتێبیکی چاپکراوی نییە و ئێستا یەکەمین کتێبی شیعریی ئامادەیە بۆ بڵاوبوونەوە.

ZHYAR ESWED
ژیار ئەسوەد

سێ برادەر

نارین ڕۆستەم

سێ برادەری گچکە بووین..
تۆپە قوماش یەکێکمانی لوولدا و
کردی بە بەرگدروو.
ڕۆژانە بە عەلاگە خەون
بەسەر ماڵەکەیانی دادەدا
ئەویش دەیکردنە کراس.

ئەو ساڵەی برادەرەکەم بزرکرد،
سی هەزار و دوو سەت منداڵ کەوتنە کۆشی زەوییەوە.
برادەرەکەم مامان بوو..
ژنان لنگیان بۆ هەڵدەبڕی
ئەویش: مامۆستا، لەحیمچی، نەخۆشەکانی داهاتووی لێ
دەردەهێنان.

من چەند هەفتە جارێک
بۆ خڕکردنەوەی کەرەستەی شیعری،
سەرم لە دەرەوە هەڵدەکێشا
شەوانیش لەناو ئارەقەی خەو رادەچڵەکیم
بە تەلەفۆن خەونەکەم بە ناو گوێچکەی بەرگدرووەکەدا
دەڕژاند
دەنگی دەنووسا:
ڕەقە، زۆر ڕەقە نابێتە کراس.

سێ برادەری گچکە بووین
کە دەمرین..

خانووی بەرگدرووەکەمان،
بە قوماشی ڕەش دادەپۆشرێ.
پێمدەڵێن: لەوێ بەفر ڕەشە، بە بوتێڵێک وێسکی ئەمە بکە
شیعر.
سەرخۆش نیم..
قوماشەکەیە ڕەنگیداوەتەوە
نابێتە شیعر.

لە ناو تەلەڤزیۆن
منداڵە کەئابییەکان..
بە چواردەورەی تەرمی مامانەکەمان
پەشیمان..
بە ناوچەوانی سبەینێی خۆیاندا دەکێشن
بێژەرەکە هاوار دەکات:
گۆڵ.. گۆڵ.

پەتەکەی ملی منیش..
لە ناو بۆنی خواردنی گەرمی ماڵەکان راو
دەنرێ و
لە شێتخانە، ختووکەی بنی پێی شێتەکان
دەدات.
حەبی ڤالیۆم لە دەمیان دەپەڕێ، دەگرین:
خەوتووین.. کەس بە ئاگامان نەهێنێ خەوتووین.

نارین ڕۆستەم سەلام... تەمەن ٢٨ ساڵ. لەدایکبووی هەولێر، دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان (بەشی دەرهێنانی شانۆیی). بەدەر لە ئەدەبییات، نۆ ساڵە وەک ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ کار دەکات. خاوەنی کتێبێکی بچکۆلەی شیعرییە بە ناونیشانی: پاڵەوانە کارتۆنییەکە.

NARIN ROSTAM
نارین رۆستەم

سه شعر

الهه قاسم زاده

زیستن در اتاقک رویا
هوس تن زدن به تن ات
حدس وضعیت تو در اکنون
اتصال یک بدن به تن ات

شکل یک بچه موش بی چنگال
بستِ نُه توی پشت سرمانده
تختخوابی تهی از تو
سر اسب یک پدرخوانده

هوس تن زدن به تن ات
روی جهل ماتِ ماسه و چوب
نوک زدن های بدون غرض
رعشه های بکر یک دارکوب

پیش رفتن به شیوه ای الکن
شکل یک بچه موش بی چنگال
کشف انحنای خطوط یک چانه
در شکوه زنی نئاندرتال
بند ناف بریده ای بودیم
کنده از تن زنی مجروح
مثل یک شناور لرزان
توی امتداد رد نوح

زیستن در اتاقک رویا
پرسوناژ زنی با آل
دست بردن به انجماد تن ات
شکل یک بچه موش بی چنگال

جنون یاد تو در مصرف کدئین
ردیف نقاب های رها روی زمین

یکی دو تا کدئین، سری که بیمارست
سکوت کور چراغ و کسی که بیدارست

به چشم باز دوتامان، دو رد کوچک نور
حریم گنگ کنارت، دو دست از هم دور

مچ بریده ی دستت، هجوم وحشی تیغ
به عکس قدی تو کنار تابلوی جیغ

به جغد پیر نگاهت، میان قرص و جنون
مچ بریده ی دستت، هجوم وحشی خون

جنون و قرص و تباهی، دو دست از هم سیر
تنی بریده از اسمت، تنی در تکفیر

کلاف باز نگاهت، سرنگ پاشیده
صدای خسته گربه، گربه ای که زاییده

دوباره قرص و تباهی، سرنگ و پاشه ی خون
تنی رسیده به آخر، مماس خط جنون

کسی خم توی عکس خود
کسی آغشته از سیگار
مث بغض گمِ جوهر
درون پیله ی خودکار

کسی رنجیده از دستت
کسی که خشم شده در خود
تمام لحظه ها مشکوک
مث شاید، مث لابد

کسی نابود و جان کنده
کسی وابسته ی حرفت
مث پرهیب حرف شین
توی تصویر یک شهوت

کسی ولگرد اسم تو
کسی که خنده خواهد کرد
صدای شاد جغدی گم
میان شب، میان درد
کسی لبریز شکل و جسم
کسی دنبال بوی تو
پُک آخر به این سیگار
همه دودش به سوی تو

ELAHE GHASEM ZADEH
الهه قاسم زاده

شهر خاموش

بهروز محمدی

اثیر

ردپای چشم هایت
بر دیوارها
و هر آنجا که گذشته ای
مرا صدا می زند

نیاز

آسمان سنگ دل است
پدرم بیل و کلنگ از کف خود
بنهادست
و پی لقمه نان
می کند پهن بساطش را گرم
می فروشد به خدا
چند دعا
ولی افسوس که در دوره ما
آسمان سنگ دل است

می آیی

می آیی،
چون باد ،
چون بهار.
و این دشت خزان کرده را،
روح در کالبد می دمی.

بهار پار چون نبودی
خزان گشت
و در این خزان چون می آیی
بر نرده های پله کان ،
نیلوفر روییدست.
و اگر خمار شرم از نگاه برگیری
برگ های رسته را بر تیر چوب سقف
خواهی دید

۱ شهر خاموش

یادش بخیر شهرمان
بگاه زندگی
هنگامی که شط زیبایش
قره سو
آیینه وار
روشن بود
ولی افسوس
تو پنداری بدون آنکه بدانیم
کوچ شهریان شهر را
تا ورید
به سکوت نشسته ایم

۲

و از قره سو
تا تاقبستان
نگین شهر
فضای دلکش بلوار بود
که در آن
دست نوازشگر بید های مجنون
چتر گیسوی یار

۳

وتاقبستان
دیار یار بود و
تجلیگاه رستن
که در هر قدمش می شد
رستن هزار عشق را
تجربه کرد

٤

و هماره قره سو آیینه است
که ای کاش نبود
و درختان عبوس بلوار
آزمایشگاه کودکانی که
با پرتاب هر سنگ
راز بودن خودرا
در پرواز زاغ ها
به جشن می نشینند

۵

در تاقبستان دیگر
گل
نمی روید

BEHROUZ MOHAMMADI
بهروز محمدی

من و خودم

ئەسرین بانەیان

در این بهبهه جنگ
میان من و خودم
که پنهان ها، نهان
سخن ها
حرف ها
و روایات
در لابه لای بوغزها و نگاه ها
همه عیانند
در میانه همه من
و همه تو
جای او خالیست
شاید اگر او بود
من و توئی نبود
شاید اگر اویی بود
من و خودم نبود
در زندان تو
زندانی که سرد است
خشک
در ژرفای نام تو
غرق
با او التماس پدیدار میشود
التماسی بدون امید

او

ئەسرین بانەیان

اینجا
دقیقا همینجا
در این زمان
و مکان
جایی که به خواب رفته
بگذارید در اینجا
آرام در آغوش خاک بدمد
نور را ممنوع
بشکافید دل خاک سرخ را
آرام به خاک دهید او را
بر مزارش نخوانید
او خود
دعا بود

فرشتگان به درون
تنها بگذارید ما را
در درون
در آغوش بگیریم
بوسه ها را
باد می آید
زمستان با دست هایی خاکی
زانوانی در گل
و دستهایی که او را
در آغوش ...!

همگی در چهارچوبی مرتب
بدون نقص
بنام آخرین دیدار
فرشته گان که به درون
و بردن او را
من ماندم و
با دست هایی سرد
آغشته به خاک مزار او

چیرۆک

نەبوونێک کە هەرجارەو سارۆ دەیری دەکاتەوە
یاداشتەکانی چیرۆکنووسێکی خەڵەفاو

نە بوونێک کە هەر جارەو سارۆ دەیری دەکاتــەوە

ژیار جەهانفەرد

❶ دەیری واتە کەسێک کە لە ئاوەدانی سەری خۆی هەڵدەگرێت و روو لە کوێستان و بیابان دەکـــات وەکوو کەسێک کە شێت بوو، بەڵام مانای نێگاتیڤی شێتی نییە.

❷ بێ گیر و گرفت

زۆر لـە مێـژە لـە نـاو قەفەزێکـدا تەنیـام. جاربەجـار سـارۆ وەدەرم دێنـێ و لێـم ورد دەبێتـەوە. هەڵبـەت سـاڵێ دوو سـێ جـار زیاتـر بەسـەرم ناکاتـەوە. لـەم نـەورۆز بـۆ ئـەو نـەورۆز دەمباتـە بـەر هەیوانەکـە و بـە دەسـماڵێک شـاڵ و قەشـاوم دەدات. هـەر جارەو کـە ئەمـە دووبـارە دەکاتـەوە ئـەو ڕۆژەی وە بیـر دێتـەوە کـە بـە چـی نەگبەتـی و هەژارییـەک بـوو بـە خاوەنمـان، بـە دەیـان جـار هـەر لـە نێـو ئـەم داڵانـەدا، زرمـەی داڕمانـی دەبیسـتم و بـاش دەزانـم تەنیـا سـەری خۆیەتـی کـە بووەتـە لەتکەکەورێـک بـۆ زایەڵەیـەی نەبڕاوەی ئـەو دەنگانـە کـە بـەردەوام لەسـەرلا بـە زەویـدا دەدەن. ئەمجـارە دەیەوێـت هەسـتێتەوە و جەسـتەی هـاوەڵ نییـە، دەسـت دەداتـە گـەز و هێزێـک وەخـۆ دەخـات، دەسـتی لـە ژێـری دەتـرازێ و جەسـتەی و نەخشـی موزاییکـەکان تێـک دەئاڵێـن. لـە کاتـی دەنگدەانـەوەی دواییـن تەقـە و داڕمانـە هەمیشـەییەکانی، تەنیـا سـوکنایی دڵـی ئەوەیـە کـە لـەم مانگانـەی دواییـدا زیاتـر پەنـا بـۆ لای مـن بهێنێـت؛ فرمێسـک و فەرقـان و تێڕامانـە بێدەنگەکانـێ لـە منـدا، مەسـخ بوونێکـە کـە لـە نـاو چاوانـی دەبینـم.

- سـاڵانێکی دوورە ئەگـەر قسـەش نـەکات لـە نیگاکانـی تێدەگـەم. ئەویـش وای لێهاتـووە، جاروبـار کـە کـەس بـە دیارمانـەوە نییـە، لەگەڵـم دەکەوێتـە بـاس و خـواس کـردن. هـەر کەسـێکیش گوێمـان لـێ ڕاتەکێنێـت خـۆ لێمـان تێنـاگات، تەنیـا خۆمـان دەزانیـن چـی دەڵێیـن. تـا کەسـێک لـە جێگـەی ئێمـەدا نەبێـت، درۆیـە لێمـان تێبـگات. ئاخـر بڵـێ کام تێگەیشـتن؟ تێگەیشـتنێک-هـەر ئەوەنـدەی پشـتتان لێـم هەڵمالـی- لـە بیـری دەکـەن و بـە دوای ئەوانـەی دەکـەون کـە ئێمەیـان بـەم ڕۆژە گەیانـد.

ڕۆژ نییـە سـارۆ بیـر لـە چارەنووسـی خـۆی نەکاتـەوە، ڕۆژ نییـە سـەری خـۆی بـە پەتـی سـێدارەوە نەبینێـت، ڕۆژ نییـە کـە فیشـەکێک بـە نێوچاوانـی خۆیـەوە نەنێـت، ڕۆژ نییـە نەچێتـە دووکانێـک و جووت-جـووت پێـڵاو نەکڕێـت. ڕۆژ نییـە کـە منـاڵ نەبێتـەوە و لەگـەڵ مناڵانـێ کـۆڵان تۆپـان نـەکات، ڕۆژ نییـە... دوای تێپەڕینـی حـەوت سـاڵ هێشـتا بەلایـەوە ئاسـایی نەبۆتـەوە. کێردێـک تـا دەسـکە چـووە بـە گـەرووی، هەرجـارەو زیاتـر دەسـکەکەی تێدادەچەقێـت، هەناسـەی دەبڕێـت و بـەدەم پەلکوتانـەوە پەلامـاری شـێرەی ئاوەکـە دەدات. یەکێـک لـە بیرەوەریـە خۆشـەکانی پێکەوەمـان، ئـەو ڕۆژە بـوو کـە لـە سـنوور

چووینە ئەو دیو. هەر جارەو دەمهێنێتە دەرەوە و بە دوای لینگەکەم دەگەڕێ. ئێوارە کە لە بەرهەیوانەکە بە دەستیەوە بووم، کەوتە قسەوباس لەگەڵم. ئەو بەشێک لە گیانی و منیش لفانەکە....

• لەڕاستیدا دوایین جار کە سارۆ دەیویست لەو دیو بگەڕێتەوە، زۆر هەوڵم دا پێشی لێ بگرم، بەڵام منی بێگیان چیم پێ دەکرا؟! من باس و دەمەتەقەی هەموو مینەکانم بیست. لەمێژ بوو کە خۆیان بۆ مەڵاس دابوو. زۆرێکیان ڕق لە دڵ بوون و هەندێکیانیش هەر زوو کار و ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردبوو. بەڵام زۆربەیان لە شوێنی خۆیان بوون و بۆ ڕۆژی تەنگانە خۆیان مەڵاس دابوو. دوایین ئێوارە کە سارۆ دەچوو بۆ مەندەلی، دوو چارەکێک لە لای کێڵگەمینەکە هەناسەی تازە کرد. من زۆرێک لە باس و هەڕەشەکانی کێڵگە قەدەغەکراوەکانم بیست.

• خوای گەورە بڕیاری داوە سارۆ لەناو بەرین، بەڵام وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرەچێت. هەندێک لە ئێمە ڕۆیشتن و بە مرادی دڵیان گەیشتن یان بێبەش مانەوە. بەڵام زۆربەمان لە بنی خۆڵدا ماوین و ساڵ بە ساڵ تۆز و خۆڵ زیاتر داماندەپۆشێت. ئەمە تا کەی دەبێ هەر چاوەڕێ بین و ئێوەش هەر دانە دانە بێن؟ ئەرکی ئێمە بە ئێوەوە بەسراوەتەوە، لە کۆتاییدا خۆ هەر دێن، دە بۆ زووتر نایەن با ئێمەش کەم چاوەڕوانی بکەین؟

ئەوی دیکە لەولایەوە بە جواب هات:

پێدەچێت ڕۆژێک لەبن ئەم خۆڵە بخنکێین و قەت بە ئاواتمان نەگەین.

• بو ئاوەها دەڵێی؟ مەگەر هەرکام لە ئێمە کە خۆی تەقاندووەتەوە چی ڕوویداوە یان چی بووە بە بەشمان؟

• ئەم کابرا زۆر جارە بە بێئیزنی ئێمە و خاوەنەکانمان دەچێ بەو دیودا. مەگەر ئامانجی ئێمە پاراستن و پاسەوانی ئەم وڵاتە نییە؟....

لە نێو کێڵگەمیندا ژاوەژاوێکی زۆر بەر گوێم دەکەوت. هەر جار گیاندارێک، بەستە زمانێک بە تەنیشتیان تێپەڕ دەبوو، لە خەوی چەن ساڵە ڕادەچەنین و هورووژمیان دەبرد بۆ قاچ و قولی.

هەموو فکر و خەیاڵەکانی دنیا هاتبوونە ناو زەینی سارۆ: «تا کەی دەبێ بە دزیەوە بڕۆم و کەسێک کە توخمی باوکمە و لە داوێنی دایکمە ببینم؟ چی دنیایەکی بێکەڵک و بێ مانایە؟ تاکەی دەبێ بە ترس و دڵەڕاوکێ لەم سنوورە بپەڕێمەوە؟ خودا بۆ بەدکاری نەسازێت، خۆ پاسپۆرتیشم هەیە بەڵام ناتوانم سەرێک لە ماڵی خوشکەکەم بدەم کە لەو

دیوی ئەم سنوورەیە. خواگیان ئاگای لەم باسە نییە. پێشتر کەی باسی ئەم دیو و ئەو دیومان هەبوو؟ بەڵام ئێستاکە چی؟ من دەبێ بە هەزار ترس و دڵەخورپە و مەترسییەوە ساڵ یان دوو ساڵ جارێک سەردانی کەسوکارم بکەم؟...»

کاتی زەردەپەڕ بوو، سارۆ بە هیوای بینینی ماڵی خوشکەکەی هەستا و بەڕێ کەوت. لووتی منی بە مینێکدا خشاند، گیان لە میندا ڕووایەوە. سارۆ قاچی گەڕانەوە و بەرەو دوا هەنگاوی هەڵگرت. مینێک کە لافاو لەوانی دیکەی جیا کردبووەوە، گیانی تێکەوت. سارۆ نەیهێشت نزیکی کەوێتەوە و بە لۆق هەڵێنانەوە لێی تێپەڕ بوو. من گوێم لە قسەی مینەکە بوو کە دەیگوت:

- ئاخ و داخ ئەم بەختەشم سووتا. سارۆ ئەمجارەش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوویت.

ئێمە هەر دوور دەکەوتین و ورتەورتی مینەکەش هەر کزتر دادەهات.

کە گەیشتینە ئەو بەری سنوور، بوومەلێڵ بوو. سارۆ لەو زوقم و وشکەسەرمایە لە دوور و نزیکی شار مەندەلی هەناسەیەکی تازە کردەوە. سێ چوار کاتژمێرێک لە بەردەم ئەو سەرما داڕچا و ددانی لە سەر ددان نەدەگیرسا. لەرز هەموو گیانی تەنیبوو و لە بەر خۆیەوە دەیگوت: «تۆ بڵێی ئەم جارەش دەرچم و بە دەستی ژەندەرمەکان نەکەوم؟»

ئەو شەوە بە هەر جورێک بوو خۆی گەیاندە ماڵی خوشکەکەی. بە ڕۆژاندا بۆ ئەوەی خەڵک نەیبینن، لە ماڵی خوشک و خوشکەزاکانی نەدەچووە دەرەوە. تەنیا شەوان کە دەیانزانی کەس نییە، بۆ چوونەسەرئاوێک تا ناو حەوشەکە دەچوو. لە تاو ترس و خەیاڵ، دەر و دیواری لێ هاتبووە گۆ، لە نێو ئاودەستەکە سێبەری خۆی ڕایچەناند و قاچی بەسەرلا دا کەوت و ئەوەندەی نەمابوو بەسەرەوە بکەوێتە ناو کاسەی دەساوەکە. کاتێک لە سەر ئاوەکە ڕوونیشتبوو، لە بەر خۆیەوە گوتی: «تۆ بڵێی کەسێک ڕاپۆرتی لەسەر دابم و بە شەودا بێنە ڕاسەرم و لە ناو جێخەوەکەمدا کەلەپچەم بکەن؟.....لە ژێرخانێکدام کە دەرگای دیکەشی نییە بۆ هەڵاتن! ئەگەر هەڵکوتنە سەرم دەبێ تا ماوم لە زیندانەکانی بەغدا و بەسرە یان باشووری عێراق بمێنمەوە، هەڵبەت کام مانەوە؟ لەو زیندانانە دادەڕزێم و لەناو دەچم. ڕاستە کە زیندانەکانیان لە ئەوانەی خۆمان جیاواز نین، بەڵام ئەگەر من لە زیندانی خۆماندا گیر بخۆم لە زمانی پاسەوانەکانیش تێنەگەم خۆ لە زمانی زیندانییەکان تێدەگەم.»

دوای چەن شەوێک لە خووشک و خووشکەزاکانی ماڵاوایی کرد و بەڕێ کەوت. شەو لە سەر سنوور هەڵتەقاین بە بۆسەی ئێرانییەکاندا. ئەو شەوە تا کازیوەی بەیانی، سەرباز و پاسەوانەکانی سنوور لە هاتووچۆدا بوون. لە سەر هەر یاڵ و لە بن هەر دۆڵ و گلاڵێک بە دەیان سەرباز کەمینیان کردبوو. هەر جم و جۆڵێکیان بەرچاو بکەوتبا، جووڵەیان لێ دەبڕی.

ئێمە لە بن کوێرە ئەشکەوتێک بەو کرپیوە و سەرما ئێسک بڕە، خۆمان حەشار دابوو. بەو هیوایە کە تا ڕۆژ لە ئاسۆ هەڵنەهاتووە، ئەو سەربازانەش بگەڕێنەوە و بتوانین سنوور تێپەڕێنین. لەم عانەدا خشەی نزیک بوونەوەی سەربازێک وەبەر گوێمان هات. تا دەهات هەر خشەکە نزیکتر دەکەوتەوە. لە حەوت هەشت هەنگاوی ئێمەوە، چەکەکەی هێنایە سەر میل، سارۆ زەندەقی چوو و ویستی هەستێت و خۆی تەسلیم بکات. لە گەڵ خۆیدا وتی: «نە ئەم کارە ناکەم، تاقەتی زیندانم نییە. دوایی کێ ئەمانە تێبگەیەنێت کە لەبەر چی چوومەتە ئەو دیو سنوور.... قەت بەرۆکم بەرنادەن.» بە دەم خەیاڵ و دڵەخورپەی سارۆ، سەرباز دەسڕێژێکی کرد بەو ناوەدا. سارۆ چاوی داقوچاند و دەستی خستە سەر دەمی. نەڕەی بەرازێک لە لاخوارەوەمان بەرز بوویەوە. عێراقییەکانیش کە لە چرچەی کەو بە ئاگا دەهاتن لە سەنگەرەکانیان وەدەرکەوتن و هاتن بەرەو لای دەنگی تەقەکەوە. سەربازە ئێرانییەکە دەسبەجێ کشایەوە و لە سنوور دوور کەوتەوە. عێراقییەکان بە شەوقاوێژەکانیان هەموو ئەو ناوەیان کرد بە ڕۆژی ڕووناک. سارۆ دیسانەوە دەستی بە وڕێنە کرد: «تەواو، ئیدی لە دەستی ئەمانە دەرناچم...» سەربازە عێراقییەکان چوونە سەر لاشەی بێگیانی بەراز و فەرماندەکەیان بە بینینی بەرازی چارەڕەش، بە لالووتەوە بزەیەکی کرد.

خۆر هەڵات و سەربازەکان هەر لە جێگای خۆیان بوون. سارۆ جارێکی تر لە ڕێگاکەی ڕوانی و دڵنیا بوو کە بە هەڵە نەهاتووە. بەڵام دیار بوو کە شتێک قەوماوە، کە ئاوەها بەردەوام پاسەوانی دەدەن. سارۆ باش دەیزانی بەم ڕۆژی ڕووناکە هیچی پێ ناکرێت، شانی لێ دادایەوە و خەوت. قەوانی فیشەکێک کەوتبووە بەردەم ئەشکەوتەکە. منیش لەگەڵیدا وە دەمەتەقێ کەوتم:

- چی ڕوویداوە کە ئەم هەموو سەرباز و ئەفسەرە بەم ناوەدا دەسووڕێنەوە؟

قەوان:- ئێمەش لە ئێوە بێ ئاگاترین. زۆر دەمێکە لە عەزرەتی لە دڵم کە لە جەستەی کەسێکی وەک سارۆ بگیرسێمەوە، یان هەڵیدڕم و لەولایەوە دەرچم. بەڵام سەرم لە لەشی بەرازێک گیری خوارد و هیچم بە نسیب نەبوو!...

من هەرچەن لەگەڵیدا مشتومڕم دەکرد، ئەو هەر باسێ خۆی دەکرد. سارۆ تا نیوەڕۆ لە بنی ئەشکەوت وەک جەنازەیەکی ڕەق هەڵاتوو، ڕاکشابوو. دوانیوەڕۆ کە بە ئاگا هاتەوە، سەرما و لەرز هەموو گیانی ڕەق داگرتبوو، بە هەزار حاڵ بەری پژمینی خۆی گرت تا دەنگی نەبیستن. میز تەنگی لە هەڵچنیبوو و تەنانەت نەدەوێرا بچێت بۆ دەساوێک. شەو داهات. سەربازەکان هەر لەو شوێنانەدا بوون و تەنیا هەر چەن ساتێک چڕوچاوەکان دەگۆڕدران.

سارۆ سەبری نەهات و ددانی نا بە جەرگی خۆی و ئێمەش بە فەرمانی ئەو داچەڵەکاین. سنوورمان بڕی. مەیدانی مینێک کە لە ژوورتری سنوورەوە بوو بە جێمان هێشت. لە ناکاو چرای پاسەوانە ئیرانییەکان کەوتە سەرمان. سارۆ بە خشکە خشک هەستایە سەر پێ و گەڕایەوە بەرەو لای سنوور. لە ناو کارێزەکە بەبێ ئەوەی لا بکەینەوە بەرەو سنوور هەڵدەهاتین. سەربازەکان کردیان بە تەقە و دەسڕێژ، سارۆ لە ترسی گیانی دوو قاچی دیکەشی قەرز کرتبوو و بازی دەدا بەسەر ئاسندڕکەکانی بەردەمی. دەیزانی کە کەمتر لە سەد مەتری ماوە کە دیسان بە ئەشکەوتەکە بگاتەوە. کە دانووشتایەوە کتوپڕ دووجارە بە ئاسماندا تووڕ هەڵدرا. تەقە و هەڵدێرانمان پێکەوە بوو. لاقی چەپی سارۆ لە ئاسماندا دەسووڕایەوە و من و لەشی گەرم و بێگیانی سارۆش لە نزیکی مینێکی تر داکەوتبووین.

مونیخ، ئاپریل ٢٠١٨

ZHYAR JAHANFARD
ژیار جەهانفەرد

یاداشتەکانی
چیرۆکنووسێکی خەڵەفاو

دابان عەتار

١ هەستێکی ناخۆشم هەبوو، بەڵام پێکەنیم

هاوژینەکەم ناردمیە دوکان، تا سەوزە و میوە بکڕم. ئەمجارەیان بڕیارم دابوو شەڕ لەگەڵ یادگەم بکەم، چەندینجار ناوی ئەو شتانەم دووبارە کردەوە، کە پێمی گوتبوو.

شتەکانم کڕی.

لەبەردەرگایماڵەوە بیرمکەوتەوە، کە شتێکم لە بیرچووە، بزەیەک نیشتە سەر لێوانم، بەپەلە ماشێنەکەم سووڕاندەوە، گەڕامەوە، ئەو شتەشم کڕی، لە ناخەوە بەو فێڵەی خۆم دەنازیم.

سڵاوم کرد و عەلاگەکانم دانان.

بە فیزێکەوە لە گۆشەیەک لەسەر چەرپایەک دانیشتم.

بە تیلەچاو دیمەنی پشکینینی زەرفەکانم لەلایەن هاوژینەکەمەوە دەپشکنی. هیوا خوازبووم وشەی (دیسان) نەبیستم، پێم وابوو، ئەمجارە بەو فێڵەم توانیومە خۆم لە کوتەکی بۆڵەبۆڵی بپارێزم، بەڵام (دیسان) گوێمی کون کرد و لەمێشکمدا دەنگیدایەوە:

«دیسان بەتەواوی نەتهێناون!»

هاوارم لێ هەڵسا:

«جوان بیانپشکنە، هیچم بیرنەچووە!»

کەوتمە بەر لێشاوی نیگا پڕ لە بێزارییەکەی، پێکەنینێکی پڕ لە سووکایەتم ژنەوت:

«ئەدی نەمگوت ئەمڕۆ بەنیازم دۆڵمە ئامادە بکەم؟»

«ئۆووو! سڵق و شبیت!»

دوای ئەوەی ئەو ناوانەم هێنا، ئارەقەیەکی ساردم لە تەوێڵم سڕی...

٢ هەستێکی ناخۆشم هەبوو، بەڵام پێکەنیم

زۆر مشەوەش بووبووم، دەستەکانم لە گیرفانەکانم ڕادەکرد و دەرمدەهێنانەوە، بەڵام نەمدۆزییەوە، بەپەلە گەڕامەوە ژوورەوە. ئەو ماڵەم سەنگ و سووژن دا بەڵام نەمدۆزینەوە، ناچار هاوژینەکەم لەخەو هەڵساند:

«ئەرێ گیانەکەم تۆ کلیلەکانت نەبینیون؟»

«چی بووە؟»

«کلیلی ماشێنەکەم نادۆزمەوە!»

هەردووکمان گەڕاین، ماندووبووین و نەمان دۆزییەوە...

تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کرد کە کاری وایەرمەنی ماشێن بوو»ئەرێ کاکە کلیلی ماشێنەکەم بزربووە و کلیلی یەدەگیشم نییە، چی بک...»

گوێم لە دەنگی هۆڕن بوو، گەشامەوە، بەپەلە ڕامکردە دەرەوە، هاوژینەکەم لە نێو ماشێنەکە دانیشتبوو پێدەکەنی.

هەستم بە شەرمەزاری کرد، پێکەنیم.

کلیلەکەی بەرانبەر جامی ماشێنەکە ڕاگرت، خۆم گەیاندێ و کلیلەکەم لێوەرگرت. ئەو هاتە دەرەوە، منیش خۆم لە ماشێنەکە هاویشت. هیوای ئەوەم خواست ئەو کلیلەکەی لە شوێنێک دۆزیبێتەوە و پێش من خۆی هاویشتبێتە نێو ماشێنەکەوە، بەڵام کاتێک سویچەکەم لە پلاکەکەدا جووڵاند ئەو هیوایەم بەهەواداچوو!

ماشێنەکە نووزەی لێوەنەهات. بیرم هاتەوە دوێنێ شەو لەبیرمچووبوو ماشێنەکە بکوژێنمەوە و لێی هاتبوومە دەرەوە...
نەموێرا سەرهەڵبڕم، هەوڵم دا خۆم لە نیگا تەوساویەکانی هاوژینەکەم بدزمەوە. ئارەقەیەکی ساردم لە تەوێڵم سڕی...



٣ هەستێکی ناخۆشم هەبوو، بەڵام پێکەنیم

دەستەکانم لە گیرفانەکانم نابوون، بە لۆژەلۆژ بەرەوماڵ دەبوومەوە. جارجار لەبەرخۆمەوە بڵمەبڵمێکم دەکرد، تومەز لە خەیاڵی خۆمدا ئەو کاراکتەرەی قەراربوو لە چیرۆکێکمدا دەرکەوێت، لە تەنیشتمەوە ڕێی دەکرد و وتووێژمان دەکرد. لە سەری کۆڵان پێچی کردەوە و وەستا، ئەبڵەق سەرنجی لە بەردەرگای ماڵێ دەدا، منیش وەستام و نیگام فڕی!
«ئەوە چییە؟ کوا ماشێنەکەم؟!»

قاقای ئەو نەیهێشت ترسەکەم درێژە بکێشێت، ترسەکەم گۆڕا بە شەرمەزاری!
بیرمهاتەوە، کاتێک چوومە ئەوێ ماشێنم پێ بوو!
بە هەڵەداوان خۆم گەیاندەوە ئەوێ، وەستا سالار لە دوورەوە بە پێکەنینەوە بەرەوڕووم هات»ئەوە بە سەیارە هاتی و بە پێیان چوویەوە!»

قاقایەکی ناچاریم لێدا «لەبەر دەرگە بیرمهاتەوە کە سەیارەم پێ بووە!»
«هەر گێشی مەدێ کاکە، ئەوشتانە هەر دەبی!»
پێکەنینەکەی شتێکی دی دەگوت
ئارەقەیەکی ساردم لە تەوێڵم سڕی

٤ هەستێکی ناخۆشم هەبوو

بە دوامەوەبوو، پشووسواربووم، ڕامدەکرد، جارجار ئاوڕم دەدایەوە...
- خۆ لە کۆڵم نابێتەوە !

ئاگر لە چاوی دەباری، بەرانبەرم وەستا، یەخەی گرتم، گوێی بەوە نەدا، دەوروبەرمان زۆر قەرەباڵغ بوو، تا هێزی تێدابوو کەللەیەکی لەسەرم دا. هاوارم کرد، لێی پاڕامەوە، ئەو وازی نەدەهێنا، قەرەباڵغی لە دەورەم کۆ بوونەوە، هانام بۆیان برد، یەک یەک لێیان دەپاڕامەوە، پەنام بدەن، بەڵام ئەوان بە سەرسووڕمانەوە لێمیان دەڕوانی.

گوێم لە چرپەچرپ بوو
«دیارە شانۆکە دەستی پێ کرد!»
«ئەوەیە کاراکتەر! ڕووی هەموومانی بەرەو خۆی وەرگێڕا!»
«ئەرێ کاکە ئەوە بۆ ئاوا هاوار دەکات و دەگری؟»
«ئەمڕۆ قەرارە شانۆگەری سەر شەقام لێرە بەڕێوە بچێت، هەرچەندە بەپێی ڕەچەتەی ڕێکلامەکە هێشتا چارەگێکی ماوە!»
من هاوارم دەکرد و ئەوان چەپڵەیان لێ دەدا، خۆم ئاخنییە

نێوان خەڵکەکە، ئەویش هەر بەدوامەوەبوو!
کەلێنێک لە نێوان خەڵکەکە دروست بوو، بەرە بەرە فراوان دەبوو...
گوێم لێ بوو، یەکێک هاواری دەکرد:
«ئەوە چییە؟ ئەو کابرایە کێیە؟»
«کاکە زوو فریای کەون، ئەوها بڕوا شانۆکە لە ئێمە تێکدەدا!»

دووکەس قۆڵیان گرتم و دڕیان بە خەڵکەکە دا، کاتێک منیان پەلکێش دەکرد، ئاوڕم دایەوە، کابرام بینی لە نێو خەڵکەکە تەماشای دەکردم، ئاگر لە چاوی دەباری!
«کاکە بۆ وادەکەی؟»
«کێ تۆی ناردووە شانۆکەمان لێ تێک بدەی؟»
«کاکە بەخوای کەس نەیناردوومە، ئەوێ ڕۆژێ چیرۆکێکم نووسی، دەبوو ژنی کاراکتەری سەرەکی بە نەخۆشی شێرپەنجە بمرێت، هەر ئەوکاتەی گەڵاڵەی چیرۆکەکەم لە خەیاڵدانمدا داڕشت، زۆر خەمم لەو ژنە خوارد، بۆی گریام، بەڵام چەندی هەوڵمدا نەمتوانی دەستکاری چارەنووسی بکەم...

ئێستا کە لەوێ بووم، پیاوی ئەو ژنە بوو، دوام کەوت، لەنێو ئەو قەرەباڵغییە یەخەی گرتم و کەللـەیەکی لە نێو چەوانم دا و کەوتە وێزەم، دەیگوت هەر دەتکووژم، هاوارمکرد و وازی نەهێنا، هانام بۆ خەڵک برد و چەپڵەیان بۆ لێدام، چەقۆی لە گیرفانی دەرهێنا و هاواری کرد «بۆ وات لە (زەمەن)ی من کرد؟ هەر دەتکووژم بۆ کوێ دەچی؟»

ئەوەی بەرانبەرم دانیشتبوو شەپقەیەکی ڕەشی لەسەر بوو، پرچی درێژی لە دواوە وەک کلکی ئەسپ بوو، ڕیشی درێژ و قژ، تیشێرتێکی فشی لەبەردابوو. چەندی هەوڵی دەدا خۆی جددیتر نیشان بدا، نەیدەتوانی پێکەنینەکەی بشارێتەوە!

لێیان دوورکەوتمەوە و بەڕاکردن بەرەو ماڵ بوومەوە. هەستم دەکرد کابرا هەر بە دوامەوەیە...
دەرگەم دەکوتی و هاوارم دەکرد «بیکەوە! بیکەوە!»
هاوژینەکەم دەرگەی کردەوە، خۆم لە ژووری کوتی و دەرگەم داخست. ژنەکە قیژاندی! باوەشم پیدا کرد. ئەو زیاتر دەنگی هەڵبڕی. پیاوێک لە دەرگەی ژوورەوە بەڕاکردن هاتە درەوە و ئەمبازم بوو، کەوتە سەر سەروگوێلاکم. زەبری مستەکۆڵەکانی زۆر بەئازاربوون، بەڵام منیش لەبەر سەرسووڕمانم نەمدەتوانی بەرگری لە خۆم بکەم، بەسەر هاوژینەکەمدا هاوارم کرد»
ژنەکە ئەو پیاوە لە ماڵی ئێمە چی دەکا؟ ئەو پیاوە کێیە؟

«پیاوەکە مستێکی دیکەی سرەواندە لووتم، قرچەی هات و خوێن فیچقەی کرد، وەک شێرێکی بریندار نەڕاندی» من چی دەکەم لێرە یان تۆ؟ چۆن زمانت دێت بە ژنی خەڵکی بڵێی ژنەکە، هەی ...

وامدەزانی خەڵکی گەڕەک هەموویان ڕژاونەتە حەوشەی ئەوماڵەوە...
خەڵکەکە منیان لە ژێر دەست و پێی ئەو کابرایە دەرهێنا.
دایاننیشاندم، پرسیاریان لێ کردم.
وەڵامم دانەوە «من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، هاتوومەتەوە ماڵی خۆم، بەڵام کاتێک هاتمەوە ئەو پیاوە لە ژوورەوە پەلاماری دام و ئاوای لێکردم کە دەیبینن.»
خەڵکەکە دڵنیایان کردمەوە کە ئەو ماڵە ماڵی من نییە و هی ئەو کابرایەیە، بەڵام من باوەڕم نەدەکرد.
پرسیاریان لێکردم «ژنەکەت ناوی چییە؟»
وەڵامم دانەوە:
«زەمەن؟ بەڵێ ناوی زەمەنە!»
یەکێک لە پیاوە گەنجەکان هەڵیدایێ «پێناچێ ئەو پیاوە شتەکانی بەباشی بیرمابێت، ئەوەتا حەلقەی لە پەنجەیە لێی داکەنن و بزانن ناوی ژنەکەی لە دیوی ناوەوەی نەنووسراوە.»
لەدەستمیان کردەوە، بە سەرسووڕمانەوە ناوێکیان خوێندەوە، جیاوازبوو لەو ناوەی من پێم گوتبوون! چەندی بیرم لە ناوەکە دەکردەوە، بیرم نەدەهاتەوە، ئەو ناوە بناسم!
هەستم بەشەرمەزاری کرد!
دوو پۆلیس هاتن و قۆڵیان گرتم، منیان گواستەوە بۆ بنکەی پۆلیس.
ئەفسەرەکە لێی پرسیم «ناوت چییە؟»
قەیرێک بیرم کردەوە:
«ناباد، ئا ناوم نابادە!»
ئەفسەرەکە بە سەرسووڕمانەوە سەری هەڵبڕی و لە سەربازە وەستاوەکەی دەستەچەپی ڕوانی، گوتی «ناباد! ناباد واتای چی؟»
بە سەر ئاماژەی بۆ سەربازەکە کرد، ئەویش ڕەگەزنامەکەی منی دایە دەستی.
پرسی «ژنەکەت ناوی چییە؟»
وەڵامیم دایەوە «زەم، زەم، زەمەن، بەڵێ ناوی زەمەنە.»
بەسەرمدا هاواری کرد» درۆ مەکە! ئەوەتا لە نفووسەکەتدا ناوێکی دی نووسراوە، ناوەکەی خوێندەوە، چەندی بیرم لێ کردەوە، ناوەکە ئاشنا نەبوو بۆم، فرمێسک زایە چاوانمەوە

منیان برد بۆ ژوورێک ژنێکی چاو سەوزی لێبوو، وامدەزانی ئەو ژنەم لە شوێنێک بینیوە، بەڵام بیرم نەدەهاتەوە لە کوێ بینیومە، باوەشی لێدام و گریا...
بە دەستەکانم لە خۆمم دوورخستەوە. ناوێکی هێنا کە بۆم ئاشنا نەبوو، گوتی «دابان، نامناسیتەوە؟!»
پرسیم «دابان کێیە؟!»
«من (.....)ی هاوژینتم!»
ناوەکەی ئاشنا نەبوو، بیرم نەدەهاتەوە هەرگیز ئەو ناوەم ناسیبێت، پرسیم « (.....)ە کێیە؟»
لە پڕمەی گریانی دا و ژوورەکەی جێهێشت!

پۆلیسێک هاتە ژوورەوە، گوتی« ئەوە ژنەکەت بوو؟ ناسیتەوە؟»
گوتم «نا» فرمێسک لە چاوانم زا
(گریام)

DABAN ATAR
دابان عەتار

وەرگێڕان

- سۆناتی تریفەی مانگ
- سلفی
- فرزندان نور
- بەختەوەری جیهان دەپێویت
- مردن بێفایدەیە
- بەرەو تۆ
- بەیانییە شیعر
- شعر صبحگاهی
- شعر شبانه
- حەلەزوون
- ڕووناکی
- درخشانده سیاه
- لگد زدن
- دارەکان
- سیسارک

یاسپێر لووتزهافت
نووسەر و مووزیسیەنی دانمارکی

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەلەبی.سعدیە مەنگاڵ



یاسپێر لووتزهاڤت

یاسپر لووتزهاڤت، نووسەر و مووزیسیەنی دانمارکی، ناوبراو نیشتەجێی کۆپنهاونە و هونەرستانی مۆسیقای سەڵتەنەتی دانمارکی وەکوو سۆلیست تەواو کردووە و لە ساڵی ٢٠١٢ وەکوو نووسەر و هونەرمەندی موزیسیەن هاوکاری «گۆرانییەکانی ئۆپێڕای ئانجلۆ» بووە وێڕای لارس کیت کە موزیسیەنێکی ناسراوی دانمارکە، لە ساڵی ٢٠١٣دا کتێبێکی شیعری وێڕای وێنەگەلێکی تایبەت چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا چوار کتێبی تری چاپ و بڵاو بۆتەوە، جێی ئاماژەیە کە ناوبراو لە لایەن خەزێنەی هونەری دانمارک و کانوونی نووسەرانی ئەو وڵاتەوە پشتگیری ماڵی کراوە.

یاسپر لوتزهافت

یاسپر لوتزهافت، نویسنده و موزیسین دانمارکی، متولد ١٩٥٧ ساکن کپنهاگ. یاسپا آموزش دیده از هنرستان موسیقی سلطنتی دانمارک به عنوان سولیست است. در سال ٢٠١٢ به عنوان نویسنده و هنرمند با «ترانه های اپرای آنجلو» با موسیقی لارس کیت کار کرده است. در سال ٢٠١٣ کتاب « تا کمی دیگر را « همراه تصاویری با متن منتشر کرده است.از آن زمان چهار کتاب دیگر از این نویسنده و موزیسین دانمارکی منتشر شده است. او همچنین موفق به دریافت کمک های مالی از صندوق دولتی هنر و انجمن نویسندگان دانمارک شده است.

پیانیستێکە و هەرگیز ناژەنێ
بە هەرتک دەستی
لە یەک کاتا
یا
ڕەنگە وا بکا
یا
هەڵەت کە وا دەکا
بەڵام ئەتوانێت لە پارچەمۆسیقایەک
جگە لە ئەوەی تر
کە لە رادێودا
لەم شەوە شینە ڕووناکەدا
لە کاتێکا، هەمان کات کە تەواو دەبێت
خۆشەویستی من رووناکی هەڵدەمژێت و
پرشنگی مانگم نیشان دەدا
ئەو ڕووەی تری ڕوخاری
کە تا ئێستا بەرچاوم نەکەوتبوو.
من چیم بە مانگ کرد؟
کە ئەو رۆژ و شەو واق و وڕ
ڕاماوە لە من
ئاڵۆزم دەکا
بە چاوە کراوەکانی
کە وەک شۆخە ژنێک
بەختەوەری تاو داتە ناخمەوە
ئەگەر ئەو چاو لە من هەڵگرێت
بۆ ساتەوەختێک.

PIANISTEN SPILLER ALDRIG
MED DE TO HÆNDER SAMTIDIGT -
ELLER
MÅSKE GØR HAN DA DET
ELLER
JO DET GØR HAN DA
MEN DET MÅ VÆRE I ANDRE STYKKER END DETTE
SOM RADIOEN SENDER I DENNE HVIDBLÅ KLARE NAT
SOM SLUTTER I SAMME ØJEBLIK
MIN ELSKEDE PUSTER LYSET UD
OG MÅNELYSET VISER MIG
DEN SIDE AF HENDES ANSIGT
JEG ELLERS ALDRIG FÅR AT SE.
HVAD HAR JEG GJORT MÅNEN
AT DEN STIRRER PÅ MIG NAT OG DAG?
FORVIRRER MIG
MED SIN USTADIGHED
SOM EN KVINDE,
DER KUNNE GØRE MIG SÅ LYKKELIG
HVIS HUN BARE SÅ VÆK
ET ØJEBLIK.

این طرف
اینجا
که من هستم
در طبیعت
همه چیز یگانه
از هر کدام یکی
یکی پروانه
و یکی لک لک
یکی توت سیاه
نچیده شده
یکی من
و یکی عقاب
که شکسته دلی را فریاد
و شهامت در من
فریاد می‌زند تنهایی را
با هوای تازه پر می کنم
ریه‌هایم را
چشم‌ها را می بندم
دهان را باز می کنم
جهان ناگهان در سکوتی یگانه

LIGE HER HVOR JEG ER
UDE I NATUREN
ER DER KUN ÉN AF HVER:
ÉN SOMMERFUGL
ÉN HEJRE
ÉN AFPLUKKET BROMBÆRBUSK
ÉN MIG
OG ÉN MUSVÅGE,
DER KALDER SÅ FORTVIVLENDE
AT OGSÅ JEG VOVER AT SKRIGE MIN ENSOMHED UD.
JEG FYLDER LUNGERNE MED DEN FRISKE LUFT
LUKKER ØJNENE
ÅBNER MUNDEN
VERDEN ER PLUDSELIG SÅ STILLE.

DET ER DENNE NAT
HVOR ALTING ER
SÅ UFATTELIGT AT JEG ENDELIG
FATTER AT INTET BETYDER NOGET
AT MAN IKKE SKAL FRYGTE
FOR SIN UFORSTAND
DET ER FORSTANDEN
DER ER FARLIGST SÅDAN
EN NAT SOM DENNE
HVOR DET ER AUGUST I OKTOBER
OG MAN BILDER SIG DE SAMME TING IND
SOM MAN ALTID HAR GJORT, FOR EKSEMPEL
AT MØRKET IKKE ER ANDERLEDES END LYSET
AT DER ER NOGET DER VARER EVIGT
AT MAN IKKE OPDAGER DET NÅR MAN SKAL DØ
AT MAN IKKE ER ALENE OM AT VÆRE ALENE
AT ENHVER KAN SE AT MAN ER USYNLIG
AT MAN IKKE HAR NOGLE ILLUSIONER.
AT MAN IKKE ER BANGE FOR SANDHEDEN
MEN BANGE FOR AT DER KUN ER ÉN
LIDT SENERE KIGGER JEG OP PÅ ANDROMEDA,
ER LIGE VED AT VINKE MEN NØJES MED ET NIK MED HOVEDET
PÅ ANDROMEDA VIL MAN FØRST SE DET OM 2½ MILLION ÅR.
HVIS DET GÅR SOM DET PLEJER
ER DER INGEN DER KIGGER I DET ØJEBLIK MIN HILSEN SUSER FORBI
LYSETS HASTIGHED, MIN HILSEN,
ET STED DERUDE ER JEG BARN ENDNU

این همان شب است
جایی که همه چیز
آنقدر غیرقابل درک
که سرانجام
درک کنید
هیچ چیز مهم نیست
نباید از آن ترسید
به خاطر حماقتش
این احساس
که این گونه خطرناک
شبی مثل امشب
جایی که آگوست در اکتبر لانه کرده
آدم خودش را تصور می‌کند
در یک چیز
بدانسان که همیشه انجام داده
برای مثال
که تاریکی فرقی با نور ندارد
و چیزی موجود است
برای همیشه بیکران
شما متوجه آن نیستید
آن دم که مرگ
در تنها بودن
تنها نیستید
که هر کسی بتواند ببیند
شما نامرئی هستید
کسی توهمی نداشته باشد
کسی از حقیقت نمی ترسد
اما می ترسید که
فقط یکی وجود داشته باشد
کمی بعد به آندرومدا نگاه میکنم
نزدیک بود سلامی را
اما فقط سرش را تکان
آدم در آندرومدا دو میلیون
نیم سال پیش را خواهد دید.
اگر طبق معمول پیش رود
هیچ کس به آن لحظه نگاه نمی‌کند
که سلام من
با سرعتی زیاد عبور می‌کرد، سرعت نور
سلام من
جایی
در آن دوردست‌ها
من هنوز بچه هستم

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەمالی‌فەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەلەبی

NIELS HAV

نێــلس هاو
شاعیر و نووسەری دانماڕکی

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیە مەنگاڵ

نێلس هاو

یاسپر لووتزهاڤت، نووسەر و مووزیسیەنی دانماڕکی، ناوبراو نیشتەجێی کۆپنهاونە و هونەرستانی مۆسیقای سەڵتەنەتی دانماڕکی وەکوو سۆلیست تەواو کردووە و لە ساڵی ٢٠١٢ وەکوو نووسەر و هونەرمەندی موزیسیەن هاوکاری «گۆرانییەکانی ئۆپێرای ئانجلۆ» بووە وێڕای لارس کیت کە موزیسیەنێکی ناسراوی دانماڕکە، لە ساڵی ٢٠١٣دا کتێبێکی شیعری وێڕای وێنەگەلێکی تایبەت چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا چوار کتێبی تری چاپ و بڵاو بۆتەوە، جێی ئاماژەیە کە ناوبراو لە لایەن خەزێنەی هونەری دانماڕک و کانوونی نووسەرانی ئەو وڵاتەوە پشتگیری ماڵی کراوە.

نیلس هاو

یاسپر لوتزهافت، نویسنده و موزیسین دانمارکی، متولد ۱۹۵۷ ساکن کپنهاگ. یاسپا آموزش دیده از هنرستان موسیقی سلطنتی دانمارک به عنوان سولیست است. در سال ۲۰۱۲ به عنوان نویسنده و هنرمند با «ترانه های اپرای آنجلو» با موسیقی لارس کیت کار کرده است. در سال ۲۰۱۳ کتاب « تا کمی دیگر را « همراه تصاویری با متن منتشر کرده است.از آن زمان چهار کتاب دیگر از این نویسنده و موزیسین دانمارکی منتشر شده است. او همچنین موفق به دریافت کمک های مالی از صندوق دولتی هنر و انجمن نویسندگان دانمارک شده است.

Møblerne falder fra hinanden,
tøjet trevler, og skoene halter - det er april.
En liflig aften går vi tur langs søerne
og studerer kastanjetræernes knopper,
mens vi skiftevis taler om planer for sommeren
og om vinterens døde. Hvor tog de hen?
Børnene hjuler hujende forbi på nye cykler,
glæderne galopperer om kap.
Sorgen kommer humpende
som en invalid.
Mens det mørkner, hilser vi stumt på de døde,
der står i skyggerne under kastanjetræerne
og langs facaderne, hvor mørket umærkeligt
kryber op fra kældrene.
De visne blade fra sidste år er blæst sammen
under buskene, på vej ned i jorden.
Fortroligt tager vi hinanden i hånden - en lykke
gennemstrømmer universet.

مۆبلەکان لە یک دەترازێن
جلەکان دڕاون
پێڵاوەکان درەنگ دەگەنێ- مانگی ئاپریلە
لە ئێوارەیەکی هەست بزوێنا
بە تەنیشت چۆمانەوە پێیاسە دەکەین
ڕادەمێنین لە نەونەمامەکانی داربەڕوو
ئەو کاتەی بیر و ڕا دەگۆڕینەوە
سەبارەت بە هاوین و مردووەکانی زستان
کە بۆ کوێ چوون ئەوان
مناڵەکان دڵخۆشانە تێدەپەڕن
بە سوار پاسکیلە نوێیەکانیانەوە
شادی چوارناڵە بۆ سەرکەوتن
خەم و خەفەت ماتە
بە وێنەی میوانێکی درەنگوەخت
لە کاتێکی تاریک
ئێمە بە بێدەنگی سڵاو لە مردووەکان دەکەین
ڕاوەستاون سێبەرەکان
بە ژێر داربەڕووەکانەوە
بە مەودای دیواران
سێبەر بە بێ سەرسوڕمانێ
بەرەو خوار دەخزێ
بۆ بن زەوی
گەڵا سیسەکان
پار پێکەوە دەشنان
بە ژێر گژوگیا، بۆ ناو دڵی زەوی
دڵنیا بە
دەستی یەک دەگرین و
بەختەوەری جیهان دەپێوێت!

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵیفەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەلەبی

Folk dør, hvor det falder dem ind;

i trafikken, på et fortov, under en krig.

Spontane dødsfald forekommer døgnet rundt.

De fleste foretrækker fornuftigvis

at dø i fritiden, således

undgår man at blive trukket i løn.

Den der tillader sig at dø mister straks

retten til kørepenge, overtidsbetaling

og rejsediæter - nu hvor der virkelig

er brug for det. Det er dyrt at leve,

men at dø er i reglen også

en dårlig forretning

خەڵکی دەمرن لەو جێ کە دەردەکەون
لە تڕافیکا، شوستەکان، لە کاتی شەڕ
بەردەوام مردن لە هاتوچۆ دایە

زۆرینە وا دەخوازن
کە ژیرانە بمرن
لە کاتی رابواردنا
وەها کە خۆ ببوێرن و پووڵ و پارەیان لە کیس نەچێ

ئەوەی لە ناکاوا
لێدەگەڕێ بمرێت
لە کیسی دەچێ
بڕە پارەی ئیجازەی شۆفیر
بڕە پارەی زێدەکاری
ئەوە ڕاستییەکە

وەهایە کە ژیان نرخی بەرزە
بەڵام مرد یاسایەکە
لە ناو مامەڵەیەکی خراپ.

SELVFØLGELIG SKAL VI DA DØ;

DET ER DET ENESTE VI ALDRIG SNAKKER OM.

DET ENESTE VI ALTID SNAKKER UDEN OM.

JO, VI HUSKER HESTENE, OG GLÆDEN I EN PLØJEMARK,

DENGANG GUD GIK I SHORTS.

NU ER ALT DET INDRAMMET AF BILRUDER.

VI STANDSER I UDKANTEN OG STÅR LIDT PÅ RASTEPLADSEN

OG LYTTER IND I BUSKADSET, SOM KUN ER EN SMAL BRÆMME

AF MISTRØSTIGE TRÆER; EN LILLE GHETTO OMRINGET AF OSEN

FRA MOTORVEJEN OG GIFTSKYERNE FRA DET DYRKEDE LAND.

JO, DER INDE ET STED SYNGER GULSPURVEN ENDNU,

SELV OM INGEN HØRER EFTER MERE.

I SKOVBUNDEN FLYDER SORTE PLASTICSÆKKE MED DØDE TING

MELLEM ANEMONER OG HVAD FANDEN.

DET KAN GODT SKE GUD ER I FORÅRSHUMØR, SELV OM VI

ER HER FOR AT TAGE AFSKED MED ALNATUREN

PÅ VEJ TIL HOSPITALET FOR AT BLIVE SPRÆTTET OP

TIL ÆRE FOR ENGLENE,

MENS ALT HVAD VI NOGEN SINDE HAR ELSKET OG EJET

DANNER KOMPOST.

البته ما باید در آخر بمیریم
این تنها چیزی است که ما هرگز از آن دم
نمی‌زنیم
البته که ما به خاطر می آوریم
اسبها را و زمین های شخم زده
آن زمان که خدا با شلوارک می‌رفت
اکنون تمام آنچه توسط پنجره‌های ماشین قاب
شده
ما در کناره استراحتگاه ایست کوتاهی می‌کنیم
و گوش را به بوته‌زارها
که تنها خطی باریک
از درختان افسرده
یک «گتوی» کوچک توسط گاوها احاطه شده
از بزرگراه و ابرهای سمی از زمین زراعی
البته در جایی
که گنجشک زرد هنوز آواز می خواند
اگرچه هیچکس دیگر گوش فرا نمی‌دهد
در کف جنگل
که شناور است
کیسه های پلاستیکی سیاه
با بوی مرگ
بین شقایق‌ها و چیزهای جهنمی
ممکن است که خدا هنوز در حس و حال
بهار باشد
اگر چه ما
اینجا برای خداحافظی از طبیعت
در راه بیمارستان به احترام فرشتگان
منفجر می‌شویم
در حالی که همه آن چیزها را که دوست داشتیم
و بدان وابسته
اکنون زباله‌ای بیش نیست.

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەمالی‌فەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگال

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەلەبی

لــيندا كارين خاهول يۆنسن ژنه شاعيريكى دانماڕكـــــى

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیه مەنگاڵ

لیندا کارێن خاهۆل یۆنسن

ژنـە شـاعیری دانماڕکـی، ناوبـراو لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٨٤ی زایینـی، لـە وڵاتـی دانماڕکـە. لینـدا مامۆسـتای قوتابخانەیـە و لـە سـاڵی ٢٠٢٠ یەکـەم کۆ شیعری خـۆی بـە نـاوی «خڕکەبـەرد» بڵاو کردووەتـەوە، ناوبـرای ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری ئوولکەنـە کـە مانگانەیەکـی هونەری-شـیعرییە.

لیندا کارن خاهول ینسن

لینـدا کارن خاهـول ینسـن، شـاعر دانمارکـی، متولـد ١٩٨٤ میـلادی، لینـدا معلـم مدرسـه میباشـد و در سـال ٢٠٢٠ اولیـن مجموعـه شـعرش را بـه اسـم «سـنگریزه‌ها» منتشـر کـرده اسـت. لینـدا از سـردبیران مجلـه ادبی-هنـری «ئولکـەن» مـی باشـد. Udkant

لە ناو پێلووی ڕۆژا ئۆقرەی گرتووە
من تۆ هەڵدەگرم
تۆ رزگار دەکەم
لە داڕمانی هەستەدەمارم
ڕوانینت گەرمی دادێنێ
سەرمای زستان لە ناخا
ویژدانێکی نائارام
ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو
بزەت دێتێ بە بێ دڵەڕاوکە
لووتت تاو دەدایە ڕوومەتم
تۆ نازانی
چ شتێک شاراوایە لە پشتیەوە
ئەو ڕەشاییەی
ناو بە ناو خۆی دەنوێنێ و
قەپ لە ڕووناکایی ڕۆژ دەگرێت
دێڵم کات ئۆقرە بگرێت
ئەو کاتەی پێکەوین
ژیان باشترینە
بەیانی دێم بەر لەوەی
بەڵێنم دابێ

Mens der stadig er lys i dagen
henter jeg dig
redder dig fra nervesystemets kollaps
Dit blik varmer vinterkulden indeni Dårlig samvittighed
Det blev også sent i dag
Du smiler ubekymret
trykker din næse mod min kind
Du ved ikke hvad der er inde bag
Bare du aldrig opdager det
det sorte
Alt det mørke som så ofte vil ud
og æder dagens lys
Jeg lader tiden stå stille
Når vi er sammen
Er livet bedst
morgen kommer jeg før
Det lover jeg

وقتی که هنوز روشنایی
در چشم‌های نور آرام گرفته
تو را با خود می‌برم
تو را آزاد می‌کنم
از سقوط سیستم عصبی تنم
نگاهت گرم می‌کند
سرمای زمستان را در درون
وجدانی ناآرام
روز به سمت و سوی پایان
می‌خندی بدون استرس
سنگینی دماغت بر روی گونه‌ام
تو نمی‌دانی
چه چیزی در نهان
آن پشت
این سیاهی
گاه گداری خود را نمایان
می‌گذارم لحظه‌ها آرام گیرند
آن هنگام که باهم
زندگی بهترین است
فردا می‌آیم
قبل از آنکه وعده‌ای داده باشم

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵیفەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەڵەبی

ماری لووئیز تاکسێن
ژنە شاعیر و نووسەرێکی دانماڕکیە

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیە مەنگاڵ

ماری لووئیز تاکسێن

لـە دایکبـووی سـاڵی١٩٧٦ی زایینـی، ناوبـراو نیشتەجێی کۆپنهاونـە، شیعرەکانی مـاری لـە گۆڤـارە ناسـراوەکانی دانمـاڕک بـڵاو بۆتـەوە و لـە سـاڵی ٢٠١٧ یەکـەم ڕۆمانیشـی بـڵاو کردووەتـەوە، ناوبـرا ئێسـتا سـەرقاڵی کۆمەڵـە شـیعرێکیەتی کـە بـەو زووانـە چـاپ و بـڵاو دەبێتـەوە.

ماری لووئیز تاکسین

متولـد ١٩٧٦ میـلادی، مـاری در کپنهـاگ زنـدی می‌کنـد، او اولیـن شـعرهای خـود را در مجـلات شـعری دانمـارک منتشـر کـرده اسـت. در سـال ٢٠١٧ اولیـن رمانـش چـاپ شـد، لازم بـه ذکـر اسـت کـه یـک مجموعـه از شـعرهای ایـن شـاعر دانمارکـی بـزودی در دانمـارک منتشـر می‌شـود.

MORGENDIGT

بەیانییەشیعر.شعر صبحگاهی

پا شدم و میدونم
دوست دارم این شکلی رو
یکی که فرصتی رو بهم نشون میده
جلو یک غریبه
بهم میگه
آنگونه که رخ می‌دهد
عجیب و غریب اتفاقی
آن هنگام
که داخل میشوم
اطاق خواب را

JEG VÅGNER OG VED

JEG VIL VÆRE SÅDAN

EN DER VISER MIN LEJLIGHED

FREM TIL EN FREMMED

OG SIGER

DET ER SÅ HER MAGIEN SKER

NÅR JEG KOMMER TIL SOVEVÆRELSET

هەستاوم و دەزانم
حەزمە وا بنوێنم
یەکێک کە ئاپارتمانەکەیم نیشان
دەدا
لە پێش پێشەوەی غەوارەیەک
پێم دەڵێ
وەها کە ڕوو دەدا
سەیر و سەمەرە ڕووداوێک
ئەوێ دەم
کە دێمە ژووری خەوتن

AFTENDIGT

ئێوارەشیعر.شعر شبانه

نمی‌تونم‌بخوابم
از انستاگرامم پیداست
غرق می‌شم تو دنیای خودم
به دوست‌پسرم میگم
بی‌تابی‌هایم
بخاطر اضطراب
از برای
کشتی‌های جنگی و آینده کودکان

JEG KAN IKKE FALDE I SØVN

VISSE PROFILER PÅ INSTAGRAM

GÅR I MIT SYSTEM

JEG SIGER TIL MIN KÆRESTE

UROEN SKYLDES

BEKYMRINGER OM FLÅDENS FREMTID OG BØRN

ناتوانم بنووم
لە پرۆفایلی ئینستاگرامم ڕا دیارە
دەڕۆمە ناو هێڵی خۆمەوە
بە دڵدارەکەم دەڵێم
بێئۆقرەییەکانم
بۆتە هۆکاری دڵەڕاوکێ
بۆ بەلەمە جەنگییەکان و داهاتووی منداڵان

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵیفەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەڵەبی



سیسیلی سوند کریستینسیـــن کچە شاعیر و فۆتۆگرافیـــــر

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیە مەنگاڵ

سیسیلی سۆند کریستێنسێن
کچـە شـاعیر و فۆتۆگـڕاف، لـە دایکبـووی ۱۹۹۳ی زایینـی، ناوبـراو خوێنـدکاری زانسـتی زانیـاری و کلتـووره لـە زانکـۆی کۆپنهـاون، هەروەهـا خەڵاتـی کانوونـی نووسـەرانی دانماڕکـی بـۆ شـیعرەکانی بردووەتـەوە و چالاکـی بـواری هونـەر و ئەدەبیاتـە.

ماری لووئیز تاکسین
متولـد ۱۹۷۶ میلادی، مـاری در کپنهـاگ زنـدی می‌کنـد، او اولیـن شـعرهای خـود را در مجلات شـعری دانمـارک منتشـر کـرده اسـت. در سـال ۲۰۱۷ اولیـن رمانـش چـاپ شـد، لازم بـه ذکـر اسـت کـه یـک مجموعـه از شـعرهای ایـن شـاعر دانمارکی بـزودی در دانمـارک منتشـر می‌شـود.

SLUG

حەلەزوون.حلزون

گشت درۆکانم
وەکی شەڕاب
منت خۆش بوێ
لەبەر وەی
من لە ناویام

ALLE MINE LØGNE
SOM VIN
OG ELSK MIG
FOR DEN JEG ER
I DEM

همه دروغهایم
بسان شراب
من را دوست داشته باش
چرا که من هستم
در عمق آن

LYS

ڕووناکی.روشنایی

ئاڵۆزکاوم
لەماڵەکەتا
لەو جێیەی خەریکی برژاندنی ئاوێنەی
ناوچاوانم ماچ دەکەی
لە ناوەڕاستی ڕووناکیدا
خۆمان گێل دەکەین
لە گشت درۆکان

JEG HAR MORGENHÅR
I DIN LEJLIGHED
HVOR DU STEGER SPEJLÆG
OG KYSSER MIN PANDE
MIDT I LYSET
FRA ALLE DE LØGNE
VI IGNORERER

در خانه‌ات
آنجا که مشغول سرخ‌کردن آینه‌ای
بوسه می‌زنی پیشانی‌ام را
در وسط روشنایی
خودمون رو به اون راه می‌زدیم
که دروغی در کار نیست

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵی‌فەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەڵەبی

توروارد برترلسن
شاعیر و نووسەری دانمارکی

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیه مەنگاڵ

توروارد برترلسن

تۆرڤالد بێرتێلسین، لە دایکبووی ١٩٤٨ی زایینی، ناوبراو لە شاری ساکساکۆبینی دانمارک دەژیت و یەکەم کۆشیعری خۆی بە ناوی «لە سەرەتای زەمان» لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاو دەکاتەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا ٥ کۆشیعری تری بڵاو کردووەتەوە، دوایین کتێبی بە ناوی «لاپەڕەکانی تێکتنووکی پێست» لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بووەتەوە، شیعرەکانی تۆرڤالد بۆ سەر هەشت زمانی وەرگێڕدراون، ناوبراو ئێستا بەرپرسی وەشانخانەی دەفتەری شاعیرانەی کۆپنهاونە، هەروەها بەرپرسی تیمی وەرگێڕانی ئەنتۆلۆژی شیعری نوێی کوردییە کە لە بەهاری ساڵی ٢٠٢١ی زایینی لە دانمارک بڵاو دەبێتەوە.

توروارد برترلسن

توروارد برترلسن ، متولد ١٩٤٨ و در حال حاضر در ساکساکوبین دانمارک زندگی می کند. اولین مجموعه اشعار خود را با نام «در اوایل زمان» ، در سال ٢٠٠٩ منتشر کرد و از آن زمان تاکنون ٥ مجموعه شعر منتشر کرده است، آخرین کتابش به نام :صفحات تکتونیکی پوست» در سال ٢٠١٨ منتشر شده است. اشعار وی به ٨ زبان و اخیرا به مجارستانی ترجمه شده است. اودر حال حاضر سردبیر انتشارات دفترهای شاعرانه در کپنهاگ، همچنین مسئول تیم ترجمه آنتولوژی شعر نو کوردی که در بهار سال ٢٠٢١ در دانمارک منتشر میشود.

LYSENDE SORT

درخشنده سیاه

خشم بسیار از سر کشیدن شربت
که از ما سرچشمه می گیرد
عصبانیت از ریشه ها
که ما را پیوند می زند
بدون آنکه ما را در بر بگیرد
عصبانیت باد
که سرگردان
در ازدحام عشق و باران اسیدی
در حالی که سوراخ در لایه اوزون
زندگی را دوباره تعریف می کند
و ارکیده های کویرآسا
که موج میزنند
برای تلاشهای مهیج حفاران
مناظر بتنی و شیشه‌ای
در شریانهای بزرگ در هم می شکنند
انبساط مداوم شاهرگهایی
از پوست
جایی که ستارگان
از هم جدا می شوند
از یکدیگر
در این انحنای زمان
در حال غرق شدن در خودش
همه جا سیاه می درخشد

AHORNS VREDE OVER SIRUP
SOM FLYDER FRA OS
VREDEN OVER RØDDERNE
SOM LÆNKER OS
UDEN AT HOLDE FAST
VREDEN OVER BLÆSTEN SOM IKKE STREJFER OS
I KÆRLIGHEDENS OG SYREREGNENS VRIMMEL
MENS HULLET I OZONLAGET
REDEFINERER LIVET
OG ØRKENORKIDEERNE VAJER
FOR GRAVERNES UANFÆGTEDE ANSTRENGELSER
LANDSKABER AF BETON OG GLAS
BRYDER OP I AORTAENS
UOPHØRLIGE UDVIDELSE
AF HUDEN
HVOR STJERNERNE FJERNER SIG
FRA HINANDEN
I DEN KRUMNING AF TIDEN
SOM SYNKER IND I SIG SELV
LYSENDE SORT OVERALT

PRIKKENDE

لگد زدن

وقتی تلویزیون را خاموش می کنیم
و تەمانده نگاهھای درخشان
که به نقاط کور پل می‌زند
روی نقشه
از ترس
از نقطه ناپدید شدن
درست قبل از روشن کردن
جهان
دوباره
ما در این مورد شک، شک نداریم
به همان اندازه که مطمئن
که چیزی برای شک وجود دارد
در حالی که سازندهای ستاره
پخش می‌شوند
در انحنای زمان
جایی که بی نهایت در هم تلاقی دارند
نوارچاله‌های سیاه میوبیوس
که کهکشان را روشن می کند
با نور اخترش بر پوست بی پایان ما

NÅR VI SLUKKER FOR TV,
STÅR DE SPRAGLEDE GLIMT TILBAGE,
SOM UDVIDES TIL BLINDE PLETTER
PÅ LANDKORTET
AF FRYGT FOR FORSVINDINGSPUNKTET,
LIGE FØR VI TÆNDER
UNIVERSET IGEN.
VI TVIVLER IKKE PÅ TVIVLEN
LIGE SÅ LIDT SOM VI ER SIKRE PÅ
AT DER ER NOGET AT TVIVLE OM
MENS STJERNEFORMATIONER UDVIDES
I DEN KRUMNING AF TIDEN
HVOR DET UENDELIGE GENNEMSKÆRES
AF SORTE HULLERS MØBIUSBÅND
DER TÆNDER VOR ENDELØSE HUDS
GALAKSEGENNEMTRÆNGENDE KVASARLYS.

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵیفەر

SADHIA MENGAL
سعدیه مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەلەبی



کچە شاعیری دانمارکی

وەرگێڕانی ئازاد کەماڵیفەر.ئەرسەلان چەڵەبی.سعدیە مەنگاڵ

سیسیلی بووکهۆلد غاتین
کچە گەنجی شاعیر، لە دایکبووی ١٩٩٨ای زاییني، دانمارک

چ کاتێک بۆ زیندوو مانەوە
تۆ فۆڕمی "O" گەورە چێ دەکەی بە زمانت دەینەخشێنی
مەکینەیەکی بیرهەڵقەنە
تۆ قازێکی چەورت هەیە لە سەر کۆمت
گۆی مەمکت بەرەو گەڵای ریحانە!
شین شین ئیلکتریک شین
ئێمە هێشتاش دانیشتووین لە سەر هەمان مێز
شڵپە لە ڕانی یەکتر دێنین و ئەوە ناسینێکی ڕەوایە بۆ هەرتکمان
ئێمە دەزانین کە سەهۆڵیکی ئەستەمی تواوەین بە سەر زمانمانەوە
دوگمەکانم دادەخەم بە ئێسقانم
کە هەستەدەماری لەشی منە
دەنگی دێ ئاخافتنمان لە سەر پەڵەی قاوەیەک بە سەر سفرەوە فلْق فلْق
تۆ وەستاوی بە وێنەی فیگۆڕیک لە پێست و بەڵغەمی سەر چەمەدانەکەم
دێ وزەی وڵتاژ و رادەخوشێ بە ژێر مەغزمەوە
نیگارێکی بەشێوەی (ئێدوارد مۆنش)م کێشاوە بە جوانی لە وێندەرێ
دەخولاینەوە بە دەوری هەمان بەردا
لەگەڵ گێژاوی با دا
تۆ دەتپرسی کە دەخوازم ژیانی هاوبەش
ئێمە هێشتا کونجێکی گەرممان هەیە بە سۆسی قاوەییەوە
تۆ دێی بە پێیاسەی ژێر چرایەکی گەرمەوە و تۆ وەستاوی لە ئاخرین زستاندا!

DU FORMER ET STORT O MED TUNGEN EN DRILLENDE CYLINDER
DU HAR FOIE GRAS I RØVHULLET
NIPSER TIL ET BASILIKUMSBLAD
BLÅ BLÅ ELEKTRISK BLÅ
VI SIDDER STADIG OM DET SAMME BORD
KLAPPER HINANDEN PÅ LÅRENE DET ER EN FAIR ANERKENDELSE FOR OS BEGGE
VI VED AT VI ER DEN STÆDIGT SMELTENDE IS PÅ VORES TUNGER
KNAPPER OP MED KNOGLERNE HER ER MIT SOMATISKE NERVESYSTEM
VORES SAMTALE TONER UD I KAFFEPLETTER PÅ DUGEN KLAP KLAP
DU STÅR SOM EN VOKSFIGUR AF HUD OG SLIMHINDER I MIN LÆDERKUFFERT
SENDER SPÆNDINGER UNDER MIN HJERNEBARK
JEG HAR MALET EN FLOT EDVARD MUNCH EFTERLIGNING TIL AT HÆNGE PÅ VÆGGEN DÉR
VI LØBER OM DEN SAMME STEN I VINDENS ROTATION
SÅ SPØRGER DU OM JEG VIL GIFTES
VI HAR STADIG VORES LUNE STUE OG BRUNE SOVS
DU KOMMER GÅENDE UNDER DEN VARMELAMPE DU FASTMONTEREDE SIDSTE VINTER.

AZAD KAMALIFAR
ئازاد کەماڵی‌فەر

SADHIA MENGAL
سعدیە مەنگاڵ

ARSELAN CHALABI
ئەرسەلان چەڵەبی

دوو چیرۆک لە فڕانتس کافکا

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە.سوران کوردپوور



سیسارک

سیسارکێک هەبوو، دەندووکی لە لاقەکانم دەدا. چەکمە و گۆرەوی دڕاندبوو، ئێستا ڕاست دەندووکی لە لاقم دەدا. ئیدی ئەوە هەر بە دەندووک لێی دەدا و پاشان بە پەشۆکاوی هەڵدەفری و چەند جارێک بە دەورمدا دەخولاوە و ئینجا دەنیشتەوە و دەستی دەکردەوە بە کارەکەی. کابراییێک بەلاماندا هات ماوەییێک ڕاما و پاشان پرسی ئەوە بۆچی ئەو سیسارکە وەخۆ دەگرم. کوتم: منی بەستزمان و بێدەسەڵات، کە هات کەوتە دەندووک لێدانم، ویستم کشەی لێبکەم و دەری کەم، تەنانەت هەوڵمدا بیخنکێنم، بەڵام ئاژەڵێکی ئاوا زۆر بە قووەتە. کوڕە دەیویست بپەڕێتە سەر دەم و چاوم، بۆیە کوتم چش، هەر باشترە لاقم بکەمە قوربانی. ئێستاش هێندەی نەماوە لەت و کوتی کا. کابرا کوتی: باشە بۆ دەهێڵن ئاوا ئازارتان بدا، تەنیا یەک فیشەک و ئیدی کاری سیسارک کۆتا دێ، کوتم: ئا جا بڵێی وابێ؟ ئەدی فیشەکم بۆ جێ بە جێ دەکەن؟ کوتی: ئەی بە چاوان، دەبێ تا ماڵێ بچم و چەکەکەم هەڵگرم، دەتوانن هەروا نیوساعەتێک تاقەت بێنن؟ کوتم: نازانم، بۆ ماوەیەک لەبەر ژان چاوم بز کردبۆوە و پاشان کوتم: تەممەننا دەکەم ئەو کارەم بۆ بکەن، کابرا کوتی: باشە، ئەوەخێرا دەچم و دێمەوە. سیسارکەکە گوێی بۆ وتوێژەکەمان تەواو شل کردبوو و نیگای لە نێوان من و کابرا لە هاتوچۆ دابوو.

ئینجا دیتم کە ئەوە لە هەمووشتێک حاڵی بووە، هەڵفری، لە گەڕانەوەدا تەواو خۆی بەرەو پشتەوە چەماندەوە هەتاکوو بتوانێ پتر دەورهەڵگرێ، ئینجا وەکوو ڕمبازێک دەندووکی بە زارمدا ڕۆ کردە قووڵایی ناخم. کە بەرەو پشت بەردەبوومەوە بە ڕزگاریەوە هەستم بەوەکرد کە چۆن لە خوێنی مندا ، ئەو خوێنەی کە تەواوی قوڵاییەکانی پڕ دەکردەوە و تەواوی بەندەرەکانی وەبن خۆی دەدا بە شێوەیەک کە بۆ نەجاتدان نەدەبوو دەخنکا.

دارەکان

ئێمە وەکوو دارەکانی نێو بەفر واین. دەڵێی ئەوە سووکێکی لەوێ داندراون و بە پاڵپێوەنانێکی بچووک دەتوانی بیانبزوێنی. بەڵام ناکرێ و ناتوانی چونکێ قورس و قایم بە عەرزیەوە نووساون، بەڵام بڕوانە، تەنانەت ئەوەش هەر وێ دەچێ وابێ.

SOURAN KURDPOUR
سوران کوردپوور

وێنەسازی

ڕووناک رەسولپور.گرافیست و وێنەساز

حالا باید مشخص کنیم که این فرهنگ دستوری چرا و چگونه خود به عامل اصلی بحران تبدیل شده است ، وقتی تمام ابزارهای رسانه ای به انحصار حاکمیت درآمده و هرگونه حرکت آگاهی بخشانه از سوی نهادهای فکری و فرهنگی جامعه به شدت دفع می شود و تمامی مجاری نقد و نقادی را به روی آنها می بندد و جریان آزاد گفت و گو و تعامل را مسدود می کند ، نتیجه اش همین می شود که الان با آن مواجه شده ایم ، در چنین شرایطی هرکس فقط صدای خود را می شناسد بدون آن که صدای دیگری را بشنود ،فقط می خواهد صدای خود را برساند ، هرکس برای خودش یک مستبد تمام عیار می شود ، فقط دنیای خودش برایش مهم است ، مهم نیست که کسی حرفش را بفهمد ، چون خودش می داند چه گفته است ،تصورش این است که هرچه می گوید دیگران نمی فهمند و درک اش نمی کنند ،چرا که به چیز هایی رسیده که دیگران از آن غافلند ،این دریافت غلط نتیجه ی عدم وجود گفت وگوی آزاد میان آحاد جامعه است ، خروجی آن هم کاملا مشخص است ، متن های بی مخاطب و کثرت صداهای پراکنده ای که هیچ گاه به هم نمی رسند .

ریشه ی بحران فرهنگی همین جاست ، اتمیک شدن جامعه توسط حاکمیت های غیر دموکراتیک. بنابراین همین رفتار ها که طی سالیان ادامه پیدا کرده و تثبیت شده خود را در شکل یک زبان خاص فردی و نه متفاوت و اثر گذار متجلی می سازد . تولیدات و آثار منتج ازچنین زبانی عموما به توهم می ماند و نه رویاهای شاعرانه ، همه چیز به همان حیطه ی خصوصی محدود می شود ،عالی ترین

آثـار همـان هایـی معرفـی مـی شـوند کـه اصـلا فهمیـده و درک نشـده باشـند، پـس بحـران مـورد نظـر مـا ریشـه در زبـان اسـتبداد دارد کـه مـن احتیاجـی بـه فهـم دیگـری نـدارم ، مـن مـی گویـم و دیگـری بایـد هـر طـور شـده حـرف مـرا بفهمـد ، در بعـد سیاسـی ریـزش مخاطـب در مقابـل حاکمیـت از اینجـا شـروع می شـود و در عرصـه ی شـعر و داسـتان هـم بـه همیـن منـوال مخاطـب ایـن گونـه آثـارِ بـا زبـان شـبه اسـتبدادی دچـار ریـزش مـی شـود ،پـس بـه طـور خلاصـه بایـد بگویـم کـه بحـران شـعر امـروز در هـر حـال نتیجـه ی شـکل حاکمیـت سیاسـی و زبـان مخاطـب گریـز ان اسـت کـه در نتیجـه اسـتمرار آن بـه تولیـد خـرده مسـتبدان فکـری و فرهنگـی جامعـه منجـر شـده اسـت .

ایـن کـه مـی شـد از همـان اول مانـع گسـترش ایـن بحـران شـد بحثـی جداگانـه مـی طلبـد ، همچنیـن ایـن مسـاله کـه پـس از بحـران میـزان خرابـی و پـس رفـت فرهنگـی جامعـه چقـدر بـوده هـم بایـد بـه آینـدگان موکـول کـرد ،

در واقـع تنهـا بـا رفـع بحرانـی کـه زاییـده ی زبـان اسـتبدادیِ اجتماعـی شـده و ایجـاد ،گسـترش و تثبیـت زبـان گفـت وگـو محـور اسـت کـه مـی تـوان در آینـده بـه رشـد کیفـی ونـه کمـی و احیـای شـعر و داسـتان در شـکل مطلـوب آن امیـدوار بـود .بنابرایـن بـا توجـه بـه مراحلـی کـه بـرای بحـران ذکـر کـردم مـی توانـم بگویـم کـه مـا در یـک بحـران هنـری مزمـن و دیرپـا قـرار داریـم و تـا زمانـی کـه سـایه زبـان خودمحورانـه بـر فرهنـگ مـان حاکـم باشـد، نمـی توانیـم از عبـور و گـذار از بحـران سـخنی بگوییـم .

لێکۆڵینەوە

ئەوەل یار و ئاخریار
درەختی ئاسوویگ

ئەوەڵ و ئاخر، یــــــار خاوەنکار.جەژنی پاشایی

جەژنی "مەڕنو" لە کومەڵـگای یارساندا

بەپێی بەڵگە و گەواهیی مێژوو، زاگرۆس هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی ئایین، فەرهەنگ و کلتووری زۆرێک لە گەلانی ناوچەکە بووە، بەڵام دوای گەشەسەندن و سەقامگیریی ئیسلام لە کوردستان، زۆرێک لە ئایین و کلتوورە جیاوازەکان لەژێر کاریگەریی کلتووری زاڵدا، بە جۆرێک لە ناو چوون یان کەمڕەنگ بوونەتەوە. لەم نێوەدا، بەشێک لە باوەڕمەندانی ئایینییە زاگرۆسییەکان شانبەشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تێکۆشان و نەچوونە ژێر باری ئایینی داسەپاو، بەڵکو لەسەر ئایینی دێرینی خۆیان مانەوە، کە یەکێک لەوانە پێڕەوانی ئایینی یارییە.

ئایینی یاری، نموونەیەکی ڕاستەقینەی بزاوتێکە کە بە درێژاییی زەمان و لە سەردەمانی جیاوازدا، هەر لە هووریگەرییەوە هەتا مێهرپەرستی و زەردەشتیگەری هەبووە، بزاوتێک کە لە سەدەی حەوتی کۆچییەوە گەشەی زیاتری کردووە.

یارسان خاوەنی فەلسەفە و ڕوانگەی مرۆڤدۆستییە، باوەڕی بە دونیای پاش مردن و هەستانەوەی دووبارە هەیە، بۆ گەیشتن بە ئازادی، حەقیقەت و مرۆڤخودایی.

سەرچاوەی یاسا و بیری ئایینی یاری دەچێتەوە سەر مەڕنۆ و لەوێوە چوارچێوە وەردەگرێ. پاشانیش خاوەنکار دەبێتە چەمکێکی نوێ و ژیان ڕەنگڕێژ دەکا و هەوڵ دەدا لە حەقیقەت بگا. بوونی یارسان بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەلمێندراوە و سوڵتان سەهاک و یارانی لە پردیوەری هەورامان، ڕێساویاسای ئایینی یارییان داڕشتووە.

واتا لە دوای ڕووداوی "مەڕنۆ"وە، چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای یارسان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و شێوازێکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ، بەڵام هەتا ئێستاش تەنانەت زۆربەی خەڵک لەبەر ناشارەزاییان لە ڕووداوی مەڕنۆ و خاوەنکار، زۆر ئاگاداری حەقیقەتی ئەم جەژنە نین و تەنیا وەک جەژنێکی سادە و نەریتی چاوی لێ دەکەن.

• یارسان

یارسان لە دوو وشەی "یار" و "سان" پێک هاتووە، بە واتای "یارانی پاشا"، پاشایش هاوواتای خودایە. یارسان بەشێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەگرێتەوە کە ئێستا لە چەند ناوچەیەکی کوردستان و دنیادا هەن. چالاکیی هزریی یارسان پەیوەستە بە ئاشکرابوون، دەرکەوتن، ئەوین و باوەڕهەبوون بە فەلسەفەی دۆناودۆنەوە. یارسانیش وەک گشت ئایینەکانی تر، خۆی لە پلەی حەقیقەتدا دەبینێتەوە و لەم سۆنگەیەشەوە لێکچوون لەنێوان یارسان و ئایینەکانی دیکەدا هەیە. یەکەمین کەسایەتییەک کە باسی لە یارسان کردبێ باهلوولی ماهییە کە لە سەدەی دووەمی کۆچی مانگیدا ژیاوە. دوای ئەو شاخۆشین لوڕستانی، بابا سەرهەنگ دەودانی، بابا جەلیل و بابا ناوس سەرگەتی تا سەرەتاکانی سەدەم حەوتەم، یەک لەدوای یەک، هاتوون و سەریان هەڵداوە. پاشان، سەدەیەک دواتر، سوڵتان سەهاک دێت کە دەبێتە ئامادەکاری نیزامی دینیی ئەم بزووتنەوەیە. بەپێی دەقە کۆنەکانی یارسان و شرۆڤەی ڕووداوەکانی ئایینی یاری و هەروەها ڕۆژژمێری کوردی، سوڵتان سەهاک دەبێ لەساڵی ٦٢٢ی کۆچی هەتاوی بەرانبەر بە ٦٤٠ مانگی و ١٢٢٠ی زایینی لە دایک بووبێ.

یارانی سوڵتان بەپێی باڵادەستی و یەکەمینی، بەم شێوەیە دابەش دەبن:

هەفتەن، هەفتەوانە، هەفت خەلیفە، هەفت سازچی، هەفت ئاخێوەر، هەفت گۆزەچی، هەفت سەقا، هەفت پێشکار، هەفت فەرمان، هەفت هەفت، هەفت یاری قەوەڵتاس، هەفت سەردار، بیستویەک مێردی بەرزنجە، هەفتاودوو پیر، نەوەدونۆ پیر، شەستوشەش غوڵام، چلتەن، چلتەنان، هەزارویەک مێرد، هەزاروشەست مێرد و بێوەن بێوەنەکان. لەنێو یارساندا بەرێوەبەری زاتی، دوور لە ناوچەگەری و ناوەندگەرایی دەستنیشان دەکرێت و هێز و دەسەڵات بە تاک یا بە ناوەندێک نادرێت. لە ڕاستیدا هیچ کەسێک لەم کۆمەڵگایەدا نییە کە سەر بە گرووپێک نەبێت و تەنانەت پاشای ئافرێنەریش بەو چوارچێوەیە پابەندە.

ناوەند یان قەڵەمڕەوی ژیان و جوگرافیای مرۆیی یارسان لە پێشدا باشووری زاگرۆس "لوڕستان، هەورامان و شارەزوور" بووە، پاشان بە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و ئێراندا بڵاو بوونەتەوە. بەشێک لە یارسانییەکان لە باشووری کوردستان دەژین، بۆ وێنە، لە خانەقین و کەرکوک و سلێمانی و هەولێر. شایانی باسە کە لە مووسڵ و بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیشدا یارسانی دەژین. یارسانی لە شارەکانی باکووری کوردستان هەن، وەک دێرسیم و سێواس. هێندێکی دیکەیش لە ڕووسیا و لەناوچەی "ئەلیزابت پول"، لە دەوروبەری "قارس"دا نیشتەجێن و لەوێ دەژین. لەگەڵ دەرکەوتنی "قوشچی ئۆغڵوو" لەناوچەی ئازەربایجان و هەروەها بەهۆی بوونی شاوەیسقولی و ڕەچەڵەکی ئەو لە تورکستان و هەروەها لە سۆنگەی برەو و ئاشکرابوونی ئایینی یاری لەم ناوچەیەدا، هەندێک لە یارانی تورک هۆگر و پێوەستی ئەم ئایینە بوون.

یەکەمین پەیڤی نووسراو بە شێوەی هۆنراوە لە زمانی کوردیدا، تایبەتە بە یارسان کە بە زاری گۆرانی یا هەورامی نوسراوە. یارسانی هەرگیز، نەچووەتە چوارچێوەی یاسایەکەوە کە ئازادیی خۆی لەدەست بدات و لە باری فیکرییەوە یەخسیر بێ. بەکاربردنی یاساورێسا بەشێوازی ئەخلاقی، هەنگاونانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی مرۆیی. بەڵام ئەخلاق لە شێوازی سەرەتاییدا بە واتای ڕیفۆرمی تاکایەتی دێت و وەک پێداویستیی هەبوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی خۆی پێشان دەدات. هەر ئەو مژارە دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە "تەواوەتی" و قبووڵنەکردنی خراپە و خراپی لە تاکەکانی کۆمەڵگای یاریدا. ئەمەیش وەک پێداویستییەک بۆ دروستکردنی پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوە خۆی دەردەخات و ئاشکرا دەبێت. بناغەی باوەڕی یاری، ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی. ئێمە دەتوانین ڕاستیی ئەم باوەڕە لە تەوەری "خۆناسی" و "مرۆڤخودایی"دا دەستنیشان بکەین کە بنەمای فیکریی ئەم ئایینەن.

یارسان بەپێی فەلسەفەی دۆناودۆن، ئیمانی بەگشت بوونێک و بە باوەڕی جۆراوجۆر هەیە، هەر بۆیە هەموو "خود"ێک بە بەشێک لە خۆی دەزانێت. لە یارساندا مژاری مرۆڤخودایی کاتێک بەسەر ڕوانگەی کەسێکدا زاڵ ببێت، بەو قەناعەتەی دەگەیەنێ کەلە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بەدوای خودادا بگەڕێ. ئاکامی دڵنەرمی و هەستی یەکتروێستییش لەیارساندا، دەبێتە هۆی سازدانی سەمبولێکیی "جەم". جەم خۆی لەخۆیدا، هێمایەکی ئایینیە کە هزری یەکگرتوویی و یەکبوونی یار و یاران پێک دێنێ، تا ئەو شوێنەی سیمای یار لە ڕوخساری یاراندا بە دی بکرێ.

- خاوەنکار

خاوەنکار، یانی خاوەنی کار، سێحەبی کار یا سێحەبکار. لە ئەدەبیاتی کوردیدا "خاوەن" بە واتای سێحەب دێت و مەبەست لە خاوەنکار"یش ئافرێنەر و خاوەنی چەرخی گەردوونە. ئەم وشەیە هاوواتای "خودا"، "یەهووە" و "ڕۆحی پیرۆز"ە و لە کەلامەکانی یارساندا بە واتای جۆراوجۆری دیکەی وەک: "ساحیبکەرەم"، "پاشا"، "ساحیبکار"، "سوڵتانی حەقیقەت" و "شای هەورامان"یش لێک دراوەتەوە. لە یارساندا جەژنێک هەیە بە ناوی "خاوەنکار" و لەبەر ئەوەی "مەڕنۆ" وەک شوێنی ڕووداو یادی لێ دەکرێتەوە، ئەم جەژنە وەکو جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوی لێ دەبرێت. ئەم جەژنە بە خاتری ئامادەبوونی سوڵتان سەهاک و یارانی لە شوێنی ڕووداوەکە و سەرکەوتنی تیشک بەسەر تاریکاییدا و بوونی ڕەسمیی یارسان لە فۆرمی مرۆڤدا، وەک خاڵی وەرچەرخان و بنەڕەتیی بیرۆکەی یاری، یادی لێ دەکرێتەوە و هەموو ساڵێک لە کۆمەڵگای یارساندا پیرۆز دەکرێت.

- مەڕنۆ

"مەڕنۆ" وشەیەکی لێکدراوە، لە"مەڕ" بە واتای "ئەشکەوت" و "نۆ" یش بە واتای "نوێ" دێت کە لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا واتای سەرهەڵدانی چەمکی نوێیە لە جیهانی بووندا.

ئەم واتایە دابەش دەبێت بەسەر چەند بەشێکی وەک:

شرۆڤەی ڕواڵەتیی حیکایەتی مەڕنۆ، دەرکەوتنی چوارچێوە و یاساکانی هزری یاری .

- بەشی یەکەم
- شرۆڤەی ڕواڵەتیی حیکایەتی مەڕنۆ

سوڵتان سەهاک بەرزنجەیی، کوڕی "شێخ عیسا"، یەکێک بووە لە گەورەکانی ناوچەکە. سوڵتان سەهاک لەساڵی ٢٦٠ی کۆچی هەتاوی لە بەرزنجەی سەر بە"عەربەت" لە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە.

لەبەر ئەوەی لە باری بیر و بڕواوە کەسێکی جیاواز بووە، لە سەردەمی منداڵیدا، براکانی و خەڵکی ناوچەکە بەرانبەری نەرمونیان نابن و لەگەڵی کەوتوونەتە ململانێی فیکری. پاشان لەبەر گوشار و زوڵم و زۆری هێزە دەستەڵاتخواز و ڕادیکاڵەکان، لە ناوچەی بەرزنجەی سلێمانییەوە بەرەو هەورامان کۆچی کردووە. لە ڕێگە، لە نزیکی هەورامان و لە کێوی "شنروێ"ی ئێستادا، هێزێکی نەیار دوایان

کەوتوون و هێرشیان کردوونەتە سەر. سوپایەک لەژێر ناوی "چیچەک"، کە پێک هاتبوون لە نەیاران و تاریکپەرستانی ناوچەکە، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پشتیوانی کە بۆ پیلانگێڕی ڕەوانەی دەڤەرەکە کرابوون، ڕووبەڕووی سوڵتان سەهاک و یارانی بوونەتەوە.

سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک بەناوی "مەڕنۆ" و بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئەنجامی هەڵکردنی باو بۆران و گەردەلوول، سوپای چیچەک لەپاش سێ ڕۆژ تەفروتونا دەبن و لە ئاکامدا بەهۆی ڕووداو و بەڵای سرووشتی، ناچار دەبن ناوچەکە بە جێ بهێڵن.

سوڵتان سەهاک، لە بەر ئەوەی سوپای چیچەک نەیتوانیبوو بە ئامانجی خۆی بگات و لە پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبووبوون، دوای ڕۆژی سێیەم بڕیار دەدا جەژنێک بەڕێوە ببا بە ناوی جەژنی "خاوەنکار". ئەم جەژنە، بە جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوبانگی ڕۆیشتووە. دوای بەڕێوەچوونی جەژنەکە، سوڵتان و یارانی درێژە بە سەفەرەکەیان دەدەن و دەگەنە هەورامان.

بەشی دووەم

- **دەرکەوتنی چوارچێوە و یاساکانی هزری یاری**

لە ڕاستیدا "مەڕنۆ" خاڵی وەرچەرخانی هزری یارییە کە هەر بە هۆی ئەم ڕووداوەوە بوونی یارسانیش سەلمێندراوە. مێژاری یارسان بەر لە "مەڕنۆ" تەنیا وەک ئەدەبیاتێکی باوەڕی هەبووە، ئەویش بە دەر لە چوارچێوەی مەدەنی، دەستووری و سیستەمی ئایینی. بەڵام دوای "مەڕنۆ" کۆمەڵگای یارسان دەبێتە خاوەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینیی تایبەت بە خۆی. مەڕنۆ تەنیا واتای بەجێهێنانی فەرزی ڕۆژوو، ڕەنج و تاقەت، پەیامی ئەوین، دوورەپەرێزی لە خۆبەزلزانی، پابەندبوون بە نەبوون و پاراستنی ڕاز نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا، هەڵگری پەیام و ڕازی شاراوەییە، ئەویش لە سیستەمێکدا کە مرۆڤ بتوانێ تێیدا ڕۆحی تێکۆشان برەو پێ بدا و لە پێناوی بەدەستهێنانی هەبووندا لە دژی تاریکی بەربەرەکانی بکا و لە بێهێزی بێتە دەر و ڕێگەی ڕاست درێژە پێ بدا. سوڵتان سەهاک لە هەنگاوی یەکەمدا یەکەمین دەستووری دینی و باوەڕیی خۆی لە ڕێگای ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕاگەیاندووە. ئەو دەفەرمێ:

ڕوکن وە دەفتەر، ڕوکـن وە دەفتـــــەر
ڕوکـــن ئی تاریخ بنویس وە دەفـتــەر
نەی چلەی تاوسان یەرێ ڕۆ سەبت کـەر
مـــانگ و دڵی ڕاس دوازدەی سفید پـەڕ
یـەرێ ڕۆی یـاران چیگام بـی وە فـــەڕ
عەید و پادشاهیم دووهەم داش ئـەســەر

واتە: بەپێی ئەرکانی دەفتەر، پایە و ئەرکانی ئەم مێژووە لە دەفتەردا بنووسن، لە چلەی هاویندا سێ ڕۆژ تۆمار بکە، لە مانگی ناوەڕاستدا، واتە لە چلەدا کە دنیا سپی دەبێتەوە، لە دوانزەیەم ڕۆژیدا، یاران سێ ڕۆژ لێرە بنیشنە ناو فەڕ، واتە ڕۆژوو بگرن، دووەم جەژنی پادشاهیم دەردەکەوێت. ئەو پەیڤەی سوڵتان سەهاک دواتر لەلایەن زاتدارانی دیکەوە، وەک سەرچاوە، پێداگریی لەسەر کراوە و شی

کراوەتەوە. داب و دەستووری بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە بەپێی کەلامەکانی یاری جۆرێکە کە یارسانییەکان لە کاتوساتی دیاریکراودا بۆ ماوەی سێ رۆژ لە بوومەلێڵدا "پارشێو" دەکەن و تا خۆرئاوابوون و دەرکەوتنی ئەستێرە بەرۆژوو دەبن. دوای ئەم سێ ڕۆژە، جەژنی خاوەنکار یان جەژنی شاهی بەڕێوە دەچێ. نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە ئاوایە کە هەر بنەماڵەیەکی یارسانی لەسەریەتی کەڵەشێرێکی تەندروست کە بتوانێ بقوولێنێ، لەگەڵ مەنێک (سێ کیلۆ) برنج کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێ نرابێت، بباتە خزمەتی جەم و جەمخانە هەتا لەوێ لەلایەن سەیدەوە نزای لەسەر بخوێنرێت و پاشان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان خەڵکیدا دابەش بکرێت. جگە لەو شتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، "نیاز"یش دەکرێ لە هەنار، سێوی سوور و چەند شتی تریش پێک بێ و لە جەمدا ئامادە بکرێ. جەمی دابەشکردنی هێز و دەستەڵات، جەمی دابەشکردنی نیاز، جەمی هاریکاری و یەکیەتی پێک دێت و ئەوجا جەمنشینان سەرقاڵی داگیرساندنی مۆم دەبن و زیکر دەکەن و هاوکات لەگەڵ تەمبووردا کەلام دەخوێنن. لە ڕۆژی جەژندا، یارانی یاری، خۆیان بۆ سەردانی یەکتر ساز دەکەن و ئەندامانی جەمخانەکان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتر دەکەن. ئەم نەریتە لە لای گشت ئەندامانی کۆمەڵگای یارسان، جێگای خۆی گرتووە.

سەرچاوە

تەیب تاهیری(٢٠٠٧). سەرنجام (کەلامەکانی یارسان). عێراق، سلێمانی، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کورد.

(٢٠٠٩). مێژوو و فەلسەفەی سەرنجام (شرۆڤەی فیکری و باوەڕیی یارسان کوردستان). هەولێر دەزگای موکریان.

(٢٠١٠). رۆژژمێری ئارایی کوردی. هەولێر دەزگای موکریان.(٢٠١٣). بانگی سەرحەدان، هەولێر دەزگای موکریان..

SARO KHOSRAWI
سارو خوسرەوی

کورتەیەک لە کتێبی درەختی ئاسووریگ

فازڵ ئوسوڵیان

درەختی ئاسووریگ ناوی بەیتێکی کۆنی کوردییە هین سەردەمی مادەکان، کە بە شێوازی وتووێژ و دەمەقرێیە لە نێوان بزن و دارخۆرما. هەر یەکەیان تێ دەکۆشێ ئەوە بسەلمێنێ کە لە ئەوی تریان باشتر و بە سوودترە، لە ئەنجامدا بزن بە سەر داری خۆرمادا سەر دەکەوێ. ئەمڕۆکە کاتێ باس لە ئەدەب و وێژەی کۆنی جیهانی دەکرێت، بێگومان بەیتی درەختی ئاسووریگیش وەک یەکێ لە (ئاسەوارە کۆنەکانی ئەدەبی فارسی) ناوی لێ دەبردرێت.

لەسەر چیرۆکی ئەم بەیتە و ناوەڕۆکی وتووێژەکانی نێوان بزن و دار خۆرما وهەروەها ئەو زمانی کە ئەم بەیتەی پێی نووسراوەتەوە، لێکۆلەران و نووسەرانی ئەوروپی و هیندی لێکۆلینەوەی فراوانیان کردوە و وتارگەلی زۆریشیان نووسیوە و بلاویان کردوەتەوە. بەداخەوە وا دیارە کە زۆربەی ئەم بەرێزانە هەر پێشەکی لەسەر ئەم بیرۆکەیە ساغ بووەن کە گوایە لە ئێراندا چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی ناوەڕاست و چ لە ئێستادا، بێجگە لە زمانی فارسی هیچ زمانێکی دیکە نەبووە و نییە، بۆیەش هەر بەم بۆچوونەوە دەستیان داوەتە لێکۆلینەوە و بە ئەنجامیان گەیاندووە. هەر بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی کە تا ئێستا لەسەر درەختی ئاسووریگ لەلایەن زۆربەی توێژینەران و لێکۆلەرانی زمان و ئەدەبەوە نووسراوە و بلاوکراوەتەوە، ئەمەیە کە ئەم بەیتە کۆنەی کوردییە وەکوو چیرۆکێک لە شێوەی هەلبەست (منظومە) بە زمانی فارسی کۆنی دەناسێنن، کە ڕاست نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەموو ئەو خوێندنەوە و وەرگێڕانانەی کە سەبارەت بە درەختی ئاسووریگ تا ئێستا کراون، پڕیەتی لە کەموکووڕی و جاری واش هەیە کە هەر هەمووی هەلەن.

درەختی ئاسووریگ بە تەنیا وتووێژێکی سادە نییە لە نێوان بزن و داری خۆرمادا، لە ڕاستیدا ئەمە بەیتێکی سیاسی- وروژێنەر (سیاسی- تهیجی) ە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەلاتداری مادەکان. بزن لێرەدا (خەلکی ماد) وێنا دەکات و درەختی ئاسووریگیش سیمبۆلێکە بۆ فەرمانڕەوایی ئاشوور. لەم بەیتەدا بزن تێ دەکۆشێ کە دانیشتوانی ماد هەلخرێنێ و هانیان بدات بۆ خەباتکردن لە دژی دوژمن و تەفرووتونا کردنیان.

مێژووی سەرهەلدانی ئەم بەیتە ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان بەلکوو هین سەردەمی مادەکان و بە وردی هی سەردەمی دەسەلاتداری کەیخەسرەوە بەر لە شکستدانی یەکجاری فەرمانڕەوایی ئاشوور. ئەم بەیتە دواجار لەسەردەمەکانی ئەشکانی و ساسانیدا کەوتووەتە بەر کاریگەری زمانی ئەو سەردەمانەوە و تووشی هێندێ گۆڕان بووە. بەلام بە هەموو ئەم گۆڕانکاریانشەوە زۆر بە ڕوونی دیارە کە زمانی ئەم بەیتە کوردیی کۆنە. دەکرێ بلێن کە زمانی ئەم بەیتە (کوردی میانە یان پەهلەویی ئەشکانییە).

• ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر زمانی مادەکان

من لە کتێبی «ناسنامەی زمانی کوردی»دا، ئەمەم ڕوون کردووەتەوە کە مادەکان یەک زمانیان هەبوو بە دوو شێوەزارەوە، یەکەم شێوەزاری گشتیی مادی کە بۆ پەیوەندی کردن لە نێوان هۆزەکان و بۆ کاروباری دەسەلاتداری و سەربازی و بازرگانی بەکار هێنراوە و سەرپاکی ناوچە کوردنشینەکانی ئەمڕۆ لەگەل ناوچەکانی باشوور هەتا لای ئەسفەهان و لە لای ڕۆژهەلاتیشەوە هەتا لای تارانی ئەمڕۆ بەم شێوە زارە قسەیان کردووە. شێوەزاری دووەم مۆگی (مۆغی)، کە شێوەزاری هۆزی مۆغانی مادی بوو، کە بۆ بلاو

کردنەوەی پەیامەکان و سروودەکانی ئایینی و بۆ بەجێ هێنانی نەریتەکانی دینی و بەگشتی بۆ کاروباری ئایینی بەکاریان دەهێنا. سروودەکانی زەردەشت بەم شێوەزارە هۆنراونەتەوە هەر بۆیش بەم شێوەزارە دەڵێن زمانی ئەوێستایی. ناوەندی سەرەکی ئەم شێوەزارە شاری «ڕاغە/ ماد- ڕاغە» (مەراغە) بوو. و ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکان هەر لە باشووری گۆلی ورمێیەوە هەتا تالێش بەم شێوەزارە قسەیان دەکرد. لە پاش تیاچوونی ئیمپراتووری ماد، زمانی مادی نەک هەر کز نەبوو بەڵکوو بەرفراوانتریش بوو. شێوەزاری گشتیی مادی هیچ گۆڕانێک بەسەریدا نەهات و هەر وەک خۆی مایەوە، (هیچ هۆکارێک بۆ گۆڕانی زمانەکە نەبوو)، هۆزەکان هەر وەک جاران لە شوێن و ناوچەکانی خۆیاندا مابوونەوە، بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە هەموو بەڕیوبەران و کاربەدەستان ولاتی ماد لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا هەر مادی بوون، (نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە زمانی بەڕیوبەرایەتی (ئیداری) و دەسەڵاتداری لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا نەک فارسی، بەڵکوو ئەکەدی و عیلامی بوو). بەڵام بۆ شێوەزارەکەی دیکەی مادی واتا شێوەزاری مۆگی (مۆغی/ ئەوێستایی) ڕەوشەکە بە شێوەیەکی تر بوو. بە هۆی هۆگری پادشایانی هەخامەنشی و پارسەکان بۆ ئایینی زەردەشتی و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئیراندا، بوو بە هۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی شێوەزاری مۆغی وەک زمانی دینی بۆ هەموو خەڵکی ئێرانی کۆن.

زمانی مادی لە پاش هەخامەنشییەکان و لەسەردەمی دەسەڵاتداری ئەسکەندەردا، بە هەر دووک شێوەزارەکەی خۆییەوە لە ناوچەکانی مادنشین قسەی پێی دەکرا و زمانێکی زیندوو بوو، یەکەمین ناوچەیەک لە ئێران کە لەو سەردەمەدا توانی سەربەخۆیی خۆی بە دەست بێنێتەوە ناوچەی مادی بچووک «ئاترووپاتەکان»/ (ئاگرپارێزەکان/ ئازەربایجان) بوو، کە هەر لە پاش مردنی ئەسکەندەر سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. بەڵام بەگشتی بە هۆی سروشتی کوێستانی کوردستان و ڕیگاو بانی سەخت و سەخڵەتەوە، ڕۆمییەکان نەیانتوانی بە تەواوی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژاوای ماددا بسەپێنن، هەر بۆیەش ناوچەی هەورامان لە کوردستاندا بۆ بە پەناگایەکی باش و هێمن بۆ بەشێکی زۆر لە هۆزی مۆغانی مادی کە کەوتوو بوونە بەر ڕق و قینی ئەسکەندەر و ڕۆمییەکانەوە کە پێییان وا بوو مۆغانی مادی جادوگەرن و لەوانەیە بە جادو لە ناویان بەرن.

کاریگەری زمانی یونانی لەسەر زمانی خەڵکی ئێرانی کۆن و بە تایبەت مادەکان یان هەر نەبوو یان ئێجگار کەم بوو، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانی ١٠ وشەی یونانی لە کوردیدا بدۆزێتەوە.

لە پاش تێکچوونی دەسەڵاتی سلوکییەکان، هۆزەکانی ئەشکانی هێرشیان کرد سەر ماد، لە سەرەتادا تووشی شەڕ و پێکدادان بوون، بەڵام هەر زوو توانین لەگەڵ یەکدی پێک بێن و فەرمانڕەوایی گەورە و گرانی ئەشکانی پێک بێنن. لەو کاتەدا هەفت خانەدانی بەدەسەڵات بە نوێنەرایەتی هەفت هۆزی گەورەی چەکدار بە سەرکردایەتی خانەدانی ئەشکانی پادشایەتی ئەشکانییان پێک هێنا بوو، ئەم هەفت هۆزە بریتی بوون لە ١- پرتەکان لە خۆراسانەوە ٢- مێهران لە ماد ٣- کارن لە نهاوەندوە ۴- سورێن لە ڕۆژهەڵاتەوە (سیستان⁄ خۆراسان) ۵- ئەسپندیار لە ماد ۶- زیک لە ماد ٧- ئەسپهبد لە وەرکانە (گورگان).

لەم هەفت هۆزە بێجگە لە هۆزەکانی پەرتی (ئەشکانی) و سورێن نەبێ ئەوانی دیکە لە دانیشتووانی ماد بوون. خانەدانی زیک لە سەردەمی ئەشکانییەکان، ساسانییەکان و هەتا سەردەمی سەفەوییەکان هەر لە دەسەڵاتداریدا بەشدار بوون. لە کتێبی (حرکت تاریخی کورد بە خراسان) نووسراوە کە شا تهماسپ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە هێزەکانی خۆی لە خۆراسان بەشێک لە هۆزە کوردەکانی «زنگەنە، چگنی، زیک و کەڵهۆڕی» گواستەوە بۆ خۆراسان. گەنجعەلیخانی زیک فەرمانڕەوای کرمان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی زیک بوو.» لەسەر هۆزی زیک لە گۆڤاری «پژوهشهای تاریخی دانشکده علوم انسانی- دانشگاه اصفهان» وەک هۆزێکی کوردی باسی لێ کراوە.

هۆزەکانی ئەشکانی هەم لە ڕووی زمانەوە و هەم لەباری نەژادەوە زۆر لە هۆزەکانی مادی نزیک بوون. لەسەر ئەم بابەتە دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ئەشکانییەکاندا (ل.پ.١١۶) دەنووسێ: لە سەردەمی «پەرتەکاندا (ئەشکانیان)، زمانی یونانیش وەک وڵاتەکانی تری لای ڕۆژهەڵات ببووە زمانی هاوبەش، (مەبەستیەتی بڵێ ببووە زمانی هاوبەشی دەسەڵاتداری و کارگێڕی= نووسەر)، بەڵام بەتەنیا ئەم زمانە نەبوو کە فەرمی بوو، لەو شوێنانەدا کە ئەشکانییەکان دەسەڵاتداربوون بۆ کاروباری ناوخۆیی و کارگێڕی زمانی پەرتی (ئەشکانی) کە یەکێ لە لەهجەکانی باکووری ڕۆژاوای **ئێران [کوردستان= نووسەر] بوو، زۆر زیاتر ڕەواجی هەبووە. یەکێ لە قەباڵەکانی هەورامان (ژمارە ٣) و هەروەها چەند تۆمارێک کە لە «دورا- ئوروپوس»دەرکەوتووە بەم زمانە نووسراونەتەوە..**

دیاکۆنۆف لە کتێبی مێژووی ماد لاپەڕەکانی **٨٨-٨٩** دەنووسێت:

«زمانی مادی لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تری کۆنی ئێرانیدا بەراورد کراوە، لەگەڵ زمانی ئەوێستایی تەنیا لە یەک ڕووەوە لەگەڵ زمانی ئەشکانی و سکیتی لە دوو ڕووەوە و لەگەڵ سوغدی و خۆارزمی (تەنانەت بەوەشەوە کە زمانەکانیان هاوکاتیش نەبوون) لە سێ ڕووەوە بەڵام لەگەڵ فارسیی کۆندا لە هەر شەش ڕووەوە لەیەک جیاوازن کە چی بەراوردکردنەکانی نێوان زمانەکانی مادی و پارسی هی یەک سەردەم بوون.»

لە ماوەی **۴۵٠** ساڵەی دەسەڵاتداری ئەشکانییەکاندا، زمانی فارسی لە نێو دانیشتووانی ماد و تەنانەت خۆراسانیش هیچ شوێن و پێگەیەکی نەبوو، لەو سەردەمەدا پارسەکان خاوەن هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرهەنگی نەبوون، هیچ هۆزێکی پارسی لە دەسەڵاتداری ئەشکانییەکاندا بەشدار نەبوو. ئەشکانییەکان نە لە باری سیاسی و نە لە باری سەربازی و نەش لە باری ئایینی و فەرهەنگییەوە هیچ پەیوەندییەکی وایان لەگەڵ ناوچەکانی باشوور و فارسەکاندا نەبوو مەگەر تەنیا بۆ کۆ کردنەوەی باجی ساڵانە نەبێ. هەر بۆیەش لە سەردەمی ئەردەشێری پاپەکاندا پارسەکان دەستیان دایە شوڕش و سەرهەڵدان لە دژی دەسەڵاتی باکووری- ڕۆژاوا. کە وابوو بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە هەموو ئاسەوارەکانی مێژوویی، نووسراوەکانی سەربەرد و هەموو ئەو نووسراوە کۆنانەی سەردەمی ئەشکانییەکان

هیچ پەیوەندییەکیان بە پارس و زمانی پارسییەوە نییە. تەنانەت لە سەردەمی خۆدی هەخامەنشییەکانیشدا زمانی فارسی ئەوندە پێگەیشتوو و جێکەوتوو نەبوو کە لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیدا بەکاری بهێنن. جا ئەگەر کەسانێک پێیان وایە و وا دەزانن کە بەیتی درەختی ئاسووریگ پەیوەندی بە فارس و زمانی فارسییەوە هەیە، بۆچوونەکەیان هەڵەیە، نە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و نەش بەڵگەیەکی زمانەوانی لە پشتە.

ئەمە تەنیا لە سەردەمی ساسانییەکاندا بوو کە زمانی پارسی بە پشتبەستن و کەڵک وەرگرتن لە زمانی پەهلەویی ئەشکانی (کە زۆر لە زمانی مادی نزیک بوو) توانی گەشە بکات و وەک زمانێکی دەسەڵاتداری جێ بکەوێ.

تەنانەت لە نێوەی یەکەمی ماوەی دەسەڵاتداری ساسانییەکانیشدا هەموو نووسروەکانی سەربەرد و نووسراوە گرینگەکانی تر بە هەر دووک زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پارسیک (پەهلەویی ساسانی) دەنووسرانەوە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە خەڵکانی باکوور و ڕۆژاوی ئێران لە زمانی خەڵکی باشوور (پارسیگ) تێنەدەگەیشتن، بۆیەش ناچار دەبوون کە نووسراوەکان بە هەر دوو زمان بنووسنەوە.

درەختی ئاسووریگ بەیتێکی کۆنی کوردی

وشەی بەیت لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کە لە زمانەکانی فارسی و عەرەبیدا بەکار دێت و بە «دێڕێکی هۆنراوە» پێناسە دەکرێت جیاوازە. وشەی بەیت لە کوردیدا بە هەڵبەستەیەک (منظومەای) دەڵێن کە لە شێوەی ئاسایی خۆیدا لە سێ بەشی، پەخشانێکی بەهەوا (موزون)، هەڵبەست و گۆرانی/ستران پێک دێت، کە لە لایەن بەیتبێژانەوە دەبێژرێتەوە.

«د. حوسین میکاییلی، لە وتاریکدا لە گۆڤارێ فارسی (پژوهشنامه ادبیات کردی، شماره ۱) لەسەر بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا وەها دەنووسێ: بەیت هەڵبەستە (منظومە)یەکی زارەکییە (فۆلکلۆریک)، ناوەڕۆکی سەرەکی بەیتەکان بریتین لە باسی ئەفسانەیی، باسی ئازایەتی و قارەمانی، سۆز و هەست، دیرۆکی، کۆمەلایەتی، ڕەوشت، عیرفان و یان تێکەلاوێک لە دوو یان چەند بابەتێک لەمانەکە بە شێوازی هەڵبەست و یان پێکهاتێک لە هەڵبەست و پەخشانێکی بەهەوا (موزون) دەهۆنریتەوە. شێوازی گێڕانەوە (روایت) لە نێویاندا زۆر دیار و بەرچاوە، و وەک هۆنراوەی گێڕانەوەیی (اشعار روایی) دەژمێردرێنت. لە بەیتەکاندا، هێندێ لە هۆنراوەکان هەوای بڕگەیی (هجایی)یان هەیە و هێندێکی دیش هەوایەکی ناسراوی نییە بەڵام جۆرێک لە هەوا و «نەزم»ی تایبەتیان تێدا بە دی دەکرێت. کورتی و درێژی دێڕەکان و یەکسانی بڕگەکان نابنە بنچینە. سەروا (قافیە) نەخشێکی گرێنگی هەیە، شێوازی داڕێژراوی ئەگەر بێتو لەسەر کاغەز

بنووسرێتەوە، بە شێوەی بەند بەندە و «ڕستە یان دێڕگەلێک لە سەرەتا یان لە کۆتایی هەر بەندێکدا دووبارە دەکرێنەوە» و جۆرێک تەرجیعبەند پێک دێنن.

ئەگەر دەقی درەختی ئاسووریگ لەگەڵ ئەو پێناسەیە کە لێرە بۆ بەیت کرا، بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم پێناسەیەش بۆ ئەمیش ڕاستە و درەختی ئاسووریگیش وەکوو بەیتێک خۆی لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا دەبینێتەوە. چونکە لەوەی کە ئەم چیرۆکە «هەڵبەستە (منظومە)»یە گومانی تێدا نییە، هەروەها ئەمیش وەکوو زۆربەی بەیتەکانی کوردی ڕستەیەکی تێدایە کە دووپات دەبێتەوە ئەویش «ئەژ من کەرند»ە. دیسانەوە هەر وەک بەیتەکانی کوردی لە هێندێ بەشیدا بە شێوەی پەخشانە، بۆ نموونە لە دێڕەکانی ۲۸ و ۲۹ دا ئەمە ئیتر نە بزن و نەش درەختی ئاسووریگ بەڵکوو ئەمە ئیتر بەیتبێژ (هۆنیاگەر/ گۆسان) خۆیەتی کە قسە دەکات و بۆ بیسرانی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «کاتێ ئەوەی وتبوو درەختی ئاسووریگ ، بزن فسانی کرد و وتی سەرم پێی دەشێوێت». بەڵام لێکۆڵەران ئەم قسانەیان وەکوو هۆنراوە نووسیوەتەوە!

(28) Kādē-š awa wāxt būt — draxtī āsūrīg

(29) buzm fsān karēd — sarm panaž- šēwit

(۲۸) کاتێ ئەوەی وتبوو — درەختی ئاسووریگ

(۲۹) بزم فسان کرد — سەرم پەنەش شێوێت

لەسەر ئەوەی کە ئەم «هەڵبەستە (منظومە)یە» هەر وەک بەیتەکانی کوردی بە هەوای تایبەتەوە چڕیویانە دیسان گومانی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی لە کۆتایی بەیتەکەدا گۆسانەکە (بەیتبێژەکە) بۆ خۆی زۆر بە ڕوونی باسی دەکا و دەڵێ:

(118) srūtum kē wasrēt — kē nepišēt až pāšm

(119) drang zēwet pad har srūt — sar dušman murta wīnēt

(۱۱۸) سروودم کێ بچرێت — کێ نوویست ئەژ پاشم

(۱۱۹) درەنگ (یان) زوو بە هەر سروود — سەری دوشمن مردو وینێت (بینێت)

زەمینەی مێژوویی و هۆکارەکانی پێکهاتنی بەیتی درەختی ئاسووریگ:

کاتێ باس لە درەختی ئاسووریگ دەکرێ، بەداخەوە زۆربەی لێکۆڵێنەران بە بێ سەرنجدانێکی ورد دەڵێن کە ئەم بەیتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پارتەکان. ئەمە لە کاتێکدا هەروەک چۆن ئێستا نیشان دەدرێت خۆدی واتاکان و ئاماژەکانی ناو بەیتەکە، ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەخات کە ئەم بەیتە هی سەردەمی مادەکانە.

لە سەرەتای ئەم دەقەدا، بەیتبێژ (گۆسان)، دەڵێ «درەختێک ڕوواوە لە شاری ئاسوور. جا با بزانین شار ئاسوور کوێیە. هەر وەک دەزانین لەو سەردەمەدا کە ئیمپراتووری ئاشوور بەهێزترین دەسەڵاتی ناوچەکە بوو، واتا لە سەدەکانی دەیەمی پ.ز هەتا کاتی

تێکشکانی واتا ساڵی ٦١٢ پ.ز ، بەشێکی فراوان لەو وڵاتانی ئێستای سورییە، لوبنان، عیراق و هەروەها بەشێک لە کوردستان لە بن دەستی فەرمانرەوایانی ئاشووریدا بوو و وەک وڵاتی ئاشوور دەژمێردرا. وشەی «شەترا» (شار) لەو سەردەمەدا بە واتای وڵات دەهات، و مادەکان کە دراوسێ ئاشوور بوون بەو شوێنانە کە کەوتبوونە باشووری کەرکووک و بەرەو ناوەند و باشووری ئێستای عێراق و بە تایبەتی ئەو ناوچانە کە ئێستا «شارەزوور و گەرمیان»ی پێی دەڵێن، کە لەگەڵ ناوچەکانی کرماشان و ئیلامدا هاوسێ بوون «شەترا ئاسوور»یان پێی دەگوت واتا وڵاتی ئاسوور. لە پاش شکستی ئاشوور و سەرکەوتنی مادەکان ئەم ناوە وردە وردە تووشی گۆڕان هات و بوو بە «شارئاسوور» و دوایش «شارەزوور».

لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئەشکانییەکاندا ئەم گۆڕانە بە تەواوی ڕووی دابوو. لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا باسی یەکێ لە سەرکردەکانی کورد دەکات بە نێوی «یەزدانکرت شارەزووری» کە بۆ یارمەتیدانی ئەردەشێر چوو بوو بۆ سەردانی. ئەمەش نیشان دەدات کە ئەم ناوە لەو کاتەدا ئیتر گۆڕا بوو. لە ڕاستیدا لە پاش تێکچوونی فەرمانڕەوایی ئاشوور، ئیتر بە دەگمەن ناوی وڵاتی ئاشوور (شەترا ئاسووریگ/ شار ئاسوور) لە نووسراوە مێژوویییەکاندا دەبینین ، بەپێچەوانەوە ئەمە ئیتر ناوی شارەزوورە کە دەردەکەوێت.

بە



کورتی لەو کاتەوە کە ئاشوورییەکان دەسەڵاتی خۆیان لەدەس دا (ساڵی ٦١٢ پ.ز) هەتا ئەو کاتەی کە پەرتەکان (پارتەکان) بە سەر مادەکاندا سەرکەوتن (ساڵی ١٥٥ پ.ز) زیاتر لە ٤٥٠ ساڵ تێ پەڕیبوو، چەندین زنجیرە پادشایی و ئیمپراتووری دیکە وەک مادەکان، هەخامەنشییەکان، ڕۆمیان (ئەسکەندەر) لەم ناوچانەدا فەرمانڕەواییان کردبوو، دەیان شەڕی گەورە و بچووک لەم ناوچانەدا قەوما بوو، بە تایبەت لە سەردەمی پادشایەتی داریوشدا چەندین جەنگی خوێناوی ڕوویان دابوو کە کاریگەرییەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ لە بیر و مێشکی خەڵکدا هەر مابووەوە. لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا خەڵک ئیتر ڕووداوەکانی سەردەمی ئاشووریان بە تەواوی فەرامۆش کردبوو، ئیتر هیچ نیاز و هۆکارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بۆ ئافراندنی بەیتێکی وەک درەختی ئاسووریگ لە ئارادا نەبوو. ئایا دەکرێ ئێستا کەسێک یان کەسانێک بیر لەوە بکەنەوە کە بەیتێک یان هەڵبەستەیەک (منظومە) بۆ فەتحعەلی شای قاجار یان بۆ عەباس میرزا یان کەریمخانی زەند یان لەسەر شەڕی ئێران و عوسمانی بنووسن؟ بە بڕوای من ئەگەری ئەنجامدانی کارێکی وا زۆر لاوازە. هێندێک لە لێکۆلەران هەڵبەستەی (منظومەی) درەختی ئاسووریگ وەک «فابل»ێکی ئەدەبی چاو لێ دەکەن.

«کادن (٢٥٦: ١٩٨٤, Cuddon)، لەسەر فابل دەبێژێ: فابل بە گێڕانەوەی(روایت)ێکی کورتی هەڵبەست یان پەخشان دەوترێت کە لە کوتاییەکەیدا دەرئەنجامێکی ڕەوشتی (اخلاقی) تێدا بە دی بکرێت. کادن لێ زیاد دەکات و دەڵێ: پێشاندانی مرۆڤەکان لە شێوەی ئاژەڵاندا تایبەتمەندی فابلی ئەدەبییە»

«لە شرۆڤە کردنی درەختی ئاسووریگ لە ڕوانگەی فابلبوونیەوە، ئیمە تووشی دوو گرفت دەبینەوە، یەکەم ئەوەی کە ئیمە ناتوانین دەرئەنجامێکی ڕەوشتی ڕۆشنی لێ دەربێنین، و دووەم ئەوەی کە کەسایەتییەکانی ناو ئەم هەڵبەستەیە (منظومە)» واتا بزن و دارخۆرما هیچکامیان پیشاندەری دیاردە و خوو و سروشتێکی تایبەتی لە مرۆڤەکان نین. ئەو واتاگەلە کە ئەوان لە دەمەقرییەکەی خۆیاندا دەری دەبڕن زۆر گشتگیرن و دیار نییە کە بزن و دارخۆرما نوێنەرایەتی کام چین، گرۆ و نەتەوەیەکن. ئایا بەپێی شرۆڤەکارییەکەی سیدنی ئێسمیتی ئاشووریناس دەکرێت بزن نوێنەری دین زەڕدەشتی و دارخۆرمایش نوینەری کفر و فرەخۆدایی ئاشووری و بابلی بێ کە لەو دینەدا پەرستنی دار نەخشێکی گرینگی لە ئەستۆ هەبووە (تفضلی، ٢٥٧:١٣٧٦)».

هەر چەندە ئەم قسەی «د. احمد تفضلی» ڕاستە و ئیمە ناتوانین دەرئەنجامێکی دیاری ڕەوشتی (اخلاقی) لەم «فابل»ە دەربکیشین، بەڵام ئەوەی کە بزن و دارخۆرما سیمبۆڵی کام گرۆ و چین و نەتەوەیەکن و کام مەبەست و ئەندیشەیەک نوێنەرایەتی دەکەن، پێم وایە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بزن **نوێنەرایەتی مادەکان و ئایینی زەڕدەشتی دەکات و درەختی ئاسووریگیش سیمبۆڵێکە بۆ فەرمانڕەوایی ئاشوور.** لەم نووسراوەیەدا تێ دەکۆشم کە وەڵامی ڕوون بەم نارۆشنییانە بدەمەوە.

«گومانیک لەوەدا نییە کە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆکارێک بوون لەبۆ پێکهێنانی «فابلی» درەختی ئاسووریگ، بە جورێک کە ئەو بەربەرەکانی و دژایەتییە کە لەوێدا پیشان دەدرێت بۆ ئەو کەسانەی کە گۆیبیستی دەبوون خاوەنی «واتا» بوو، یان بەجۆریکی تر خەڵک لەو سەردەمەدا لە پەیامەکان و گوتەکانی ناو درختی ئاسووریگ بە جوانی تێ گەیشتوون (عزبدفتری، ١٣٧٢: ٨٣).» کە وابوو با بزانین لە چ هەلومەرجیکی سیاسی- کۆمەڵایەتی و مێژووییدا ئەم فابلە هۆنراوەتەوە و چ پەیامگەلێکی تێدایە. لە نێوان ساڵەکانی ١٥٣٠-١٢٧٠ پ.ز. واتا ماوەی زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ، لەو شوێنەی کە ئەمرۆ چوارپارچەی کوردستانی پێی دەڵێن پادشایەتی گەورە و گرانی میتانی فەرمانڕەوایی دەکرد. پایتەختی ئەم پادشاییە لە شوێنێک بوو بە ناوی واشوکانی لە ناوەڕاستی

کوردستان کە ئەمڕۆ مەزەندە دەکرێ هەمان ناوچەی سەرێکانی بێ کە کەوتووەتە نیوان سنووری تورکیا و سورییەوە. پادشایەتی میتانی یەکێ بوو لە سێ ئیمپراتورییە گەورەکانی ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە مێسر، هیتی و میتانی.

لە پاش ساڵەکانی ١٣٠٠ پ.ز. پادشایەتی میتانی لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی ڕووی لە کزی نا، یەکەم لەبەر ناکۆکی ناوخویی و شەڕی دەسەڵات لە نیوان شازادەکانی میتانیدا و دووەم گوشاری پادشایەتی هیتی لە لای باکووری وڵاتەوە. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە دەرفەت بڕەخسێ بۆ بەهێزبوونی یەکێ لە میرنشینە نێوە سەربەخۆکان واتا شانشینی ئاشووری لە نەینەوا، تا وای لێ هات کە لە کۆتاییەکانی ١٢٧٠دا بە یەگجاری کۆتاییان بە دەستەڵاتی میتانی هێنا و پاشایەتی سەربەخۆی ئاشووریان لە ناوچەکانی لای هەولێر و نەینەوا و کەرکووک هەتا سەرێکانی دامەزراند.

پادشایەتی ئاشوور لە نێوان سەدەکانی ٩، ٨، و ٧ پ.ز لە ئەوپەڕی بەهیزی خۆیدا بوو و بۆ فراوانکردنی دەستەڵاتی خۆی، تێ کۆشا کە گشت ئەوناوچەگەلە کە پێشتر لە ژێردەستی میتانییەکاندا بوو بێنێتە ژێر ڕەکیفی خۆییەوە، بۆیە بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، باکوور و باشووری کوردستان، لەم هێرشانەدا بەزەییان بەکەسدا نەدەهاتەوە، گوندەکانیان ئاگر تێ بەردەدا، مەڕ وماڵات و خەرمانیان بە تاڵان دەبردن، زۆر جاران منداڵەکانیان دەکوشت و ژن و پیاوەکانیان دەبردن و دەیانکردن بە کۆیلە.

هێندێ جار کە خەڵکی ناوچەیەک خۆیان دەدا بەدەستەوە و ئامادە بوون هەر جۆرە باجێک بدەن، دیسانەوە خەڵکەکەیان ناچار دەکرد بە گواستنەوەی باروبنەی سپاکەیان. لێرەدا لە بەیتی درەختی ئاسووریگدا بزن لەم بارەوە دەنگ هەڵدەبڕی و گلەیی دەکا و خۆی بە ژیرتر و زاناتر لە ئاسوورییەکان دەزانێ کە نابێت و شایستە نییە باریان بۆ برێ:

38) bna bār burtan sazēt dānāg až dušāgāyē?

٣٨) بنە [و] بار بردن سزاوارە دانا ئەژ [بۆ] دژئاگایی؟

(واتاکەی: ئایا بنەوبار بردنی دانا سزاوارە لەبو نائاگاییەک؟)

ئاسوورییەکان خۆیان بە ژمارە ئەوندە زۆر نەبوون، لە ناوچەیەکی بەرتەسک کە کەوتبووە نێوان شارەکانی

نەینەوا و هەولێر و کەرکووک نیشتەجێبوون. دەوڵەتی ئاشوور بۆ فەرمانڕەواییکردن پشتئەستوور بوو بە هێزی سەربازی خۆییەوە. ئەوان هێزێکی سەربازی پتەویان کە خڕکراوە(متمرکز)ترین، تەیارترین و چالاکترین هێزی سەربازی جیهانی ئەو سەردەمە بوو پێک هێنابوو. ئەڕابەی جەنگی خێرا، پەڵ هاوێژ (فلاخن)، کەشکەنجەڕ (مەنجەنیقی چەرخدار)ەکانیان بۆ تێکشکاندنی دژ (کەل/ قەڵا) کانی دوژمن لەو کاتەدا بێ هاوتا بوون. دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ماددا لەم بارەوە دەڵێ: دژەکانی مادی کە زۆر پتەو نەبوون و تەنیا بۆ پاراستنی خۆیان لە پەلاماری دزەکان و هۆزەکانی نەیاری خۆیان دروست کرابوون، لە بەرامبەر کەشکەنجەڕی (مەنجەنیقی چەرخداری) ئاشوورییەکان توانای خۆ ڕاگریان نەبوو. ساز و بەرگی جەنگی ئاشوور ترس و هەراسێکی زۆری خستبووە نێو دڵی خەڵکەوە. لەم بەیتەدا بزن لەم سازو بەرگە وەک لێقەومان و بەدبەختی ناوی لێ دەبا:

75) palk-hawen ud kaškančīr ayāne če-būen avin

٧٥) پەڵک- هاون و کەشکەنجیر) ئەیانە چ بوونە ئەوین

(پەڵ- هاوێژ و «کەل- شکن- جەڕ» ئەمانە بوونە چ موسیبەتێک)

ئەم ڕەوشە بە سەدان ساڵ بەردوام بوو، بە سەدان شەڕ وبەرخۆدان قوما، بە دەیان میر و سەرۆک هۆز گیران و بە زیندویی کەوڵ کران. ستەمکاری ئاشوورییەکان لە ڕادەبەدەر بوو نەک تەنیا بەرانبەر بە کوردەکان بەڵکوو بەرانبەر بە هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بابلیەکان و عیلامییەکان و ئەورارتووییەکان و جوەکان (موساییەکان) و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئاشووریش.

گرێنگترین ڕووداوی ئەم سەردەمە سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئایینی بوو کە لە ناوەڕۆکی خۆیدا دژ بە ستەمکاری دەسەلاتدارانی ئاشوور و دژ بە ئەو هۆز و دەستەڵاتانە بوو کە یارمەتی ئاشووریان دەدا، ئەویش هەمان ئایینی زەڕدشتی بوو.

لە بنەڕەتدا سەرهەڵدانی ئایینی زەڕدەشتی هەستانەوە لە دژی بێدادی و دەرئەنجامی ستەمگەریەکانی ئاشووور بوو. بۆچوونەکان و وتەکانی زەڕدەشت تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی خۆاست و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵک بوو لەو سەردەمەدا.

جا بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە جۆربە جۆرەکان چ ئێرانی و چ نائێرانی لە بن ئالای ئەم دینە تازە و لە دژی ئاشوور کۆ ببوونەوە. کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی ماد بەپێچەوانەی ئاشوور هێشتا پێ نەنابووە قۆناغی بەردەدارییەوە، هەر بۆیەش خەڵک و سەرۆک هۆزەکان قین و رقێکی ئێجگار زۆریان لە دەسەڵاتدارانی ئاشووری هەبوو، لە چاو ئەوانەوە گرتن و بردن و فرۆشتنی مرۆڤەکان وەک ئاژەل کردەوەیەکی خراپ و نامرۆڤانە و لە هەمان کاتیشدا دژ بە بیرو باوەڕەکانی ئایینییان بوو.

جا لێرەدا بوو کە ئیتر دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی ئاشوور نەتەنیا جەنگ بوو لە دژی داگیرکارانی وڵاتەکەیان، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا جنگێکی ئایینیش بوو. لە ڕاستیدا مۆغانی مادی بە هۆی ئەندیشە و پەیامەکانی زەڕدەشتەوە لە باری ئیدۆلۆژیکەوە خەڵکیان بۆ شۆرش و ڕاپەڕین ڕاهێنابوو. لەم هۆنراوەیەدا بزن زۆر بەڕوونی وەک زەڕدەشتییەکی باوەڕمەند بە گژ دارخۆرمادا دەچێ وشێلگیربوونی خۆی لە پاراستنی ئایینەکەی پێی ڕادەگەینێت، ئەو کاتەی کە دەڵێت:

بەدکارە، گومانت لێ دەکەم کە تۆ «ڕووسپیگ» زادەیی، ئەژنەوی دێوی بوڵێند، هەتا ئەز (من) پێت دەوێرم، خوداوەندی ئافریدگار پایەبەرز و نورانی ئافریدگار ئاهورامەزد.

(45) bnfšm gumānik ašēm — kū rūspīg- zādak ayi
(46) ašnewi dēvī buland — yat az pētkārem
(47) dātar baY- varžavand — bāmīg xwābar ōhrmazd

(٤٥) بەدکارە، گومانێک ئەشێم — کە ڕووسپی زادەیی
(٤٦) ئەژنەوی دێوی بۆڵیند — تا ئەز (من) پێت دەکارم (پێت دەوێرم)
(٤٧) ئافریدگاری بەغ، پایەبەرز — نورانی باری خوا ئەهورامەزد

هەروەها لە دێڕەکانی ٤٨، ٤٩ و ٥١دا بزن دەڵێت کە ئافریدگار ئەوانی فێر دینی مەزدایەسنایی کردووە و ئەوە تەنیا ئەوانن کە شایانی ستایشکردنن و یەزدان هەموو کاتێ ئاگای لە چوارپایان (ئاژەلان)ە.

(48) abēži din mazdysnān — čē čāšt xwābar ōhrmazd
(49) Yud až man ke buz ham — yaštān na šhēt kēč
(51) gōšurwg yazt — har wīnē čahārpāyān

(٤٨) ئەبێژێ دینی مەزدایەسنان — کە فێری کردین باری خوا ئۆهرمزد
(٤٩) جودا ئەژ من کە بزم — ستایشکردن ناشێ بۆ کەسی تر
(٥١) گوش- ئۆرۆگ ئیزەت — هەر وینێ (دەبینێ) چوارپایان

لە دوایيەکانی سەدەی هەفتەمی پ.ز ئیمپراتووری ئاشوور لە لایەک بە هۆی بەرەنگاری و دەسوەشاندنی مادەکان و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی تووشی لاوازی و بێدەسەڵاتی ببوو، ئیتر هێزی سەرکوتکردن و پەلاماردانی وەک جاران نەما بوو. بەیتی درەختی ئاسووریگ ڕاست لەم کاتەدا هۆنراوەتەوە. ئەم بزنە ئیتر ئەو بزنەی جاران نییە، ئەو کاتەی کە ئاشوورییەکان پەلاماریان ئەهێنا، ڕای دەکردو وپەنای دەبردە کوێستان. ئەو ئێستا بە هێزەوە بەرامبەر ئەوان ڕاوستاوە و سەرکۆنەیان دەکا، کاتێ دەڵێ:

(39) bār až ta buland apēsūt — yat na kādē barem
(40) hagar-et pāsaw-i karam — nangm bwēt grān
(41) pārsig martōhm — wēžend-m pad afsān
(116) kū jūlahkān mēx — tō kōst ayi aēdar

(٣٩) ئیدی نە کاتە بەرم بار — ئەژ تە بوڵێندی بێ سوود
(٤٠) هەگەر پاساوی کەرم — نەنگم بوێت گران
(٤١) ئێژنم بە ئەفسانە — پارسی مەردمان
(١١٦) تۆ کۆستکەوتووی لێرە — وەک مێخی جۆلاکان

ئا لێرەدا ئێتر وا دیارە کە بزن بڕیاری خۆی داوە کاتێ دەڵی: ئێتر کاتی بار بردن نییە بۆ تۆ ئەی بوڵێندی بێسوود، ئەگەر پاساوی کەرم (واتا ئەگەر ڕاست نەکەم) نەنگم بێت گران، ئەو سا دەبم بە ئەفسانەی مەردمی پارس واتا پارسەکان تیتاڵی(گاڵتە)م پێی دەکەن و دەڵێن ئەوە دیسانەوە بارت برد. تۆ کۆستکەوتووی لێرە وەک میخی جۆلاکان ناتوانێت ببزوی.

لە دێڕی ۴۱دا، وا دیارە کە بزن بۆ خۆی پارسی نییە و نیگەرانە لەوەی کە ببێتە گاڵتەجاڕی پارسەکان.

لە دوایین بەشەکانی هەڵبەستەکەدا، بزن وەک سەرکردەیەک کە بۆ سەربازەکانی خۆی قسە دەکا و بۆ نەبەرد ئامادەیان دەکا، دەڵێ: ئێوەش سروودەکانی من بخوێنن و بینووسن، لەگەڵ هەرسروودێکدا کە دەیڵێنەوە درنگ یان زوو سەری دوژمن مردوو دەبینن.

(118) srūtum kē wasrēt — kē nepišēt až pāšm

(119) darng zēwet pad har srūt — sar dušman murta wīnēt

(۱۱۸) سروودم کێ بچڕێت — کێ نووسێت ئەژ پاشم

(۱۱۹) درەنگ [یان] زوو بە هەر سروود — سەری دوشمن مردو وینێت (بینێت)

سەرئەن

جام لە دوایین بەشی هەڵبەستەکەدا، بزن لەگەڵ ئارەزووی سەلامەتی تەن و ڕەوان بۆ کەیخەسرو، بەیتەکەی خۆی دوای دێنێ. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە کە ئەم بەیتە هی سەردەمی کەیخەسرو و ساڵەکانی دوایی فەرمانڕەوایی ئاشوورە.

(121) pad gītiy tan husraw bn — ud minūg buxtag ruwān

(۱۲۱) بە گیتی تەنی خەسرۆ [هە]بن   و ڕەوانی مینوویی(ژی) پاک

(واتا لە گیتیدا تەنی خەسرو زیندو بێ، و ڕەوانی بەهەشتیشی پاک بێ لە گوناه)

بێجگە لە هەمووی ئەمانەی کە باس کرا، بەڵگەیەکی دیکەی مێژوویی سەردەمی مادەکانمان لەبەردەستدایە کە ڕاستبوونی پەیوەندی ئەم بەیتە بە مادەکانەوە دەسەلمێنێ. هۆنەرمەندێکی پەیکەرتاشی مادی پەیکەرێکی زێوینی جوانی تاشیوە کە نیشاندەری سەرکەوتنی بزنە بەسەر درەختی ئاسووریگدا، کە خۆشبەختانە ئەم پەیکەرە ئەمڕۆکە لە موزەخانەی میهو ((MIHO لە ژاپون ڕادەگیردرێت. ژاپۆنییەکان بە شیکاری زانستییانە، کاتی دروستبوونی ئەم پێکەرەیان لە نێوان سەدەکانی ۶-۸ پ.ز دیاری کردووە. ئەم پەیکەرە پیشاندەری واتای واژەی «سەرکەوتن»ە لە کوردیدا، چونکە سەرکەوتن بە واتای بە سەر کەسێک یان شتێکدا کەوتنە. لەم پەیکەرەشدا بزن بەسەر دارخۆرمادا ڕاوستاوە (سەرکەوتووە)، واتا ئەم پەیکەرە وێنایەکی بەیتی درەختی ئاسووریگە.

Pre Achaemenid period, 8th6-th centuries B.C. Silver

H26.9- D- 17.1 W- 7.8, MIHO MUSEUM

دەستتێوەردانە ناچارییەکان (تحریفات ناچاری):

هەر وەکوو چۆن کەسێک لە چاڵێکدا گیری خواردووە و لە ناچاریدا دەست بە ئەرز و ئاسمانەوە دەگرێ بۆ ئەوەێ خۆی ڕزگار بکات، هێندێ لە لێکۆڵەرانی ئیمەش تۆشی وەها ڕەوشێک بووەن. کەسانێک کە سوێندیان خواردووە کە ئەم دەقە پارسییە و ئەوان دەتوانن جارێکی دیکە «وەری بگێڕنەوە» سەر فارسی، لە ناچاریدا بۆ ئەو وشانەی کە لێ حاڵی نین و نایناسن، بە شێوەیەکی سەیر و سەمەر مانایان بۆ داتاشیوە، لە کاتێکدا ئەمانە وشەگەلێکی ئاسایی زمانی کوردین، بۆ نموونە:

(14) rasan až man karēnd ke tō pē banend

(١٤) ڕەسەن ئەژ من کەرند کە تۆی پێی بەستنەوە

کە زۆربەی لێکۆڵەران ئاوا وەریان گێڕاوەتەوە: (رسن از من کنند، کە پای تو را بندند.)

(15) čōp až man karēnd ke tō grēw mazenēd

(١٥) چیو ئەژ من کەرند کە تۆی پێی بگرێ مەزنت [سەروەرت]

بەڵام د. نەوابی و لێکۆڵەرانی تر ئاوایان نووسیوە: (چوب از من کنند، کە گردن تو را مالند.)

(17) hēzm ham ātūrān ke tō sip bržēnd

(١٧) هێزم ئاتوران کە سیپەلەی تۆ برژێنێت

کە د. نەوابی و لێکۆڵەرانی تر ئاوایان نووسیوە: (هیمەام آذران [را] کە ... تو را بریزند.)

(19) hēlag ham warzīgarān hangvin āzātmartān

(١٩) هێلەگم وەرزێگەران هەنگوین [م] ئازادمەردان

کە لێکۆڵەرانی تر ئاوایان وەرگێڕاوەتەوە: (شیرم (برای) برزگران، انگبین (برای) آزاد مردان).

هەروەهـا وشـەکانی «جلوبەرگ»یـان وەک (بـرک)، «درون» (دوختـن) وەک کەمـان، «ژێ» (زە) وەک شـیر، «شـواڵ» (شلوار) وەک شـاهوار، «کنیـکان» (دختـران) وەک کنیـزەکان، «وەسرێت» (بخوانـد) وەک (نگهداشـت)، «پەنـەژ/ پەنـەش» بـە واتـای لای/ لـە کنـی وەک (فـراز)، «فسـان/ فـس» (چـس) وەک (پاسـخ)، «پاسـاو» (توجیـە) وەک (پاسـخ)، «بشـنت/ بەژنـت» وەک (کاکل)، «میهـوان مـان» بـە واتـای جێـگای میوانـان وەک (میهـن و مـان)، «سـەرکون» بەواتـای کوشـتن و کونکردنـی سـەر وەک (سـرنگون)، «شـادێو» وەک (گیـس دێـو)، «نێـرۆک» بزنـە کێـوی نێـر وەک (نیـرو)، «تەگیـک / تەگـە» بزنـی نێـر کـە دەکەوێتـە پێـش مێگـەل، وەک (ایـزد هـوم)، «پـەروەردەک دپیـوان» دەباغـان پـروردەی دەکـەن وەک (طومـار دیـوان)، «بنـە وبـار» وەک (بردبـاری)، «داربـوون» بـە واتـای درەخـت بـوون وەک (داربـن)، «ڕانـی» (گزافـە گویـی) وەک (پیـکار)، «وەلێـم» (بـر مـن) وەک (ابـاک) و زۆر وشـەی تـر کـە هەمویـان وشـەی ئاسـایین لـە زمانـی کوردیـدا بـە هەڵـە وەریـان گێڕاندوەتـەوە.

ئەمەش لینکی کتێبەکە بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خوێندنی هەموو دە قەکەیەتی

درخت آسوریگ: فارسی

درەختی ئاسووریگ: کوردی

FAZEL OSOLIAN
فازل ئوسولیان

ناوەندی وەشانخانەی کورد لە کۆپنهاون
KURD PUBLISHING
CENTER OF CPH

مافی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی وەشانخانەی کورد، لە کۆپنهاون
هیچ کەس یا ناوەندێک مافی بڵاوکردنەوە یان لە چاپدانەوەی ئەو گۆڤارەی نییە.

The distribution rights of this magazine belong solely to Kurd Pusblishing Centre of Copenhagen.
Publishing and distribution can not happen without the written consent of Kurd Publishing Centre.

3RD

TULIPOOF
INTERNATIONAL
FILM FESTIVAL

19-20 SEPTEMBER 2020
COPENHAGEN

KURD PUBLISHING CENTER OF COPENHAGEN